
KURDISTAN


له "ڕۆژنامەی کوردستان"
و "کوردستان میدیا"وه
خەرمانانی ٢٧٢٤
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕحمان نەقشی

# پێڕست:

١- سەرکۆماری ڕگوێڕایەڵ و کابینەی ویلایەتمەدار.............................................. مەنسوور مروەتی ..... ٥
٢- تەنیا ژنێک.............................................................................. ئاسۆ مینبەری ..... ٨
٣- ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد....................................................... تاهیر قاسمی ..... ١١
٤- ئەندێشەی سەوزی "باجوەر" زیندووە....................................................... هەردی سەلیمی ..... ١٤
٥- ژینگەی کوردستان و زاگرۆس لە لێواری لەنێوچووندایە......................................... بێهزاد قادری ..... ١٧
٦- نیشتمان پیرۆزە ناوی، لەو هەوای حەیرانەدا (شەهید سەید قادر عەلەوی).................. برایم چووکەڵی ..... ٢١
٧- ئەم پزشکیانە سەرۆککۆمارێکی زۆر ڕاستگۆیە!................................................... دارسمە ..... ١٤
٨- بلقی سەر ئاو.......................................................................... ڕۆژە مێدیا ..... ٢٧
٩- نە شەڕ، نە ئاشتی"، تاکتیکی دیکتاتۆر بۆ مانەوە ............................................ ڕەزا دانشجوو ..... ٣٠
١٠- شەڕی کۆتایی................................................................... د. مەجید حەقی .... ٣٤
١١- جیهانی نوێ و ئینترنێت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان (گۆشەنیگای ڕەشبینانە)........... فوئاد خاکیبەیگی ..... ٣٩
١٢- ماهییەت و دیسکۆرسی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات.................................... سمایل شەرەفی ..... ٤٥
١٣- خالید عەزیزی: ئەندێشە و بیروباوەڕەکانی دوکتور قاسملوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەهادینە بووە.............. ٥١
١٤- دەوڵەتی گەندەڵ ....................................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ٥٦
١٥- ژیانی پرتێچوو......................................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ٥٩
١٦- ڕوانینی "عەلی ئینتزاری"، باوەڕی کۆماری ئیسلامییە........................................ هەردی سەلیمی ..... ٦٢
١٧- پەڵەی ڕەش............................................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ٦٥
١٨- سەرکوتی سیستماتیک لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا............................ سمایل شەرەفی ..... ٦٨
١٩- "دژوار ژیا و بێکەس مرد"................................................................ قادر وریا ..... ٧١
٢٠- شکۆی پووشاڵی........................................................................ ڕۆژە مێدیا ..... ٧٦
٢١- شەڕی پشتگیریی دارایی لە تیرۆریزم لە لایەن ئێرانەوە............. و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٧٩



سەرچاوە
Serchawe

٢٢- سوڵتان گوڵاوی:چەکی ئەتۆمی بە هاواری هیچ حکوومەتێکی دیکتاتۆرەوە نەهاتووە، ئەگینا یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو لێک هەڵنەدەوەشا........................................ دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ٨٤

٢٣- مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان و پێگەی بەرزی حیزبی دێموکرات................................ هەردی سەلیمی ..... ٩٠

٢٤- پەرەسەندنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان................................ بێهزاد قادری ..... ٩٤

٢٥- بڕوانە باخێکە پڕ داری شەهید (شەهید مەلا سمایل کوردنژاد)................................ برایم چووکەڵی ..... ٩٨

٢٦- کۆنگرەی دێموکراتەکانی ئەمریکا و دێموکراسیی دێموکراتەکان................................ ئەلبورز ڕوویین‌تەن ..... ١٠١

٢٧- خەونی سەرۆککۆمار و تراویلکەی ئیمام جومعە........................................................ دارسمە ..... ١٠٤

٢٨- نوێنەرانی کوردی مەجلیس و خۆدزینەوەیان لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیان............... عومەر باڵەکی ..... ١٠٧

٢٩- ئەوین مستەفازادە: بە دیکۆمێنتکردنی جینایەتەکانی ڕێژیم بەشێکە لە پرۆسەی داکۆکیکردن لە مافی کورد بە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی........................................................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١١١

٣٠- ڕاگەیەندراوی ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران لەبارەی گرتن و ڕادەستکردنی بێهزاد خوسرەوی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران........................................................................ ١١٦

٣١- دانەمرکاوە و دانامرکێتەوە!........................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ١١٨

٣٢- ڕق و دوژمنایەتی نەبڕاوەی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە کوردستان................................ ڕەزا دانشجوو ..... ١٢١

٣٣- ناڕەزایەتیی جەماوەری، مێتودیک لە خەبات بۆ بەگژداچوونەوەی دیکتاتۆری............. ناسر ساڵحی ئەسڵ ..... ١٢٥

٣٤- مرۆڤناسیی سیاسەتی مەرگ (٥-١) د. ئەحمەد محەممەدپوور ............. و لە ئینگلیزییەوە: گەلاوێژ سۆفی ..... ١٣٠

٣٥- لە مێژووی بێشکەی مناڵیمدا........................................................ سەلیم حەقیقی ..... ١٣٨

٣٦- ڕوانین و هەڵوێستی دەسەڵات بەرانبەر بە کۆمەڵگەی مەدەنی................................ سمایل شەرەفی ..... ١٤١

٣٧- پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزب بە بۆنەی دووهەمین ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینا................................ ١٤٩

٣٨- عێراق وەک قووڵایی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی........................................ عەلی بداغی ..... ١٥٤

٣٩- بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی دووهەمین ساڵوەگەڕێ دەسپێکی بزووتنەوەی ژینا........................................................................ ١٥٧

٤٠- حیزبی دێموکرات لە بەرانبەر تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا................................ پەیمان ئابجامە ..... ١٥٩

٤١- بزووتنەوەی ژینا، ئەزموونێکی بەردەوام لە پێناو سەرکەوتنی یەکجاریدا................... فەتاح ڕەسووڵی ..... ١٦٢

٤٢- کوردستان؛ قوتابخانەیە، پێشڕەو و پێشەنگە........................................ هەردی سەلیمی ..... ١٦٥

٤٣- پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی سی و دووهەمین ساڵیادی تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی........................................................................ ١٦٨

٤٤- سپاسنامەی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی بەڕێوەچوونی مانگرتنی خەڵکی کوردستان.............................................................................................. ١٧٣

٤٥- فرکانس مەرگ!............................................................ پێژمان شەریعەتی ..... ١٧٥

٤٦- کوردستان وەک هەمیشە سەنگەری خەبات و کۆڵنەدان.......................................... عەلی بداغی ..... ١٧٩

٤٧- خالید عەزیزی: تیرۆرکردنی د. شەرفکەندی کردەوەیەکی وەحشیانەی ڕێژیمی ئێران بەرانبەر بە دێمۆکراسیی ئاڵمان بوو.............................................................................................. ١٨٢

٤٨- ساڵی نوێی خوێندن و سیاسەتی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی................................ هەردی سەلیمی ..... ١٨٥

٤٩- چەخماخەی بزووتنەوەیەک، لە ئاپچیی سەقزەوە هەتا ئەوپەڕی دنیا.........................تاهیر قاسمی ..... ١٨٨

٥٠- شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی و ئەو دەنگانەی نەبیسران!.................................... د. مەجید حەقی ..... ١٩٦


٥١- هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ ڕۆژاوا تووشی ئالنگاریی نوێ دەبن...... واشینگتۆن پۆست - سوسانا جۆرج، کارێن دێیانگ، سوزان هایداموس.................... و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٩٩






سەرچاوە
Serchawe

# سەرکۆماری رگوێڕایەڵ و کابینەی ویلایەتمەدار



**مەنسوور مروەتی**

دوێنێ چوارشەممە دوایین ڕۆژی کۆبوونەوەی هەڵسەنگاندنی مەجلیس بۆ کابینە پێشنیارییەکەی مەسعوودی پزشکیان بەڕێوە چوو و بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەموو وەزیرەکان بە تێکڕا لەلایەن مەجلیسەوە بە شیاوی بەرپرسایەتییەکانیان زانران و دەنگی ئەرێی مەجلیسیان وەدەست هێنا. ئەم جۆرەی کە وەزیرەکانی کابینەی پزشکیان لە مەجلیس هاتنە دەرێ، تەنانەت لە کابینەی ئەحمەدینژاد و برایمی ڕەئیسیشدا شتی وا ڕووی نەدابوو.

لە دوای کوژرانی گوماناویی برایمی ڕەئیسی کە هێشتا کەس نازانێ هۆکارەکەی چی بوو و وەڕێخستنی هەڵبژاردنی پێشوەخت و هێنانەدەرێی پزشکیان لە سندووقەکان، نموونەی نەبووە هیچ کاندیدا و سەرکۆمارێک هێندەی مەسعوودی پزشکیان خۆی بە قەرزاربار و گوێڕایەڵی خامنەیی لە قەڵەم بدا. ڕاستە لە سەرەتاوە پزشکیان وەک کاندیدای بەرەی ئیسلاحتەڵەب ناسێنرا بەڵام زۆری نەخایاند کە دەرکەوت پزشکیان لە ڕێککەوتنێکی ژێربەژێری نێوان خامنەیی و ئیسلاحخوازەکان هێنرایە مەیدان و کرایە سەرکۆمار. ئەم ڕێککەوتنەش لەڕاستیدا بۆ هێنانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان بوو و دەربازکردنی ڕێژیم لەو دۆخەی تێی کەوتبوو. پاشان لایەنگرانی پزشکیان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا وەها بە گوڕوتینەوە قسەیان بۆ

خەڵک دەکرد و داوای دەنگیان دەکرد، وەک بڵێی ئاڵوگۆڕێک پێک دێت و گۆڕانێک لە دۆخی قەیراناویی ئێراندا دروست دەبێ. هەر لە نەهێشتنی فشار و زەبر بۆ سەپاندنی حیجابی ئیجباری و لابردنی فیلترینگەوە بگرە تا دانانی وەزیر لە بەشی نەتەوە نافارسەکان و هەندێ شتی دیکە، لەو دروشمانە بوون کە لایەنگرانی پزشکیان بانگەشەیان بۆ دەکرد. بەڵام هەر زوو جگە لە گوێڕایەڵی بۆ خامنەیی هیچکام لەوانەی کە باسیان لێ دەکرا لە لایەن پزشکیانەوە هیچ باسیشی لێ نەکرا. تەنانەت لە جوابی نوێنەری بۆکان لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی کە بۆچی لە کوردەکان کەس پێشنیار نەکراوە بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزیری، پزشکیان زۆر بە ڕاشکاویگ وتبووی جا خۆ خەڵکی کوردستان دەنگیان نەدا.

ئێستا ئەوەی ئەم ماوەیە و بەتایبەت دوێنێ لە مەجلیس چاومان لێ بوو، ڕووداوێکی کەم وێنە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا بوو. یەکەم وەک باس کرا هەموو وەزیرە پێشنیارکراوەکان لە سافی مەجلیسەوە دەرچوون و لەوەش سەیرتر پزشکیان بەردەوام دەیگوت بۆ دانانی وەزیرەکان لەگەڵ خامنەیی هەماهەنگیی کردوە. تەنانەت لە باسی چەند وەزیرێکدا گوتی بۆ وام لێ دەکەن هەموو شتێک بڵێم، فڵانەکەس خودی ڕێبەر هێناویە. ئەمەش لە لایەکەوە نیشانەی بێدەسەڵاتی و داوەڵ بوونی پزشکیانە و لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێ بڵێین ئەم دەوڵەتە دەوڵەتی دیاریکراوی خودی خامنەییە و پزشکیان تەنیا بەڕێوەبەرێکی ئاساییە.

لە هیچ کابینەیەکدا هیچکات بۆ دانانی وەزیر پرس بە ناوەندە ئەمنیەتییەکان نەکراوە و جگە لە چەند وەزیرێک نەبێ وا نەبووە هەموو کابینەکە بە پرس و ڕا و بە ئاگاداری ڕێبەرەوە دانرابێ. تەنانەت وەزیرەکانیش لە جیاتی باسێکی جیددی لە بەرنامەکانیان بۆ وەزارەتەکەیان زیاتر گوێڕایەڵیی خۆیان بۆ وەلی فەقیهـ دووپاتە دەکردەوە. ئەوان بەردەوام خۆیان بە سەربازی ویلایەت و پابەندییان بە ویلایەتی فەقیهەوە دەناساند.

بەهەرحاڵ ئەوەی دیارە ئەم هەموو باس و خواسەی ئەم ماوەیەی حکوومەت و لایەنگرەکانی تەنیا بۆ کۆکردنەوەی خۆیان و بردنە قۆناغێکی دیکەی ڕێژیم و هەوڵ بۆ دەربازکردنی خۆیان لەو دۆخە قەیراناوییەی نێوخۆیی و دەرەوەیی بوو، دەنا ئەم دەستە وەزیرە و ئەم پێکهێنانەی کابینەیە بۆ ئەوە نییە کە بیرێک لە دۆخی خەڵک و چارەسەریی کێشەکانیان بکەن.

وەزیری ئیتلاعاتی هەمان وەزیری ئیتلاعاتی دەوڵەتی ڕەئیسیە و وەزیری ئیرشادیش هەروەها، وەزیری کاروباری دەرەوەش بەڵێنیی دا کە لە کاروباری دەرەوەدا خۆی بە سەربازی ویلایەت دەزانێ. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێ ئەوەی کە بیری لێ نەکراوەتەوە و خەمیشی لێناخورێ دۆخی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانە. ئەو قەیرانە سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کە بڕستیان لە خەڵکی بڕیوە بەهیچ جۆرێک ئیرادەیەک بۆ کۆنترۆڵ کردنیان نییە و دۆخی خەڵک لەمەی کە هەیە خراپتر

دەبێ.

ئەوەی دوێنێ چوارشەممە لە مەجلیس بە ئاشکرا بینرا ئەوە بوو دیکتاتۆر نەتەنیا دان بە داواکاری و ناڕەزایەتیی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێراندا نانێ و لە خەمی چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا نییە، بەڵکوو بۆ بەرنگاربوونەوی خەڵک خەریکی خۆڕێکخستنەوەی جیددی و بە پلان و بەرنامەیە. کەواتە خەڵکی ئێران بە گشتی هیچ ڕێگایەکیان لە بەردەمدا بۆ نەماوەتەوە ئیللا درێژەدانی خەباتی ڕێکوپێکی خۆیان بۆ شکاندن و ڕووخاندنی تەخت و بەختی دیکتاتۆری زاڵ بەسەر وڵاتەکەیان نەبێ.

١ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# تەنیا ژنێک!



**ئاسۆ مینبەری**

پاش بەڕێوەچوونی بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و هاتنەسەرکاری پزشکیان بەپێی ئەسڵی ١٣٠ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم، لیستەی وەزیرە پێشنیارکراوەکانی پزشکیان بۆ دەوڵەتەکەی ڕادەستی مەجلیس کرا تاکوو پێکهێنانی کابینەی نوێی دەوڵەت بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. بۆ ئەم مەبەستە مەسعوود پزشکییان، لیستەیەکی ١٩ کەسیی لە وەزیرە پێشنیارکراوەکانی خۆی ڕادەستی مەجلیس کرد هەتا دەنگی متمانەیان بۆ وەرگرێت.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٩ی گەلاوێژ، مەجلیسی ڕێژیم لە دوو کۆبوونەوەدا، بە لێکدانەوەی تایبەتمەندییەکانی وەزیرە پێشنیارکراوەکان، سەلاحییەتی ٥ کەسی دیکەی تەئیید کرد کە یەک کەسیان ژنە و بەم جۆرە ژمارەی ئەو کەسانەی کە تاکوو ئێستا وەکوو وەزیر لە کابینەی پزشکیاندا سەلاحییەتیان پێ دراوە گەیشتووەتە ١٢ کەس کە بڕیارە ڕۆژی چوارشەممە کۆبوونەوەی وەرگرتنی دەنگی متمانەیان بۆ بەڕێوە بچێ.

لە لیستەی پێشنیارکراوی پزشکیاندا و لە نێوان ئەو ١٩ کەسەدا، تەنیا یەک ژن هەبوو کە ئەم بەشدارییە کەمەش



سەرچاوە
Serchawe

بەشێوەیەکی بەرچاو دژایەتی و نارەزایەتیی نوێنەرانی مەجلیسی لێ کەوتەوە، دژایەتییەک کە ڕیشەی لە ئیدئۆلۆژیی ڕێژیمدایە و تێگەیشتن لەم ڕاستییەش کارێکی سەخت نییە. بەڵام ئەوەی پێویستە باسی لەسەر بکرێ، چەواشەکارییەکانی ڕێژیم سەبارەت بە پرسەکانی ژنانە. ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەینەوە دەبینین کە ڕێژیم چۆن لە کاتە هەستیارەکاندا، ژنان دەکاتە کاڵا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی و دواتریش بەبێ لەبەرچاوگرتنی مافەکانیان وەکوو مرۆڤێک، پەراوێزیان دەخات.

ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین، دەتوانین بە لێکدانەوەیەک بۆ بەناو هەڵبژاردنەکان و یاریی ڕێژیم لەم کاتوساتەدا، لە بابەتەکە تێبگەین. یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی ڕێژیمی ئێران، دژەژنبوونیەتی. ئەمە بە ئاشکرا لە قسە و ئاکاری بەرپرسان و کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمەدا بینراوە و ژنانیش جا سەر بە هەر چین و تاقمێک لە کۆمەڵگەی ئێراندا بن و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان فەرهەنگییان، هەستیان بەم ڕاستییە کردوە.

بە پێچەوانەی هەڵسوکەوتە باوەکەی ڕێژیم بەرانبەر بە ژنان، لە پرسی بەناو هەڵبژاردنەکاندا ڕێژیم هەمیشە مەیدانێکی ئاوەڵاتر بە ژنان دەدات، چ وەک بەربژێر بۆ بازارگەرمیی شانۆی هەڵبژاردنەکانی و چ وەک کەسانێک کە ستادەکانی هەڵبژاردنەکانیان پێ پڕ بکاتەوە تاکوو خەڵکێکی زیاتر ڕاکێشی سەر سندووقەکانی دەنگدان بکات، ئەڵبەتە ئەوەش کە چەواشەکارییەکی ئاشکرا لەبەرچاوی جیهانەوە دەکات و ئەم بوونە فیزیکی و فۆرماڵیتەیە وەکوو بەشدارییەکی ڕاستەقینە و لە ڕووی ئاگاهیی سیاسییەوە دەنوێنێ، بابەتێکی دیکەیە کە جێگای سەرنجە.

لە بەناو هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵیشدا کە یەکەمین هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ڕێژیم لە دوای شۆڕشی ژینا بوو، ڕێژیم سەرەڕای هەموو سەرکوتکارییەکان بەرانبەر بە ژنان کە ئێستاش بەردەوامن، هەوڵی دا بە جۆرێک ئەندازیاریی شانۆکەی خۆی بکات کە مەیدانێکی زیاتر بە ژنان بدات، تێگەیشتن لەم مەیدانپێدانە بە ژنان لەم کاتوساتەدا کە کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی بە قۆناغێکی دژوار و پڕ هەوراز و نشێودا تێپەڕی بوو کارێکی ئەستەم نەبوو، هەر بۆیە کوردستان وەک هەمیشە پێشەنگایەتییەکەی لە ئەستۆ گرت و بە بایکۆت وڵامە هەمیشەییەکەی خۆی جارێکی دیکە بە ڕێژیم دایەوە، لەم ڕاستایەدا ژنانی کوردستان بە خوێندنەوەی ژیرانەی دۆخەکە و بە نەهاتنە نێو شانۆکەی ڕێژیم، ڕایانگەیاند کە فریوی هیچ یارییەکی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیم ناخۆن.


لە کاتی بەناو هەڵبژاردنەکاندا، بەربژێربوونی چەند ژن، کاردانەوەی بەرچاوی بەدواوە بوو، چونکە زۆرینەی کۆمەڵگە بە ئاگایی لەسەر ڕێژیم و ئەو ڕاستییە کە ژنان لەو قەوارە سیاسییەدا ناتوانن وەکوو سەرۆکۆمار ئەرک لە ئەستۆ بگرن،

ئەمەیان بە فیلێ نوێی ڕێژیم بۆ ڕاکێشنی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان و هەوڵی ڕێژیم بۆ لەبیربردنەوەی هەموو سەرکوتکارییەکان دژی ژنان لە سەردەمی شۆڕشی ژینا لە بیر و زەینی خەڵکدا زانی. ئێستاش پاش دەستنیشانکردنی پزشکیان، هەبوونی یەک ژن لە کابینەکەیدا، ئەتوانێ چەند مەبەستی لە پشت بێ، یەکەم ئەوەی کە پزشکیان دەیەوێ وا بنوێنێ کە بەڕاستی ڕیفۆرمخوازە و دەیەوێ پاش شۆڕشی ژینا پێگەی ژنان بەرز بنرخێنێ و دووهەم ئەوەی ژنان چیدیکە دژایەتیی ڕێژیم نەکەن و وا هەست بکەن خاوەنی پێگەی خۆیانن. لەلایەکی دیکەشەوە دنیای دەرەوە پێی وابێ شۆڕشی ژینا ئاکامی خۆی وەرگرتوە و ئازادی و ژیان بۆ ژنان مسۆگەرە.

هەرچەند کە لای خودی خەڵکانی ئێران و بەتایبەتیش ژنان و بەتایبەتیتریش ژنانی کوردستان ئەم شانۆیە هیچ مانایەکی نییە و باش دەزانن کە پزشکیان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ باقی مۆرەکانی ڕێژیم نییە و ئامانجەکانی خامنەیی پێڕەو دەکات، بەم شێوەیە دڵنیاشن کە ئەگەر تەنانەت هەموو وەزیرەکانی کابینەکەی پزشکیانیش ژن بایەن، قەت ئەم هەڵبژاردن و دیاریکردنە بە مانای کرانەوە لە کۆماری ئیسلامیدا نییە و ئەوەی کە نەگۆڕە ئیدئۆلۆژیی ڕێژیم و هەوڵەکانی بۆ سەرکوتی هەموو دەنگە جیاوازەکانە. کەوابوو دەسبەکاربوونی فەرزانە سادق وەکوو وەزیری ڕێگا و شارسازی هیچ لە پرسەکە ناگۆڕێ و ئەم ژنە کە بێگومان درێژەدەری ڕێباز و ئامانجەکانی ڕێژیم لە کابینەکەی پزشکیاندایە، ناتوانێ نوێنەرایەتیی تاقە ژنێک لەو جوغرافیایەدا بکات.

٢ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد




**دیارییەک بۆ جێژنی حەفتاونۆ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**تاهیر قاسمی**

**لەبەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ، حەفتاونۆهەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، کتێبی "ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد" چاپ و بڵاو کرایەوە.**

**کتێبەکە وەک لە پێناسەیدا هاتوە؛ خوێندنەوەی شێعرەکانی شاعیری ناسراو و بە ناو و دەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سوارەی ئیلخانیزادە لەژێر تیشکی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە لەلایەن نووسەر و هاوکاری "کوردستان" ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەدتاهیر قاسمی نووسراوە و خاتوو شەهلا دەباغی، ژنە چالاکی دیاری نێو خەباتی سیاسی و ئەدەبیی کوردی ڕۆژهەڵات پێیدا چۆتەوە و وەشانخانەی "٤٩ کتێب" چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.**

**سوارە ئیلخانیزادە ئەگەرچی لە بواری نووسینی چیرۆک و بابەتی ئەدەبیشدا گەلێک بەرهەمی بەنرخی لێ بەجێ ماوە، بەڵام**



سەرچاوە
Serchawe

ئەو زیاتر وەک شاعیر و یەک لە بناخەدانەرانی شێعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە. لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەی شێعرەکانی زۆر نین بەڵام "خەوە بەردینە" وەک دیوانی شێعرەکانی کەلێنێکی گرینگی لە مێژووی شێعری کوردی بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕ کردۆتەوە. ئەو شێعرانەی کە بە بڕوای نووسەری "ئیعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد" نیزیک بە تەواویان لەژێر تیشکی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا نووسراون و تریفەی تێکۆشانی ئەم حیزبە تا ساڵانی کۆتایی تەمەنی شاعیریش هەروا دەفتەری شێعری ئەویان ڕووناک کردۆتەوە.

پڕانیی شێعرەکانی سوارە بە هۆی بارودۆخی پۆلیسیی سەردەم و دوای ئەوەی شاعیر لە زیندانی حەمەڕەزا شا ڕزگار بوو، لەسەر ڕێبازی ئەدەبیی سەمبۆلیک و بەو پێیەش لە ڕەمز و ڕازدا نووسران. ئەوەش وای کرد کە هەتا ئەم دواییانەش هەموو پەیامەکانی شێعری سوارە بۆ وەچەکانی دوای خۆی بەتەواوی ڕوون و ئاشکرا نەبن. لێکۆڵەر لە ئیعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەددا، هەوڵی داوە بە ناساندنی سەمبۆلەکان و شکاندنی کۆدی وشەکان مەبەست و هەڵوێستی شاعیر لە ساڵ و سەردەمە جیاوازەکاندا بۆ خوێنەر ڕوون بکاتەوە و لەم ڕێگایەوە خوێنەری کورد لەگەڵ بیر و هەڵوێستەکانی سوارە ئاشنا بکا.

ئیعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد بە پێشەکییەک لەلایەن نووسەرەوە دەست پێ دەکا کە تێیدا باس لە سەرەتای ئاشنایی خۆی لەگەڵ شێعری سوارە و هۆکار و مەبەستەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە و چۆنییەتیی دەسپێک و بە ئاکام گەیشتنی کراوە. پاشان کورتە مێژوویەکی سەبارەت بە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە دەیەی چلی هەتاوی (شەستی زایینی) لەخۆ گرتوە کە زۆربەی هەرە زۆری شێعرەکانی سوارەش هەر لەو دەیەیەدا و لەژێر تیشکی تێکۆشانی ئەو سەردەمی حیزبی دێموکراتدا نووسراون. لەم بەشەدا نووسەر باسی لە تێکۆشان و جموجۆڵە سیاسی و ئەدەبییەکان لە هەردوو بەری دیوی گەرمێن و هەروەها لە زانستگای تاراندا کردوە کە سەنگەرێکی دیکەی خەباتی کوردایەتی و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بوو. بە دوای ئەوانەدا نووسەر باسی لە جیهانبینیی سوارە و ڕوانگەی ئەو بۆ کوردایەتی بە گەڕانەوە بۆ نێوەرۆکی بەرهەمەکانی کردوە و لەم بەشەدا بەتایبەتی لە شێعری "بیرەوەریی دووی ڕێبەندان" دواوە. پاشان یەک بە یەک شێعرە بەناوبانگەکانی سوارەی بە پێی مێژوو و بۆنەی نووسینیان هەر لە شێعری "بانگەوازی پەنجەرە" تا "خێڵی درۆ" و سەرەنجام "خەوە بەردینە" و "تۆ دەریامی" لێکداوەتەوە و بە سەرنجدان بە نێوەرۆک و پەیامی ئەو شێعرانە، ڕوونی کردۆتەوە کە هەر کامیان پێوەندی بە کێها ڕووداوی سیاسی و کام تێکۆشان و جموجۆڵی حیزبەوە هەیە. هاوکات لە ڕێگای ئەم شێعرانەوە پێوەندیی نێوان ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خوێندکارە کوردەکانی زانستگای تاران کە سوارەش یەک لەوان بوو، شی کردۆتەوە.

هەڵبژاردنی ناوی "ئیعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد" وەک نـاوی کتێبەکە، لە دێڕێک شێعری بەناوبـانگی "خەوە بەردینـە" وەرگیـراوە کە بە بەرزتـرین شێعری سوارە هەژمـار دەکرێ. نووسـەر لە پێشـەکیی کتێبەکە و لە لێکـدانەوەی شـێعری خەوە بەردینەشـدا ڕوونـی کـردۆتەوە کە خەوە بەردیـنە حەماسـەی دامەزران و خەبـاتی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانە و ڕسـتەی هەڵبژێـردراو بـۆ نـاوی کتێـبەکەش ئـامـاژە بە دەور و ڕۆڵـی پێغەمبەرانەی پێشـەوا قـازی محەمـمەد لە دامەزران و دانـانی ڕێوشوێنی خەباتی ئەو حیزبە و ڕەوتی تێکۆشانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکا.

"

کوردستان" بەبۆنەی چاپی ئەو کتێبە بەنرخە دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە تاهیر قاسمی، ئەندامی دەستەی نووسەرانی خـۆی دەکا و هیوای بەردەوامیی بۆ دەخوازێ.

٢ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# ئەندێشەی سەوزی "باجوەر" زیندووە



هەردی سەلیمی

ئەمڕۆ ٦ ساڵ بەسەر شەهیدبوونی ژینگەپارێزان "شەریف باجوەر"، "ئومید کۆنەپۆشی"، "محەممەد پژووهی" و "ڕەحمەت حەکیمی‌نیا" تێپەڕ دەبێ، کە بە شێوەیەکی گوماناوی گیانیان لەدەست دا. شەریف باجوەر یەکێک لە دیارترین و چالاکترین ژینگەپارێزانی کوردستان بوو کە لە بواری ڕێکخستن و چالاکی‌دا وێنەی کەم بوو و سەرباشقەیەک بوو و ئێستاش هەیە بۆ هاوڕێیانی و هەروەها وەچەکانی دوای خۆی.

لە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتای هەتاویدا لە درێژەی ئەو باوەڕە ڕاستەدا کە خەڵکی کوردستان خاوەنی نیشتمانی کوردستانن و کەس لەوان بۆ ئەو زێدە دڵسۆزتر نییە، هەوڵ درا چەند ناوەند و دامەزراوەی ژینگەپارێزی لە نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی‌دا لە کوردستان دابمەزرێ، یەکێک لەوانە "ئەنجومەنی چیای سەوزی مەریوان" بوو. هەرچەند لە دامەزرانییەوە هەتا دەسبەکاربوونی زۆری خایاند و دەوڵەت لەمپەری زۆری لەبەردەم دانان، بەڵام بەو حاڵەشەوە ئەم ناوەندە خەڵکییە زۆر زوو توانیی سەرنج و متمانەی خەڵک بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ. ئەم ئەنجومەنە لە بوارەکانی ژینگەیی و فەرهەنگسازیی کۆمەڵگە ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە و ئەوەی ئەمڕۆ کوردستان وەک ناوەندێکی بەرێکخراو ژینگەپارێز

دەبینرێ، لە بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی ئەم ناوەندانەیە.

شەهید شەریف باجوەر کە پێشتر چالاکی سیاسی بوو و بۆ ئەم مەبەستەش ژیانی سیاسیی خۆی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرێ دابوو، بەڵام دواتر بە گەڕانەوەی بۆ نێوخۆی وڵات تەرکیزێکی زیاتری خستبووە سەر خەباتێکی ژینگەیی و کولتووری و هەر بەبۆنەی ئەو پێشخانەیەوە لە ساڵەکانی ٩٠ هەتا ٩٥ی هەتاوی چەندین جار لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە بانگهێشت و لێپێچینەوەی لێ کرابوو، یەک لەو کەسانە بوو کەوا ماندوویی‌نەناسانە و هەستیار و نەترسانە لە بواری ژینگەیی و کولتووریدا هەوڵی دەدا، بۆ نموونە: کاتێک بۆ پاڵپشتیی ئاژەڵان مانگرتنی بەڕێوە برد و لە ڕێپێوانێکی نارەزایەتییانەدا لە مەریوانەوە بەرەو سەلاسی باوەجانی بەپێیان وەڕێ کەوتبوو، دووکانەکەی لە مەریوان بە شێوەیەکی گوماناوی ئاگری تێبەر بوو. یان کاتێک سەربازێکی گیان‌لەسەردەستی مەریوانی بەناوی "محەممەد باختەر" بۆ ڕزگارکردنی سەگێک، کەوتە سەر مین و لاقێکی خۆی لەدەست دا و لە نەخۆشخانەیەکی تەورێز خەوێنرا، لە هەوڵێکی سەمبۆلیکدا بۆ ڕێزلێنانی چوونە سەردانی. هەروەها لە خەرمانانی ساڵی ٩٦دا و هاوکات لەگەڵ مانگرتنی "ڕەزا شەهابی" و "ئاتێنا دائێمی" دوو زیندانیی سیاسیی گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها نارەزایەتی‌دەربڕین بە دۆخی کۆڵبەرانی کوردستان، بە هەڵێنانی دروشمی "نەبوونی توندوتیژی، ڕێگەی سەرکەوتنی مرۆڤایەتییە" ڕێگەی مەریوان بەرەو تارانی بە دووچەرخە بڕیی. شەریفی باجوەر لە بووەمەلەرزەکەی کرماشان و دەوروبەریشیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە یارمەتی‌دانی خەڵکی لێقەوماوی ئەو ناوچەیەدا گێڕا.

بەداخەوە لە ڕێکەوتی ٣ی خەرمانانی ١٣٩٧ لە دوایین هەوڵیدا کە بۆ کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی مەریوان وێڕای هاوڕێیانی خۆبەخشانە و بە کەرەستەی کەمەوە خەریکی کوژاندنەوەی ئەو ئاگرە بوون، بە شێوەیەکی گوماناوی گیانی لەدەست دا و لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا کە خەڵک لە سەرانسەری کوردستانەوە لە مەریوان کۆ ببوونەوە بۆ بەخاکسپاردنی، لە ئامێزی خاکی کوردستاندا ئارامی گرت.

شەهید شەریفی باجوەر هەوڵەکانی تەنیا قەتیس نەبوو بە مەریوان و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو وێڕای سەردانکردن بۆ زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بانگەشە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەی خەڵکی و ژینگەپارێزی و یارمەتی‌دانی ئەو ڕێکخراوانە، تەنانەت لە چەند شوێنی باشووری کوردستانیش و یەک لەوانە شاری کۆیە ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی دامەزراند؛ مەبەستی شەهید باجوەر ئەوە بوو ژینگەپارێزی ببێتە کولتوورێکی جێگیر و تۆوی ئەم هەوڵە لە هەموو شوێنەکانی کوردستان بچێنرێ و چەشنی بەڕوو بڕوێن.

ڕووداوەکانی ئەم دواییيانە و بەداخەوە بەردەوامیی سووتانی ژینگەی کوردستان و دیسانیش قوربانیدانی زیاتر، لەگەڵ ئەوەی جێی بەتاڵی کەسانی وەک باجوەر پتر لە پێشووتر دەردەخات، هەست بە هەوڵێکی نەرم و پشتی پەردەش دەکرێ کە دەیانهەوێ "عادیسازی" بکەن لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژینگەیی‌دا و وەک کوژرانی کۆڵبەران ببێتە ڕووتینێکی ڕۆژانە، کە ئەمە مەترسییەکی گەورەیە. بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم بابەتە مەترسیدارە پێویستە یەکەم: خەڵک ژینگەپارێزان بەتەنیا جێ نەهێڵن، دووەم: چالاکییەکانیان تەنیا لە کوژاندنەوەی ئاگردا نەبینرێ، سێهەم: دروشمی "ئەندێشەی سەوزمان ڕێبەرە" لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری پێوەندیدار بە ژینگەوە هەم زەقتر بکرێتەوە و هەمیش بەکردەوە مانا بکرێتەوە، چوارەم: خۆشەویستیی نیشتمان و خۆشەویستیی ژینگە لێک جیا نەکرێنەوە، دەنا نیشتماندۆستانێکی زۆرمان دەبێ کە ژینگەدۆست نابن و لە بەرامبەر کاولیی ژینگەدا خۆ بە بەرپرسیار نازانن و لە بەرامبەر ئاوەدانیی ژینگەدا هەنگاو هەڵناهێننەوە.

لە سەردەمێکدا کە هەست دەکرێ بازنەی کاریگەریدانانی ڕێبەران کەم بووەتەوە، هەرچەند تەمەن مەودای کەمی دا بەڵام باجوەر دەبێتە ڕێبەرێکی مەیدانی و بەکردەوە و دەبێتە سەرباشقە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانهەوێ لە پێناو ئاوەدانیی نیشتماندا هەنگاو بنێن؛ یاد و ناوی شەهید باجوەر و هاوڕێیان و هەموو شەهیدانی ژینگە و نیشتمان بەرز و بەرزتر بێت.

٣ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ژینگەی کوردستان و زاگرۆس لە لێواری لەنێوچووندایە



**بێهزاد قادری**

ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو، بەهار و هاوینێکی کارەساتباری بۆ ژینگە و دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. بە هەزاران هێکتار لە دارستان، لێڕەوار، لەوەڕگە و مەزرای خەڵک، لە ئاگردا سووتێنران، هەڵبەت لە ئاگربەردانی بەئەنقەستی دوژمنانی ژینگە و خاکی کوردستان. ڕێژەی ئاگربەردانەکان هێندە زۆر بوون کە ئامارێکی ورد لە ڕێژە و خەسارەکانی لەبەر دەستدا نین و هەتا ئێستاش ئەنجومەنە ژینگەییەکان و خەباتکارانی ژینگەیی سەرقاڵی بەهاناوەچوونی ژینگەی کوردستانن و دەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە ئاماری خەسارەکانی ئەمساڵ بۆ ڕای گشتی بڵاو بکەنەوە. هەڵبەت لێرەدا ئاماژە بە چەند ئامارێک دەکەین.

لە ئەمساڵدا لە هەموو پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاهیدی ئاگربەردان لە ژینگە و سروشت بووین. بەردەوام هەواڵی ئاگربەردان لە ژینگە و سروشتی "سەلاسی باوەجانی، کرماشان، مەریوان، سەوڵاوا، سنە، بانە، پیرانشار، پاوە و ئیلام و..." بڵاو کراوەتەوە و زۆرترین حاڵەتی ئاگربەدانەکانیش لە سەلاسی باوەجانی و مەریوان تۆمار کراون.

## چەند ئامارێک لە ڕێژەی ئاگرەکانی زاگرۆس

لەمبارەوە ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان ڕێکەوتی ١٠ی گەلاوێژ خشتەیەکی لە ئاگری دارستانەکانی شارستانەکانی مەریوان و سەوڵاوا بڵاو کردەوە. بەپێی ئەو خشتەیە لە ئەمساڵدا (١٤ی ١ی ١٤٠٣ هەتا ٨ی ٥ی ١٤٠٣)، ١١٢ حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە لە دارستان، لێڕەوار و ژینگەی شارستانەکانی مەریوان و سەوڵاوا تۆمار کراوە. بەڵام هەتا ئێستا ئامارێکی ورد لە ڕێژەی ئەو زیانانەی کە وەبەر ژینگەی مەریوان و سەوڵاوا کەوتوون، لەبەر دەستدا نییە، چونکە هەتا ئێستاش ئەو ئاگربەردانانە لە لێڕەوارەکانی ئەو ناوچەیە بەردەوامە کە لە تازەترین حاڵەتدا دەیان هێکتار لە دارستانەکانی باشماخی مەریوان سووتێنراون.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی وێنەی ئاسمانیی سەتەلایتی "کوپێرنیک"، زیاتر لە ١٥٠٠ هێکتار لە دارستان و لەوەڕگەکانی سەلاسی باوەجانی لە ئاگربەردانە بەئەنقەستەکانی ئەم دواییانەدا لەنێو چوون. لەم پەیوەندییەدا ژینگەپارێزان ڕایانگەیاندووە کە بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری و کەمتەرخەمیی ناوەندە پەیوەندیدارەکانی ڕێژیم لە ناوچەکە، وێڕای گیانفیداییی ژینگەپارێزان و خەڵکی خۆبەخش، ئەم ڕێژە زۆرە لە دارستانەکانی ئەم ناوچەیە، سووتاون.

لەمبارەوە "ئەسغەر ئاغاز"، فەرماندەی یەکەی پاراستنی ژینگەی کرماشان، وێڕای ئاماژەدان بە زیادبوونی ئاگربەدانەکان لە کرماشان، لە وتوویژ لەگەڵ ماڵپەڕەکانی سەر بە ڕێژیم لە نێوخۆ، وتبووی: "لە سەرەتای ساڵی ١٤٠٣ تا ئێستا، ٢٠ ئاگرکەوتنەوە بە ڕووبەری هەزار و ٩٠٠ هێکتار ڕووی داوە." هەرچەند ئامارەکە لەوە زیاترە، بەڵام ئەگەر بەپێی هەمان ئامار بێت، لە ئەمساڵدا ڕێژەی ئاگربەردانەکان لە کرماشان ٢٠ هێندە زیادی کردووە. شایانی باسە زۆربەی ئەو ئاگربەردانانە کە لە کرماشان ڕوویان داوە لە ناوچەی "بۆزین و مەرەخێڵ، بێستوون، قەڵاجە، برنجان و قەراوێز" بووە.
لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئامارەکانی ناوەندە پەیوەندیدارەکانی ڕێژیمی ئێران لە پارێزگای لوڕستان، لە ئەمساڵدا زیاتر لە ٣١٠٠ هێکتار لە دارستان و لەوەڕگە و ژینگەی ئەو پارێزگایە سووتێنراون. بۆیە دەردەکەوێت کە ژینگەی زاگرۆس بە شێوەیەکی سیستەماتیک بەرەو لەنێوچوون دەبرێت.

هەروا کە لە سەرەتای بابەتەکەدا ئاماژەم پێ دا، وێڕای ئەو ناوچانەی ناومان هێنان، لە ئەمساڵدا دەیان ئاگربەردان لە ناوچەکانی "بانە، سنە، ئیلام، پاوە و پیرانشار" ڕوویانداوە، بەڵام هەتا ئێستا ئامارێکی ورد لەم پەیوەندییەدا بڵاو نەکراوەتەوە. هەر بۆ نموونە لە ئەمساڵدا چەندین جار ئاگر بەردراوەتە کێوی گەشتیاریی "ئاویەر"ی سنە و چەندین هێکتار

لە ژینگەی ئەم شوێنە گەشتیارییەی لەنێو بردووە.

## گوشار بۆ سەر خەباتکارانی ژینگەیی

ئەوەی دەبێ سەرنجمان لەسەری بێت ئەوەیە کە ژینگەپارێزانی کوردستانی و خەڵکی خۆبەخشی کوردستان، لە کۆنترۆڵکردن و کوژاندنەوەی ئاگری ژینگە و دارستانەکانی کوردستان، زۆرترین ڕۆڵیان گێڕاوە. ئەوان بەوپەڕی گیانفیداییەوە و بە کەمترین خزمەتگوزارییەکان، بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک، بە هانای ژینگەی نیشتمانەوە چوون. وێڕای هەموو ئەم زەحمەتانە، تەنانەت لەلایەن ناوەندە سەرکوتکارەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە خراونەتە ژێر گوشاریشەوە و هەر لە ئەمساڵدا چەندین ژینگەپارێز لەلایەن ناوەندەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کراون. بۆ نموونە لە ماوەکانی ڕابردوودا "خەلیل پەرەندەک خەڵکی ڕوانسەر و لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزەرانی ژینگەی چرۆ، یاسر نووری لە چالاکانی ژینگەپارێزیی خەڵکی جوانرۆ، فەریدە وەیسی و حەمید سەبزە لە چالاکانی ژینگەپارێزیی ژیوای و هەردووکیان خەڵکی شاری پاوە، فەرزین موەفەقی، ئەمیر نەدیمی، حیسام مەهدی لە مامۆستایانی فەرمانگەی پەروەردە و بارهێنان و ئامانج قوربانی هەر چواریان خەڵکی شاری کامێران و..."، دوای کۆتاییهاتنی ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی ئیسماعیل کەریمی، چالاکی ژینگەپارێزیی خەڵکی کامێران، لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای تیرۆریستی پاسداران و بە بەکارهێنانی توندوتیژییەوە دەستبەسەر کرابوون.
شایانی باسە کە ڕێکەوتی ٣ی گەلاوێژ، "ئیسماعیل کەریمی"، چالاکی ژینگەیی و فەرمانبەری فەرمانگەی سەرچاوە سروشتییەکانی شاری کامێران کە ڕێکەوتی ١ی گەلاوێژ لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگر جەستەی سووتابوو، گیانی لەدەست دا. هەر لەم پەیوەندییەدا ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان ڕایگەیاندبوو: "لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەزگای داد دەبێ ئەو کەسانەی وا بوون بەهۆی کەوتنەوەی ئاگر و شەهیدکردنی ئەم ئازیزە، بە زووترین کات بۆ ژینگەپارێزان و ڕای گشتی دیاری بکات و سزای بدات و بەپەلە ڕێگایەکی یاسایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاڵانچییەکان و چەتەکانی ژینگە بدۆزێتەوە." بەڵام هەتا ئێستا هیچ کارێک لەلایەن ڕێژیمەوە نەکراوە، چونکە تاوانباری سەرەکی بۆ خۆیەتی.

## بەڵام هۆکارەکانی سووتانی دارستان و ژینگەی کوردستان و زاگرۆس کامانەن؟

سووتانی ژینگە و دارستانەکانی کوردستان چەند هۆکاری سەرەکیی هەیە، بەڵام سەرەکیترین هۆکار، ڕێژیمی ئێرانە. ڕێژیمی ئێران لەمێژە سیاسەتی تاڵانکردن و لەنێوبردنی ژینگەی زاگرۆس و کوردستانی گرتووەتەبەر. بنکە سەربازییەکانی ڕێژیم لەسەر سنوورە دەستکردەکانی کوردستان ئاگر بەردەدەنە دارستان و ژینگەی دەوروبەری بنکەکانیان.

بۆ نموونە هەر لە ئەمساڵدا، بەپێی هەواڵێک کە ئەنجومەنی پاڕێنی بانە بڵاوی کردەوە، "هەنگی مەرزی"ی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران لە سنووری دەستکردی هەنگەژاڵ و برویشکانی بۆ چەندەمین جار، دارێکی زۆری بەڕوویان بڕیوەتەوە و خەسارێکی زۆریان بە ژینگەی ئەو ناوچەیە گەیاندووە.

هەروەها یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ڕێژیم لە ئاگربەردان لە ژینگەی کوردستان، سەرقاڵکردنی ژینگەپارێزان و کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستانە بەم ئاگرانە، تاکوو دەرفەتی هیچ جۆرە چالاکییەکی دیکەیان نەبێت.

لەلایەکی دیکەوە، دەستوپەیوەندییەکانی ڕێژیم و کەسانی هەلپەرستی سەر بە ڕێژیم، لە کاولکردنی دارستانەکانی کوردستان ڕۆڵیان هەیە. بۆ نموونە کەسانێک هەن بۆ گەورەکردنی باخەکانیان، دارستانەکانی دەوروبەری باخەکانیان لەنێو دەبەن. کەسانی دیکەش هەن خەریکی دروستکردنی "خەڵووز"ن و کەسانی دیکەش هەن بە لەنێوبردنی دارستانەکان دەست بەسەر زەویی نیشتماندا دەگرن. ئەو کەسانە بە شێوازی جۆراوجۆر لەگەڵ دەسەڵات لە پەیوەندیدان، بۆیە بەبێ ترس خەریکی کاولکارین.

## کۆتایی

کاولکردنی ژینگە و دارستانەکانی کوردستان وێڕای کاریگەریدانان لەسەر ژینگە و ئیکۆسیستەمی کوردستان و گۆڕانی کەشوهەوای ناوچەکە، کاریگەریی لەسەر دۆخی دەروونیی خەڵکیش داناوە. لەلایەکی دیکەوە کاریگەریی لەسەر ئیکۆتوریزم و ئابووریی خەڵکیش داناوە، کە هەموویان خواست و ئامانجی ڕێژیمی ئێرانە.

٣ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# نیشتمان پیرۆزە ناوی، لەو هەوای حەیرانەدا




**بانگی بەستەی ئاورن دەنگت! لە ئاسۆی دوورەوە**
**نیشتمان پیرۆزە ناوی، لەو هەوای حەیرانەدا**

**برایم چووکەڵی**

مێژووی خەباتی کورد قەرزباری ئەو ڕۆڵە بەئەمەگانەی گەلی کوردە کە بۆ پساندنی زنجیری کۆیلەتی و یەخسیری و بۆ ڕادانی سێبەری شوم و نەگبەتی و چارەڕەشی و، بۆ خەبات دژی زۆرداران و چەوسێنەران، ئازایانە و شۆڕشگێرانە چەکی شەرەفیان کردۆتە شان، سینگی پڕ لە تاسەی خۆشەویستی نیشتمانیان کردۆتە قەڵغانی گوللەی دوژمنان و نەیارانی گەلّ و بە سەخاوەتەوە گیانی پاکیان پێشکەش بەدایکی نیشتمان کردوە. لە هەگبەی "شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا یادی یەکێک لەم ڕۆڵە زەحمەتکێشانە، شەهید سەید قادر عەلەوی لە ناوچەی شنۆ دەکەینەوە.

سەید قادر ساڵی ١٣١٩ لە گوندی "بابخالاوێ"ی ناوچەی نەڵۆسی شنۆ لەدایک بوو. ئەم کۆرپەیە لە باوەشی گەرمی دایک و باوکێکی نەداردا پەروەردە کرا. ئەو کە نەیتوانیبوو بچێتە قوتابخانە، لە داوێنی زنجیرە چیاکانی ئەو مەڵبەندەدا بە

ئارەقە ڕشتن بۆ بژێویکی هەژارانە تێکۆشا و شانی بەر بەرپرسایەتی دا. شوانی، دەسکەنە، ئاوداشتن، کرێکاری، پێمەڕەکاری و زۆرکاری ئەوتۆی لادێ، لە جێی پێتەکانی ئەلفوبێ بوون کە سەید قادر هەر ڕۆژێ لەگەڵ یەکیان ئاشنا دەبوو. ئاوایی سەیدقادر و ئاواییەکانی دەورووبەریش لە قوتابخانە بێبەری بوون، بۆیە خوێندن لە شار بۆ زەحمەتکێشانی لادێ بەگشتی و بۆ بنەماڵەی سەید قادر عەلەوی بەتایبەتی بەدەگمەن دەڕەخسا.

ساڵ هاتن و چوون و سەید قادر بوو بە لاوێکی بەشانوباهۆ، ئێش و ئازاری ژیان چرۆقایمی بار هێنابوو، و ئیرادەیەکی پتەوی تێدا خوڵقاندبوو. قوتابخانەی ژیانیش چەوسێنەرانیان بە سەید قادر ناساندبوو، ئەوانەی خەڵکیان بۆ بێگاری دەنگ دەدا، ئەوانەی دەستیان بەسەر بەرهەمی جووتیارانی ئاوایی دادەگرت و ڕەنجی ئارەق و ژینی ئەوانیان بە تالان دەبرد، ئەوانەی ژاندەرمەی حکومەت بوون و لەگەڵ ئاغا دەبوونە هاودەست و هاوکار، سەیدقادر لە ڕیزی خەڵک جیای دەکردنەوە و بە چاوێکی دیکە سەیری دەکردن، و بەکردەوەش لەبەرامبەر ئەوانەدا سەربزێوی دەکرد.

ڕاپەرینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ ئاسۆیەکی روونی بۆ سەیدقادر دەستنیشان کرد، بۆی دەرکەوت حیزبێک هەیە ڕێنیشاندەری هەژارانی کوردەوارییە و بۆ ڕزگارییان خەبات دەکا. بۆیە پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت و بەڵێنی دا هەتا سەر ڕێبواری قازی بێت و گیانی بکاتە خەڵاتی بەرەوپێش بردنی ئامانجی ئەو حیزبە. بەمجۆرە و لەو کاتەوە سەید قادر وەک ئەندامی حیزب دەستی بە تێکۆشانی نهێنی کرد.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هەر لە یەکەم ڕۆژانی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە زستانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، سەید قادر بە هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی، بەڵێنیی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی نوێ کردەوە. بە لێوەشاوەیی نواندن، ڕەچاوکردنی دیسیپلین، هەڵسووڕان و فیداکاری لە شەری سێ مانگەدا، سەرنجی بەرپرسان و هاوسەنگەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ڕابردووی خەباتگێڕانە، تێگەیشتوویی لە مەسایلی سیاسی و هەوڵدان بۆ فێربوون و ڕێکوپێکی و جێکردنەوە لە دڵی هاوسەنگەراندا، ورەبەرزی، ئیمانی پتەو بە حیزب و شارەزایی لە گەلاڵەداڕشتن و زەبر وەشاندن لە دوژمن، چەند تایبەتمەندیی هەرە دیار بوون کە لە سەید قادر عەلەویدا بەدی دەکران. بۆیە لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ بە فەرماندەری پێشمەرگەکانی لکی شەهید فەتتاح لە هێزی سمکۆ دیاری کرا و تا کاتی شەهید بوون ئەو بەرپرسایەتییەی بەڕێوە برد.

شەهید سەید قادر لەو ماوەیەدا نیشانی دا فەرماندەرێکی بەوەجە و لە جێبەجێکردنی ئەرکەکاندا ماندوویەتی ناناسێ. چالاکانە مەئمووریيەتی حیزبی بەڕێوە دەبرد و بە لێوەشاوەیی ڕێنوێنی و فەرماندەریی پێشمەرگەکانی دەکرد. لە ناوچەکانی سەردەشت و شومالی کوردستان بە باشی ئەرک و مەئمووریيەتەکانی حیزبی ڕادەپەڕاند. ئەو چ بە مەئمووریيەت

بۆ ناوچەکانی سەردەشت و شومالی کوردستان و، چ لە شەڕەکانی ناوچەی شنۆ ئەوپەڕی بوێری، فیداکاری و کارامەیی خۆی نواند. شەڕە حەماسییەکانی دێشەمس، سەرگیز و گەلی قاسملوو، بیرهێنەرەوەی ئەو قارەمانییەن کە سەید قادر لە ڕیزی پێشەوەی هاوسەنگەرانیدا خوڵقاندبوویان.

هاوینی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێرشێکی پانوبەرینی بۆ سەر ناوچەکانی شومالی کوردستان و شنۆ هینابوو. لە ڕۆژی ١٥ی خەرمانانی ١٣٦٠ شەڕێکی توند و نابەرابەر لە نێوان پێشمەرگەکان و هێزی داگیرکەر، لە نێوان شاوانە و گرکاشانی شنۆ دەستی پێ کرد. دوژمن بە هەزاران بەکرێگیراوی خۆی هێنابووە مەیدانی شەڕ و بە تۆپ و خۆمپارە و چەکی قورس و نیوەقورس سەنگەری پێشمەرگەکانی دەکوتا. هاوکات چەندین هێلیکۆپتێر لە ئاسمانی مەیدانی شەڕ سەنگەری ڕۆڵەکانی دیموکراتیان ئاورباران دەکرد. مەیدانی شەڕ ببووە پارچەیەک ئاگر. لەنێو گڕ و سوتمان و دووکەڵ و بۆنی باڕووتدا، لە قەدپاڵی چیاکانی گرکاشان و شاوانە، ڕۆڵەکانی دیموکرات لە شنۆی دڵسۆز جارێکی دیکەش دەرسێکی لەبیر نەچوویان دایە داگیرکەرانی کوردستان. بەکرێگیراوانی ڕێژیم بۆ پێشرەوی لە هەر بستێکی ئەو خاکە دەبوو بە دەیان کەس بەکوشت بدەن. هەربۆیەش لەو شەڕەدا سەدان کوژرا و برینداریان دا.

شەهید سەید قادری عەلەوی پێشەنگی هەڵمەتبەرانی ئەو شەڕە بەناوبانگەیە. ئەو لەم بەرەنگارییە ئازایانەیەدا، پەیمانی یا مردن یا سەرکەوتنی بردە سەر و بە خوێنی ئاڵی خۆی بەڵگەی لەشکاننەهاتوویی نەتەوەکەی ئیمزا کرد. بەمجۆرە بە شەهیدبوونی سەید قادر، ڕۆڵەیەکی دیکەی قارەمانی مەڵبەندی شنۆی دڵسۆز، پێشمەرگەیەکی فیداکار و لە خۆبوردوو، فەرماندەیەکی لێهاتوو و بەتوانا بە سەربەرزی و گیانبازییەوە چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی سوورخەڵاتی نەتەوەکەمان. یادی هەرمان.

٣ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئەم پزشکیانە سەرۆککۆمارێکی زۆر ڕاستگۆیە!



**دارسمە**

دەتوانم لە جیات مەسعوود پزیشکیان سوێند "بە گیانی دایکم" بخۆم و بڵێم ڕاستگۆترین سەرۆککۆماری ئێرانە. ڕەنگە زۆربەی خوێنەران بزانن "بە گیانی دایکم" سوێندخواردنێکی تایبەت بە خەڵکی "سابڵاغ"ـە. هەمووشتان دەزانن "سابڵاغ" هەمان مەهابادە و لە بەر دڵی ئاغای سەرۆککۆمار لێرەدا بە"سابڵاغ" ناومان هیناوە. سەرۆککۆمار پزیشکیان خۆی بە سەرۆککۆماری هەموو ئێران دەزانێت و بە دڵیش حەزی لێیە "سابڵاغ" بکاتە "سارووبڵاغ". لەبەر ئەوەی وێنەیەکی دایکی بەڕێزی جەنابی سەرۆککۆمارمان بە جلکی کوردیی ژنانە یانی بە کراس و ئاوەڵکراس و پشتبێند و کلۆجە و دەستماڵی سەرشان و تاسکڵاوی کوردییەوە دیتووە، بێڕێزیکردن بەم خانمە هێڵێکی سوورە.

ڕەنگە ڕاستگۆبوونی ئەم دوایین سەرۆککۆمارەی ئێرن لە سەرۆککۆماری یەکەمەوە بە میرات مابێتەوە. بەم هیوایە سەرۆککۆماری ئیستا بە دەردی کاک ئەبوولحەسەنی بەنیسەدر نەچێت. ڕاستگۆیانەترین لێدوانی سەرۆککۆماری یەکەم ئەمەبوو، گوتی: "داوا لە سەربازانی ئیسلام دەکەم هەتا هەموو کوردستان لە "دژە شۆڕشان" پاک دەکەنەوە، پۆتینان دەرنەهێنن." هەزار خۆزگەم بەو سەردەمە. ئەودەم سەرۆککۆمار دەستەڵاتی وەک ئێستا نەبوو. فەرماندەی هەموو هێزی



سەرچاوە
Serchawe

چەکدار بوو، بەڵام لە سەردەمی پزیشکیاندا ئەم ئەرکەش فیتەبەدەورەی پێکراوە. وەک سەرەژنانی لای خۆمان دەڵێن، با چی دیکە چلکی سەرۆککۆماری پێشوو نەشۆینەوە. ئەم مەسعوود پزشکیانەی خۆمان زۆر ڕاستە کوردان دەنگیان پێ نەداوە، بەڵام تەنانەت لە سەرۆککۆماری یەکەمیش ڕاستگۆترە.

ڕاستگۆیی پزیشکیان هیچ گومانی تێدا نییە و هەر لە کاتی بانگشەی هەڵبژاردندا بەئاشکرا دەرکەوتوە. ئەو لە کاتێکدا بەربژێری ڕاستەوخۆ و بێڕکابەری ڕیفورمخوازان بوو، گوتی: بەندەی موخلیستان بەدڵ و بەگیان بڕوای بە فەرمایشتەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هەیە و بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم فەرمایشتانە سەری پێوە نییە و هەرچی ئەو بیفەرموێت، هەر ئەوە.

ئەم لێدوانەی سەرۆککۆماری ئاخر لەگەڵ لێداونی سەرۆککۆماری یەکەم زۆر جیاوازە. ئەو داوای لە سەربازان کرد هەتا ئەم حیزبی دیموکرات و شتە کۆ نەکەنەوە پۆتنیەکانیان دەرنەهێنن. دیارە لە چل و چەند ساڵ لەمەوبەرەوە، سەربازان بە میلیۆنان جار پۆتینیان دەرهێناوە و سەرۆککۆماریش پاش ئەوەی بەرەو هەندەران ڕایکرد و لەوێ جەستەی تێکەڵی خاک و خۆڵ بوو، ئێستاشی دەگەڵدابێت فەرماشتەکەی وەدی نەهاتوە. بەڵام ئەم فەرمایشتەی ئاغای پزیشکیان بەدەست خۆیەتی و هەر لە سەرەتاوە پێیەوە دیارە جێبەجێی دەکات. کورد دەڵێت منداڵ ئەگەر بژێیت بە "گووکردنی"یەوە دیارە. ئەمەش لە سەرەتاوە پێیەوە دیارە چەندە سەرۆککۆمارە.

هەنگاوی ڕاستگۆیانەتری پزیشکیان ئەمەیە نوێنەرانی وڵاتانی ئورووپایی بە تایبەت هی ئوتریش و ئەڵمان و فەرانسەی بۆ جێژنی دەستبەکاربوونی بۆ تاران بانگ نەکرد. پزیشکیان سەد ئوتریش و ئەڵمان و فەرانسە بە قوربانی پێوە پێڵاوێکی ئیسماعیل هەنیە دەکات. ئیسماعیل هەنییە و هاوڕێیانی بۆ خۆپێدادان و تۆڵەسەندنەوە لە چاوی شێریش ناترسن. بەڵام ئەم ئوتریش و ئەڵمان و فەرەنسەیە زۆر ترسنۆکن. پزیشکیان باش دەزانێت ئەوکاتەی جەماعەتی ئێران لە پاریس گیانیان لە شاپوور بەختیاری ئاخر سەرۆکوەزیرانی بەر لە دەستەڵاتداریتیی کۆماری ئیسلامی ئەستاند، پاریس ئەوەی بیری لێ نەکردەوە تۆڵەسندنەوە بوو. ئوتریشیش بکوژانی عەبدولڕەحمان قاسملووی سواری فڕۆکە کرد و ناردنیەوە تاران. بەڵام ئەڵمانەکە هیندێک بوێرتر بوو، بکوژانی دکتۆر سەعید شەرەفکەندیی گرت و ڕادەستی بەشی دادوەریی کردن. ئەوەی گرینگە هەموو ئەم وڵاتانە ترسنۆک بوون و نەیانگوت ئێران لە ماڵی ئێمەدا ئەوانەی تیرۆر کردووە و پێویستە بۆ تۆڵەسەندنەوە هێرشی بکەینە سەر و هەر لەبەر ئەمەش بوو پزیشکیان ئەو ترسنۆکانەی بۆ جێژنی دەستبەکاربوونی بانگ نەکرد. دوای تیرۆری هەنیە لە تارانیش، سەرۆککۆماری نوێ هەتا ئێستا خۆی نەیگوتوە و ڕاستەوخۆ هێرش دەکەنە سەر ئیسرائیل بۆ ئەوەی درۆ نەکات ئەمەشی بە ڕێبەر ئەسپاردوە.

سێهەم ڕاستگۆیی پزیشکیانیش ئەمە بوو گوتی: خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەم دوایییەی سەرۆککۆماردا دەنگیان نەداوە و بە درۆی زیادەی پێوەنەنا و نەشیگوت دەنگیان بەمن نەداوە.

کاتێک قەسیم عوسمانی نوێنەری کۆماری ئیسلامی لە بۆکانەوە، لە مەجلیسی شوڕا دژ بە دەستنیشانکردنی ئەندامانی کابینەی پزیشکیان قسەی کرد، گوتی: داوام لە پزیشکیان کرد، خەڵکی سەر بە ئایینی سوننی و نەتەوەکانی ئێران لە نێو ئەندامانی پێشنیارکراوی کابینەکەیدا بگونجێنێت، پزیشکیانیش سەبارەت بە دانەنانی بەرپرژێری کورد وڵامی داوەتەوە و گوتوویەتی: کوردان لەم هەڵبژاردنەدا بەشدار نەبوون. ئەلەحەق بەمە دەڵێن ڕاستگۆیی.

کا قەسیمیش زۆر تووڕە بوو و گوتی جەنابی سەرۆککۆمار من لەماوەی بانگشەدا چەند شەوان نەخەوتم و لەگەڵ تۆ دابووم. کا قەسیم وەک پزشکیان نەبوو. ئەو نەیگوت چاوەڕان بووم من بە ناوی کوردێکی سوونی بکەی بە وەزیر، بەڵام گوتی بۆچی وەزیر و گزیر و جێگر و بلامانێ مێگری کورد لە لیستی بەربژێرانی وەزارەتەکانتدا نین.

هەرچۆنێک بێت، کابینەکەی پزیشکیان پێچەوانەی تووڕەبوونی کا قەسیم، دەنگی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی وەردەگرێت و ئەگەر کۆماری ئیسلامیش وەک ئاڵمان و ئوتریش و فەڕانسە ترسنۆکانە تۆڵەی کوشتی ئیسماعیل هەنییە نەکاتەوە، ڕەبی عومر کورت بێت.

لە کۆتاییدا زۆر شەرمە باسی ڕیفۆرمخوازن نەکەین و دەکرێت بڵێین: دەستکەوتی ڕیفۆرمخوازانیش زۆر زۆر "زەریف"ـە.

٣ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# بلّقی سەر ئاو



## ڕۆژە مێدیا

### "دوو کەلیمەشتان کوردی قسە لەگەڵ دەکەم"...

هەندێک کەس و لایەن پێش هەڵبژارنەکان پێیان وابوو مەسعوودی پزشکیان بە نیسبەت بەربژێرەکانی تر و تەنانەت کاندیدا و سەرکۆماری خولەکانی پێشووتری سەرۆککۆماری کەسێکی جیاوازە و ڕەنگە ئەو ڕێفۆڕمخوازێکی ڕاستەقینە بێ. پزشکیان لە کاتی بانگەشە و کێبەرکێ لەگەڵ بەربژێرەکانی تر دەستی خستە سەر هەندێک بابەتی بڤە کە بووە هۆی ئەوەی سەرنجی زۆر کەس و لایەن بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بۆ نموونە باسی لە گەشتی ئێرشاد دەکرد کە چی دیکە نابێ ئەو سیستەمە بۆ بەربەستکردنی ئازادیی کچان و ژنان بمێنێ، یان باسی لەوە دەکرد لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەودا ئێنترێنت چی تر فیلتێر نابێت و ئەو گرفتەش بۆ خەڵک چارەسەر دەکا. یان ئەوەی دانی بەوە دادەنا کە نەتەوە غەیرە فارسەکان لە بەشدارکردنی دەسەڵات و ئیدارەی وڵاتدا غەدریان لێ کراوە و بەڵێنی دا لە ئەگەری سەرکەوتنیدا لە کابینەی دەوڵەتدا بەشداریان بکا و کۆتایی بە مێژووی هەڵاواردنەکان لەسەر بنەمار ڕەگەز و نەتەوە بێنێت. ئەو بەڵێنانە و زۆر بەڵێنی تر بوون کە پێش ئەوەی لاقی بگاتە پاستۆر بە خەڵکی دەدا، بەڵام وادە و بەڵێنی ئەویش هەروەک سەرۆککۆمارەکانی پێش

خۆی و تەنانەت وەک وادە و بەڵێنەکانی ڕێبەری شۆڕشی کۆماری ئیسلامی بوون بە بڵقی سەر ئاو و بە ڕادەستکردنی لیستی وەزیرە پێشنیارکراوەکانی بە مەجلیس کورد گوتەنی کێو ترەکی و مشکی بوو.

هەڵسوکەوتی پزشکیان لە دوای هێنانەسەرێی ناوی لە سندووەکانی دەنگدان و وەرسووڕانی تەواو لە قسە و باس و بانگەشەکانی کاتی هەڵبژاردن، هەلبژاردن و دیاریکردنی کۆمەڵێک ڕوخسار وەک جێگری سەرۆککۆماری بۆ بواری جۆراوجۆر و دواتر لیستی وەزیرە پێشنیارکراوەکانی جێی هیچ شک و گومانێکی بۆ کەس نەهێشتەوە کە پزشکیان نەکهەر هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوانی تر نییە، بەڵکوو ڕێک لەسەر هەمان ڕێچکە هەنگاو دەنێ و بگرە ئەوەیان پتر لەوانی تر ملکەچی خامەنەیی و بەیتەکەیەتی. وەک چۆن بۆخۆی هەتا ئێستا دەیان جار لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ڕایگەیاندوە بەبێ ئیزنی ئەو کورد گوتەنی قامک لە ئاو ڕۆ ناکا و هەموو ڕا و تەکبیرێکی بە ئەو دەبێت. بەمجۆرە پزشکیان سەلماندی تەواو پێبەندی وادە و بەڵێنەکانیەتی، بەڵام ئەو بەڵێنانەی بە خامنەیی دابوو، نەک ئەو خەڵکەی بە هیوای کەمە گۆڕانێک ئامادە ببوون ڕیسوایی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بەگیان بکرن.

جیاواز لە پرسی کابینە، لە بابەت پرس و بابەتەکانی دیکەش هەروایە و دەرکەوت چێشتی خۆش لە ئەنگۆرێڕا دیارە. بە بەرچاوی پزشکیان ئێعدامەکان زۆر زیاتر لە قۆناغی برایم ڕەئیسی جێبەجێ دەکرێن و تەنانەت ئێعدامی بەکۆمەڵ وەڕێ کەوتوە، کۆڵبەرکوژی هەروەک جاران درێژەی هەیە، گوتار و سیاسەت و دەراوی زاری پزشکیان لە هەبەر وڵاتانی ڕۆژئاوایی و پرسە ناوچەیی و جیهانییەکان نەک نەگۆڕاوە، بەڵکوو توندتر لە جارانە و بەوەش ڕا دیارە هیچ کرانەوەیەکی سیاسی و ئابووری ڕوو لە ئێران ناکات، بۆیە پێویست ناکات تەنانەت ١٠٠ ڕۆژیشی کات بدرێتێ بۆوەی بزاندرێ لە تاقیکارییەکاندا چۆن دەردەچێت!

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کاروکردەوە و گوتاری پزشکیان دوای هەڵبژاردن و لیستی پێشنیاریی کابینەکەشی سەلماندیەوە لە ڕوانگەی مافیای دەسەڵاتەوە ئێران وڵاتی کورد، بەلووچ و نەتەوە نافارسەکان و هەروەها سوننی و ئایین و ئایینزا غەیرە شیعەکان نییە، ئەگەرچی هەر لەجێدا بوونی چەند مۆرەیەکی ڕێژیم لە نەتەوە و ئایینزاکانیش نەیدەتوانی تەعبیر لەوە بکات کە ئێران وڵاتێکە بۆ هەموو پێکهاتە و جۆراوجۆرەکانی نێو ئەو قەوارەیە!

بەدەر لەوەی ئاخۆ پزشکیان چۆن توانی بەشێک لە بیروڕای گشتیی وڵات لە خشتە ببات و هیوایەک بە گۆڕانکاری لە ڕێگەی ناتوندوتیژ و سندووقەکانی دەنگدانەوە دروست بکات، بێگومان پزشکیان دوا دەرفەت بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواوەتیی خۆیدا بوو کە ڕێژیم ئەو دەرفەتەشی لەبار برد. سیاسەتی دەوڵەتی پزشکیان دەریخست کە لە ئێرانی بندەستی

مافیای ویلایەتی فەقیهـ و دەسەڵاتی ناوەندە نیزامی و ئەمنییەتییەکاندا هیچ مافێکی بەحەق بۆ نەتەوە و جۆراوجۆرییەکانی ئەم وڵاتە بەڕەوا نابیندرێت. هەروەها لە سیستەمی ویلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامیدا هیچ گۆڕانکارییەک لە بەرژەوەندیی خەڵکدا ناکرێت و تەمای ڕیفۆرم و گۆڕان تەنیا هۆکارێک بووە بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم. ئەمە جارێکی دیکەش دروشم و دنیابینیی بزووتنەوەی ژینا لە کوردستانی بیرهێنایەوە کە تاکەڕێگای گۆڕینی ئەو دۆخە و گەیشتنی خەڵک بە ماف و ئازادییەکانیان یەکخستنی وزەی خەباتگێڕی بۆ تێپەڕین لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامییە.

٣ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# "نە شەڕ، نە ئاشتی"، تاکتیکی دیکتاتۆر بۆ مانەوە




ڕەزا دانشجوو

لە مانگی گوڵانی ساڵی ٩٨دا، لە نێوەڕاستی ڕووبەڕووبوونەوەی ترامپ و کۆماری ئیسلامیدا، عەلی خامنەیی دیکتاتۆری ڕێژیم، لە وتارێکدا وەک وەڵامدانەوەیەک بە پەرەسەندنی هەڕەشەکان، پەردەی لەسەر ستراتیژی نوێی کۆماری ئیسلامی لادا. خامنەیی لە قسەکانیدا وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە شەڕ ڕوو نادات، چونکە ئێمە بە دوای شەڕدا ناگەڕێین و ئەوانیش نایانەوێت، ڕایگەیاند کە ئێمە دانوستان ناکەین، چونکە دانوستان لەگەڵ ئەمریکا لە بنەڕەتدا هەڵەیە! خامنەیی گوتی هەر وەک خومەینی دانوستانی لەگەڵ ئەمریکا قەدەغە کردوە، منیش قەدەغەی دەکەم. ئەم لێدوانە یەکەم ئاماژەی خامنەیی بە تاکتیکی نوێی ڕژێم بوو "نە شەڕ و نە ئاشتی". بەڵام بەڕاستی چی ڕووی دا کە دروشمی "شەڕ، شەڕ تا لەنێوبردنی هەموو فیتنەکان لە جیهاندا"ی خومەینی بۆ ستراتیژی "نە شەڕ، نە ئاشتی" خامنەیی گۆڕدرا؟

بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە پێویستە سەرەتا ئاماژە بە شیکاری دەروونی دیکتاتۆرەکان بکەین و باس لە سەرەکیترین تایبەتمەندی دەروونناسی دیکتاتۆرەکان، دووانەی "دەسەڵات, ترس و دڵەڕاوکێ". لە ڕاستیدا دیکتاتۆرەکان بە شێوەیەکی سەیر لە دوای نیشاندانی دەسەڵاتی ساختە و ناڕاستەقینەی خۆیان و دەستکەوتەکانیان دەگەڕێن، بە بۆچوونی ئەوان ئەم



سەرچاوە
Serchawe

نمایشە ساختەی دەسەڵات دەتوانێت زیاتر و زیاتر سەرنجی خەڵک ڕابکێشێت و وابەستەی دیکتاتۆریان بکات. هاوکات لەگەڵ ئەم نمایشە گاڵتەجارییە، دیکتاتۆرەکان بەردەوام ئاستێکی بەرزی "Paranoid"، ترس و دڵەڕاوکێی باوەڕپێنەکراو ئەزموون دەکەن. ئەم ترسە لە هەموو لایەنەکانی ڕەفتار و بڕیاری دیکتاتۆرەکاندا دەبینرێت. ئاستی پارانۆیای سەدام حوسێن وا بوو کە ڕۆژانە چەند ژەمێکی خواردنی لە هەموو عێراق بۆ ئامادەکرا بۆ ئەوەی دڵنیابێت کەس نەزانێت لەکوێ نان دەخوات! تەنانەت ساڵیان کەسێک وەک بەدەڵی سەدام بەشداری لە تاقمێک کۆڕ و کۆبوونەوە دەکرد کە مەترسی بۆ گیانی سەدام هەبوو!

کیم جۆنگ ئیل، سەرۆکی پێشووی کۆرەی باکوور و باوکی کیم جۆنگ ئون، سەرۆکی ئێستای ئەم وڵاتە لە ترسی سەفەرکردن بە فڕۆکە بە شەمەندەفەرێکی تایبەت دەچوو بۆ سەردانی وڵاتان!

دیکتاتۆری برمە "تان شۆ" ئەوەندە لە سروشتی لاوازی دەسەڵاتەکەی نیگەران بوو کە جارێکیان پایتەختی برمەی بۆ شوێنێکی دوور لە جەنگەڵێکی بەبێ ئاو و کارەبا گواستەوە. هۆکاری ئەم بڕیارەی دیکتاتۆر ئامۆژگاری ئەستێرەناسێکی هاوڕێی بوو!

دووانەی نمایشی ساختەی دەسەڵات و خۆنواندن لە تەنیشت ترس و دڵەڕاوکێی لە لەدەستدانی تاج و تەخت! ئەگەر سەردەمانێک "شەڕ، شەڕ، تا لەنێوبردنی هەموو فیتنەکان لە جیهاندا " بۆ ڕێژێم سەرنجڕاکێش بوو، ئێستا دیکتاتۆری وەلایەتی فەقیهـ مانەوەی خۆی لە "نە شەڕ، نە ئاشتی"دا دەبینێت. بۆ وەڵامدانەوەی هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە جیا لە تایبەتمەندییەکانی دیکتاتۆر، کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، پێویستە باس لە هەلومەرجی نێوخۆیی و دەرەکیش بکرێت. شۆڕشی تازە سەرکەوتوو و دەستبەسەرداگیراو لەلایەن خومەینییەوە لە دەسپێکی شەڕی ئێران و عێراق لە ساڵی ٥٩، بە دڵنیاییەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ عێراقی سەدام حوسێن پێویستی بە دروشمی پێکهاتەشکێن و دەم پڕکەرەوە بوو، خەڵکی سەرخۆش لە ڕووخان و نەمانی ڕێژیمی پاشایەتی و هیوادار بە هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێک کە قەرار بوو هەم دونیایان بداتێ هەم قیامەتیان ئاوەدان بکات، دەیانویست شۆڕشی ستەملێکراوان بۆ هەموو شوێنێک هەنارده بکەن! بێگومان بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگە تەواو جیاوازە لەوەی لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق بوو، ئێستا تاکەشتێک کە کڕیاری نییە ئەم دروشمە خەیاڵییانەن!

ئەوەی نوێ بە کەڵکوەرگرتن لە میدیا و ئەزموونە تاڵەکانی باوک و دایکیان زیاتر لە هەمیشە ئاگاداری ڕووی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامین. لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا دەبێ بگوترێ کە ساڵانێکی زۆرە ڕووبەڕووبوونەوەی دووانەی نێوان کۆمۆنیزم و



سەرچاوە
Serchawe

سەرمایەداری کۆتـایی هـاتووە و ناسیۆنالیزم و پێداگری لە سەر باسە نەتەوەییەکـان فۆرمێکی تەواو جیـاواز لە کێبڕکێـی جیهـانی هێنـاوەتە ئـاراوە، کە تێیـدا هـاوبیری سیاسی وەک سـەردەمی شـەڕی سـارد هـیچ ڕۆڵێکـی نییە، بنەمـای ئێسـتای یەکگرتوویی سیاسی نێوان وڵاتان بەرژەوەندیی هاوبەشە، هەر ئەوەش بۆتە هۆکار کە زۆربەی ئەم هاوپەیمانیی سیاسییانە زۆر کورت و ناجێگیر بن.

دیکتـاتۆری پیری ڕێـژیم ئاگـادار لەم گۆڕانکـارییە نێوخۆیی و دەرەکییـانە ئێستا لە هەموو کاتێک خۆپـارێزتر لە هەوڵـی پاراستنی تاج و تەختی وەلایەتی فەقێەدایە. ئێستا و دوای ئەوەی دەرکەوت کە عەلی خامنەیی بۆچی ستراتیژیی "نە شەڕ و نە ئاشتی"ی گرتەبەر، پێویستە بزانرێت پەسەندکردنی ئەم ستراتیژە بـۆ دیکتـاتۆری پیـر چی دەتوانێت بەدوای خۆیدا بهێنێت:

کـات کـڕین: ڕێـژیم بە کەڵکـوەرگرتن لە شـانۆگەریی دوو ڕەوتـی نێـو حکـومەت بە نـاو ڕیفۆرمخـوازیی و بنـاژۆخوازیی! و جەختکردنەوە لەسەر دووانەی هەڕەشە و دانوستان! هەوڵ دەدات کات بۆ خۆی پاشەکەوت بکـات. تـاکە ئامـانجی ئەو هەموو دانوستانە درێژخایەن و بێئەنجامانە تێکۆشان بو کات کڕینەوە و مانەوەیە لە دەسەڵات. تاکتیکێک کە تـا ئێستا لە لایەن ڕژێمەوە دەیـان جـار کەڵکی لێوەرگیـراوە. هەڕەشەکردن بـۆ پیتانـدنی زیـاتر و لە هەمـان کاتـدا ڕاگەیانـدنی ئامـادەیی بـۆ دانوستان!

سەرکوتکردنی دژبەرەکان لە نێوخۆ: ڕێژیم بە دوای ڕووبەڕووبـوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جیهـانی ئـازاددا نییە، نە ئـامادەی شـەڕە، نە بـاوەڕی بە دانوسـتانی دروست هەیە. ئەم پرۆسـەیە دەستی ڕێـژێم لە سـەرکوتکردنی دژبەرەکـانی لە نێوخـۆ زۆر ئاوەڵا دەکات. مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتێکدا کە بەڕواڵەت لەسەر مێزی دانوستانە، لە هەمـان کاتـدا هەڕەشە دەکـات، بەڵام لە هەڕەشەکانیدا سنوورێکی دیاریکراو تێنـاپەڕێنێت، زۆر ئەستەمە! لە ڕاستیدا لایەنـی ڕۆژئـاوا بە سەرسوڕمانی لە ئەم دوو ڕەفتـارە، ئـامادەیی دانوسـتان و نیگەرانـی لە هەڵایسـانی شـەڕ، بـێ ئەوەی خـۆی بزانێت ناڕاسـتەوخۆ هەنگـاو بە ئاراسـتەی پارمەتیدانی کۆماری ئیسلامیدا دەنێت.

هێزەکانی بەکرێگیراو: خـامنەیی لە وتـارەکەیدا لە مـانگی گـوڵانی سـاڵی ٩٨دا پـاش ئامـاژەدان بە سیاسـەتی "نە شەڕ، نە ئاشتی" باسـی لە "بەرخـۆدان" کـرد وەک هەڵبـژاردەی تـازەی ڕێـژیم لە ڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵ ئامریکا! مەبەسـتی کۆمـاری ئیسلامی لە "بەرخۆدان" هێزەکانی بەکرێگیـراو و بریکـاری گـوێڕایەڵ بە فەرمـانی خـامنەیین کە ڕۆڵێکـی تـایبەتیـان هەیە لە نـائەمنکردنی نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست. لە ڕاسـتیدا بـژاردەی کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ ناچـارکردنی لایەنـی ڕۆژئـاوا بـۆ دانوستان، ئەم بریکارانەن. عێراق، سوریە،یەمەن، لوبنان و دواتر ڕەنگە ئەفریقا! ڕێژیم دەزانـێ لە ئەگەری ڕوودانی هەر

شەڕێکی ڕاستەوخۆدا، زۆر زیاتر لەوەی کە دڵخۆش بە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بێت دەبێ نیگەران و پەرۆشی ئەگەری سەرهەڵدان و شۆڕشی نێوخۆیی بێت!

دوو حەوتوو دوای تیرۆرکردنی ئیسماعیل هەنیە لە لایەن ئیسرائیلەوە، دەستەوەستان مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە وەڵامدانەوەی ئەم هێرشە سەرەڕای پڕۆپاگەندەی بەردەوامی میدیا و بەرپرسانی ڕێژیم، دەرخەری قووڵایی نیگەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەگەری وەڵامدانەوەی ئیسرائیلە. لە ڕاستیدا ڕژیم بە هیچ شێوەک نایهەوێت لە ستراتژی "نە شەڕ نە ئاشتی" دوور بکەوێتەوە هەرچەند تێدەکۆشێت تا بۆ ڕازیکردنی کەمینەی لایەنگرانی دەوروبەری ڕێگایەکی کەم مەترسیدار بدۆزێتەوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە سیاسەتی "نە شەڕ، نە ئاشتی" هەتا چەند دەتوانێت کۆماری ئیسلامی و لە ڕاستیدا تاج و تەختی ڕێبەرەکەی بپارێزێت، پێویستە بگوترێت؛ ڕژیم ڕووبەڕووی چەند تەحەدای جیاواز بووە کە تێپەڕاندنی نزیکە لە مەحاڵە.

دارمانی ئابووری: گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان و گۆشەگیریی سیاسی، جەستەی نەخۆش و گەندەڵی ئابووریی کۆماری ئیسلامیی لەنێو بردوە و دزی، بەرتیل و گەندەڵی سیستماتیک کوتا بزمارن لە تابوتی ئابووریی نەخۆشی کۆماری ئیسلامی کەخریکی گیاندانە. ئەم هەلومەرجە بۆتە هۆی ئەوپەڕی ناڕازیبوونی چینی هەژار و مامناوەندی کۆمەڵگە و هەر کاردانەوەیەک لەم گرووپانە چاوەڕوان دەکرێت. جگە لەوەش ئەمە بووتە هۆکاری لاوازبوونی پشتیوانی ماڵی لە هێزەکانی بەکرێگیراو لە ناوچە.

بزووتنەوەی ژینا: ئەو بزووتنەوە گەورەیەی کە لە دوای کوشتنی ژینا ئەمینی لە لایە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیەوە دەستی پێ کرد بووە هۆی هاودەنگییەکی گشتی لە نێو خەڵکی ئێران بۆ لەناوبردنی ئەو ڕێژیمە. هەرچەندە بە ڕواڵەت کۆماری ئیسلامی توانی بە سەرکوتکردن و کوشتنی هەزاران کەس ئەم بزووتنەوەی گەورەیە پەردەپۆش بکات، بەڵام زیادبوونی بوێری کچان و کوڕانی زۆرتر گەنجی  بزووتنەوەی ژینا وەها تانوپۆی کۆمەڵگەی تەنیوە کە ئێستا دژبەری دیکتاتۆری خۆسەپێن بە هەر شێوەیەک و هەر زمانێک بێت خاوەن بایەخ و وەک بەشێک لە پرۆسەی بەرخۆدان لە دژی ڕژێم دادەنرێت.
لە لایەکی ترەوە نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە سەرەڕای ڕۆڵی گرنگی هێزەکانی بەکرێگیراوی ڕێژیم لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دیکتاتۆردا، بە هۆی سرووشتی ئەم گرووپانە و نەبوونی بیروباوەڕێکی زۆر ڕوون و کاریگەری وڵاتە زلهێزەکان لە سەر ئەم گرووپانە، ئەم هێزانە دەتوانن ببنە "پاشنەی ئاشیل" و تێوەگلاندنی ڕێژیم لە نێو شەڕێکی نەخوازراوەوە!
ڕەنگە دیکتاتۆری پیر و خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی بتوانێت لەژێر سیاسەتی "نە شەڕ، نە ئاشتی" ڕۆژانێک زیاتر لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بەڵام بە دڵنیایەوە چارەنووسی وەک هەموو دیکتاتۆرەکانی جیهان مردنێکی تاڵ و بەئازارە،تاڵتر لە سەدام و قەزافی!

٣ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# شەڕی کۆتایی



**مەجید حەقی**

دوای کوژرانی "ئیسماعیل هەنیە"، ڕێبەری ڕێکخراوی حەماس لە تاران ڕێژیمی ئێران هەست بە شکستێکی قووڵی ستراتیژیک و ئەمنییەتی دەکات. میوانێکی زۆر خۆشەویستی خامنەیی لە ڕۆژی سوێندخواردنی سەرۆککۆمارە نوێیەکەی لە دڵی تاراندا کوژرا و هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران نەیانتوانی بیپارێزن. بە دوای ئەودا خامنەیی و کاربەدەستانی سەربازی و سیاسی ئێران هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەیان لە کوژرانی "میوانی ئازیز"یان لە ئیسرائیل کرد و ئاستی ئالارمی لەشکەری لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە بەرزترین ڕادەی خۆی گەیشت. هەڕەشەکانی ئێران هاوکات لە گەڵ ئەو دەستوەشاندنە یەک لە دوایی یەکەکانی ئیسرائیل بوون بۆ سەر "بەرەی مقاومەت" و بەوە ڕێژیمی ئێران کە مەکۆی تێرۆریزمی نێونەتەوەیی و سەرچاوەی دارایی، ئایدیۆلۆژی و پەروەردەیی تێرۆریزمە ئێسقانەکانی لە ژێر زەختی ئەو شکستانە کەوتنە قرچە قرچی شکان.

وڵاتانی ڕۆژئاوا نیگەران لە ئاکامەکانی شەڕی "لەوانەیی" لە نێوان ئێران و ئیسرائیل کە دەتوانێت ببێتە شەڕێکی ناوچەیی لە هەموو کاناڵەکانی دیپلۆماسی و پێوەندی خۆیان کەڵک وەرگرت بۆ پێشگیری هێرشی تۆڵەستێنانەی ئێران و هێزە

پرۆکسییەکانی بۆ سەر ئیسرائیل. دوایین جار وڵاتانی بریتانیا، فەڕانسە، ئاڵمان، ئیتالیا، ئەمریکا و تەنانەت ئیسرائیل ئێرانیان لە ئاکامی هێرشێکی لەوچەشنە وریا کردەوە. عەلی خامنەیی ڕۆژی ٢٤ی گەلاوێژ ئەو ئاگادارییانەی بە شەڕی "دەروونی" ناو برد و گوتی ئامانجی ئەو شەڕە ڕەوانییە ترس و پاشەکشەپێکردن بە ئێرانە. خامنەیی گوتی ئێمە پاشەکشە ناکەین، پاشەکشە چ لە مەیدانی سیاسی و چ لە مەیدانی نیزامیدا دەبێتە هۆی "غەزەبی ئیلاهی". بەڵام داخۆ ئەمە بە واتای خۆ ئامادەکردنی ئێران بۆ شەڕە؟

کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕێژیمی شەڕە، بەبێ شەڕ و ئاژاوە و سەرکوتی بێبەزەیانەی نێوخۆیی ئەو ڕێژیمە کە لەبەرانبەر جێبەجێکردنی ویستی خەڵک بێتوانایە ناتوانێت درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. هەموو ئاماژەکان ئەوە دەڵێن کە ئەگەری شەڕی نێوان ئێران، حیزبوڵلا و ئیسرائیل زۆرە. لە کاتی ڕوودانی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چ بیهەوێ و چ نەیهەوێ ناچار بە بەشداریی شەڕ و پشتیوانی لە ئیسرائیل دەبێت. هەرچەند ئێران لە ڕووی یاسای نێونەتەوەییەوە هیچ پاساوێکی حقووقیی نییە بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل. چونکە ئیسرائیل دانی بە کوشتنی ئیسماعیل هەنیە دانەناوە. لەگەڵ ئەوەش هەرچی مێژووی هێرشی "تۆڵە ئەستێنانەی" ئێران وەدرەنگتر بکەوێت، بەجیاتی ئەوەی بە واتای پاشکەشەی ئێران بێت، دەتوانێت بە واتای ئامادەبوونی ئێران بۆ شەڕ بێت. شەڕێک کە لە مێشکی سەرانی کۆماری ئیسلامیدا "کۆتا شەڕی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست" یان تەنانەت دوایین شەڕ بێت.

ئیسرائیلی سەردەمی ڕێبەریی بنیامین نێتانیاهوو، وا دەردەکەوێت خۆی ئامادە کردوە بۆ شەڕ لەگەڵ حیزبوڵلا و تەنانەت کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش. ئێستا باشترین دەرفەتە بۆ نێتانیاهوو بەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ئەمریکا لە نۆڤەمبەری ٢٠٢٤دا ئەم وڵاتە بۆ شەڕێک پەلکێش بکات کە بە هیچ شێوەیەک ناخوازێت تێوەی بگلێت. بە هۆی گۆڕانی کەشی هەڵبژاردن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای پاشەکشەی "جۆ بایدن" لە ڕکەبەریی هەڵبژاردنەکان و هاتنی "کامیلا هەریس" وەک کاندیدی دێموکراتەکانی ئەو وڵاتە، ئەگەری دۆڕانی دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنەکاندا چووەتە سەرێ. ئەگەر بایدن کاندیدی سەرۆککۆماری بمایە، بەو هیوایەیەی ترامپ دەبیاتەوە و پشتیوانی لە نەتانیاهوو دەکات، لەوانەبوو نەتانیاهوو پێی خۆش بوایە شەڕ لەگەڵ حیزبوڵلا بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا وەدرەنگ بخات. بەڵام ئێستا کە لە ڕکەبەریی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا بەرگەکە گۆڕاوە، نەتانیاهوو دوور نییە بەرلە هەڵبژاردن هێرش بکاتە سەر حیزبوڵلا و بەمە ئێرانیش ناچار بکرێت بە بەرگریکردن لە ستراتیژیکترین هێزی پرۆکسیی خۆی لە ناوچەدا.

ئەم لێکدانەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ئەگەری سەرکەوتنی کامیلا هەریس، لەوانەیە ئەمریکای ژێر ڕێبەریی هەریس چیدی ئامادە نەبن باجی هەموو سیاسەتەکانی نەتانیاهوو و دەوڵەتە ڕاستگەراکەی بدەن. بۆیە هەلومەرجی شەڕ لەگەڵ

حیزبوڵڵا یا خود ئێران ئێستا لەبارترە بۆ نەتانیاهوو هەتا دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە ئەمریکا. لە لایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی بەکردەوە گەمارۆی ئیسرائیلی داوە. لە باشووری ئیسرائیل حەماس و جەهادی ئیسلامین کە تاوانی ٧ی ئۆکتۆبریان خوڵقاند و گەورەترین کوشتاری جووەکانیان لە دوای هۆلاکۆست لە یەک ڕۆژدا ئەنجام دا. لە باکوور حیزبوڵڵای لوبنان هەیە کە لەسایەی پشتیوانی و هاوکارییەکانی لۆجیستیکی ڕێژیمی ئێران خاوەنی دەیان هەزار مووشک و درۆن و توانیویانە زۆر جار قەڵای ئاسنینی ئیسرائیل تێک بشکێنن و ببنە هۆی ئاوارەیی زیاتر لە سەد هەزار کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتە. تەنانەت بەندەری حەیفاش لەژێر هەڕەشەی هێرشی حیزبوڵڵادایە و بەکردەوە لەژێر ئەو هەڕەشەیەدا کارامەیی بازرگانی و هاتووچۆی جارانی خۆی نەماوە. لە باشووریش حۆسییەکانی یەمەنن کە لە ماوەی دە مانگی ڕابردوودا بەردەوام خەریکی مووشەکبارانی ئیسرائیل بوون و تەنانەت توانیویانە بە درۆن هێرش بکەنە سەر تلاڤیڤی پایتەختی ئەو وڵاتە. لە لایەکی دیکەوە حەشی شەعبی عێراق بە پشتیوانیی ئێران ماوە بە ماوە هێرش دەکاتە سەر ئیسرائیل.

هەر چەند ئیسرائیل دەیان هەزار کەس لە خەڵکی بێتاوانی فەڵەستینی لە ناوچەی غەزەدا کوشتوە، بەڵام ئەو وڵاتە ئێستاش لە شۆکی ٧ی ئۆکتۆبردا دەژیت و تووشی تراوما و حەپەسانێکی زۆر قووڵ بووە. لەژێر هەڕەشەکانی حیزبوڵڵای لوبناندا بوونی زیاتر لە سەد هەزار ئاوارەی نێوخۆیی لە ئیسرائیل و بنەماڵەی بارمتەکان بوونەتەوە زەختێکی نەتەوەیی و سەرانسەری بۆ سەر حکوومەتی نەتانیاهوو. ئێستا لای خەڵکی ئیسرائیل پرسیارە داخۆ دەوڵەت و ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ ناتوانن ئەو کێشەیە کۆتایی پێ بێنن؟ ئەم زەختە بووەتە هۆی ئەوەی دەوڵەت، بیروڕای گشتی و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتەش بەو ئاکامە بگەن: ئێمە ناتوانین هەتا هەتایە لەژێر هەڕەشەی حیزبوڵڵادا بین و خەڵک نەتوانێت بگەڕێتەوە سەر شوێنی خۆیان. بۆیە دەبێ سەرەنجامێک بۆ ئەو هەڕەشانە هەبێت و هێرش بکرێتە سەر حیزبوڵڵا بۆ کۆتاییهێنانی یەکجاریی ئەو هەڕەشەیە و دەستەبەری ئەمنییەتی خەڵک لە باکووری ئیسرائیل. بۆ ئیسرائیل هێرش بۆ سەر حیزبوڵڵا و تەنانەت ئێرانیش باشترین دەرفەتە. بۆ ئیسرائیل شەڕی ماندووکەرەوە (فەرسایشی) پرۆکسییەکانی ئێران دژی ئەو وڵاتە دەبێتە هۆی ماندوویی و لەنێوچوونی هێزیان و ئەمە دەبێتە ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر بوونی وڵاتەکەیان. لە حاڵەتێکی وادا لەوانەیە کۆماری ئیسلامی نەوێری ڕاستەوخۆ پشتیوانی لە حیزبوڵڵا بکات و ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی یەکجاری حیزبوڵڵا. ئەگەر ئێران بۆ پشتگیری لە حیزبوڵڵا بەشداری شەڕ بێت، ئەوا لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە باشترین دەرفەتە بۆ لەنێوبردنی ئێران و هەڕەشەکانی هەمیشەیی. چونکە بەراوردی ئیسرائیل ئەوەیە ئەمریکا لە شەڕێکی وادا پشتیوانی لە ئیسرائیل دەکات و بەوە ئیسرائیل دەتوانێت تەنانەت هەڕەشەی ناوکیی ئێرانیش لە سەر خۆی لە نێو ببات. کاربەدەستانی ئێرانی لە ماوەی ڕابردوودا چەندین جار هەڕەشەی گۆڕینی دۆکتۆرینی ئەتۆمیی خۆیان کردوە. لە کاتێکی وادا ئێران ئەگەر دەستی بە چەکی ئەتۆمی بگات، دوور نییە هێرشی ڕاستەخۆ بکاتە سەر ئیسرائیل. بۆیە سروشتیە ڕێگە نەدات وڵاتێک کە ستراتیژییەکەی لەنێوبردنی خۆیەتی ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی.



سەرچاوە
Serchawe

لەو دیوی دیکەشدا حیزبوڵڵاش خۆی بۆ هێرشی تۆڵەسەندنەوەی کوژرانی فەرماندەی خۆی "فواد عەلی شکر" بە دەست ئیسرائیل ئامادە کردوە و لەوانەیە هاوکات لەگەڵ هێرشی ئێران بە تۆڵەی کوژرانی هەنیە بۆ سەر ئیسرائیل هێرشی خۆی دەست پێ بکات. بە قسەی حەسەن نەسروڵلا ئێران و حیزبوڵلا ئەرکدارن بە تۆڵەسەندنەوەی کوژرانی ئەو دوو کەسە.

وڵاتانی ڕۆژاوا و لەوانە دەوڵەتی بایدن بە تەواوی دژی شەڕی لەوانەیی نێوان ئێران و ئیسرائیل و تەنانەت شەڕی لە گەڵ حیزبوڵڵان. دەوڵەتی ئەمریکا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ مسۆگەرکردنی ئاگربەسێک لە نێوان حەماس و ئیسرائیل و کۆتاییهێنان بە شەڕی غەزە کە بووتە هۆی کوژران و بریندار بوونی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی بێتاوانی فەڵستین. نەتانیاهوو زۆر لایەنگری ڕاوەستانی شەڕ نییە، چونکە لەلایەک کۆتایی شەڕ و ئاگربەست بە واتای سەرکەوتنی حەماس دێت و لەلایەکی دیکەوە کۆتایی شەڕ دەتوانێت کۆتایی ژیانی سیاسی نەتانیاهوو و دەوڵەتە ڕاستگەڕاکەی بێت. لەگەڵ ئەمەش سەرەڕای دژایەتیی کۆشکی سپی لەگەڵ سیاسەتەکانی نەتانیاهوو لە ئەگەری هەرجۆرە شەڕێکی نێوان ئێران و ئیسرائیلدا، ئەمریکا بۆ بەرگری ئەو وڵاتە بەشداری شەڕ دەبێت. شەڕێک کە دەتوانی کۆتا شەڕ بێت. سەرەڕای هەموو ڕەخنەکانی کۆشکی سپی لە نەتانیاهوو، ئەو وڵاتە لە ماوەی دە مانگی ڕابردوودا بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی و یارمەتیی وڵاتی ئیسرائیلی داوە و هێزێکی زۆری دەریایی و بەرگری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەریاکانی ناوچە جێگیر کردوە کە نەک هێزی پێشگیرانە، بەڵکوو دەکرێ بێژین هێزی هێرشبەرن.

## کورد لە ئەگەری شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل؟

دوای هێرشی درۆنی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل لە ٢٥ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا، دەیوید کامێروون، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی بریتانیا گوتی: "ئێستا هەموو جیهان نێوەرۆکی تیرۆریستی و هێرشبەرانەی ڕێژیمی ئێران دەناسێت". ئەو مووشەکانەی ڕۆژگارێک ڕێبەری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دەکردە ئامانج، ئێستا بە ئیسرائیل دەگەن و دوور نییە ئەگەر پێشی ئێران نەگیرێ مووشەکەکان دەروازەکانی ئورووپاش بکەنە ئامانج.

ستراتیژی بەرەی ناسراو بە "مقاومەت" لەنێوبردنی خەڵکی کوردستان و هەموو ئەو دەنگانەیە بیر لە داهاتوویەکی ئاشتیخوازانە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکەن. شەڕ بەدوای خۆیدا ماڵوێرانی دێنێت، شەڕێک کە نەتەوەی کورد نە بەشدار، نە هۆ و نە دەستپێکەریەتی. شەڕێک کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە کوردەوە نییە. دەرفەتە نێونەتەوەییەکانیش زۆر بەدەگمەن بە قازانجی کورد دەبن. لەو لاشەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا لە هەموو شێوازەکانی ئاپارتایدی سیستماتیک و ژێنۆساید کەڵکی وەرگرتووە بۆ لەنێوبردنی خەڵکی کوردستان. لەکاتێکی وادا سروشتییە کورد

دەرفەتە نێونەتەوەییەکان لەپێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیدا بقۆزێتەوە.

دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا دەنگی "ژن ژیان ئازادی" سنوورەکانی کوردستانی تەنیەوە و ویستی خەڵکی کورد بوو بە ویست و داوایەکی گشتگیر. لەگەڵ ئەمەش بە هۆی دووبەرەکی و نەبوونی ستراتێژییەکی یەکگرتووی نەتەوەیی، کورد نەیتوانی ببێتە خاوەنی دەستکەوتێکی ئەوتۆی بەرچاو و مخابن لە کاتێکدا ئێمە لە سێهەمین ساڵڤەگەری دەسپێکی شۆڕشی ژینا نزیک دەبینەوە، حیزبەکانی کوردستانی دەگەڕێنەوە سەر قۆناغی بەرلە شۆڕشی ژینا. ئێستا دەرفەتە نێونەتەوەییەکان ئەوەمان لێ دەخوازن کە بزاڤی کوردستان بەرفراوانتر لە سنووری حیزبی بیر بکاتەوە و ستراتێژییەکی نەتەوەیی ڕەچاو بکات. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هێزە سیاسی، مەدەنی و ئێلیتی کورد لە چوارچێوەی کۆنفرانسێکی نەتەوەییدا هێڵە ستراتێژییەکانی خۆی بە شێوەی یەکگرتووانە شی بکاتەوە و ئارایشێکی نوێی نەتەوەیی بەخۆیەوە ببینێت.

قووڵایی کێشەکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە ئاستێک گەیشتوە کە کورد دەتوانێت خۆی وەک یەکێک لە ئەکتێرەکانی شوێندانەر لەسەر گۆڕینی سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران و تەنانەت پارسەنگی هێز نیشان بدات و ببێتە "بەردەنگ"ی ئەکتەرەکانی شوێندانەر لەو ناوچەیەدا.

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# جیهانی نوێ و ئینترنێت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان



(گۆشەنیگای ڕەشبینانە)

**فوئاد خاکیبەیگی**

بەپێی ڕەشبینی چالاکی دیجیتاڵی ئەگەر کەسێک بتوانێت بیر لە کەڵکی زۆرباش و بەهێز لە ڕاگەیەنراوە دیجیتاڵییەکان بکاتەوە مەعلووم نییە کە بەسیجی دیجیتاڵ، پێوەندییەکان و تێکنۆلۆژی بە شێوەی ئۆتۆماتیک ئاکامی دێموکراتیک وەدەست بێنن، چونکە ئینتێرنێت لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ جێگای هەیە و لەوانەیە بێ کاریگەری کات یان کاریگەرییەکەی ڕوون نەکرابێتەوە. ئەو بۆچوونانەی لە ڕیزی ڕەشبینی دیجیتاڵ ڕیزبەندی کراون ئاماژە بە شتگەلی وەک بەربڵاوبوونی چالاکی (اسلکتیویستی) و چاوەدێری دەوڵەتەکان و دەسەڵاتدارانی بەهێز دەکەن.

## ئەلف: بەربڵاوبوونی چالاکی (اسلکتیویستی)

کردەوەگەلی ئانلاین وەکوو (اسلکتیویستم) کەوتوونەتە بەر ڕەخنە بەو مانایە کە کردەوەگەلی ئانلاین کاریگەریی

ڕاستەقینەیان لەسەر ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی نییە و تەنانەت چالاکی مەدەنی داهاتووش دەخەنە مەترسییەوە. (اسلکتیویستم) کە بە "خەبات لەژێر لێفە"ش ناسراوە بەو چالاکییە مەجازییانە دەوترێ کە بەکارهێنەر هەستی ئاسوودەیی دەرۆیین لە بەڕێوەبردنی کردەوەی باش و بەهێز سازدەکا.فرێد کلارک و دوایت ئۆزارد یەکەم کەسانێک بوون کە ساڵی ١٩٩٥ دو چەمکی (slacker) بە واتای کەسی تەمبەڵ و سست و بێ حەوسەڵە و (Activism ) بە واتای چالاکیان پێکەوە تێکەڵ کرد و (اسلکتیویستم) یا بۆ ئەو لاوانە بەکار برد کە دەیانهەویست بە کاری بچووکی وەک چاندنی نەمانێک یارمەتی تێکدانی ژینگە بکەن(شەرق، ١٣٩٧). خەستوو و هاوکاران (١٣٩٦) لە هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی سەوزی ئێران ئاماژەیان بە ڕۆڵی ئینتێرنێت لە کزبوونی هێز و تینی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کرد. بەپێی ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە لەنێوان چوونە سەری چالاکی لە دنیای مەجازی و هاتنەخوار و کەمبوونی بەشداریی خەڵک لە هاتنە سەر شەقام پێوەندی هەیە. "دوای ٢٦ی مانگی پووشپەڕ چالاکی مەجازی بزووتنەوە ڕوو لە هەڵکشان دەکا. لەو ماوەیەدا بچووکترین هەواڵ و ڕووداو شەپۆلێک لە سازبوونی بابەتی نووسراو و فرە توخمی مێدیایی بەدوای خۆیدا دێنێ و بە لایک، کۆمێنت و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە بەر دید و بۆچوونی خەڵک. تێبینی گرینگ لەو دەورانەدا گۆڕانی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی ئەندامان بەنسبەت ڕێکخراو و بزووتنەوەیە" (خەستوو و هاوکاران؛ ١٠٢:١٣٩٦). خۆپێشاندەر و نارازییان لەجیاتی کەڵکوەرگرتن لە زەرفییەتی ئینتێرنیت بۆ کۆنترۆڵ، چاوەدێری و ڕاگەیاندن تێکۆشان لە ڕێگای کلیک کردن و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەیان هەڵبژارد کە ئەوە هەمان تێکۆشان لەژێر لێفە یان تێکۆشان لەڕێگای کلیک کردن و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوە بوو. بەو شێوەیە کاتێک ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی لە جیهان شکڵی نەگرتبێ یان ئەو ڕەوتە بەرنامەیەکی ڕێک و پێک و ڕوونی نەبێ تێکۆشانی مەجازی لەژێر هەر ناوێک بێ شتێک جگە لە پێ ڕابواردنی بە هەوڵ و تێکۆشان و لێدان لە پێگەی تێکۆشەران دژی بارودۆخی مەوجود نیە. لە کۆتاییدا دەبێ بوترێ کە چوونەسەری ئاستی کەڵکوەرگرتن لە ڕاگەیەنراوە بەردەستەکان کە بە پێویستی دەزانێ ناگات بە چوونەسەری ئاستی چالاکییەکان؛ واتە هەڵکشانی کەڵک وەرگرتن لە ڕاگەیەنراوە مەجازییەکان لە کۆمەڵگە زیاتر ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە شارۆمەندان لە دیاریکردنی بەستێنی تێکۆشان تووشی هەڵە بن و لەجیاتی هاتنە سەرشەقام و گووشار هێنان بۆ حکومەت ئینتێرنێت وەکوو بەستێنی چالاکی هەڵبژێرن لە لێکدانەوەی کۆتایی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنەران تووشی سەرلێشێواوی دەکەن. ئەو سەرلێشێواوییە کاتێک بەرەورووی پرسێکی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە یان بڕیارە کە چالاکییەک لەگەڵی لە پێوەندی دابێ هەر لە سەرەتاوە ڕاستەقینە بوونی خۆی لەدەست دەدات و بە وتەی بەکارهێنەران دانکیشووتگەلی پەسامۆدێرن کە ئەوجار سواری ئایپەد و گوشی و لابتۆبەکانیان و پۆشتە و پەرداخ بە کەرەسەی پێوەندی جۆراوجۆر بە فیزێکی چەندقات ناڕاست و ناواقعی و بێسوود دەچنە شەڕی ئاشەکانی هاوچەرخ یان هەمان ڕووداوەکان(سەرچاوەی پێشوو).



سەرچاوە
Serchawe

### ب: چاوەدێری و پێداچوونەوەی دەوڵەتەکان

هەرچەند کە ئینتێرنێت فەزایەکی بێسنوورە بەڵام ژێربەناکانی لە سنووری سەرزەوی وڵاتاندایە و بۆیە دەوڵەتان دەتوانن بە پچڕانی ئینتێرنێت ببنە هۆکارێک بۆوەی چالاکییە نارەزایەتییەکان نەتوانن بگەن بە ئامانجی لەبەرچاوگیراویان. لەو بوارەدا خەستوو و هاوکاران(١٣٩٦) ئاماژەیان بە پچڕانی ئینتێرنێت و ناردنی پەیامەک لە ڕەوتی بزووتنەوەی سەوز لە ئێران کردوە و بە یەک لە هۆکارەکانی سەرەکی تێداچوونی ئەو بزووتنەوەیە و گۆڕانی بە چالاکی (اسلێکتیویستی) دەزانن. "ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونێک کە لە ڕاپەڕینەکانی پێشتر وەک ئۆکراین و کەڵک وەرگرتنیان لە موبایل و ناردنی پەیامەک بۆ بانگهێشتی خەڵک بۆ درێژەی نارەزایەتی هەیبوو، دەستی کرد بە پچڕینی سیستمی پەیامەک و هێنانەخواری خێرایی ئینتێرنێت لە ڕۆژانی ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردن". ئەو کارە بەتایبەت لە ڕۆژانی سەرەتای بزووتنەوەی سەوز کاریگەرییەکی بەرچاوی لە کۆنترۆڵی چالاکییە نارەزایەتییەکاندا هەبوو. هەر لە سەرەتای ڕۆژانی خۆپێشاندانەکان دەوڵەتی ئێران دەستیکرد بە پچڕینی وێب سایتەکان و ڕاگەیەنراوە کۆمەڵایەتییەکان کە یارمەتیدەر بوون لە ڕەوتی فەراخان بۆ خۆپێشاندان و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڕووداوەکان بە نارازییەکان. هێنانەخواری خێرایی ئینتێرنێت، ڕاگەیاندنی زیاتر لەڕێگای هەواڵنێرییەکان لە ڕاستای شەفافسازی ڕێژەی کوژراوان و دژکردەوە فەرمییەکان، بەردەوامی پچڕینی سیستمی ناردنی پەیامەک، حزووری هێزی پۆلیس لە شەقامەکان و هەوڵ بۆ هێورکردنەوەی جەوی ڕەوانی لە کردەوەگەلی دەوڵەت لەو بوارەدا بوون. هەروەها لە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیش ڕێژیمەکانی ناوچە بە پچڕینی ئینتێرنێت و چاوەدێری پێوەندی تەلەفۆنی و پێشگرتن بە کاری ڕۆژنامەوانانی بیانی و نەدانی ویزا و دەست ڕانەگەیشتنیان بە وڵات، بوون بە هۆکاری سانسۆر و بەرتەسککردنەوەی ڕەوتی ڕاگەیاندن. حکوومەتی موبارەک لە میسر و سەرهەنگ قەزافی لە لیبی لەدوای پۆشتەکردنی لایەنگرانی دەوڵەت لە شوێن و کاتی دیاریکراو لەڕێگای داواکاری بە دابینکەرانی خەدەماتی ڕاگەیاندن و موبایل بە ناردنی پەیامەک بوون. تاکتیکێک کە بۆ هەڵخەڵەتاندنی نارازییان بەکار هێنرا.

سەرەڕای ئەوانە چاوەدێری و پێداچوونەوەیەی دەوڵەتان لەسەر چالاکی کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ ناڕاستەوخۆ بەڕێوە بچێ لەو بارەوە دەوڵەتان بە پاڵپشتی نەکردن لە بەرنامەگەلی گەشەکردن لە بواری تێکنۆلۆژی زانیاری و پێوەندییەکان دەتوانن بەر بە شکڵ گرتنی ژێربەنای گونجاو بگرن کە دەکرێ بەستێنی گونجاو بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بخوڵقێنن. لەوبارەوە سەردارنیا (١٣٨٧) باس دەکا کە "هەرچەندە ئاستی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵات لە بوارەکانی جۆراوجۆر وەک ڕاهێنان و پێوەندییەکان و هەروەها ژێربەناگەلی پێوەندییە ئێلێکترۆنیکی- موخابەراتییەکان زیاتر بی ڕێژەی دەست ڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت و پێویستی دەست ڕاگەیشتن پێی

زیاتر دەبێ. لەلایەکی تر هەرچەندی ئاستی پەرپێدانی سیاسی و دیموکراسی لە وڵات بچێتە سەرێ ڕێژەی دەست ڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت دەچێتە سەرێ و بەربەستەکانی سەر ڕێگا کەمتر دەبن."

## ٣- ئاکام

ئاکامی وتاری بەردەست نیشانی دەدا کە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی شمشێری دو لێوار دەگێڕی بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو ڕاگەیاندنانە لەلایەک دەتوانن لە دامەزرانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی سەردەم ڕۆڵگێڕ بن و بەستێن بۆ بەسیج و ڕێکخستنی ناڕازییەکان پێک بێنن. لەو گۆشەنیگا گەشبینانەیە بە کاریگەری و ڕۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە فایدە و سودی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەی پێکراوە. ئینتێرنێت کەرەسەگەلێک دەخاتە بەردەست ناڕازییەکان کە لە ڕێگای ویەوە بتوانن شوناس سازی، پێکهێنانی تۆڕ و دواجار ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان بەڕێوە بەرن. جگە لەوانە ئینتێرنێت بەهۆکاری بێ سنوور بوون و بەجیهانی بوونی بەستێن بۆ جەماوەریترکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەخوڵقێنێ. ئێستا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئاسایی و بەسانایی دەتوانن لە ناوچەیەک و وڵاتێک بگەنە شوێنەکانی تری جیهان، چونکە چالاکان لەو بزووتنەوانەدا دەتوانن ئیدە، ئارمان و ئامانجەکانیان لە فەزایەکی جیهانی کە ئینتێرنێت پێکی هێناوە بێننە بەرباس.

لەلایەکی تر یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەرچاوی بزووتنەوە هاوچەرخەکان کە پشت بەستوو بە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن ئەوەیە کە بێ ڕێبەرن و ڕووحیەی کاری هاوبەشی چالاکانە کە دەبێتە هۆکاری ڕێکخستنی چالاکییەکان. ئەو گەشبینییە بە ڕۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە ئەو کاریگەرییەی کە ئەو ڕاگەیاندنە نوێیانە لە بزووتنەوەکان وەک زاپاتیستەکان لە مێکزیک، بزووتنەوەی دژ بە ڕێکخراوی تیجارەتی جیهانی لە ساڵی ١٩٩٩ لە سیاتێل، بزووتنەوەی دژبە شەڕ لە ساڵی ٢٠٠٣، ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و بزووتنەوەی داگیرکردنی واڵ ئێستریت لەسەر شانیان بووە. دەرەنجامی لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان کە چەند دانە لەوان لەو وتارەدا شەن و کەو کران، نیشاندەری ڕۆڵی کاریگەری ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە نوێیەکانن.

سەرەڕای گۆشەنیگا و بۆچوونی گەشبینانە کە بە کاریگەری و ڕۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوەکان هەیە، بەشێک لە گۆشەنیگا ڕەشبینانەکانیش لەو بارەوە گەشەیان کردووە کە باوەڕمەندن دەبێ لە هەڵوێست گرتنەکانیان پێداچوونەوە بکرێ. بەپێی بۆچوونی ئەو بەشە لە پسپۆڕ و شارەزایانی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پێداگری

جۆرێک لە چالاکی کە چالاکی لەژێر لێفە یان (ئێسلکتیویسم) دەناسرێ، بەستێن بۆ پاسیڤ بوونی چالاکان و نەبوونی حزوریان لە کردەوەگەلی واقعی پێک هێناوە. بەپێی ئەو بۆچوونە چالاکان بە کردەوەگەلی ناکاریگەری وەک لایک، کۆمێنت، دانی پوڵ بە بنکە خێرخوازی، سەرلەنوێ بڵاوکردنەوە و دووبارە بڵاوکردنەوە، یان هەر کرەوەیەکی تر لە دنیای مەجازی وا هەست دەکەن کارێکی گەورەیان بەڕێوەبردووە لەحاڵێکدا بۆ ئاڵوگۆڕی بنچینەیی پێویستی بە چالاکی لە سەرشەقام و کردەوەی واقعییە. لەلایەکی تر دەوڵەتەکانیش بە بەربەست دانان و بەڕێوەبردنی کردەوەگەلی وەک فیلتێرینگ و سانسۆر دەبنە هۆکاری بە ئاکام نەگەیشتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی نوێ. کردەوەگەلی لەو چەشنە لە بزووتنەوەی سەوزی ئێران، ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و چالاکیگەلی تری بەکۆمەڵ لە سەرتاسەری جیهان بەرچاو دەکەوێ کە دەوڵەتەکان لە ڕۆژانی سەرەتای بزووتنەوە هەوڵیان داوە بە بەرتەسک کردنەوەی دەست ڕاگەیشتنی چالاکان بە تۆڕ کۆمەڵایەتییەکان نەهێڵن بزووتنەوە پەرە بستێنێ. سەرەڕای ئەوانە خودی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک، تویتێر، ئینستاگرام و نەرم ئەفزارگەلی کرداری تەلەفۆنی هەمڕا زیاتر لەوەی کە بۆ ئامانجی سیاسی دامەزرابن بە مەبەستی سەرگەرم بوون و کۆمەڵگەی مەسرەفی ڕادەکێشێ هەتا چالاکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. لەڕاستیدا ئەگەر ئەورۆکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ چالاکیگەلی سیاسی کەڵک وەردەگیرێ زیاتر لەبەرەوەیە کە چالاکان ئەو جۆرە فەزایەیان بۆ بەڕێوەبردنی کاری هاوبەشیان بە باشتر دەبینن و بوویتنە هۆکار کە کرکردی سەرەکی زۆرێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێژەیی بەو کەڵک وەرگرتنەی کە لێی دەکەن بگۆڕدرێ.

سەرەڕای خاڵگەلی باسکراو ئەو تێبینییە ئاماژەپێکردنی زەرووره کە ئینتێرنێت و ڕاگەیەنراوە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکن بۆوەی کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان قۆناغێک لە ژیانیان ئەزموون کردووە کە لەگەڵ ڕابردوو زۆر جیاوازە. پێشتر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پشت بەستوو بوون بە ڕاگەیەنراوی جیگرەوە وەک کاسێت، شەونامە، تێلگراف و ڕاگەیەنراوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو ڕاگەیەنراوانە کە دەستپێڕاگەیشتن پێیان بەرتەسک بووە بوونە هۆکاری وەی کە ڕەوتی شکڵ گرتن و بە ئاکام گەیشتنی بزووتنەوەیەک دوور و درێژ بێتەوە، لەلایەکی تر تەنیا بەشێکی کەمی خەڵک ئیمکانی دەستراگەیشتن بەو ڕاگەیەنراوانەیان هەبووە کە ئەو بابەتە ڕۆڵی ڕێبەری و نوخبەکانی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ڕابردوو بردبۆ سەر بەڵام لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم بە لەبەرچاو گرتنی ئیمکانی کەڵک وەرگرتن لەو ڕاگەیەنراوانە بۆ تەواوی کۆمەڵگە، لە ڕۆڵی ڕێبەری لەو بارەوە کەم بوویتەوە. سەرەڕای ئەوانە لە ڕاگەیەنراوە نوێیەکان خێرایی بڵاو بوونەوەی زانیارییەکان لەسەرێیە و بزووتنەوەکان لە ماوەیەکی کورت دا دەتوانن بەجیهانی بن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بزووتنەوە کلاسیکەکان بە هۆکاری وەی کە پشت بەستوو بوون بە کەرەسەگەلی ڕاگەیاندنی بەرتەسک و خاوتر لەبواری دانی زانیاری و ڕاگەیاندن، ئەو سورعەتە زۆرەی بڵاوبوونەوەی زانیاری و بەجیهانی بوونیان نەبووە. تەنانەت دەکرێ بوترێ کە بزووتنەوەکانی ڕابردوو ئیمکانی بەجیهانی بوونیان نەبووە و زیاتر لە ئاستی ناوچەیی چالاکییان هەبووە. بەجیهانی بوون

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پرسێکە کە تایبەت بە سەردەمی ئێمەیە کە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو بەستێنەیان پێک هێناوە تا چالاکان لە هەر شوێنێکی جیهان بتوانن بە نسبەت کێشە و پرسەکانی شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان دژکردەوەیان هەبێ. سەرەڕای ئەوانە ڕاگەیاندنی نوێ هێزی پێکهێنانی بەستێنی گشتی جێگرەوەی ئانلاینیان هەیە کە تێیدا پرسەکان شەن و کەو دەکەن، ئەو پرسە بوویتە هۆکاری وەی کە کاریگەری و ڕۆڵی ئەو ڕاگەیاندنە نوێیانە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە ڕۆڵی تەنیا کەرەسەیی بێ.

خاڵێکی تر کە ئاماژەپێکردنی زەرووری بە ئەگەری زۆر کاریگەریی لەسەر داهاتووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ چوونە سەری کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێتی ماهوارەییە. ئەو جۆرە لە ئینتێرنێت کە ئیمکانی بەرتەسک کردن و فیلتێرینگی لەلایەن دەوڵەتەکانی نیە یان کەمترە، دەتوانێ بەستێن بۆ سازبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر بخوڵقێنێ. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو ڕەوتێکی جیاواز تەجروبە دەکەن چوونکە هۆکاری سەرەکی لە پێداچوونەوە و چاوەدێری کەرەسەکانیان ئیتر دەوڵەتان نین بەڵکوو بازار و خاوەن کۆمپانیا ڕاگەیاندنەکانن کە دیاری دەکەن ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەکام بزووتنەوە و بە چ شێوەیەک بەکار بهێنرێ. لەوانەیە بەرژەوەندی ئەو سەرمایەدارانە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی لە حاڵی گەشە دا پشتیوانی بکا و تەنانەت ژێرساختێک بۆ زووتر سەرهەڵدانی بزووتنە لەو ناوچانە دروست بکا، بەڵام ئەگەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو بە شێوازێک بن کە دژی سەرمایەداری و بەتایبەت چاوەدێری کۆمپانیا و بازار بن ئەوسا شێوەی هەڵسووکەوتێک لە بەرانبەریان دەگیرێ جیاواز دەبێ. چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوو ئەکتەرانی سەرەکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ و بۆ لای کۆمپانیا چەند نەتەوەییەکان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ شارۆمەندانی جیهانی بگەن. لەگەڵ ئەوەی شارۆمەندانیش بە پێکهێنانی گرووپی هەکێری و چالاکی خراپکارانە لە بەستێنی ئینتێرنێت هەوڵ دەدەن کە چاوەدێری و کۆنترۆڵی دەوڵەت و کۆمپانیاکان دەور لێدەن و بەستین بۆ پێکهێنانی جۆری نوێتر لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بخۆڵقێنن.

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# ماهییەت و دیسکۆرسی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات



**کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**(ماهییەت و دیسکۆرسی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات)**

**سمایل شەرەفی**

هەروەک لە قۆناغبەندییەکانی مێژوو و ڕابردووی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستاندا ئاماژەی پێ کرا، ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە چەند وێستگەی جیا و جیاوازدا هەر لە شۆڕشی مەشرووتەوە بگرە تا بزووتنەوەی ڕێفۆرمخوازی، کاریگەرییان لەسەر گەشە و پووکانەوەی ئەم بزووتنەوەیە داناوە. لە لایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشێک لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دێتە ئەژمار کە ئەویش لە چاخی سەردەمدا دوای هاتنە ئارای حیزب و سازمانەکان وەک دیاردەیەکی مودێرن، بە بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی دێتە ئەژمارە. لێرەدا پرسیار لەسەر ماهییەتی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان دێتە ئاراوە کە هەڵگری چ پەیام و گوتارێکە.

لەم پێوەندییەدا ڕاوبۆچوونی جیاواز لەسەر جێگە و پێگەی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان و هەروەها ماهییەت و

دیسکۆرسی ئەم بزووتنەوە هەیە.

بەپێی هێندێک پێوەری وەک شێواز و نێوەرۆکی ئەو جموجۆڵانەی کە لە چوارچێوەی بزووتنەوەکەدا جێ دەگرن و، هەروەها بەپێی ڕەفتاری چالاکانی بوارە جیاوازەکانی ئەم بەستێنە لە بۆنە و کاتی تایبەتدا، ڕەگێک لە نەتەوەخوازی بە کۆی سەرجەم بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستانەوە دەبینردێ. "لە سەرەتاکاندا کۆمەڵگەی مەدەنیی کورد بە کەڵکەڵەی نەتەوەییەوە لەدایک بوو، دواتر ئەو کۆمەڵگەیە و بزووتنەوەکە هاوتەریب لە گەڵ بزووتنەوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران و کوردستان لە مەیداندا بوو، نەتەوەخوازی بوو بە بنەمای هەرجۆرە جموجۆڵێکی. بە چەشنێک کە بزووتنەوەی مەدەنی لە قەوارەی بزووتنەوەی نەتەوەییدا خۆی پێناسە کرد و کەڵان گوتاری سیاسیی کورد و هێما و واتاکانی بوونە سەرچاوەی گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتەیەکی جۆراوجۆری سیاسی، مەزهەبی و فکرییە و، ئەنجومەن و ڕێکخراو و ناوەندەکانی تایبەت بە کۆمەڵگەی مەدەنیش هەڵقوڵاوی ئەم کۆمەڵگەیەن، بۆیە هیچ سەیر نییە دابەشبوونێک لە ئارا دابێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزووتنەوەی مەدەنی یەکدەست و خاوەنی پەیامێکی یەکانگیر نییە. بەپێی جوغرافیا و نفووزی بزووتنەوەی سیاسی-نەتەوەیی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە. د. ئازاد محەممەدیانی لەم بارەوە دەڵێ: "لە سەردەمێکدا بە تایبەت لە سەردەمی کۆماری کوردستان و دواتریش تا ساڵەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ ئەم بزووتنەوەیە لە موکریان و تا ڕادەیەکی زۆر لە ناوچەی ئەردەڵان، شوناسخوازانە بوو، بەڵام بە هۆی گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنی ڕەوتی کۆمەڵایەتی، ئەو بەشە لە کوردستان لەسەر ئەساسی کوردایەتی و دواتر بە سەر قۆناغی مافخوازیدا تێدەپەڕێ کە من ناوی دەنێم قۆناغی "داواکاریی تەوەر". بەڵام لە خوارووی کوردستان (ئیلام و کرماشان) درەنگتر باسی شوناس دێتە ئاراوە و هاوکات لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی "کوردایەتی" دەبێتە واتا سەرەکییەکەی ئەو کۆمەڵگەیە کە ئیدی هەموو بەشەکانی کوردستان بە بۆنەی میدیا و فەزای سایبێرییەوە لە پێوەندیەکی ئۆرگانیک دان."

بۆچوونی زاڵ لە سەر ماهییەت و گوتاری کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە " بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان هەڵگری پەیام و دیسکۆرسی تایبەت بەخۆیەتی و دەیەوێ هەم پارێزگاری لە نەتەوەی کورد و هێماکانی و هەمیش لە نیشتمان و بەهاکانی بکات... ئەمەش وای کردوە کە چالاکیی مەدەنیانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە بەشێک لەو خەبات و بەرگرییەی کە ساڵانێکە کورد پێوەی ماندووە و تێچووی بۆ دەدات."

لەم پێوەندییەدا ناسر باباخانی بە وردکردنەوەی وردە بزووتنەوەکانی نێو چوارچێوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی

کوردستان پێی وایە؛ "نێوەرۆکێکی ناسنامەخوازانە یان شوناسخوازانەیان هەیە و بە دووی شوناسەوەن و هەموو هەوڵەکەیان ئەوەیە کە، کەرامەتێک بۆ تاکی کورد بگەڕێننەوە". ئەو گوتاری شوناسخوازیی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان لە ژێر کارتێکەریی ویست و داخوازیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و حیزبەکاندا لێک دەداتەوە و لەو باوەڕەدایە کە "ئەگەر کوردستان ئەحزابی سیاسی نەبوایە ئەو چەمکی شوناسخوازییە وەک نەتەوەکانی دیکە لە ئێران کاڵتر و کەمڕەنگتر دەبوو، بۆیە بوونی حیزبەکان و جۆری پەیوەندییان لەگەڵ خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت ئەو پەیوەندییە ناڕاستەوخۆیەی کە دەکرێ بڵێین تەنیا و تەنیا چەمکی شوناس و ناسنامەیە لەیەکیان گرێ دەدا، بووەتە هۆکاری ئەوەیکە بەتەواوی ماهییەتی ئەم جموجۆڵانە ماهییەتێکی شوناسخوازانەی هەبێ. هەر ئەو هۆکارەیە کە ئەم وردە بزووتنەوانە لە شوێنەکانی دیکەی ئێران بە تەواوی جیاواز دەکا". ئەم جیاکردنەوەیە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ماهییەتی بزووتنەکەوە هەیە. لە گەڵ ئەوەیکە هەوڵ دراوە لە ڕەوت و فەزا و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێران بە قازانجی خۆی کەڵک وەربگرێ و هێندێک جاریش ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر داناوە، بەڵام بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان پاشکۆی گۆڕانکارییە سەرانسەرییەکان نەبووە و ماهیەتێکی سەربەخۆی کوردی وەرگرتووە کە تایبەتە بە کۆمەڵگەی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەی حاشا لە شوناسخوازبوونی ماهییەت و گوتاری بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان ناکرێ، ئەم بزووتنەوە بە تەبەعییەت لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستان و ئەو ژینگەیەی تێیدا گەشەی کردوە، هەڵگری کۆمەڵێک پەیام و تێمی دیکەشە کە بە شۆڕبوونەوە بۆ نێو وردە بزووتنەوەکان بە ئاشکرا دیار و بەرچاون. "جەوهەری زۆربەی ئەم بزاڤانە سیاسین، هەر تاوناتاوێک کە چالاکانی مەدەنی لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر دەکرێن، یان ناچار بە بەجێهێشتنی وڵات دەبن، دەستبەجێ دەردەکەوێ کە سەر بەکام ڕەوتی فکری و سیاسی بووە. گوتاری بەشێکی زۆریان سیاسییە و زیاتر لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا دەخولێنەوە. هەندێکیان چەپن و لە ئەنجومەنی شاخەوانی و ژینگەپارێزیدا خەریکی کارن، دینییەکان ئەنجومەنی خۆیان هەیە و زیاتر خەریکی تێکۆشانی خێرخوازی و یارمەتیی بنەماڵە هەژارەکان دەدەن و ئەوانەش کە ناسیۆنالیستن لە ناوەندەکانی فێرکاریی زمانی کوردی و ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و ژینگەپارێزیدا چالاکن. لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا چالاکانی خوێندکاریی نوێنەرایەتیی حیزبەکانیان دەکرد و لە زانکۆکاندا باڵادەست بوون و جووڵانەوەی مامۆستایان تا ڕادەیەک سەربەخۆترن، هەرچەند زۆربەیان سیاسین.

بۆیە لانیکەم لە ڕابردوودا و بە تایبەت لە سەردەمێکدا لە بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد و خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێراندا چالاک ببوون، لایەنە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی مەدەنی گوتارێکی هاوبەشی نەبووە و زۆر جار ئەم چالاکییانە پێوەندییان پێکەوە نەبووە. "چالاکیی خوێندکاری لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی تێکەڵ بە ئیسڵاحات لە ئێران بوو و دواتریش وەک گوتاری ناسیۆنالیستی و نەتەوەخوازیی کورد و هەروەها گوتاری سۆسیالیزم و یەکسانیخوازیی چەپیش وەک

دەرفەتێک بۆ کاری سیاسی کەڵکیان لێ وەردەگرت، زۆربەی چالاکانی خێرخوازی لە چوارچێوەی بنکە خێرخوازییەکان، هەوڵی پەرەسەندنی ئایدۆلۆژی تایبەتیی ئایینی و ئیسلامی سیاسی و سوننیگەرییان دەدا."

خالید تەوەکوللی لەگەڵ ئەوەیکە تەئیدی ئەوە دەکات کە سەرجەم ئەو جموجۆڵە مەدەنییانەی لە کوردستان لە ئارادا بوون - جیا لە جموجۆڵی تایبەت بە پرسی ژنان(١)— ئیدیعای کوردایەتی و شوناسخوازییان هەبووە، بە باسکردن لە دوو هۆکاری سەرکوتی دەزگا ئەمنیەتییەکان و "دەستێوەردان"ی حیزبە کوردییەکان لەو باوەڕە دایە کە "گەرچی بە ڕواڵەت ئەم جموجۆڵانە ئارمانی هاوبەشیان هەیە، بەڵام جیاوازیی زۆریان هەیە و هاوئاهەنگییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نەبووە. بەشێکی لەبەر ئەوە بووە کە دەزگا ئەمنییەکان ناهێڵن ئەو هاوئاهەنگییە درووست ببێ، بەشێکیتر دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانی حیزبە کوردییەکان لە ئەنجومەن و ڕێکخراوە مەدەنییەکان. ئەم دەستێوەدانە لەنێو خوێندکارەکاندا گەیشتە نەهایەت و کۆتایی خۆی. ئەم دەستێوەردانە لە نێوەرۆکی ئەو گۆڤارانەی کە بڵاویان دەکردەوە بە جوانی دیارە و ڕەنگی داوەتەوە."

حاشا لەوە ناکرێ کە بزووتنەوە گەورە جەماوەرییەکە کاریگەریی گوتاری و ڕەفتاریی خۆی لەسەر زۆربەی وردە بزووتنەوەکان داناوە و حیزبەکانیش کە نوێنەرایەتی ئەم بزووتنەوەیە دەکەن - نەک بە مانای دەستێوەردان و زیادکردنی هەزینەی ئەمنییەتی - بە مافی خۆیانیان زانیوە کە بە مەبەستی پشتیوانی لێکردنیان و پێشگری لە کەوتنە داوی ڕەوت و لایەنگەلی دیکەی سیاسیی دەرەوەی کوردستان ڕێنمایی بکەن.

لەم پێوەندییەدا ڕەهبەر مەحموودزادە پێی وایە "یەکێک لە بزووتنەوەکان کە خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەند و هێزێکی بەرینی جەماوەرییە، وەک چەترێک بزووتنەوەکانی دیکە لە خۆ دەگرێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە بزووتنەوە سەرەکیترەکە خودموختاری بزووتنەوەکانی دیکە بسڕێتەوە. بزووتنەوە سەرەکییەکە دەبێ خاڵێکی سەرەکی ڕەچاو بکا، بزووتنەوەکانی دیکەش دەبێ خاڵێکی تریان لەبەرچاو بێ؛ ئەویش ئەوەیە کە گەشەی کۆمەڵگە بەستراوەتەوە بە خودموختاری ڕێژەیی بوارەکان. بزووتنەوە بەهێزەکە نابێ لەسەر ئەو ستراتیژییە ساغ بێتەوە خودموختاری ئەو بوارانە بسڕێتەوە. خودی پرۆسەی سێکۆلاربوونی کۆمەڵگە یەکەمجار کاتێ ڕووی دا کە دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی وەک دەوڵەت و زانست و... لە ژێر دەسەڵاتی ئایین هاتنە دەر و ئۆتۆنۆمیی خۆیان مسۆگەر کرد."

بزووتنەوە مەدەنییەکان دیسکۆرسێکی هاوبەش و وەک یەکیان نییە. بەپێی بەردەنگەکان دیسکۆرس و گوتارەکان دەگۆڕدرێن، لەگەڵ ئەوەیکە ناتوانین بڵێین کە دیسکۆرسی بزووتنەوەی مەدەنی ڕووی لە نێوخۆی کۆمەڵگەی کوردستان نییە، بەڵام بەپێی بارودۆخی ئێستای سیاسیی کوردستان، بەردەنگی ئەسڵیی بزووتنەوە دەسەڵاتی زاڵ لە تارانە. لەم پێوەندییەدا

ڕەهبەر مەحموودزادە  لەو باوەڕەدایە کە "پەیامی هاوبەشی هەموو دیسکۆرسەکان "فرەچەشنی لە هەناوی یەکێتیدا و یەکێتی لە هەناوی فرەچەشنی"دایە. ئەو پەیامە هاوبەشە لە کاتێکدایە کۆمەڵگەی کوردستان ڕووی لە خۆی دایە نەک لە دەرەوە. کاتێک کۆمەڵگەی کوردستان ڕووی لە دەرەوە و ڕووی لە دەسەڵاتی زاڵە، پەیامە هاوبەشەکە دەکرێ بە شێوەیەکی دیکە تەعبیر بکرێ؛ ئەودەم دەتوانین بڵێین پەیامی هاوبەشی دیسکۆرسە جیاوازەکان بریتییە لە "موقامەت یان خۆڕاگری". ئەو پەیامە چڕکراوانە دوو پەیامی جیاواز نین، بەڵکوو دوو تەعبیری جیاواز لە نێوەرۆکێکی واحیدن. کۆمەڵگەی کوردستان کاتێک ڕووی لە خۆیدا بووە، پەیامەکەی بریتی بووە لە درووستبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان گشت جیاوازییەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە. هاوئاهەنگییەکی ئەوتۆ کە بەبێ ئەوەی جیاوازییەکان لەناو یەکدا بتوێنەوە و کورت بکرێنەوە بۆ شوناسێکی واحید، گشت ئەم شوناسە جیاوازانە بە سازکردنی پێوەندییەکی ئۆرگانیک لە نێوان خۆیاندا ئیزن بدەن هەموو ئەو جیاوازییانە بمێنن و فۆنکسیۆنی تایبەتی خۆیان هەبێ. واتە فرەچەشن بن. بەڵام لە ئەنجامدا هەموویان لەنێو یەکەیەکدا پێکەوە لە  پێوەندیدا بن."

لە گەڵ ئەوەیکە گوتاری بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قورسایی گوتاری نەتەوەیی بزووتنەوە گەورە سیاسییەکەی بە سەرەوەیە، خۆی لە چوارچێوەیەکی بەرگریکاری دەرهاویشتووە و بە پشت بەستن بە خسڵەتی خەلاق و داهێنەرانەی خۆی — لانیکەم لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، توانیویەتی لە دەرفەت و زەرفییەتی دیکە کەڵک وەربگرێت. لە ڕاستیدا ئەم بزووتنەوەیە هەم بەرگریکارە هەم داهێنەرە، هەم هەوڵی پاراستنی شوناسی کوردانە و گەشەی ڕوحیی نەتەوەیی دەدا هەم داواکاریخواز و ماف ویستە و دەسەڵاتی تووشی حاڵەتی بەرگری کردوە و نەهاد و دامەزراوە ئەمنییەتییەکانی حکومەت مەجبوورن ڕۆژانە لە گەڵ تاقمێک ڕێکخراو و چالاکی مەدەنی دەست و پەنجە نەرم بکەن کە هەمیشە بابەتێکیان بۆ باس و ڕۆژەڤ بوون هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پاشەکشە بە هێڵە سوورەکانی دەسەڵات دەکەن. لە ڕاستیدا گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی کەلان گوتاری نەتەوەیی کورددا خۆی پێناسە کردووە بەو جیاوازییەوە کە: ١. زەرفیەتە یاسایی و ئیمکانەکانی چالاکی لەبەرچاو گرتووە ٢. بۆخۆی بابەت بۆ چالاکی و هێنانە بەرباس هەڵدەبژێرێ و دەسەڵات مەجبوورە بەدویدا هەڵێ. ٣. بۆتە بەرەی کەلان گوتاری نەتەوەیی و لەو مەیدانە دایە کە شەڕی سەرەکی لە ئارادایە لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەیەک کە بەردەوام بە "چالشی" دەکێشێ (محەممەدیانی، ٧).

یەکێک لە کێشەکانی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان کە ئێستا زیانی بە یەکدەستبوونی ئەم بزاڤە گەیاندووە، ئەوەیە کە چاوەڕوان بکرێت کە ئاکامی تێکۆشانی مەدەنی، سازدانی شوناسی نەتەوەیی یان بەربەرەکانی لەگەڵ هەوڵی سڕینەوەی زمانی و کەلتووریی لێ بکەوێتەوە. لە وتووێژێکی تایبەتدا عەبدولعەزیز مەولوودی ئەم چاوەڕوانییە لە بزووتنەوەی مەدەنی بە نارەوا دەزانێ و دەڵێ "ئەوە کاری حیزبی سیاسی‌یە نەک ڕێکخراوەی ناحکومی. کۆمەڵگەی مەدەنی ئەرک و

توانایی ئەوەی نییە بەڵام ئەو چاوەڕوانییە وای کردوە کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان بکەوێتە نێو بەرداشی گوشاری دەوڵەت لە لایەک و چاوەڕوانیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە لایەکی دیکەوە. بەرداشێک کە دوای ڕاگەیاندنی وەلانانی خەباتی چەکدارانە لە لایەن بەشێک لە حیزبەکانی خاوەن ڕابردووی کوردستان، گوشارەکە لەسەر بزووتنەوە و کۆمەڵگەی مەدەنی چڕتر بوو... ئەگەر بزووتنەوەی مەدەنی وەک گوتاری بەرگری لە کوردستان پێناسە بکرێ، دیارە دەستەواژە و گوتاری تایبەتی بۆ خۆی هەبووە و هەشیەتی. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەیکە دەسەڵاتیش هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە بۆ بەربەرەکانی کردنی. وەک پشتگیری لە دژبەرانی زمانە نافەرمییەکان لە ئێران و دەسبەسەر کردنی چالاکانی ئەو بوارە بۆ نموونە زارا محەممەدی و هتد."

ئەوەندەی پێوەندی بە هەڵوێستی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بەرانبەر بە بزووتنەوەی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەبێت، لە کەس شاراوە نییە کە تێفکرین و ئەقڵییەتی ناوەندگەرای ئێرانی هەموو جموجۆڵێکی تاک و کۆی کۆمەڵگەی کوردستان بە چاوی سیاسی – ئەمنیەتییەوە سەیر دەکات و هەڵوێستی سەخت و ڕژدیان بەرانبەر دەگرێتە بەر. هەر جووڵەیەک لە کوردستان لە دوو حاڵەت بەدەر نییە؛ یان لە خزمەت نەتەوە دایە یان خزمەت بە دەوڵەت دەکات و گوتاری دووری لە شوناس بۆخۆی ڕوانگە و هەڵوێستێکی سیاسییە و هەوڵی فۆلکلۆریزە کردنی پرسی کوردستانی هەیە کە لە گەڵ ستراتیژیی دەوڵەتی ناوەندگەرادا گونجاوە. کەوایە بە گشتی تاک و بزووتنەوەی مەدەنی، حیزب و ڕێکخراوە هەموو دەتوانن کاریگەریی خۆیان لە سەر پرسی شوناس هەبێ و پەرەی پێ بدەن.

یەکدەست نەبوونی بۆچوونەکان لە سەر ماهییەت و گوتاری بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکی پێوەندی بە جیاوازیی ئەزموون و قۆناغەکانی هەرکام لەو وردە بزووتنەوانەوە هەیە کە بزووتنەوە گشتییە مەدەنیەکە پێک دەهێنن، ئەم وردە بزووتنەوانە (فەرهەنگی، خوێندکاری، ڕۆژنامەوانی، ژینگەپارێزی و...) کە هەر کامەیان وێستگەیەکن لە وێستگەکانی کاروانی خەباتی مەدەنی و لە ڕووی ئامانج و سروشتەوە لێک جیاوازن.

❋❋❋

١ (چالاکانی ژنان ئیدیعای کوردایەتیشیان هەیە. بۆ وێنە زارا محەممەدی هەم فێمێنیستە و هەم بە جیددیش لایەنگری کوردایەتییە. لە بزووتنەوەی سمایلئاغای شکاک (سمکۆ) بەدواوە هەموو جووڵانەوەکانی مافخوازیی کوردی هەوڵی یەکسانیخوازیی جێندێریان تێدا هەبووە و گاریگەرییان لە سەر ئاگاییبەخشین بە ژنانی کۆمەڵگەی کوردستان لەسەر مافەکانیان هەبووە.

# خالید عەزیزی: ئەندێشە و بیروباوەڕەکانی دوکتور قاسملوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەهادینە بووە



**(دەقی قسەکانی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی ٧٩ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا)**

**کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**
**ئەندامانی تێکۆشەر و کۆڵنەدەری حیزب!**
**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

٢٥ی گەلاوێژ، ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو ئێوە و لە هەمووی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆز بێت. ٧٩ ساڵ پێش ئەورۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەئیس جمهوور و پێشەوای حیزبی دێموکرات، قازی محەممەد، حیزبێکی دامەزراند کە بوو بە سەرچاوەیەک بۆ گەشە و پەرەئەستاندنی بیروباوەڕی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پێشەوا قازی محەممەد لە ماوەیەکی کورتدا بە هیممەت و بەشداریی خەڵکی ئەو ناوچەیە توانی کۆماری

کوردستانیش دابمەزرێنێ. ئەو زۆر زوو لەگەڵ هاوڕێیانی لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا بەو قەناعەتە گەیشتبوون ئەگەر کورد بیهەوێ لە گۆڕەپانی سیاسی و هاوکێشەکانی پێوەندیدار بە ئێران و پرسی کورددا دەوری هەبێ، دەبێ دامەزراوەی هەبێ و ئەو دامەزراوەیەش حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە لەسەر دەستی ڕەئیس جمهوور و پێشەوامان دامەزرا. بۆیە لەو ڕۆژە پیرۆزەدا و ٧٩ ساڵ دوای ئەو ڕۆژە یاد و ناوی پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆز بێت. لەو ڕۆژەدا یادی شەهیدانی حیزبەکەمان بەرز ڕادەگرین و سڵاو دەنێرین بۆ زیندانییانی سیاسیی خۆڕاگری نەتەوەکەمان و بنەماڵەکانیان و هەروەها کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پشتیوانانی سەرەکیی حیزبەکەمان.

پێشەوا قازی محەممەد بۆ گەشەپێدانی بیری کوردایەتی و دروستکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە یەکەمین حیزبی مۆدێرن بوو لە مێژووی کورددا و بەدوای ئەودا ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ڕۆشنایی بڵاو کردەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و بەرچاوڕوونیی دا بە تێکۆشەرانی کورد کە چۆن لەو خەباتە بەردەوام بن. پێشەوا قازی محەممەد لەسێدارە درا، بەڵام حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممەد لەسەر پێ مایەوە و، بە دوای پێشەوا قازی محەممەد و ڕووخانی کۆماری کوردستان، تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و ڕێبوارانی ڕێبواری پێشەوا دەورانێک لە زیندانەکان و دەربەدەری و تەنانەت بەشێکیان لە ئورووپا مەشخەڵی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بەرز ڕاگرت و ئەو خەباتە بەردەوام چووە پێش.

ورده ورده و بە تێپەڕینی کات و سەردەمەکان حیزبی دێموکرات زۆرتر چووە نێو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران، مەسەلەی کورد و تا ڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش. بە دوای پێشەوا قازی محەممەد ئەوە دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، ڕێبەری هەڵکەوتووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کەسایەتیی سیاسی و دەوڵەتمەردی بەهێزی ناوچەکە و ئێران بوو بە ڕووگەی ئەو حیزبە. لە ڕۆژە هەرە سەختەکانی خەباتی ئەم حیزبەدا د. قاسملوو ڕێچکەی نوێی بۆ داهاتووی ئەو حیزبە شکاند و بەهۆی ئەم ڕێبەرە کاریزماتیکەوە حیزبی دێموکرات بوو بە خاوەنی تاکتیک و ستراتێژی، بوو بە خاوەنی بەرنامە و پرۆگرام و، بوو بە خاوەنی وێژمانی سیاسی و بۆچوونێک کە ڕووی کار و گۆڕەپانی خەباتەکەی لە کوێیە. د. قاسملوو هەوڵی دەدا بە سیاسەتێکی دروست و ژیرانە بتوانێ بەردەنگێکی زۆرتر بۆ حیزبەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەرتاسەری ئێراندا ببینێتەوە.

ساڵ هات و ڕۆیشت و ٧٩ گەلاوێژ تێپەڕیوە. پێشەوامان لەسێدارە درا. دوکتور قاسملوو کە بیرو باوەڕێکی ئاشتیخوازانەی هەبوو، لەلایەن دیپلۆماتە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لەسەر مێزی موزاکەرە لە ڤییەن تێرۆر کرا، دوکتور شەرەفکەندییش بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەوەی خەبات و تێکۆشان لە ئێراندا بێ ڕێبەر نەمێنێتەوە، لە دانیشتنێکدا



سەرچاوە
Serchawe

کەوتە بەر دەستڕێژی تێرۆریستە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی. بە دوای ئەودا سەدان کادر و پێشمەرگەی دیکەشمان تێرۆر کران، بەر مووشەک و درۆن دراین، بەندییە سیاسییەکانمان لە زیندانەدا ئێعدام کران؛ بەڵام حیزبی دێموکرات، حیزبەکەی ئێوە هاوڕێیانی پێشمەرگە و حیزبەکەی ئێوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لەسەر پێ ماوەتەوە و بە چۆکدا نەهاتوە. ئەدی هۆکار؟

هۆکارەکەی زۆر ڕوونە، ئەو حیزبە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بژێو وەردەگرێ. کچان و کوڕانی ئەو میللەتە بە پەیوەیستبوونیان بەو حیزبە و بە کار و تێکۆشان لە دامەزراوەکانی حیزبی دێموکراتدا، حیزبی دێموکراتیان هەر ئاوا ڕاگرتووە. یەکێک لە دەسکەوتە بەرزەکانی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرانی کۆماری کوردستانە کە ئێستاش سیمبوولی نەتەوەیی کوردە. دامەزرانی هێزی پێشمەرگە دەسکەوتێکی دیکەی حیزبی دێموکراتە. پێشمەرگە تەنیا گرووپێکی چەکداری نییە، پێشمەرگە خوڵقاوی نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. کاتێک پەلاماری کوردستان درا و پەیامی ئاشتیخوازانەی د. قاسملوو و حیزبی دێموکرات لە تاران وەرنەگیرا و هێرش کرایە سەر کوردستان، کاتێک لەدژی کورد ئێعلامی جیهاد کرا، کێ بوو مقاوەمەتی کرد؟ کێ بوو لە مەیداندا بوو؟ بێگومان هێزی پێشمەرگە بوو. ئەوکاتە کچان و کوڕانی ئەو میللەتە بۆ بەرگری لە خۆیان دەستیان دایە چەک و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرهەمی ئەو پاشخانەیە. هێزی پێشمەرگەی حیزب بەشێک لە سیاسەت و ستراتیژی حیزبی دێموکراتە. پێشمەرگەی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە دەیهەوێ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مافە نەتەوایەتییەکانی بگات، لە ئێران دێموکراسی دابمەزرێ، هەموومان بە یەکەوە بتوانن ئەو ڕێژیمە لەنێو ببەین و نیزامێکی دێموکراتیک کە تێیدا مافەکانی تاک و نەتەوەمان پارێزراو بێت دابمەزرێنین. جا ئەگەر وایە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات دەورێکی مێژوویی و بەشێک لە شانازی و بەشێک لە ڕابردووی ئەو میللەتەیە و هەرگیز فەرامۆش ناکرێ و وەلا نانرێ.

دەسکەوتێکی دیکەی حیزبی دێموکرات ئەوەیە دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان کۆمەڵێک دامەزراوەی دیکەی حیزبی بووە، خاوەنی سروود و ئاڵای نەتەوەیی بووە کە هەمووی ئەوانە بوونەتە هێمای نەتەوەیی. جا ئەگەر وایە کاتێک ئێمە باسی ٧٩ ساڵەی ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین، هەگبەیەکی زۆر پڕمان هەیە و هەر حیزب و هەر کەسێکیش هەگبەکەی پڕ بێت ئەرکی زۆرتر و قوورستر دەبێت. ئەو هەگبە پڕە شتی زۆر تێدایە بۆ داهاتووی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێران لەپێناو دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانمان، لەپێناو بەدامەزراوەکردنی بیروباوەڕی نەتەوایەتی و دێموکراسیخوازی و خەباتی ڕزگاریخوازیمان، لەپێناو پەرەسەندنی پتری خەباتی بەهێزی جەماوەریمان. حیزبی دێموکرات هەر لە بەردی بناغەوە حیزبێکی جەماوەری بووە، بۆیە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەم پەیام و بانگەوازەکانی حیزبەکەیانەوە دێن و ئەمەش ئەرک و بەرپرسایەتیی ئێمە قوورستر دەکات. لە جووڵانەوەی ژینادا لە خۆڕا

نەبوو لە جوانڕۆوە هەتا لای ورمێ دەیانگوت: "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، ئەوە پەیامێکی ڕوونی تێدا، و ئەوە دەرکەوتنەوەی ئەندێشە و بیروباوەڕەکانی دوکتور قاسملوویە کە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا نەهادینە بووە.

حیزبی ئێمە لە تەنیشت خۆشییەکاندا ناخۆشیشی بووە کە ئەوە بەشێکی سروشتی ژیان و بەشێکی سروشتی سیاسەتە. بەڵام هەروەک ئامـاژەم پـێ دا قەت چـۆکی دانەداوە. یەکێـک لە دەسـکەوتەکانی ئـێمە کە عەقڵییەتـی حیزبـی، عەقڵییەتـی لێکتێگەیشتن و عەقڵییەتی یەکگریی ئێمەی بەهێز کرد، یەکگرتنەوەی ڕیزەکـانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوو ساڵ لەوە پێش بوو. ئەو یەکگرتنەوەیە بەشێکی ئاکامی کاریگەریی پەیام و داخوازیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە بەرەورووی دوو لایەنی دێموکرات دەکرایەوە. ئەوان دەیانگوت ئەو حیزبە هی ئێمەیە و بە ئەمانەت لە دەستی ئێوەدایە و کوڕان و کچانی ئەم حیزبە دەبێ لە حیزبێکی یەکگرتوو دا کار بکەن و ئێعتبـاری نەتەوەیـی پتـر بە حیزبەکەمـان ببەخشن. بە خۆشییەوە ئەندامان و کادرەکانی حیزبی دێموکرات ئەو پەیامەیان وەرگرت، بۆیە توانیمان یەکگرتنەوەیەکی بەهێز بەدی بێنین و لە خەباتمان بەردەوام بین. هەر لەو ڕۆژە پیرۆزەی یادی ٢٥ی گەلاوێژدا پیرۆزبایی لە هەموو دێموکراتەکـان دەکەم کە بـۆ یەکگـرتنەوە قۆڵیـان هەڵمـاڵی و پرۆژەکەیـان سەرخست. هەروەهـا هیوادارم عەقڵییەت و بیـرۆکەی یەکگـرتنەوە و لێکتێگەیشـتن لە ژیـانی حیزبـی دێموکراتـدا هەمیشـە ببـێ بە مەبنـایەک بـۆ یەکریـزی ئـێمە و هەمـووی ئـێمە دەبـێ ئەو یەکریزییە بپارێزین.

حیزبی ئێمە بەپێی ئەو پێڕەو پرۆگرامە و ئەو سیاسەتەی بوویەتی لە بـوار و مەیـدانی جۆراوجۆردا بە کەڵـکوەرگرتن لە مێتـۆد و شێوازی جۆراوجـۆری خەبـات سـەرەڕای دروسـتبوونی زۆر ئاسـتەنگ، بەڵام بەردەوام لە کارەکانیـدا چـۆتە پێشـێ و دەچێتە پێشێ. مەیـدانی سـەرەکیی ئەم حیـزبە پێش هەمـوو جێیەک ڕۆژهەڵاتـی کوردستان و نێوخـۆیی وڵاتە. ڕێکخسـتنی جموجـۆڵی جەمـاوەرییە کە ئەوە بەشـی سـەرەکیی فەلسـەفەی دامەزرانـی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران پێـک دێنـێ. مەیدانێکی دیکە ئەوەیە ئێمە هەوڵ دەدەین لە سەرتاسەری ئێراندا دۆست و بەردەنگی زیاتر بۆ پرسی خۆمان پەیدا بکەین. بۆچوونەکـانی ئـێمە و بەرنامەکـانی حیزبەکەمـان ڕەوایە و زۆر لایەن پێشـوازی لە سیاسـەتی حیزبـی دێمـوکرات دەکەن و هیـوادارم بە هەوڵـی هەمەلایەنە بتوانین ئەو بەردەنگانە زۆرتـر بکەیـن. مەیـدانێکی دیـکە ڕێکخسـتن و سـازماندەهی هێـزی خۆمان و هێزی پێشمەرگە ئەویش بەپێی بارودۆخی ناسەقامگیری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

حیزبـی دێمـوکرات حیزبێکی سیاسییە، حیزبێکـی ئیـدئۆلۆژیک نییە و وەسڵی هیچ ئیـدئۆلۆژیکێکی تـایبەت نییە. حیزبێکـی جەماوەری و حیزبی هەموو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بە شیعە و سووننی، بە یارسان و بە هەمـوو چین و توێژەکـانی کـۆمەڵگەوە. جـا بـۆیە ئەو حیـزبە بە تەبیعەتـی ئەوەی حیزبێکـی سیاسـییە، و بەردەنگـی زۆری هەیە، لە کـۆمەڵگەی

نێودەوڵەتیشدا قوورسایی و جێگەوپێگەی خۆی هەیە. ئەم پێگەیە بەشێکی زۆری بەرهەمی کار و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو بوو کە لە دەرەوە دەرگاکانی بە ڕووی ئێمەدا کردەوە و فێری کردین چۆن بتوانین پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی خۆمان بەهێز بکەین. بەهێزبوونی پێگەی پێوەندیی دیپلۆماتیکی ئێمە و مەرجەکانی گوێدان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە قووەتبوونی خەبات و جموجۆڵی جەماوەری لە نێوخۆی وڵاتە و بەهێزکردنی ئەو خەباتەش ئەرکی هەموو لایەکمان و پێویستیی کەلکوەرگرتن لە هەموو مێتۆد و شێوازەکانی تێکۆشان و حیزبایەتی و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی خەباتە.

**هاوڕێیانی پێشمەرگە** !بۆ جارێکی دیکە ماندوونەبوونیتان لێ دەکەم. جێژنی ٢٥ی گەلاوێژتان پیرۆز بێت و لەو دەرفەتەدا جارێکی دیکە یادی هەموو ئەو هاوڕێ و پێشمەرگانە دەکەینەوە کە لەو ڕێبازەدا و لە ماوەی ٧٩ ساڵی ڕابردوودا لە سەنگەری خەباتدا بوون. خەباتمان بەردەوام و ئاڵا حیزبەکەمان هەر شکاوە بێت.

٧ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# دەوڵەتی گەندەڵ



شەماڵ تەرغیبی

بەپێی ڕۆژژمێری کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆژانی ٢ هەتا ٨ی خەرمانان بریتییە لە حەوتووی دەوڵەت کە وەک خۆیان باسی دەکەن تێیدا ڕێز لە زەحمەت و تێکۆشانی ئۆرگان و دامودەزگاکانی سەر بە هێزی جێبەجێکار دەگیرێ و لە هەمان کاتیشدا کەسانی خەمخۆر و دڵسۆزی ئەم نیهادە ڕێزیان لێ دەنرێ. بەڵام وەک زۆرێک لە کارناسانی کاروباری ئێران و چاودێرانی سیاسی باسی دەکەن و خەڵکانی ئێرانیش بە ئێسک و پێستەوە هەستی پێ دەکەن دیاریکردنی حەوتوویەک بەو ناوە تەنیا ڕیاکاری و چەواشەکارییەکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و هیچی تر. بۆ سەلماندنی ئەم وتەیەش ئەوەندە بەسە کە ئاوڕێک لە کاروکردار و دەسکەوتەکانی ئەم دەوڵەتانە بدرێتەوە کە لە ماوەی زیاتر لە ٤ دەیەی ڕابردوودا لە ئێران لەسەر کار بوون.

یەکێک لە ئەرکە دیارەکانی هەر دەوڵەتێک بریتییە لە هەوڵدان بۆ نەهێشتن یان بنبڕکردنی گەندەڵی لە هەموو ئاستەکانیدا؛ بەڵام وەک هەموو لایەک دەزانن هیچ کام لە دەوڵەتەکانی کۆماری ئیسلامی نەک نەیانتوانیوە هەوڵ بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی بدەن بەڵکوو بۆ خۆیان هۆکار و جێبەجێکاری سەرەکی گەندەڵییەکان بوون. لێرە چەند نموونەی زەق و

بەرچاو لە گەندەڵییە ئابوورییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو وەبیر دەهێنینەوە:

- گەندەڵیی ماڵیی چای دێبش لە دەوڵەتی ئیبراهیم ڕەییسی
- گەندەڵیی ماڵیی هەزار میلیارد تمەنی وەزارەتی سەنعەت بۆ هاوردەکردنی ماشین لە دەوڵەتی ڕوحانی
- گەندەڵیی ١٣ هەزار میلیارد تمەنیی بابەک زەنجانی و ئیختلاسی ١٠٠ میلیارد تمەنی لە کۆمپانیای نەوتی ئێران لە دەوڵەتی ئەحمەدینژاددا
- گەندەڵی لە شارەداری تاران بە سەرۆکایەتی باقر قالیباف
- ونبوون و دزینی دەکەڵە نەوتییەکان لە دەوڵەتی ئەحمەدینژاددا

ئەمانە تەنیا چەند نموونەی بچووکن لەو گەندەڵییە ماڵییانەی لە ٤ دەیەی ڕابردوودا لەلایەن دەوڵەتە جۆربەجۆرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام دراون و ڕەنگە ئەگەر ورد بچینە نێو باسەکەیەوە بە دڵنیاییەوە خۆی لە سەدان پەروەندەی هاوشێوە ددات.

یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی دەوڵەت بریتییە لە پلاندانان بۆ کەڵکوەرگرتن لە هەموو یان لانیزۆری پۆتانسییەلەکانی بەردەست لەمەڕ گەشەکردنی وڵات؛ یەکێک لەو پۆتانسییەلانە هەمان سەنعەتی توریزم یان گەشتیارییە کە ئێران خاوەن پێگەیەکی تایبەتە لەم بوارەدا و ئەگەر بەشێوەیەکی مۆدێرن و ئەمڕۆییانە کاری بۆ بکرێت دەتوانێ بەشێکی زۆری گرفت و کێشە ئابوورییەکانی خەڵک چارەسەر بکات و ببێتە سەرچاوەیەکی گرینگی داهات بۆ هەموو خەڵکی نیشتەجێ لەو جوغرافیایە کە بە ئێران دەناسرێتەوە. بەڵام ئەوەیکە لە کرداردا دەبینرێ ڕێکاوڕێک بەپێچەوانەی ئەم کەتوارەیە! بە چەشنێک کە نەتەنیا هیچ هەوڵێک بۆ گەشەکردنی ئەم کەرتە نەدراوە، بەڵکوو بە پێچەوانە هەوڵەکان لەو ڕاستایەدا چڕ کراونەتەوە کە کەمترین خەڵک لە وڵاتانی دیکەوە سەردانی ئێران بکەن کە ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو ڕوانگە ئەمنیەتییە بێت کە تەواوییەتی کۆماری ئیسلامی بڕوای پێی هەیە و هیچ ئەویترێکی بۆ قەبوول ناکری.

بەپێی دوایین ئاماری فەرمیش ئێران لە پلەکانی نیزیک بە ١٠٠ لە ئاستی جیهانی جێی گرتووە. سەرەکیترین هۆکارەکانی ئەم دۆخەش لەلایەن کارناسانی ئەم بوارە بەم شێوەیە پۆلێن کراون: نەبوونی فڕینی ڕاستەوخۆ بۆ ئێران، دۆخی نەشیاوی ڕیکلام و پروپاگەندا بۆ شوێنە گەشتیارییەکان، نەبوونی هەوڵێکی تۆکمە بۆ وەدەستخستنی بازاڕ، ڕەچاونەکردنی ستانداردەکان بۆ شوێنی حەوانەوەی گەشتیاران و ناوەندە گەشتیارییەکان، بوونی یاساگەلی ئایدیۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ حیجاب و و دەرکەوتنی گەشتیارەکان، نەبوونی هێزی مرۆیی شارەزا، دەستێوەردانی ناوەندە



سەرچاوە
Serchawe

ئەمنیەتییەکان لە کاروباری کەرتی گەشتیاری، نەبوونی پلان و پلاندارِێژی، کەڵکوەرنەگرتن لە تێکنۆلۆژی نوێی جیهانی و دەیان هۆکاری تر کە لێرەدا دەرەتانی باسکردنیان نییە.

جیا لە مەسەلەی گەشتیاری کە وەک باس کرا یەکێکە لە سەرەکیترین سەنعەتەکانی ئەمرۆی جیهان بۆ داهاتی دەوڵەتان و تێیدا وڵاتگەلێکی وەک تورکیە و ڤیەتنام زۆر سەرکەوتوو بوون، کەرتێکی تر کە دەوڵەتەکان ئەرکدارن کاری بۆ بکەن و پلانی وردیان بۆی هەبێ تاکوو خەڵکی ئەو وڵاتە کەڵکی لێوەربگرن و بە یەکێک لە پێشمەرجەکانی پێشکەوتنی وڵاتێک دەناسرێ؛ کەرتی ڕێگەوبان و ڕاگواستنە کە هەم کاریگەری لەسەر کەرتی ئابووریی وڵات هەیە و هەمیش دەبێتە مایەی ئاسانکاری و ئاسایشی هاووڵاتییان. بەڵام لە ئێراندا بەهۆی نەبوونی پلانی ورد و ئەمرۆییانە و ئامادەنەبوون بۆ کەڵکوەرگرتن لە داتا و زانستەکانی سەردەم لەم پێوەندییەدا و هەروەها خستنە ئیختیاری هەموو پۆتانسییەڵەکان لە بەردەم سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی تری ڕێژیم دەبینین کە ڕێگەوبانەکانی ئێران چ ئاسمانی، چ زەوینی و چ دەریایی لەوپەڕی خراپی خۆیاندان و کەم ڕۆژ هەیە کە هەواڵ و ڕاپۆرت لە پێوەندی لەگەڵ مردن و برینداربوون و کەمئەندامبوونی هاووڵاتییان بەهۆی خراپی ڕێگاوبانەکان بڵاو نەکرێتەوە.


مەسەلەی سەرنجراکێشیش ئەوەیە کە بەرپرسانی پێوەندیدار نەتەنیا ئامادە نین کە دان بە کەتوار و ڕاستییەکاندا بنێن بەڵکوو هەموو هەوڵی خۆیان خستۆتە گەڕ تاکوو بە چەواشەکردنی ڕاستییەکان باری قورسی بەرپرسایەتییەکان بخەنە ئەستۆی خەڵکانی تر. بۆ نموونە حەسەن ڕوحانی ئەو کاتە کە سەرۆکی دەوڵەت بوو، سەبارەت بە ناتوانایی دەوڵەتەکەی لەمەڕ نۆژەنکردنەوەی ڕێگەوبانەکان وتبووی هۆکاری ئەم مەسەلە نەبردنەسەری بەڵێنەکان لەلایەن ترامپەوەیە!

٧ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ژیانی پڕتێچوو



**شەماڵ تەرغیبی**

هەواڵدەریی میزان سەر بە دەزگای دادوەریی ڕێژیم باسی لە گرانبوونی ١٠٠ لە سەدی نرخی هەموو جۆرەکانی نان لە تاران کردوە. چەند سەرچاوەیەکی دیکەش باسیان لە دووقاتبوونەوەی نرخی نان لە ١٠ پارێزگای ئێران کردوە و ڕایانگەیاندوە کە بە مەبەستی قەرەبووی تێچووی نانەواخانەکان نرخی نان لە هەموو ئێراندا بەرز دەبێتەوە.

لێرەدا بۆ چوونە نێو باسەی ئەمجارەمان فلاشبەکێک بۆ ساڵی ٩٨ لێ دەدەین؛ پاش گرانبوونی نرخی بێنزین لە خەزەڵوەری ٩٨دا، شەپۆلێکی سەرتاسەری لە نارەزایەتییەکان ئێرانی داگرت، نارەزایەتیگەلێک کە لەلایەن ڕێژیمەوە بە درندانەترین شێوە سەرکوت کرا و لە ئاکامیشدا هەزاران کەس بە دەستی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم گیانیان لە دەست دا.

سەرەڕای ئەوەیکە ڕێژیم ئەزموونی خەزەڵوەری ٩٨ی لە پێش چاوە، ئەم جارە یەکێک لە گرینگترین پێداویستییەکانی ژیانی خەڵک واتە نانی گران کردووە؛ لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆچی سەرەڕای ئەوەیکە ڕێژیم دەزانێ گرانکردنی نرخی نان دەتوانێ نارەزایەتیی سەرتاسەریی خەڵکی بەدواوە بێت، دیسان دەست بۆ ئەم کارە دەبات؟!

تا پێش لە هەڵبژاردنەکان، وەک هەموو دەورەکانی دیکەی هەڵبژاردن، کۆماری ئیسلامی بەدوای ئەوەوە بوو کە بتوانێ ڕەوایی خۆی لە بەناو سندووقەکانی دەنگدانەوە بە دەست بێنێتەوە و بە فریو و درۆ خەڵک بباتە سەر سندووقەکانی دەنگدان تاکوو ئەم پەیامە بە گوێی جیهانییان بگەیەنێ کە کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێکی خاوەن ڕەواییە، بەڵام لە دواهەڵبژاردنەکانی بەناو سەرکۆماری و پێش لەویش لە شانۆگەری دیاریکردنی ئەندامانی مەجلیس، سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ئاخوند و دامودەزگاکانی ڕێژیم، خەڵک لەم شانۆگەرییەدا بەشدار نەبوون و هەڵبژاردنەکانیان بایکۆت کرد. نەچوونی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان ڕێک بە مانای نەمانی ڕەوایی بۆ ڕێژیم بوو، ڕاستییەک کە خودی ڕێژیمیش باش لێی تێگەیشتبوو. هەرچەند سالانێک هەندێ کەس لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە بەدوای گۆڕان و ئالوگۆڕی بنەڕەتیدا دەگەڕان بەڵام دواتر بۆ هەمووان ڕوون بوویەوە کە ئەم سندووقانە ڕواڵەتین و لە ڕێگایانەوە هیچ شتێک گۆڕانی بە سەردا نایەت و ئەوەی کە ڕێژیم بیهەوێ و بڕیاری بۆ دابێت لێیانەوە دێتە دەر، چونکە لەڕاستیدا ئەوە ئاخوندەکانی ڕێژیمن کە بڕیاری کۆتایی دەدەن و تەنیا بۆ وەرگرتنی ڕەوایی بۆ ڕێژیم و درێژەکێشانی دەسەڵات و تاڵانکردنی سامانی خەڵک، بیر لە وەرگرتنی دەنگی خەڵک دەکەنەوە.

بەڵام لە بەناو هەڵبژاردنەکانی پێشوودا و بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان ئەم پەیامە لە خەڵکەوە بە ڕێژیم و دەسەڵاتی ئاخوندی گەیشت کە چیدیکە لە لای ئەوان ڕەوایی نییە، ڕاستییەک کە لە لای خودی ئاخوندەکانیش ئاشکرایە بۆیە بەم شێوازە ناڕەوایە دەسەڵاتدارێتی دەکەن!

لە دوای خەزەڵوەری ٩٨ەوە، دەسەڵاتی جەماران کە هەموو کات لە سوڵتەی ناڕەوای خۆیان و ئەگەری ڕاپەڕین و ناڕەزایەتی خەڵک تۆقیون پێمل بەو ڕاستییە بوونەوە کە دەسەڵاتێکی ناڕەوا تەنیا بە سەرکوتی بەردەوام دەتوانێ درێژە بە تەمەنی بدات، هەر ئەمەشە کە دەبینین ڕێژیم هیچ گرینگییەک بە خواست و پێویستییەکانی خەڵک نادات و تەنیا سیاسەتیی ناڕەوای خۆی بەرەوپێشەوە دەبات.

دەسەڵاتێک کە نە لە ناوخۆ و نە لە دەرەوە ڕەوایی نەمابێت بۆ درێژەدان بە تەمەنی خۆی تەنیا ڕێگای داپڵۆسین و سەرکوت و تاوانکاری دەگرێتە بەر کە سیاسەتی لەمێژینەی کۆماری ئیسلامییە، بۆیە گرانکردنی بنەڕەتیترین و سەرەکیترین پێداویستیی خەڵک واتە نان، دەکرێ لەم لایەنەوە شرۆڤەی بۆ بکرێت؛ ئەوەی ئێستا بۆ ئاخوندەکانی ڕێژیم و تارانی پڕ لە درۆ و تاوان گرینگە، لە دەسەڵات مانەوەی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و حەشدی شەعبی و حیزبوڵلا و هێزە نیابەتییەکانی دیکە لە دەرەوەی ئێرانە، لەم ڕووەوە سفرەکانی خەڵک لە نان بەتاڵ دەبن تاکوو درێژە بە مانەوەی ئەسەد و گرووپە نیابەتییەکانی دیکە بدرێت ، لە لایەکی دیکەشەوە، کۆماری ئیسلامی هیچ ڕەواییەکی لە ناوخۆ و دەرەوە نییە و توانای

خۆی خستووەتە گەڕ تاکوو لە ئەگەری هەر نارەزایەتییەکدا، بە گژ خەڵکدا بچێتەوە و سەرکوتیان بکات.

تاران پێی وایە دەتوانێ هەموو نارەزایەتییەک سەرکوت بکات، هەر ئەو هەڵە زەقەی کە دیکتاتۆرەکانی پێش لە ئەویش کردیان و لە ڕاستیدا ئەزموونیان لێوەرنەگرت، چونکە مێژوو سەلماندوویەتی کە هیچ هێزێک توانای بەرەنگاری لەگەڵ شۆڕشی برسییەکان و شۆڕشی نانبڕاوان نییە!

بابەتێکی گرینگی دیکە کە هەیە ناکارامەیی ڕێژیم و دەسەڵاتدارانە کە بە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە بوونەتە هۆی دواکەوتنی خودی کۆمەڵگای ئێران و لە لایەکی دیکەشەوە ڕێژیم بە هەوڵدان بۆ دەسپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی بووەتە هۆکارێکی گەورە بۆ ئەوەی کە گەمارۆکان لە سەر ئێران زیاد بکرێن کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر دۆخی خەڵک داناوە، کە بێگومان بەتاڵبوونەوەی سفرەی خەڵک بەشێکی زۆری هەر بۆ ئەم ناکارامەییە و بەتاڵانبردنی ژیانی خەڵک دەگەڕێتەوە.

دواقسەش لەم ڕاستایەدا وەک زۆر جاری تریش وتراوە ئەو کەتوارەیە کە تەنیا کاناڵ و ڕێگای دەربازبوون لەم قەیرانانەی کۆماری ئیسلامی کە هەندێک جار بە ئەنقەست و هەندێک جاریش لەڕووی کاڵفامی و نەزانیی خۆیەوە خوڵقاندوویەتی بریتییە لە قەڵەمبازێکی ستراتیژیک بەسەر ڕێژیمدا؛ کە ئەویش بریتییە لە هەوڵێکی جیددیی هەمەلایەنە لەمەڕ نەهێشتن و لەنێوبردنی کۆماری ئیسلامی دەنا لە غەیری ئەوە دەبێ بەردەوام چاوەڕوانی گرانبوونی پەیتاپەیتای پێداویستییەکانی ژیان و پڕتێچووتربوونی ژیانێک بین کە خەڵکی لێی بێزار بووە.

٩ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ڕوانینی "عەلی ئینتزاری"، باوەڕی کۆماری ئیسلامییە



**هەردی سەلیمی**

"عەلی ئینتزاری"، سەرۆکی زانکۆی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانستگەی "طباطبایی" لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی بەناوی "شیوە" لە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی، سووکایەتی و بێڕێزیی بە "ژینا ئەمینی" کرد؛ کە کاردانەوەی خەڵک و تەنانەت دەسەڵاتیشی لێکەوتەوە! ئەمە یەکەم جار نییە کە ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی سووکایەتی بە نەتەوەکان و کەمینە ئایینییەکانی نێو ئەو وڵاتە دەکەن و هەموو جارێ نارەزایەتیی نەتەوەکانیشی بەدوادا بووە، ئایا دەکرێ پێمان وابێ هەڵەیەک ڕووی داوە؟ بێگومان ئەمە دیاردەیەکە و لە حاڵەت و هەڵە دەرچووە و باوەڕێکی چەسپاوە و هەندێک کەسی وەک ئینتزاری دەری‌دەبڕن و هەندێکی تر ئەو باوەڕەیان دەشارنەوە و نایدرکێنن، بۆیە وڵامی ئەو پرسیارە "نا"یەکی زەقە.

لەو کاتەوە کە دەسەڵاتی سیاسیی ئێرانی ئەمڕۆ دامەزراوە و هەر بەدوای شۆڕشی مەشرووتەدا یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتە پەسەند کرا، ئەم یاسایە گوزارشی لە هەڵاواردنێکی نەتەوەیی دەکرد، کە بە درێژایی ئەم ساڵانە هەوڵی بۆ دراوە و ئەم هەوڵەش بەردەوامە. سووکایەتییەکەی ئینتزاری باسی تەتەڵەی زمان نەبوو، باسی ئەوە نەبوو کە تاکی ژینا ئەمینی بداتە بەر ڕەخنە و گلەیی و سووکایەتیی پێبکات، بەڵکوو سەرچاوەگرتوو لەو باوەڕە بوو کە مرۆڤی ئیدەئال لەلای ئەوان "پیاوێکی فارسی شیعە"یە، بۆیە سروشتییە هەرکەسێکی تر لە هەرکام لەم پێوەرانە دوور بکەوێتەوە هەر بە هەمان



سەرچاوە
Serchawe

ئەندازەش ڕێزی لەلای ئەوان دادەبەزێ. ئەم سێ تایبەتمەندییە وەک توخمی باوەڕەکە ئاماژەی پێکراوە و هەم ئەوەی کە لە قسەکانی ئینتزارییشدا جەخت لەسەر ئەم سێیە کرابووەوە، دەنا سنووربەندییەکان بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ئینتسابی و ئیکتسابی زۆر فراوانتر لەوەندەیە.

بە واتایەکی تر و بە شێوەیەکی ڕوونتر بیڵێین ترۆپکی مرۆڤایەتی و مرۆڤی خەونەکانیان، ئەو مرۆڤەیە کە یەکەم لە ڕووی ڕەگەزییەوە پیاو بێت، دووهەم لە ڕووی نەتەوەییەوە فارس بێت و سێهەمیش لە ڕووی ئایینییەوە موسوڵمانی شیعە بێت. بۆیە ژنێک بەهۆی یاساوە ناتوانێ سەرکۆمار بێت، بۆیە لایەنگرانی دەسەڵاتی پێشووی ئێرانیش کە زیاتر لە نیو سەدە خزمەتیان بەو یاسا بنەڕەتییە کرد کەوا بناغەکەی لەسەر هەڵاواردن چندراوە، دروشمی "مرد، میهن، آبادی"یان لە بەرامبەر دروشمی ئاڤانگاردی ژن، ژیان، ئازادیدا دانا. لەم بارەوە نموونە زۆرن بەڵام هەر ئەوەندەش دەرخەری قووڵایی ستراتیژیی بیرکردنەوەیانە؛ بۆیە ژنێکی کوردی سوننی، بە چەند قات لە مرۆڤی دڵخوازی ئەوان دوور دەکەوێتەوە هەتا ئەو جێیەی کە تەنانەت گومانیش دەخرێتە سەر مرۆڤبوونەکەی!

ئاوایە کە گیانی ژینا و ژیناکان لەلای خاوەنانی ئەو تێڕوانین و باوەڕە کەمترین نرخی هەیە و بۆیەش جۆری هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەن جیاواز دەبێت. ئەمە ڕوانگەی بێتەقیە و بێسانسۆری لە گیووەمەدا "مامۆستا"یەکی زانکۆیە کە بەهەڵکەوت لە بەشی زانستی کۆمەڵایەتییشدا شارەزایی هەیە! جا نەخوازە دەبێ ڕوانگەی فەرماندەیانی سپای پاسدارانیان چۆن بێت؟ ئەمە بەهەڵکەوت نییە کە لە دوایین ڕاپۆرتی کومیتەی ڕاستیدۆزینەوەدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پێشێلکەری مافی مرۆییی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان تاوانبار کرا و زیاترین کوشتن و بێسەروشوێن کردن و گرتن و ئێعدامەکانیش هەر بەرامبەر بەو کەمینە نەتەوەیی و ئایینییانە وەک کورد و بەلووچ کران؛ بەڵێ ئەم کردارانەی هێزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی باوەڕ و ستراتیژییەکی بەرنامەداڕێژراوی لەپشتە کە هەرکەسێک بەپێی دوورکەوتنەوەی لە پیاوی فارسی شیعە، بە شێوەی ئۆتۆماتیک وەک دوژمن حیسابی بۆ دەکرێ، هەتا ئەم جیاوازییە زیاتر بێت، دوژمنایەتییەکە ڕوونتر دەبێ.

کەواتە گەر ئەمە باوەڕی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامییە، بۆچی عەلی ئینتزاری لەکار لادرا و سزا درا؟ دەتوانێ ترسی ڕێژیم بێ لە کاردانەوە و ناڕەزایەتیی خەڵک، دەتوانێ پەردەپۆشکردنی ناوی ژینا و ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادی بێت بەو واتایە کەس بۆی نییە بە چاکە و بە خراپە باسێک لەو بابەتە بکات و بیکاتە بابەتێکی بڤە تەنانەت بۆ بەناو کارناسە حکوومەتییەکانیش، دەتوانێ پاشەکشێی ڕێژیمیش بێت تەنانەت، بەڵام نابێ ئەم هۆکارەش لەبەرچاو نەگرین کە دەسەڵاتە پۆپۆلیستەکان بۆ ڕازیکردنی خەڵک هەندێک کردەوە لە خۆیان نیشان دەدەن. بۆ نموونە دەوڵەتی ئێستای ئاڵمان



سەرچاوە
Serchawe

و دەوڵەتی پێشووی بریتانیا لە پێوەندی لەگەڵ پرسی پەنابەراندا تووشی جۆرێک لە قەیران هاتن، لەجیاتی ڕێکارێکی ڕیشەیی پەنایان بردە بەر دەرکردن وەک بڕیاری دیپۆرتی ژمارەیەک لە ئەفغانستانییەکانی ئاڵمان و گەڵاڵەی ناردنی پەنابەران بۆ وڵاتی "ڕواندا" لەلایەن دەوڵەتی پێشووی بریتانیاوە؛ ئەم هەوڵانە بۆ ڕازیهێشتنەوەی کەسانێکە کە گلەییان لێدەکەن و ترسی دەربڕینی نارەزایەتییان لێیان هەیە، بۆیە بێبیرکردنەوە و بە پەلە بڕیارێکی بێبەرنامە دەدەن. هەر ئەم پۆپۆلیزمە خەریکە بە خشکە دەبێتە سیاسەتی ئێستای کۆماری ئیسلامی بە ڕاپەڕاندنی دەوڵەتی پزشکیان؛ بەڵام بێگومان خەڵکی ئێران و بەتایبەت کوردستان فریوی ئەم هەوڵانەشیان ناخۆن، چونکە بەباشی لە باوەڕەکانیان تێگەیشتوون کە لەسەرووی هەموویەوە دژایەتیی ژنان و نەتەوە و ئایین و ئایینزا جیاوازەکانە و ئەم باوەڕەش کە هەڵاواردن و دوژمنایەتیی لێ شین دەبێ هەمیشە و ئێستاش لە دەستووری کاریاندا بووە و هەیە .

١٠ی خەرمانانی ٢٧٢٤

---

# پەڵەی ڕەش




**شەماڵ تەرغیبی**

به فەرمان و بڕیاری ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە لە دوایین ڕۆژەکانی ژیانی خۆیدا دەری کرد و لەڕاستیدا درێژکراوەی فەرمانی بەدناوی جیهادی ناوبراو بوو، گەورەترین کوشتاری بەکۆمەڵ ئەویش لە گیراوە سیاسییەکان دەستی پێکرد. لە ماوەیەکی کورتی چەند مانگەدا چەند هەزار کەس لە نەیاران و جیابیرانی دەسەڵاتی ئیسلامی کە بەشێکی زۆریان چاوەڕوانی ئازادبوونیان دەکرد، لە بێدادگا چەند خولەکییەکانی ڕێژیمدا سزای ئێعدام کردنیان بۆ دەرکرا و لەناکاو لە سێدارە دران.

قۆناخی یەکەمی ئەم کردەوە دڕندانەیە لە هاوینی ١٣٦٧ی هەتاویدا دەستی پێکرد و لە مانگی خەرماناندا گەیشتە چڵەپۆپە و هەتا پاییزی ئەو ساڵە درێژەی کێشا و تەنانەت بەشێکیان وەرزی زستان ئێعدام کران. بەشێکی بەرچاو لەم قوربانییانە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا نێژران و شوێنی نێژرانیان واتە "خاوەران" تا ئێستاش لە کەسوکاری لە سێدارەدراوەکان شاردراوەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

هاوینی ساڵی ١٣٦٧، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی، دوای هەشت ساڵ شەڕی ماڵوێرانکەر لەگەڵ ڕێژیمی بەعس ناچار بە فڕکردنی جامی ژەهر بوو و بە شێوەیەک لە شێوەکان شکستهێنانی لە شەڕدا قەبووڵ بکات. ئەوە کاریگەریی پتری لەسەر وەرەی ڕێژیم و دڕندەخوویی زیاتری شەخسی خومەینی دانا، هەر بۆیە لە هەوڵدا بوون ئەم شکستە قەرەبوو بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە فەرمانێکی ڕەشبیرانەدا، بێڕەحمانە و بە دڵڕقییەکی لەڕادەبەدەر هەزاران لاوی ئازادیخوازی لە بێدادگاکانی خۆیدا گوللەباران کرد. هۆکاری سەرەکیی ئەم زنجیرە ئێعدام کردنانە کاروکردەوە و هەرەسهێنانە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێژیم بوو.

ئەوە ڕاستییەکی سەلماوە کە گرتن و ئەشکەنجە و کوشتار و قەڵتوبڕی خەڵک لە لایەن ڕێژیمەوە دیاردەیەکی نوێ و جێگەی سەرسووڕمان نییە، ئەوە زیاتر لە ٤٠ ساڵە دەسەڵاتدارانی ئەم حکوومەتە ئاسمانییە تانوپۆی لەگەڵ تاوان و کۆمەڵکوژی تەنراوە و بە تەواوەتی لەگەڵ هەرچەشنە دڕندەییەک ئاوێتە بووە. ئێستاش پاش ٣٦ ساڵ لە تێپەڕینی ئەم کارەساتە، تینوویەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە خوێنی بەندکراوانی سیاسی نەشکاوە و کوڵی مرۆڤکوژییان دانەمرکاوە. ئێستاش ڕۆژ نییە گرتن و ئەشکەنجە و ئازار، لە سێدارەدان، بێڕێزیکردن و دەستدرێژیکردنە سەر بەندکراوەکان لە ئێرانی ژێر حوکمی ئاخووندیدا ڕوو نەدەن.

ڕێژیم بە تەما بوو بە پاکسازیکردنی زیندانەکان لە ڕێگەی ئێعدامکردنی بەکۆمەڵی ئەوانەوە، وا بنوێنێ کە پاش شەڕ لەگەڵ عێراق و کێشەی نێوخۆیی سەرانی دەسەڵاتدار، لە ئێراندا هیچ چەشنە کێشە و ئاریشەیەک لە ئارادا نییە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەتا ئەمڕۆش ڕەوتی دەستبەسەرکردن و بێسەروشوێن کردن و لەسێدارەدانی خەڵک لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا هەر بەردەوامە و، لە بەرانبەردا چالاکانی سیاسی و مافەکانی مرۆڤ زیاتر سوورن لەسەر درێژەدانی خەبات، خەباتێک کە ڕێژیم ناتوانێ بە هیچ شێوەیەک سەرکوت و بێدەنگی بکات. ئەم خەباتە بە چەشنێک کەوتۆتە سەر پێ کە تا سەرکەوتن و دابینبوونی ویستەکانی هێور نابێتەوە. لەڕاستیدا دەبێ بڵێین سەرانی ڕێژیم وێنایەکی ئەوتۆیان هەبوو دەنگی ئازادیخوازی و جیابیری بۆ هەتاهەتایە لە ئێران کپ دەکەن، بەڵام هەر ئەو گرتووخانانەی کە ٣٦ ساڵ لەمەوبەر بە لەسێدارەدانی چەند هەزار کەس چۆڵ کران، ئەمڕۆ هەموویان بە بەندکردنی ڕۆڵە ئازادیخوازەکان ئاخنیون، ئەویش ئەوەیکە لەو گرتووخانەگەلەدا چی ڕووی دا و بارودۆخی دەستبەسەرکراوان بە چ شێوەیەکە، بە جێگای خۆی. سەیر لەوەدایە کە قاتڵان و بەڕێوەبەرانی قەتڵەکانی دوێنێ و یەک لەوان کوشتاری زیندانیانی سیاسیی ساڵی ٦٧، ئێستا بە وەڕێخستنی شانۆگەرییەکانی وەک هەڵبژاردن و شەڕی دەسەڵات و پێشبڕکێی دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی خەڵک و داکۆکیکارانی گەڕانەوە بۆ بنەماکانی خومەینیزم لە هەوڵی خۆڵ لە چاوی خەڵک کردنن غافڵ لەوەیکە خەنەیان لای خەڵک ڕەنگی نەماوە.


سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٤

ئەوەیکە ڕوونە و ناشاردرێتەوە لەڕاستیدا ئەو کەتوارەیە کە ڕەوتی ئازادیخوازی لە هیچ شوێنێکی دنیا بە کوشتن و خوێنڕشتن دانەمرکاوە و بە پێچەوانەوە مێژوو سەلماندوویەتی کە دواجار ئەوە لایەنی ڕووناکییە کە زاڵ دەبێ بەسەر ڕەشایی و تاریکیدا.

١٣ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# سەرکوتی سیستماتیک لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا




سمایل شەرەفی

بە مەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵک و پێشگرتن لە هەر جووڵەیەکی نارەزایەتی و چالاکیی تایبەت بە ساڵوەگەڕی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا، کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی خۆیەوە، گەڕێکی دیکە لە سەرکوتکردنی لەنێو کۆمەڵگەکانی ئێراندا دەست پێ کردۆتەوە.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاویان کردووەتەوە لە ماوەی یەک بۆ دوو حەوتووی ڕابردوودا تەنیا لە شار و ناوچەکانی کوردستان، ڕەوتێکی نوێ لە دەستبەسەرکردنی لاوان بە بیانووی جۆراوجۆر لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە و بە شێوەی سیستماتێک خەریکی بەڕێوەچوونە. هاوکات لەگەڵ دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسیی و مەدەنی لە کوردستان، لە زۆربەی شوێن و ناوچەکانی ئێران، گوشار بۆ سەر زیندانیانی سیاسی لە زیادبووندایە و هەر لەو چەند ڕۆژەدا لە لایەن بێدادگاییەکانی ڕێژیمەوە، حوکمی قورس و گران بەسەر چەند کەس لەوانەی بەشدارییان لە بزووتنەوەی ژینادا کردوە، داسەپاوە. گوشار خستنەسەر خوێندکاران و بێبەشکردن لە مافی خوێندن بە بیانووی جۆراوجۆری وەک لەبەرچاونەگرتنی حیجاب و بەشدارییان لە بزووتنەوەی ژینادا، بەشێکی دیکە لەو سەرکوتە سیستماتیکەیە کە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم

لە سەروبەندی ساڵرۆژی ژینادا گرتوویانەتە بەر و لە پەرەسەندندایە.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بە تێکڕایی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانیان لەسەر چالاکانی کرێکاری لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا زیادی کردوە و چەندین کەس لە چالاکانی کرێکاری بە تاوانی ناڕەزایەتیدەربڕین بەرانبەر بە یاسای کار و دواکەوتنی حەقدەستەکانیان دەستبەسەر کراون و چالاکانی بەندکراوی کرێکاری لە زیندانەکان لەژێر گوشاردان و ڕۆژانە جیا لە پشتگوێخستنی داواکانیان، بێڕێزی و سوکایەتییان پێ دەکرێ.

بەپێی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی ناوەندەکانی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاویان کردۆتەوە، تەنیا لە شاری مهاباد لە ماوەی یەک حەوتووی ڕابردوودا پێنج کەس لە لاوانی ئەم شارە لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کراون. بەشێک لەم دەستبەسەرکراوانە لە بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوەی ژینان و بە بێئاگاداریی پێشوەختە، لە ڕێگای هەڵکوتانەسەر ماڵەکانیان قۆڵبەست کراون و بۆ شوێنی نادیار ڕاگوێزراون.

هۆکاری دەستبەسەرکردنی لاوان و چالاکانی سیاسی جۆراوجۆر و بێبنەمان؛ هاووڵاتییەکی خەڵکی ئاوایی قۆزڵوی ناوچەتی هەوشار بە ناوی ناسر مرادی دوای تێپەڕینی شەش مانگ لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ، بە تاوانی بەشداری لە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی نەورۆزی و کردنەوەی ئاوری نەورۆز دەستبەسەر کراوە.

ڕامیار ئەبوبەکری، مێرمنداڵی تەمەن شازدە ساڵەی مهابادی کە برای یەکێک لە شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا بەناوی زانیارە، چەند ڕۆژ پێش ئێستا بە بێ مۆڵەتی یاسایی هێرش کراوەتە سەر ماڵیان و دوای لێدان و سوکایەتیکردن بە بابی، دەسبەرسەر کراوە و تا ئێستا بنەماڵەکەی لە وەرگرتنی هەر جۆرە زانیارییەک سەبارەت بە چارەنوسی ڕامیار بێبەش کراون.

مەنیژە خۆشنوود، هاووڵاتییەکی دیکەی دەستبەسەرکراوی خەڵکی بۆکان سەرەڕای تێپەڕبوونی ٢٥ ڕۆژ لە دەسبەسەرکرانی، هێشتا دەسبەسەر و چارەنووسی ناڕوونە. بە ناڕوونی هێشتنەوەی چارەنووسی بەندکراوان بەتایبەت لەو سەروبەندەدا، یەکێکی دیکە لە ڕەفتارە پێشێلکاری و سەرکوتکارییەکانی ڕێژیمە کە، تەنیا ئامانجیشیان بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنە. دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا بەتایبەت لە کوردستان بەرچاوتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستان، چەند ڕۆژ پێش ئێستا هێزەکانی ئیتلاعاتی سوپا هەڵیانکوتایە سەر ماڵی لانی کەم ٨ چالاکی مەدەنی و ژینگەپارێزی خەڵکی گێلان لە پارێزگای

کرماشان بە ناوەکانی؛ محەممەد پەروین، ماریا خانی، جەهانگیر ئازادی، لوتفوڵڵا پەرویز، حەمیدڕەزا ڕەحیمیان، سەلمان پەرهان، عەلی فەرەج خانی و مستەفا ڕۆستەمی و دوای بەکارهێنانی توندوتیژی و بێڕێزیپێکردنیان دەستبەسەریان کردن.

هەر بەپێی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاویان کردۆتەوە؛ لێپرسینەوە لە دۆسییەی تۆمەتبارکراوانی چەند مانگ و ساڵی ڕابردوو، هەڵدانەوەی زۆرێک لە حوکمە کۆنە بەسەرداسەپاوەکان، بانگکرتنی تۆمەتباران و بەڕێوەچوونی حوکمە داسەپاوەکان و بانگکردنی چالاکانی مەدەنی و سیاسی بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە ماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا و لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا -کە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵ دوو ساڵەی ئەم بزووتنەوە مێژووییەی کوردستان و ئێرانە- زیاتر لە جاران بووە و بەرچاوە.

هەر وەک ئاماژەی پێ درا ئەم سەرکوتە سیستماتیکە سەرلەنوێیەی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا، ئامانجی تایبەتی لە دوایە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم ڕێگاوە هەم دەیهەوێ خەڵک چاوترسێن بکات و ئەو پەیامە بدات کە هەزینەی هەر جووڵەیەکی نارەزایەتیدەربڕین دەتوانێ چەندە قورس بێت و هەم نیشانە لە ترس لە ڕاپەڕینێکی دیکەی خەڵکە.

کوردستان لەم ترس و نیگەرانییەی ڕێژیمدا ئامانجە سەرەکییەکەیە، بۆیە زۆرترینی ئەم سەرکوتکاریانە لە شارو ناوچەکانی کوردستانە. کوردستانێک کە بە درێژایی تەمەنی پڕ لە سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، سەمبولی بەگژداهاتن و لێبڕاوبوون لە سەر دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خۆیە بووە و هەیە. وەک لە بزووتنەوەی ژیناشدا نیشانیدا دەتوانێ بۆ بزووتنەوەی سەرانسەری لە ئێران دژ بە دیکتاتۆری و هەوڵدان بۆ گەیشت بە ئازادی و بنیاتنامەوەی وڵاتێکی دێموکراتیک ببێتە "چاو و چرا."

١٥ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# "دژوار ژیا و بێکەس مرد(*) "




**قادر وریا**

چەند ڕۆژێکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی فەیسبووک، پڕ بووە لە دەربڕینی داخ و پەژارەی بەکارهێنەرانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مەرگی نووسەرێک کە هیچ کتێب و نامیلکەیەکی چاپکراوی لێنەدیتووە، تەنیا لە فەیسبووک و لە ئەکاونتی خۆیدا، چەند ساڵێک بوو دەینووسی.

بێهزاد سەیفی، خەڵکی مەهاباد لە ساڵی ٢٠١٢ەوە لە فەیسبووک هەبووە، بەڵام بە شایەدیی ئەو پۆستانەی داینەون لە ساڵانی دواتردایە کە بە نووسین چالاکتر دێتە مەیدان. لە ٢٠١٤ەوە هەتا دەگاتە کۆتاییەکانی ٢٠٢٢، ساڵ بە ساڵ زیاتر نووسینی هەیە، ئەویش چ نووسینێک؟!

بێهزاد، بە زۆری بە زمانی فارسی دەینووسی. ئەوەش بەلای منەوە بۆ کەسێکی کە بۆخۆی لە دایک و بابێکی تورک بووە و بە فارسی خوێندوویەتی، با لە مەهابادیش گەورە بووبێت، شتێکی سەیر نییە. گرنگ نێوەرۆکی نووسینەکانی و شێوازی ئەو نووسەرەیە. ئەگەرچی من لە ٢٠١٧ەوە لە ڕیزی دۆستانی فەیسبووکی ئەودام، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستاش فریا نەکەوتووم

هەموو نووسینەکانی بخوێنمەوە؛ بەو حاڵەش لە ڕێگەی ئەوەندە نووسینانەی لێم خوێندبووەوە، بە چەند ڕاستییەک گەیشتبووم:

**یەکەم**. شێوازێکی تایبەت بە خۆی لە نووسیندا هەبوو. بە فارسی دەینووسی و لەگەڵ ئەوەی زاڵبوونێکی تەواوی بەسەر زمانی فارسیدا پێوە دیاربوو، بەئەنقەست هێندێک دەربڕینی کوردی، دەقاودەق و هەر وەک خۆیان تێهەڵکێشی دەقە فارسییەکەی دەکرد. ئەم تێکهەڵکێشانە بۆ فارسیخوێنێک کە کوردی نەزانێت، دەردەسەریی خۆی هەیە، بەڵام بۆ کوردێک کە فارسی بزانێت، دەقەکەی لەلا شیرینتر دەبێت. لە ڕووی دارشتنی دەقیشەوە، من وام هەست دەکرد نووسەرێکی تایبەتە. دەیزانی چۆن دەست پێ بکات و خوێنەر بەدوای خۆیدا هەتا کۆتایی ڕابکێشێت؛ چۆن یەکە یەکەی ڕووداوەکان لێک گرێ بدات، بێ ئەوەی پێوەندیی ڕووداوەکان بەیەکتر بکاتە مەتەڵێکی ئاڵۆز و مێشکی خوێنەریان پێوە ماندوو بکات. سەرچڵی مەبەستەکەی، یان ئەکتەری سەرەکیی چیرۆکەکەشی هێندێک جار بە شاراوەیی دەهێشتەوە بۆ ئەوەی لەدوا وێستگەدا وەک پاداشی هاتن هەتا کۆتایی، بۆ خوێنەری بدرکێنێت.(١)

**دووهەم**. وەک لە نووسینی داخنامەی ئەم ڕۆژانەی چەند کەسێک بەبۆنەی مەرگی ئەو مرۆڤەدا هاتبوو، بە ڕاستی بێهزاد سەیفی، قەڵەم و دەنگی بێبەشان و زۆرلێکراوان بوو. بەسەرهاتی ئەو مرۆڤانەی دەنووسییەوە کە ڕۆژگارێک ژیانێکی بەختیارانە و ئاساییان هەبووە، بەڵام چەرخی چەپگەرد دواتر تووشی نەهامەتی و ڕۆژڕەشیی کردبوون. ببوو بە نووسەری سەربردەی ئەو کەسانەی دایکیان بە بێوەژنکۆشی گەورەی کردبوون و پیی گەیاندبوون، بەڵام ڕووداوێکی زەمانەی غەدار، تەقینەی گوللەتۆپ یان خومپارەیەک، گوللەیەکی وێڵ، ڕەشبگیری و ڕەشەکوژیی هێزە سەرکوتکەرەکان و پەتی سێدارەی ڕێژیمی تاریکی و تاوان، یان غەدر و جەفای دەستڕۆیشتوویەکی نێو کۆمەڵ، ڕێڕەوی ژیان و چارەنووسی خۆیان و بنەماڵەکەی گۆڕیبوون. خەون و زیندەخەون و نزا و پاڕانەوەی ئەو دایک و باوکانەی دەنووسییەوە کە خۆیان و منداڵەکانیان، شەوان بە برسیەتی سەریان ناوەتەوە. نووسینەکانی مەیدانی ململانێی نێوان تاریکی و ڕووناکی، بێدادی و دادپەروەری، دزێوی و جوانی بوون. ئەوینە پاک بەڵام ناکامەکان، ستەم و دەستدرێژی و درۆی نامەردان لەگەڵ کیژانی ساویلکە، دەیان بەڵا و ڕۆژڕەشیی دیکە کە کچان و ژنان لە کۆمەڵی ئێمەدا لەگەڵیان بەرەوڕوون، تەنانەت ئەو مرۆڤە چارەڕەشانەی کۆمەڵ و کولتوور، چارەنووسی لەشفرۆشیی بەسەردا سەپاندوون، هەوێنی نووسینەکانی بێهزاد و مایەی فرمێسک هەڵوەراندنی خوێنەرانی بوون.

**سێهەم**. بێهزاد سەیفی ڕەخنەگر بوو. بە هۆی نووسینەکانی ڕەخنەی لە چەوسانەوە و لێکەوتە دژە مرۆییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و سیستەمی ئابووری، سەرکوت و سانسۆری خنکێنەر، دیوە دزێوەکانی کولتوور و ئایینی زاڵ، هەڵسوکەوتی

کۆمەڵایەتیی پڕ لە ڕیا و چاوبەست و نایەکسانی، کەلێن و مەودای چینایەتی و پێخوستکرانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لەو وڵات و کۆمەڵ و ژینگەیەدا دەگرت کە بۆ خۆی تێیدا گەورە ببوو، لەنێویدا دەژیا و کەسایەتی و هەست و هزر و قەڵەمەکەی کەوتبووە ژێر کاریگەرییان. بە خوێندنەوەی پۆستەکانی و ڕامان لە وێنە و کاریکاتۆر و وتە و ڕستەکانی ژێریان بە هاسانی بۆت دەردەکەوت کە بێهزاد زۆرترین نەفرەت و بێزاریی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە، دڵی لای ڕێبەران و تێکۆشەرانی خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ ڕزگارییە. کەم واهەبوو پۆستێکی بێهزاد بخوێنییەوە و شوێنپێیەک لە سەمبولەکانی خەباتی نەتەوەیی هاوچەرخی کورد، فەرماندەرانی شەهید و پێشمەرگە قارەمانەکانی شارەکەی، بەدی نەکەیت.(٢) لەخۆڕانەبوو بە دەیان تێکۆشەری سیاسی و چالاکانی کولتووریی ڕۆژهەڵات کە لە نیشتمانی خۆیان تەرە بوون، لە بن پۆستەکانی کۆمێنتی دەستخۆش و ڕەزامەندییان دەنووسی.

بێهزاد لە کاتێکدا ببووە دەنگی بێبەشان کە ژیانی خۆی لەوپەڕی ناخۆشیدا بوو. ژیانی بنەماڵەیی لێکهەڵوەشابوو. هاوسەرەکەی لێی جیا ببۆوە، خۆی بەرعۆدەکردبوو کە نەفەقەی منداڵەکانی و مارەیی دایکیان بدات. لە لایەک دەیەویست شەرافەتمەندانە بژی و بە ڕەنجی شان و باهۆی خۆی، بژیوی خۆی و پارەی نەفەقە و مارەیی پەیدا بکات، لە لایەکی دیکە دۆزینەوەی کارێک کە بەو بکرێت و بە کرێیەکەی ژیانی خۆی و ئەرکەکانی پێ جێبەجێ بکات، دژوار بوو. بۆ خۆی لەم بارەیەوە نووسیویەتی:

...."نەفەقەی مانگانە و مارەیی مانگانە، پشتی شکاندبووم. هیچ کارێکم ڕێک و ڕاست نەدەهات. نەمدابا، حوکمی گرتنم لەسەر بوو. هەر بۆیەش ڕووم لە زۆر کار و زۆر کەس نا. یارمەتییان دام. بەڵام قەت کارێکم نەکرد خەڵک و خاکم بفرۆشم. تەلەڤیزیۆنە داشقە شکاوەکەی سنە گوتی: "وەرە ٦٠ نمایش بنووسە، سەبارەت بە ژیانی ٦٠ پێشمەرگەی موسوڵمان و ئەوەندەت دەدەینێ." گوتم نا! بە شەپ وەدەریان نام. تەلەڤزیۆنە شڕەکەی مەهاباد گوتی: "وەرە بەرنامە بنووسە، سەبارەت بە "دستاوردهای جمهوری اسلامی در مهاباد". گوتم دەستاوەردی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ کەس؟ یان قەڵاچۆی خەڵک لە مزگەوتی ئیندرقاش؟ یان ئەو گشتە جەوانە موعتادە؟ گوتیان لە خۆت هەڵدە! لەو لاش گوتیان وەرە دژی ئەم خەڵکە چیرۆک بنووسە تا پارەت دەینێ! گوتم پێنووسم نانووسێ! گوتیان "گە اضافی بخوری میندازیمت یە عمری آب خنک بخوری".(٣) گاوداری و ڕیخۆڵە و پیسایی مەڕ و ماڵات نەما خاوێنی نەکەمەوە. مورغداری چووم، بۆگەنیوی مریشکەمردوو تووشی ئاسمی کردم. بیمەیان ڕەد نەکردم و دوایەش کوتیان هێرری.

ڕووم لە نووسین کردەوە. لە سەد دەرگام دا. هەر سەد دەرگا، لێم بوون بە دیوار. تووشی نەخۆشیی ئەعساب هاتم و دایم تووڕە و تۆسن و خواردنی دپاکین و سرترالین و چەند جۆر حەبی دی. لە نووسین کەوتم. دوو سێ ساڵ لەوە پێش،

هیندێک دۆست یارمەتییان دام. بەڵام دوایەکەی، باس و قسەم بۆ ساز کرا. خزامە دیوێکی نمناک و تەڕاویی ماڵە دایکم و خەم و پووڵی سیگار، بووە گەورەترین خەمم. فشاری نەفەقە و مارەیی، تا ئێستا تووشی چڵ پەنجا میلیۆن قەرزی کردووم.

بەڵێ لەو دونیا حەوت میلیاردە و، لەنێو ئەو کوردە چل میلیۆنییە، کوردێک پەیدا بووە و بە زمانی خۆی دەڵێ "داماو"ی. بەڵێ، داماوی داماوم. کچی جەوانم سێ جار خۆی کوشت و نەمرد. ئێستا برینی گەروو و مێعدەی بابی هێناوەتە بەرچاوی. هەر چەند کە ساڵێ جارێکیش ناتوانم بیانبینم. جا دڵتان پێم دەسووتی، لۆمەم دەکەن، جنێوم پێ دەدەن و بە خوێڕی و زەعیفم دادەنێن، کەیفی خۆتانە... "(٤)

مەرگی بێهزاد لە ڕۆژی ٨ی خەرمانان (٢٩ی ئاگوست)ی ئەمساڵ، لە تەمەنی ٥٠ ساڵیدا و دوای دوو ساڵ نەنووسین و بێدەنگی، وێستگەی کۆتایی ئەم ژیانە کوڵەمەرگییە بوو. ئەم مەرگە ئەنجامی هەموو ئەو نەخۆشی و گوشارانە بوو کە ژیانیان لێ کردبووە دۆزەخ؛ بەرهەمی ناهومێدبوون بوو لە "حەوت میلیارد مرۆڤی سەرتۆپی زەوی و بە تایبەتی ئەو چل میلیۆن کورد"ەی کە بێهزاد، بە جوانترین نووسین و خەمینترین وشەکان، باسی خەم و ئازارەکانی دەکردن. بێهزاد بەو مردنەی، مرۆڤایەتی، بە تایبەتی ئەوانەی بە دۆخی نالەباری ئەویان دەزانی و دەیانتوانی دەستی بگرن بەڵام نەیانکرد، شەرمەزار کرد.

بەو هیوایەی مەرگی ناوەخت و بێکەسانەی هاندەری هەموو مرۆڤێکی بەویژدانی کوردستانەکەی بێهزاد بێت بۆ ئەوەی ناهومێدبوون لە ژیان، سەرمایە بەنرخەکانی دیکەی وەک بێهزادمان ئاوا هاسان لێنەستێنێت.

***

## پەراویز:

(*) سەردێڕی ئەم بابەتەم لە ناوی شێعرێکی نەمر شێرکۆ بێکەس وەرگرتووە و بەپێی نێوەرۆکی ئەم نووسینەم گۆڕیوە. سەردێڕەکە لە بنەڕەتدا بەم جۆرەیە: "دژوار ژیا و سانا کوژرا."

١- ئەمە لینکی ئەکاونتی بێهزاد سەیفی لە فەیسبووکە. هیوادارم هەتا فەیسبووکەکەی دانەخراوە کەس یان کەسانی وا هەبن نووسینەکانی کۆپی بکەن و بیانپارێزن، بەڵکوو بکرێن بە کتێبێک و لە فەوتان ڕزگاریان بێت.
https://www.facebook.com/behzadseify.Forgotten



سەرچاوە Serchawe

٢- لە ٢٠١٧ چەند هاوڕێیەک ئاگاداریان کردم کە کاک بێهزاد دەیهەوێت بێت بۆ نێو حیزب و ببێت بە پێشمەرگە. لە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب، هاسانکاریمان بۆ کرد و کەسی تایبەتمان بۆ ڕێنوێنی کردن و هێنانی ڕاسپارد، بەڵام دوایە سەبارەت بەو ئەرکانەی لە پێوەندیی لەگەڵ هاوسەری پێشوو و منداڵەکانی کەوتبوونە سەرشانی، لە بڕیارەکەی پاشگەز بۆوە.

٣- وەرگێڕاوی ڕستە فارسییەکە" گووی زیادی بخۆی، دەتخەینە بەندیخانە بۆ ئەوەی تەمەنێک لەوێدا بتلێیەوە."

٤- ئەم چەند پەرەگرافەم لە نووسینێکی بێهزاد وەرگرتوە کە بەڕێز ناسری سینا بە بۆنەی مەرگی نووسەر، لەسەر دیوارەکەی خۆی بڵاوی کردووەتەوە.

١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# شکۆی پووشاڵی



**ڕۆژە میدیا**

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بە هەڕەشە و گوڕەشە لە ئامریکا و ئیسڕائیل و ڕۆژاوا وێژمانی سیاسیی فەرمیی خۆی داڕشت و هەتا ئەمڕۆش ئەم هەڕەشەیە بۆ لەنێوبردنی ئیسڕائیل بەردەوامە. ڕێژیم تەنانەت ڕێکەوت و ڕۆژژمێری بۆ لەنێوبردنی ئیسرائیل لەسەر بیلبۆرد لە بەرچاوی خەڵک دانابوو و هەمیشە وەکوو غودەیەکی شێرپەنجە ناوی ئیسرائیلی هێناوە و بەڵێنی بە لایەنگران لە نێوخۆ و هێزە نیابەتییەکانی لە دەرەوە داوە ڕۆژێک ئەم گرێ شێرپەنجەیە بنەبڕ دەکا و لەسەر گۆی زەوی پاکی دەیسڕێتەوە. ڕوونە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئەو هێز و توانایە لە خۆیدا شک ببات، دوور نییە ئەم هەڕەشانە بگەیەنێتە ئەنجام.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێناوی ئایدۆلۆژیی سیاسیی خۆیدا و لە چەند دەیەی ڕابردووشدا بە دروستکردنی میلیشیا و هێزە پرۆکسییەکانی لە ناوچەکە بەتایبەت لە وڵاتانی یەمەن، عێراق، سووریە، لوبنان و فەلەستین بووەتە هۆی ناسەقامگیری و قەیرانخوڵقێنی لە ناوچە و خەسار و ماڵوێرانی بۆ خەڵکی ئەم وڵاتانە و هەروەها بۆ سەرئێشە بۆ ئیسرائیل و ئامریکا و ئەمنییەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا. لەلایەکی دیکەشەوە سیاسەتی نەرمینواندنی ئامریکا لەم

ساڵانەدا بووەتە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئارخەیانتر و بە دەستکراوەیی پترەوە پڕۆژە سیاسی و ئەمنییەتییەکانی بباتە پێشێ. هەر ئەوەش بوو کە پاش هێرشی حماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی وەکوو پاش ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ بردە قۆناغێکی ترەوە ، کۆماری ئیسلامی لە تاران شایی و ئاهەنگی گێڕا و شەقام و گۆڕەپانەکانی ئەو شارەی بە ئاڵای حەماس و بەناو میحوەری بەرگری ڕازاندەوە.

جۆری باسکردن لەو ڕووداوە و هەڵسوکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەر یەکەم ساتەکانەوە وای دەردەخست کە ڕێژیم خۆی ڕاستەوخۆ دەستی لەم هێرش و دەستدرێژییەدا هەبووە و ئەم جینایەتە پیلان و نەخشەی مەلاکانی تاران بووە. بەڵام زۆری نەخایاند خۆشی و شادی و بزەی سەرلێوی مەلاکانی تاران جێی خۆی دا بە ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکی قووڵ و جیددی. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کاتێک بە تەواوی دڵنیا بوون ئیسرائیل زۆر بە توندی و ڕاشکاوانە وڵامی بکەرانی ئەم جینایەتە دەداتەوە، هەر زۆر زوو ڕیسەکەیان لێ بۆوە بە خووری، و خۆشی و شادییەکەیان جێی خۆی دا بە نیگەرانی و ترس لە وڵامدانەوەی ئیسرائیل. بەمجۆرە بوو کە عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە وتارێکدا بۆ میدیاکان ڕایگەیاند ڕێژیمەکەی هیچ دەور و ڕۆڵێکی لەم هێرشەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیلدا نەبووە و ئەوان هیچ لەم هێرشە ئاگادار نەبوون و ئەگەری هەر جۆرە دەستێوەردان و بەشداری کۆماری ئیسلامی لەم هێرشەدا ڕەت دەکەنەوە.

حاشاکردنی کۆماری ئیسلامی لەوەی هیچ پەیوەندییەکیان بەو هێرشەی حەماس نەبووە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ترسە زۆرەی مەلاکانی تاران و دەسەڵاتبەدەستانی تاران لە ئیسرائیلیان هەیە. ئەوە لە حاڵێکدایە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و لە سەرووی هەمووانەوە خومەینی و خامنەیی، ڕێبەرانی پێشوو و ئێستای ڕێژیم هەر لە یەکەم ڕۆژانی دامەزرانی کۆماری ئیسلامی بەڵێنیان داوە ڕۆژێک ئەم غودە سەرەتانییە لەنێو دەبەن و هەمیشە خۆیان بۆ خەڵکی نێوخۆ و هێزە نیابەتییەکانیان لە ناوچە وەکوو هێزێکی باڵادەست بەرامبەر بە ئیسرائیل نیشان داوە. بەڵام دوا پێشهاتەکانی هێرشی ٧ی ئۆکتۆبر و لەم دواییانەدا کوشتنی سمایل هەنیە لە تاران دەریخست کە هەڕەشە و گوڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەو شکۆیەی باسیان دەکرد جگە لە فڕوفیشاڵ هیچی تر نییە. وەک چۆن ئێستا مانگێک دوای کوشتنی سمایل هەنیە کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا بوێری ئەوەی نەبووە وڵامی ئیسرائیل بداتەوە و زۆر زەلیلانە و داماوانە هەوڵ بۆ خۆدەربازکردن لە وەها وەڵامێک دەدا.

ئەوە کە ڕێژیم مەرج دادەنێ بۆ وڵامنەدانەوە لەو ترسەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە ئیسرائیل هەیەتی. دەسەڵاتێک کە هیچ شەرعییەتێکی لای خەڵکی وڵاتەکەی خۆی نەماوە باش دەزانێ لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل کە دیارە پشتیوانی ئامریکا و ڕۆژاواشی دەبێ دەسەڵاتەکەی پێشتر هەر لەلایەن خەڵکی وڵاتەوە دادەڕمێ. هەر بۆیە سەرشۆڕانە و

داماوانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەقینە لەگەڵ ئیسرائیل خۆ دەبوێرێ. جیا لەوەش ڕێژیم کە لە ڕووی ئابوورییەوە هەرەسی هێناوە، هەروەها هێزی نیزامیی نەک بۆ هێرش تەنانەت بۆ بەرگرییش نییە و لە وەفاداریی هێزە سەربازییەکانیشی دڵنیا نییە؛ قەت ناوێرێ خۆی لە قەرەی تێکگیران لەگەڵ ئیسرائیل و تەنانەت هەر لایەنێکی دیکەی دەرەکی بدات.

کوشتنی ئیسماعیل هەنیە لە دڵی تاراندا و کوژرانی نوخبە ئەتومی و نیزامییەکانی ڕێژیم لە یەک دەیەی ڕابردوو لە ئێران و شوێنەکانی دیکە نەک بۆ ئیسرائیل، بەڵکوو بۆ هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیمی دەرخستووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران فسفس پاڵەوانە و هێز و دەسەڵاتەکەی بە فوویەک بەندە. هەروەها ڕێژیمێک ئەوە وەزعی بێت و نەتوانێ خۆی بپارێزێت، چۆن دەتوانێ بەرگری لە هێزە پرۆکسییەکانی بکات، بۆیە دوور نییە لەوە بەدوا چاوەڕوانی هەڵوەرینی میلیشیا کرێگرتەکانی کۆماری ئیسلامی و دەرکەوتنی چەندقاتی لاوازییەکانی ئەم ڕێژیمە بین.

١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe

# شەڕی پشتگیریی دارایی لە تیرۆریزم لە لایەن ئێرانەوە



**پۆلیتیکۆ - ماتیو کارنیچینگ**

**وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

لە کاتێکدا شەڕی غەززە سەردێڕی هەواڵەکانە، ئورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکان نیگەرانی دابینکردنی نایاسایی دارایی بۆ حیزبوڵڵان. ئەوە شەڕی بێدەنگی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە. چۆن دەکرێ بژێوی حیزبوڵڵا، واتە دۆلاری نەوتی ئێران، ببڕن؟ لە کاتێکدا سەرنجی دنیا لە سەر غەززە چڕ بۆتەوە و شەڕی پەرەئەستێنی باکوور لە نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵای لوبنان هەر دێت و گەرمتر دەبێ، بە شێوەیەک کە سیاسەتمەدارەکانی دنیا لەوە دەترسن ببێتە هۆی دەستپێکی شەڕێکی مەزنتر، شەڕی پشتگیریی دارایی تیرۆریزم لە لایەن ئێرانەوە لە پشت شانۆ بە گەرمی لە ئارادایە.

ناکۆکییەکە، کە بۆتە هۆی کێشەی چەند وڵاتی عەرەبی لەگەڵ ئورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکان، دەتوانێ کاریگەریی قووڵی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە هەبێ و لە چەند حەوتووی داهاتوودا بگاتە ترۆپک، کاتێک دامودەزگای جیهانیی دژی پارە سپیکردنەوە بڕیار دەدا ئاخۆ بە توندی دژی لوبنان هەڵوێست بگرێ یان بێدەنگەی لێ بکات.



سەرچاوە
Serchawe

کێشەکە لە هۆڵەکانی هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی (FATF)، دامودەزگای جیهانیی دژی پارە سپیکردنەوە، لە پاریس لە ئارادایە. لە حەوتووەکانی داهاتوودا چاوەڕوان دەکرێ لوبنان، کە خراوەتە نێو "لیستەی بۆڕ"ی سەرپێچیکاری یاسایی، بڕیار بدرێ ئاخۆ ئەو وڵاتە پێویستە کام چاکسازی جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی حوکمی تەندروستیی دارایی وەرگرێ و پێش بە کەوتنە ناو "لیستەی ڕەشی" ئەو دامودەزگایە بگیرێت.

ئەگەرچی هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی، کە لە ساڵی ١٩٨٩ لە لایەن وڵاتانی ئەندامی تاقمی ٧ (G7) دامەزرا و لەو کاتییەوە دەیان ئەندامی لە سەرانسەری دنیادا هەیە، هیچ دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری نییە، بەڵام هەڵسەنگاندنەکانی دەتوانن کاریگەریی بەرچاویان لەسەر توانایی وڵاتێک بۆ هەڵسوکەوت لە گۆڕەپانی دارایی ناونەتەوەیی دا هەبێ.

## هەڵوێستی توندتر

هێرشی ٧ی ئۆکتۆبری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل بیرهێنەرەوەیەکی دڕندانەی مەترسییەکانی ڕێگادان بە گواستنەوەی پارە بەبێ هیچ کۆنترۆڵێک بوو. بەڕاستی ئیسرائیل، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژاوایی نەک هەر لە بەرانبەر گواستنەوەی میلیۆنان دۆلار لە قەتەر و ئێرانەوە بۆ ئەو تاقمە تێرۆریستییە چاویان نووقاند، بەڵکوو هاندەری ئەو کردەوەیە بوون و پاساوی ئەوەیان دێنایەوە کە ئەو پارەیە دەبێتە هۆی سەقامگیرکردنی غەززە.

ڕەنگبێ ئەو ئەزموونە بێ کە بووبێتە هۆی داوای کاربەدەستانی دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕۆژاوایی لە ڕێکخەرانی نێودەوڵەتی لە چەند مانگی ڕابردوودا کە هەڵوێستێکی هێرشبەرانەتر بەرانبەر بە سەپاندنی گەمارۆ بەسەر سپیکردنەوەی پارە و پشتگیریی دارایی لە تێرۆریزم لە لوبنان کە پەیوەندییان بە حیزبوڵڵاوە هەیە بگرن.

کاربەدەستانی خاوەن زانیاریی لەسەر لێکۆڵینەوەی هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی کە بە مەرجی نەدرکانی ناویان لەگەڵ پۆلیتیکۆ قسەیان کردوە، گوتیان لوبنان، لەبەر ئاشکرا و بەرچاوبوونی بەڵگەکان لەمەڕ سپیکردنەوەی پارە و پشتگیریی لە تێرۆر، پەروەندەیەکی ساکارە. لەگەڵ ئەوەشدا کاردانەوە بەربەرینەکان لە لوبنان و هەروەها لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، کارەکەی ئاڵۆز کردوە. وەکوو دەستپێک، دەستڕۆیشتوویی حیزبوڵڵا لە هەناوی دامەزراوەکانی لوبناندا بەو مانایەیە کە دەوڵەتی ناوەندی تاوانی سەپاندنی ساکارترین نۆرمەکانی نێونەتەوەیی دژی سپیکردنەوەی پارەی نییە.

بە گوتەی دیپلۆماتەکانی ڕۆژاوا، گیروگرفتێکی مەزنتر ئەوەیە کە چەند وڵاتی ناوچە، لە ناویاندا بەحرەین و لیبی،

شانبەشانی لوبنان دژی داوای ڕێکخەرانی نێوەنەتەوەیی بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخە ڕاوەستاون کە بۆتە هۆی ناموکین کردنی بە ئامانجگرتنی کاریگەری دابینکردنی دارایی نایاسایی بۆ حیزبوڵڵا. هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی خۆی لە لێدوان لەمەڕ ئەو وتارە بواردوە. شەڕی هەنووکەیی لە نێو هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی لەسەر ئەوە نییە کە ئاخۆ لوبنان لە لیستەی بۆر دا بمێنێتەوە، بەڵکو زۆرتر لەسەر ئەو مەرجانەیە کە بەر لە هەڵسەنگاندنی دوو ساڵ جارێک، دەبێ ئەو وڵاتە جێبەجێیان بکات تا لە لیستەکە بسڕێتەوە، بە تایبەتی لە پەیوەندیی لەگەڵ دەوری حیزبوڵڵا لە سیستەمی بانکیی ئەو وڵاتە دا.

## بانکە یاسابەند نەکراوەکە

ئێران لە هەشتاکانی زایینیدا دەستی بە دابینکردنی دارایی بۆ حیزبوڵڵا کرد، پشتگیرییەک کە بووە هۆی ئەوەی ئەو تاقمە تێرۆریستییە بتوانی دەوڵەتێک لەنێو دەوڵەتی لوبنان و جەنگەکەی لەگەڵ ئیسرائیل دروست بکات. سەرەڕای دەسەڵاتی بەهێزی حیزبوڵڵا لە لوبنان و ئابوورییەکەیدا، ئەو تاقمە تێرۆریستییە بەستراوەییەکی قورسی بە پشتگیریی دارایی لە لایەن ئێرانەوە هەیە، کە زۆربەی هەرەزۆری ئەو پشتگیرییە بە شێوەی پارەی نەغدە کە دواتر دەڕژێتە نێو سیستەمی بانکیی لوبنانەوە. ئامرازی سەرەکی بۆ ئەو کارە، کۆمپانیایەکی دارایی حیزبوڵڵا بە ناوی کۆمەڵەی قەرزولحەسەنە، یان AQAH یە. حیزبوڵڵا پشت بەو کۆمەڵەیە یاخود بانکە دەبەستێ تا بتوانێ مووچەی سەربازان و کاربەدەستانی دیکەی بدات و هەروەها خزمەتگوزاریی بانکی بۆ کۆمەڵگە هەرێمییەکان دابین بکات.

لەو گێژاوە سیاسی و ئابوورییەی کە لەو ساڵانەی دواییدا بەرۆکی لوبنانی گرتوە، کۆمەڵەی قەرزولحەسەنە ئۆپەراسیۆنەکانی پەرە پێداوە و بووەتە مەزنترین بانکی لوبنان، کە بە گوتەی کاربەدەستانی ڕۆژاوایی، یەدەگی دارایی ئەو بانکە دەگاتە چەند میلیارد دۆلار.

ئەوەی کۆمەڵەی قەرزولحەسەنە لە بانکەکانی دیکەی لوبنان جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە یاسامەند نەکراوە و تەنانەت مۆڵەتی بانکییشی نییە. مەزنترین جیاوازییش ئەوەیە: لە سایەی دەستنیشانکرانی لە لایەن دەوڵەتی لوبنانەوە وەکوو ڕێکخراوێکی قازانجنەویست، کۆمەڵەی قەرزولحەسەنە باج و ماڵیاتیش نادات.

دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە کۆمەڵەی قەرزولحەسەنەی لە ساڵی ٢٠٠٧ خستە نێو لیستەی گەمارۆکانەوە، ئەو تاقمە وەکوو "ئامرازێک بۆ شاردنەوەی چالاکییە داراییەکانی حیزبوڵڵا و دەستڕاگەیشتن بە سیستەمی دارایی نێودەوڵەتی"

ناو دەبات.

## تۆماری کاری تیرۆریستی

سەرەڕای تۆمارکرانی لە نێو لیستەی گەمارۆکانەوە لە لایەن ولاتە یەکگرتووەکان، ئەو کارە نەیتوانی پێش بە چالاکییەکانی کۆمەڵەی قەرزولحەسەنە بگرێ. ئەو تاقمەیە هیچ بەربەستێکی کاری بازرگانیی لە لوبنان یان خۆرهەلاتی نێوەڕاست بە گشتی نییە. بە ڕاستی، وێدەچی دوای بڕیاری یەکیەتیی عەرەب لە مانگی جوون بۆ وازهێنان لە ئاماژەکردن بە حیزبوڵلا وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی، چالاکییەکانی ئەوبەری سنووری کۆمەڵەی قەرزولحەسەنە هاسانتر جێبەجێ بن. پرسی خستنی حیزبوڵلا لەنێو لیستەی تێرۆرەوە، هەروەها خاڵێکی جێگای مشتومڕ لەنێو هێزی ئەرکداری هەڵمەتی داراییە. ناکۆکی لەمەڕ ئەو پرسە بوو بە هۆی وەدواکەوتنی یەک مانگەی ڕاپۆرتێک لە بارەی لوبنان کە دواجار لە مانگی دێسەمبەردا بلاو بۆوە. لە کۆتاییدا، پشکێنەران ناوی حیزبوڵلایان نەهێنا، لە جیاتان لەسەر ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ ساغ بوونەوە: "ڕێکخراوێکی مەزنی میلیشیایی هەرێمی بە کارنامەیەکی باش تۆمارکراو لەمەڕ جێبەجیکردنی کردەوەی تێرۆریستی".

هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی لە ڕاپۆرتی ئەو دواییانەیدا لە سەر لوبنان نووسی، "لوبنان دەبێ هەڵسەنگاندێک لەسەر مەترسییەکانی سپیکردنەوەی پارە و دابینکردنی دارایی بۆ تیرۆر کە پەیوەندیی بە ڕێکخراوێکی مەزنی میلیشیایی هەرێمییەوە هەیە ئامادە بکات و دڵنیایی بدات کە ئەو مەترسییانە پێشیان پێ دەگیرێت".

حیزبوڵلا لە هەشتاکانی زایینییەوە ژمارەیەکی زۆر هێرشی تێرۆریستی بەرێوە بردوون، لە ناویاندا بۆمبدانان بۆ ئوتومبێل، هێرشی خۆکوژییانە و هیرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، کە لەواندا سەدان کەسی کوشتوون بە ژمارەیەکی زۆر ئەمریکایی و ئیسڕائیلییەوە، ئەندامانی هێزی سەربازیی و هەروەها خەڵکی مەدەنی. ئەورۆ، ئەو میلیشیا شیعەیە کە لێکۆڵەران دەڵێن زیاتر لە ٥٠ هەزار سەربازی هەیە، یەکێک لە مەزنترین هێزە سەربازییەکانی نادەوڵەتی لە جیهانە.

ولاتە یەکگرتووەکان، یەکیەتیی ئورووپا و دەیان ولاتی دیکەی دنیا ئەو میلیشیا شیعەیەی سەر بە ئێرانیان وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی دەستنیشان کردوە. دیپلۆماتەکانی ڕۆژاوایی لەوە نیگەرانن کە بێتوو هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی ئەو کارە نەکات، کاری لوبنان بۆ خۆبواردن لە سەرکوتی کۆمەڵەی قەرزولحەسەنە هاسانتر دەکات و پارە بە شێوەی بەردەوام لە ئیرانەوە بە لێشاو دەگاتە دەست حیزبوڵلا، بێ ئەوەی لە جێیەک کۆنتڕۆڵ بکرێ.

دیپلۆماتەکان دەڵێن لە کۆتاییدا هەڵوێستێکی توندی هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی دەتوانێ یارمەتی لوبنان بکات تا چاکسازی لە سیستەمەکەی دا بکات و دەست بکات بە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی، کە لەو ساڵانەی دوایی دا ئەو وڵاتەیان بەجێهێشتووە. بەبێ دڵنیاییدان لەوە کە لوبنان بەهەشتی سپیکرنەوەی پارە و دابینکردنی دارایی بۆ تێرۆریزم نییە، وێناچی ئەوان بگەڕێنەوە.

دیپلۆماتێک گوتی، "هەڵسەنگاندنێکی توند بەکردەوە یارمەتیی لوبنان دەکات تا خۆیان لەو دۆخە ڕزگار بکات".

١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# سوڵتان گوڵاوی: چەکی ئەتۆمی بە هاواری هیچ حکوومەتێکی دیکتاتۆرەوە نەهاتووە، ئەگینا یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو لێک هەڵنەدەوەشا




**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

## ئاماژە:

**ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەموو کاتێک لە دژوارترین دۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی‌دایە. دۆخێک کە هەر ڕۆژ ڕێژیم زیاتر بەرەو لێواری نەمان دەبات. بەڵام ڕێژیمیش بۆ مانەوەی لە دەسەڵات و کڕینەوەی کاتی زیاتر و سەپاندنی دەسەڵاتە نارەواکەی بەسەر خەڵکدا لە هەموو مێتۆدەکانی سەرکوت کەڵک وەردەگرێ، تاکوو بتوانێ دەنگی نارەزایەتیی خەڵک کپ بکات. لێرەدا کۆمەڵێک پرسیار بەرجەستە دەبن کە ئاخۆ ڕێژیم دەتوانێ تا سەر ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەی بپارێزێت؟ هۆکار چییە سەرەڕای نارەزایەتییە جەماوەرییە بەردەوامەکان، بەڵام ڕێژیم هەتا ئێستا توانیویەتی دەسەڵاتەکەی بپارێزێت؟ چ شتێک دەتوانێت دژبەران و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بخاتە بەرەیەکی یەکگرتوو دژی ئەم ڕێژیمە؟ ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە تەوەری سەرەکیی دیمانەیەکی "کوردستان" لەگەڵ سوڵتان گوڵاوی، چالاکی سیاسی پێکدێنن.**

**شەهرام سوبحانی**: کاک سوڵتان سەرەتا پێم باشە بەم پرسیارە بچینە نێو باسەکەمان، کۆماری ئیسلامی نیزامێکی سیاسیی بەرهەمی شۆڕش بوو. شۆڕشێک کە بە دروشمەکانی ئازادی و بەرابەری سەرکەوت. بەڕای بەڕێزتان چی ڕووی دا کە کۆماری ئیسلامی ببێتە ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆر و تۆتالیتێرە؟

**سوڵتان گوڵاوی**: لە سەردەمی شۆڕشی ئێراندا من تەمەنم زۆر کەم بوو، بۆیە ناتوانم هەڵسەنگاندنی بابەتە سیاسییەکانی ئەوکات بە وردی بکەم و بەپێی ئەزموونی خۆم باسیان بکەم .بەڵام ئێستا بە ئاوڕدانەوەیەک بەسەر ڕووداوەکانی ئەوکات و ئەو فاکتانەی لە بەردەستن تا ڕادەیەکی زۆر بۆمان دەردەکەوێت کە لە بنەڕەتدا دروشمی "ئازادی و بەرابەری" ویست و دروشمێکی هاوبەشی گشتیی شۆڕشەکە نەبوو، بەڵکوو هەر دەستە و گرووپێکی بەشدار لە شۆڕشەکەدا ئامانجی خۆی دەپێکا و مانایەکی لە ئەو دروشمە هەڵدەکۆڵی. دەتوانین بڵێین هەر گرووپ و سازمانێک ئیدئۆلۆژی و تێگەیشتنی تایبەت بە خۆی بۆ دوارۆژی ئێران لەو هەلومەرجەدا وێنا دەکرد و ئەو دروشمە بەداخەوە نەبووە ئامانج و ویستێکی گشتی بە واتایی وشەکانیەوە. بە کورتی کۆمەڵگە بەرچاوڕوونییەکی تەواوی لەم دروشمە و ویستەکانی ئەم دروشمە و ئامانجەکانی خۆیان نەبوو و لە نێوەڕۆکی ئەم دوو چەمکە سیاسییە و باری مانایی و زەرورەتی هەبوونی بێ ئەملاوئەولایان لە کۆمەڵگەدا تێنەگەیشتبوو. بۆ نموونە: هەندێک لە چەپەکانی سەر بەشۆڕەوی ٬یەکیەتیی سۆڤییەت) لەم دروشمە تێگەیشتنی ئێستالینییان هەبوو و لە هەمان کاتدا زۆربەی ئیسلامییەکان ئەم دروشمەیان تەنیا بۆ ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتێکی ئیسلامی بەکار دەهێنا. بە بڕوای من ئەگەر ئەم دروشمە دەبووە ئامانجێکی هەمە لایەنە و سەرەکی و بە تێگەیشتنێکی هەمە لایەنەوە، بێگومان وا بە ئاسانی دواکەتووترین گرووپی نێو شۆڕشەکە و دیکتاتۆرترین کەسی نێو ئەو گرووپەش واتا خومەینی دەسەڵاتی بەدەستەوە نەدەگرت .من پێمۆایە هەموو لایەنەکان تەنیا لەسەر یەک شت کۆدەنگ بوون ئەویش کۆتاییپێهێنان بە دەسەڵاتی پاشایەتی لەو شێوە دەسەڵاتە مۆتلەقەی کە لە ئێراندا حوکمی دەکرد. بەڵام بۆ دوایی ڕووخان بەشی هەرە زۆریان هیچ پلان و ستراتیژییەکی ڕوونیان نەبوو و لە خەون و خەیاڵاتدا دەژیان و جیاوازییەکان هەر لە مانگەکانی دوایی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەوە خۆیان دەرخست.

**شەهرام سوبحانی**: کۆماری ئیسلامی چۆن توانیویەتی سەرەڕای نارەزایەتییەکان، ڕاپەڕین و بەرهەڵستکارییەکان بەڵام هەتا ئێستا لەسەر تەختی دەسەڵات بێت؟

**سوڵتان گوڵاوی**: لە ئەساسدا نائاگایی کۆمەڵگە، دوودڵی و سەرلێشێواوی بەشێک لە حیزبە سیاسییە سەرتاسەرییەکان، سەربەخۆنەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ڕەوتی فکری سیاسی کە چاوەڕێی بڕیار و هەڵوێستی بەرەی ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەڵات بوون و خۆیان ئیرادەی بڕیاردانیان نەبوو و هەروەها ڕادیکاڵبوونی ڕەوتێکی چەپی فکری کە زۆر لە کۆمەڵگە دوور



سەرچاوە Serchawe

کەوتبوونەوە و سەرقاڵی کێشەی فکری و ئیدۆئۆلۆژی خۆیان بوون دەرفەتیان بۆ جیناحی ئیسلامی سیاسی ڕەخساند کە زۆر بە ئاسانی پێشەنگایەتیی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت. دیارە دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت کە تەنیا خومەینی و دارودەستەکەی بە تەواوەتی بەرچاوڕوونییان هەبوو کە چ سیستمێکی سیاسی دادەمەزرێنن. هەربۆیە لەو کات و ساتەوە کە تێگەیشتن هەل و دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە بێ دوودڵی هەنگاو بە هەنگاو دیکتاتۆریی ئیسلامییان لەسەر بنەمای فکریی وەلی فەقیهـ دامەزراند. خومەینی و داردەستەکەی بە شۆڕش هاتبوونە سەرکار، هەربۆیە پایە و بنچینەی دەستەڵاتی حکوومەتەکەیان بە لەبەرچاوگرتنی خاڵە لاوازەکانی حکوومەتی پێشوو دامەزراند. یەکەم هەنگاو، پێکهێنانی سپای پاسداران و بەسیج لەتەنیشت ئەرتەشەوە، وەک هێزێکی تایبەتی سەر بە خۆیان بوو. دووهەم، سەرکوتی بێبەزەییانەی هەموو لایەنەکانی دیکە بوو. ئەو سەرکوتە بێبەزەییانە تەنانەت ئەوانەشی گرتەوە کە تێدەکۆشان خۆیان لەگەڵ دەسەڵات بگونجێنن. سێهەم، سازکردنی شەڕ و داتاشینی دوژمنێکی دەرەکی و درووستکردنی وەهمی لە مەترسیدا بوونی خاکی ئێران و ڕێکخستنی خەڵکی ئێران لەسەر بیری هاوبەشی بەرنگاری و پاراستنی وڵات یەکێکی دیکە لە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو هەر لە سەرەتاکانی دامەزراندنیدا. ئەو ڕێژیمە هەر لە سەرەتاوە ئازادی و سەربەخۆبوون و کەرامەتی مرۆڤەکانی پێکا و تەنانەت هەموو پێداویستییە سەرەتاییەکانیانی خستە ژێر ڕکێفی خۆی و خەڵکی چاو لەدەستکرد. دەرفەتی نەهێشتەوە بۆ مرۆڤەکان کە بە هێز و توانای خۆیان ڕەوتی ژیانیان بەدەستەوە بگرن و ژیانی خۆیان بەڕێوە بەرن. کەواتە خەڵک ناچار کرا بۆ هەموو شتێک چاو لە دەستی حکوومەت بن. خەڵک سەربەخۆیی ئابووری و ئازادی و کەسایەتیی خۆیان لە دەست دا. بەشێکی زۆری خەڵک بۆ ئەوەی لە ئیمتیازەکانی حکوومەتی کەڵک وەرگرن دەست بە داوێنی دەسەڵات بوون. بۆ نموونە: تەنانەت بۆ خوێندن ناچار کران فۆرمی بەسیج پڕ بکەنەوە. بەداخەوە ئەم بەرنامە و پلانەی ڕێژیم هەموو جومگەکانی وڵاتی گرتەوە لە کارمەندەوە ڕابگرە تا جوتیار و کرێکار. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لەم بەرنامە و پرۆژانە توانی سیستمێکی دیکتاتۆری ڕەش دامەزرێنێت و دەستەڵاتی دیکتاتۆری خۆیان بەسەر ئێراندا داسەپێنن.

**شەهرام سوبحانی**: **پێتان وایە ڕێژیم بتوانێت تا سەر ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەی بپارێزێت؟ بۆ؟**

**سوڵتان گوڵاوی**: ئاخوندەکان لە داسەپاندنی سیستمێکی دیکتاتۆری بە سەر ئێراندا سەرکەوتن، بەڵام لە بەڕێوەبەری وڵاتدا فەشەلیان هێناوە و ئێرانیان تووشیماڵوێرانی و شەڕ و دواکەوتوویی و دەیان قەیرانی بنەڕەتی و سەرەکی کردووە کە ئەمڕۆ ئەو ڕێژیمە ناتوانی چارەسەریان بکات. ڕەوتی ڕووداوەکان ئەوە بە ڕوونی نیشان دەدەن کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لە دوایی ڕۆژ لە تێداچوون نیزیک دەبێتەوە و لە ئاکامدا تێک دەڕووخێت. سیستمی سیاسی ئێران و سەبک و چۆنیەتی دەستەڵاتداری ئەو وڵاتەی تووشی هەموو بۆحرانێک لە ئابوورییەوە بگرە تا کۆمەڵایەتی و... هتد. کردوە،

هەربۆیە ئەوان کە خۆڵقێنەری بۆحرانەکانن ناتوانن چارەسەریان لابێت و دەبێت ئەو شێوە دەسەڵاتە کۆتایی پێبێت.

**شەهرام سوبحانی**: بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەبوونی ئۆپۆزیسیونێکی هاوڕا و یەکگرتووە، هۆکاری ئەم پەرشوبڵاوییە لە چیدا دەبینن؟

**سوڵتان گوڵاوی**: هۆکاری سەرەکی ئەوەیە ئێران وڵاتێکی یەکرەنگ و یەکدەست نییە، بەڵکوو فرە رەنگە. بە واتایەکی دیکە فرە نەتەوە و فرە ئایینە و بە زۆر هەوڵ دراوە یەکدەست و یەکرەنگ بکرێت، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوە کە جیاوازییەکان و لەیەک دوورکەوتنەوەکان زۆر بن و کێشەی زۆر قووڵ و چارەسەر نەکراوەیان لێ بکەوێتەوە.کەواتە لە وڵاتێکی ئاوادا ئۆپۆزیسیونێکی یەکدەست پێک نایەت. بۆ نموونە: دەبینیین کە نەتەوەکان حیزبی تایبەت بە خۆیان هەیە و هیچ حیزبێکی سەرتاسەریمان نییە کە نوێنەرایەتیی هەموو نەتەوەکانی ئەو چوارچێوە جوغرافیایەی ئێرانی ئەمڕۆ بکات. لە ڕاستیدا سنووری بوونیان لە هەرێمی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران زۆر کەم دەبێتەوە یان هەر نامێنێت لەبەر ئەوەی ویست و داخوازییەکانی ئەو نەتەوانە لە بەرنامەی سیاسی ئەواندا رەنگ ناداتەوە هەر بۆیەش جێی متمانەی ئەوان نین. ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانی یەکنەگرتنەوەی ئۆپۆزیسێونەکانە. دووهەم هۆکار: حیزبەکانی ئێران لە سەردەمی دوو بلۆکی دنیادا لەدایک بوون و تا ئێستاش ویست و ڕوانگەیان لەو دابەشبوونەی دنیادا سەرچاوە دەگرێت. بۆ نموونە: ئێستا ئەگەر شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین بکەینە بەراوەردێک بۆ تێگەیشتن لەو گرفتە هەموو ئەو لایەنانەی سەر بە بەرەی شۆڕەوی سۆسیالیستی بوون بە شێوەیەک لەشێوەکان لایەنگری ڕووسیە دەکەن. کەواتە بەشێک لە دژبەرانی ڕێژیم لە بۆحرانی فکریدان.

**شەهرام سوبحانی**: چ شتێک دەتوانێت دژبەران و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بخاتە بەرەیەکی یەکگرتوو دژی کۆماری ئیسلامی؟

**سوڵتان گوڵاوی**: بەداخەوە لەم وڵاتانی دیکتاتۆری ڕەشەدا دەستەڵاتداران ئۆپۆزیسیۆن دەرفەتی پەرەگرتنی سرووشتیان نییە، هەروەک چۆن لە ئێران دەبینین دوای ڕەوتی سەرکوت کردن بەشێکی زۆر لە دژبەرانی ڕێژیم وڵات جێ دەهێڵن و لە گۆڕەپانی خەبات دوور دەکەونەوە هەر بۆیەش تووشی شەڕی تێئۆری نێوخۆیی دەبن و شەڕ لەسەر ڕاستبوون و نەبوونی تێئۆری و بیروبۆچوونەکانیان دەکەن کە ئەوەش دەبێتە هۆی لێکدابڕانیان. بەو هۆکارانە و هۆکارێکی زۆر گرینگی دیکەش زیاد بووە ئەویش ئاڵۆزیی ماسمیدیا ئەو سەرلێشێواویی سیاسییەی کە دروست کردوە بووەتە هۆی ئەوەکە حیزب و ڕێکخراوەکان بەشێکی زۆریان هەر توانای بڕیاردانیان نەمابێت نەکا پێیان بڵێن ئێرانی فرۆشت یان کوردەکان بڵێن کوردستانیان فرۆشت. هەربۆیە لەوەها هەلومەرجێکی سیاسیدا بەداخەوە من پێمۆایە دژبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر

لە بواری ئیدئۆلۆژییەوە لەیەک دوورن و جیاوازیی تێگەیشتنیان لە بابەتە سیاسییەکان زۆر زۆرە. جیا لەوەش ئەجێندای جیاوازشیان هەیە بۆ دوا ڕۆژی ئێران. هەر بۆیە بەباوەڕی من لەو هەلومەرجەدا دەرفەتی ئەوە نییە هەموو لایەنەکان لەیەک بەرە کۆببنەوە.

**شەهرام سوبحانی**: دیاسپۆرای کورد، یان بە گشتی دیاسپۆرای ئێرانی بۆچی ئەو کاریگەرییە شوێندانەرەی لەسەر ناوەندەکانی سیاسەت و دەسەڵات لە کۆمەڵگەی جیهانی دژ بە ئێران نەبووە؟

**سوێتان گوڵاوی**: دیاسپۆرای کورد لە دەرەوە تازەیە و بێئەزموونە و بۆخۆی تا ئێستاش لەو کۆمەڵگەیانەی تێدا دەژی جێگیر نەبووە و لە ئەساسدا تێکەڵاوی ژیانی ئابووری و سیاسی ئەو کۆمەڵگەیانە بە شێوەیەکی بەرچاو و کاریگەر نەبووە. دیارە وڵامی ئەو پرسیارە بە باوەڕی من پێویستی بە لێکۆڵینەوەی هەمە لایەنە هەیە و ئەوەش کاری ناوەندێکی لێکۆڵینەوەیە نەک من. هەربۆیە من تەنیا دەتوانم بەگشتی لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم. یەکەم کورد لە دەرەوەش وەک کوردستان دابەش کراوە واتا یەکدەست نییە کە ئەوە بابەتێکی تایبەتە و پێویستی بە باسێکی تایبەتیش هەیە کە لێرەدا ناکرێت بێتە بەرباس. بەڵام ئەگەر دیاسپۆرای ئێران بکەینە بابەتی باسەکە دەبێت ئەوە بڵێم کە دیاسپۆرای ئێرانی بە باوەڕی من لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا کاریگەری باشی هەبوو و زۆر شوێندانەر بوون لەسەر هەڵوێستی سیاسی دنیادا. بەشێوەیەک کە ڕێژیمی ئێران ترسی وێکەوتبوو کار گەیشتەبووە جێگایەک کە منداڵانی زۆر مەکتەبی ئاڵمانی سروودەکانی شۆڕشی ژینایان دەخوێندەوە. بەگشتی چالاکی و تێکۆشانی دیاسپۆرا بە چالاکی نێوخۆوە گرێدراوە کاتێک لەنێوخۆوە خەبات و تێکۆشان پەرە بگرێت دیاسپۆراش دەجووڵێت و دەتوانین بڵێن تەواوکەری یەکن. نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە لە دنیادا ئێستا زۆر وڵاتی دیکەش سیستمی دیکتاتۆری تێیاندا حاکمن، وڵاتان و دیاسپۆرای ئەو وڵاتانەش هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ پشتیوانی نێودەوڵەتی.

**شەهرام سوبحانی**: توانای مووشەکی، میلیشیاسازی و هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی دێپارتمانی بەرگری و هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدایە. ئایا ئەمانە دەتوانن گەرەنتیی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بن؟

**سوێتان گوڵاوی**: دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی لە هیچ جێگایەکی دنیا بە هاواری هیچ حکوومەتێکی دیکتاتۆرەوە نەهاتووە. بۆ نموونە: ئەگەر وابایە یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو لێک هەڵنەدەوەشا. لە ئێران حکوومەتێکی دیکتاتۆر و سیستمێکی ناجێگیری سیاسی لەسەر کارە. چوار بنەمای سەرەکی کە بۆ جێگربوونی سیستمێکی سیاسی پێویستە بۆ ئەوەی

دەستەڵاتی سیاسی لە وڵات ئاڵوگۆڕ بەسەر دەستەڵاتدا بێنێت. بێ ئەوەی پێویست بە شۆڕش بکات، بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەو چوار بنەمایە لەگۆڕێدا نییە. ئەو چوار بنەمایە بریتین لە: هەڵبژاردنی دێموکراتیک بە مافی یەکسان بۆ هەموو خەڵکی وڵات، یاسایەکی دێموکراتیک دوور لە هەڵاواردن و جیاوازیدانان، دابەشکردنی دەستەڵاتەکان بەشێوەیەکی دێموکراتێک، یاسایەکی پێشکەوتوو و دێموکراتیک بە دابینکردنی مافی نەتەوەکان، ئابووریی وڵات لەسەر بنەمای عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، ئەو بنچینە سەرەکییانە لەگۆڕێدا نین، بەڵکوو بە پێچەوانەوە سەرکوت و کوشتن و بڕین لە ئێراندا ڕۆژانە دەبینین و ڕێژیم بە چەک وڵامی هەر داخوازییەکی خەڵک دەداتەوە . هەربۆیە لەسەر چارەنووسی ڕێژیم خەڵک بڕیار دەدەن نەک هەبوونی هێزێکی نیزامی.

**شەهرام سوبحانی**: دوورەدیمەنی هاوکێشەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی چۆن دەبینن؟

**سوڵتان گوڵاوی**: کۆماری ئیسلامی ئەوەندە هێز و سەرمایەی ماددی و مەعنەوی لەسەر ئەم پڕۆژە و سیاسەتی ناوچەییەی خۆی داناوە کە تازە ناتوانێت دەستی لێهەڵگرێت. بۆیە لە کۆتاییدا یان دنیا تەسلیمی ئیرادە و ویستی کۆماری ئیسلامی دەبێت، یان ناچار بە پەرچەکردار دەبێت و پێش بە سیاسەتی شەڕ و پاوانخوازی ئێران دەگیردرێت.

**شەهرام سوبحانی**: کاک سوڵتان سپاس بۆ بەشداریت و ماندووش نەبی


**سوڵتان گوڵاوی**: سپاس بۆ ئێوەش.

١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# مووشەكبارانی ١٧ی خەرمانان و پێگەی بەرزی حیزبی دێموكرات




**هەردی سەلیمی**

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، سپای پاسدارانی كۆماری ئیسلامیی ئێران وێڕای بەئامانگرتنی كۆبوونەوەی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكرات، بنكە و بارەگاكانی حیزبی دایە بەر هێرشی مووشەكی. لە ئاكامی ئەم هێرشە تێرۆریستییەدا ١٦ كەس لە ئەندامانی ڕێبەری و كادر و پێشمەرگەكانی ئەم حیزبە بە ناوەكانی؛ كەریم مەهدەوی ناسراو بە "كەریم سەقزی"، ڕەحمان پیرۆتی، ئیبراهیم ئیبراهیمی ناسراو بە "برایم زێوەیی"، نەسرین حەدداد، سوهەیلا قادری، هاشم عەزیزی، محەممەد حەسەنپوور، عوسمان عوسمانی، قادر عیززەتی ناسراو بە "قالەڕیشە"، كەریم ڕەسووڵزادە ناسراو بە "مام شێركۆ"، فارووق حەسەنخەیات، هاوڕێ كارساز، موختار قادرپوور، پێشەوا عەزیزپوور، جەماڵ ئەكبەری و مەنسوور ئەكبەرپوور شەهید بوون و، نزیكەی چل كەسی دیكە لە تێكۆشەرانی دێموكرات كە ژن و منداڵیشیان لەنێودا بوو، بریندار بوون.

ئەمە یەكەم جار بوو لە مێژوودا كە حیزبێكی ئۆپۆزیسیۆن لەلایەن دەوڵەتێكەوە بكەوێتە بەر هێرشی مووشەكی، جگە لە بۆمباران و تێرۆر و هێرشی نیزامیی چەندلایەنە بۆ سەر حیزبی دێموكرات لەلایەن كۆماری ئیسلامییەوە، پێشتریش و لە



سەرچاوە
Serchawe

٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٥دا ئەم ڕێژیمە چەکی شیمیایی بەدژی ئەم حیزبە بەکار هێنابوو، بەڵام ئەوەی کە لەو کاتەدا کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی ئەم حیزبە بە مووشەکی بالستیک کرایە ئامانج، خۆی دەرخەری چەند خاڵی گرینگی شیاوی ئاماژەپێدانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پاشخانێکی دەوڵەمەند و سەرفرازانە لە ژیانی سیاسیی چەندین ساڵەی خۆی بەدرێژەی ئەم نزیک بە نیوسەدەیە هەمیشە چەقڵی چاوی کۆماری ئیسلامی بووە و یەکێک لە لەسەرپێترین لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەو ڕێژیمە بووە کە هەرگیز دەستی لە خەباتی چەندڕەهەندیی خۆی بەدژی ئەو ڕێژیمە هەڵنەگرتووە و لە پانتایی نفووزی خۆیدا خاوەنی پێگەیەکی حاشاهەڵنەگرە و جیا لە ئێعتبارێکی پڕ لە شانازی لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانییەکاندا لە سەر ئاستی جیهانیشدا لە کۆڕ کۆڕبەندە نێونەتەوەییەکانیشدا خاوەن پێگەیە و گوێی لێ دەگیردرێ.

بۆ ئەوەی پتر بۆمان ڕوون بێتەوە کە ئەوەی کۆماری ئیسلامی بۆچی لە نفووز و پێگەی حیزبی دێموکرات دەترسێ، کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەن کە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێکیان دەکەین؛

**یەکەم**: حیزبی دێموکراتی کورستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە هەتا ئێستا تەشخیس و لێکدانەوەی سیاسیی دروستی هەبووە، بەو واتایە کە ڕێی خەباتی لێ هەڵە نەبووە، چون پرسی یەکەم بۆ حیزبی دێموکرات پرسی نەتەوەیی بووە و لەڕێی چارەسەری ئەو پرس و کێشەیەدا هەنگاوی ناوە، بۆیە ئێستاش هەر لە ڕۆژەڤدایە و لێبڕاوانە و سەرەڕای برینی گەلێک هەوراز و نشێو درێژەی بە خەبات و تێکۆشان داوە.

**دووەم**: چ لە ڕووی ساختار و چوارچێوەوە و چ لە ڕووی ڕێباز و بەرنامەوە بەردەوام خۆی نوێ کردۆتەوە و سیگناڵەکانی کۆمەڵگەی خۆی وەرگرتووە و هاوشان لەگەڵ خوێندنەوەی گۆڕانکارییەکان، ڕۆحی سەردەمیانەی لە خۆیدا ئۆرگانیزە کردوە.

**سێیەم**: بە هۆی پێوەندیی ڕۆژانە لەگەڵ کۆمەڵگە لە ڕێگای تەشکیلات و میدیا و گرتنەپێشی سیاسەتی دروست و واقعبینانە هەرگیز لە کۆمەڵگەی کوردستان دانەبڕاوە و پێوەندییەکی ئۆرگانیکی و نەپساوەی لەگەڵ جەماوەرانی کوردستاندا هەبووە کە ئەمە بۆ حیزبێک کە ڕێبەرییەکەی نێوخۆی وڵاتدا نیە، خاڵێکی بەهێز و ئەرێنییە.

**چوارەم**: تایبەتمەندییەکی تر کە دەتوانێ پێوەندیی هەبێ بە تایبەتمەندیی پێشترەوە، ئەوەیە کە بەردەوام هێز و خوێنی نوێی تێگەڕاوە و لە هەموو تەمەنەکاندا ئەندام و لایەنگری هەیە و خاوەنی چەندین وەچەیە. کچان و کوڕانی

کوردستان لە هەموو چین و توێژ و ناوچەکانی نیشتمان ڕوویان تێکردوە و سەنگەری خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبەیان ئاوەدان کردۆتەوە.

**پێنجەم**: بەردەوامیی و لێبڕاوبوونی حیزبی دێموکرات لە خەبات و درێژەدانی ڕێگای گەیشتن بە ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەم حیزبەیە. ئەم حیزبە بەدرێژایی تەمەنی خۆی لە مەیداندا بووە و دژوارترین رۆژانی ژیانی سیاسیی بزووتنەوەیەکی مافخوازی تاقی کردۆتەوە. لەم ڕێگایەدا تێکۆشەرانی حیزب گیانفیدایی و گیانبازیی زۆریان کردوە و تێچووی قەرەبوونەکراوەیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردوە، لە هەزاران شەهیدی کادر و پێشمەرگەوە بگرە تا لەسێدارەدان و تیرۆری ڕێبەرانی.

**شەشەم**: خەڵکی بوونی حیزبی دێموکرات، بەومانایە کە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی گشتگیری نەتەوایەتیی کردوە و تەنیا تایبەت بە چین و توێژێکی تایبەت نەبووە،یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی بووە. ئەم تایبەتمەندییە حیزبی دێموکراتی لە ڕەوتێکی ئیدئۆلۆژیکی چوارچێوە بەرتەسکەدا نەهێشتۆتەوە و وەک حیزبێکی بەرینی جەماوەری خاوەنی هێز و توانای تایبەت بە خۆیەتی.

**حەوتەم**: ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو هەلومەرجێکدا، لە گۆڕەپانی سەرەکیی خەباتدا ماوەتەوە و دۆخە دژوار و پڕتێچووەکانیش ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبەیان ناچار بە دوورەپەرێزی و مەیدانچۆڵکردن و خۆدورخستنەوە لە دژوارییەکان نەکردوە و شان بەشانی سەرجەم تێکۆشەرانی حیزب، بەشداریی مەیدانیی خەباتیان کردوە.

**هەشتەم**: حیزبی دێموکرات وەک لە نێو دڵی کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەڵقوڵی و پێیگرت، هەمیشە و لە هەموو قۆناغەکانی خەباتدا، خەڵکی کوردستانی بە پشت و پشتیوانی سەرەکیی خۆی زانیوە و قەت بێبەری و بێمنەت لە خەڵک نەبووە.

ئەمانە و زۆر تایبەتمەندیی تریش دەرخەری ئەو هەستیارییەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەم حیزبەن، چونکی لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بە باشی لە ڕۆڵ و پێگەی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان تێگەیشتووە. بۆیە هیچ سەیر نییە کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران کە تا ئێستا بزووتنەوەی کوردستانیان لە گشتییەتی خۆیدا بۆ سەرکوت نەکراوە، ماکەی ئەو کێشانەی وا لە کوردستاندا لەگەڵی بەرەوڕوون بە حیزبی دێموکرات دەزانن و هێرشی هەمەجۆرەی دەکەنە سەر، چون ئەو دەسەڵاتە بەباشی لە تایبەتمەندییەکان و لە پێگە و نفووزی حیزبی دێموکرات ئاگادار و شارەزایە.

لەم ڕووەوە بوو کە لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویدا هێرشی کردە سەر پلینۆمی کومیتە ناوەندیی ئەم حیزبە و

**خەرمانانی ٢٧٢٤**

پێیوابوو بەو هەنگاوە دەتوانێ حیزبی دێموکرات لەنێو بەرێ و ترسێک بنیشێنێتە دڵی خەڵکی کوردستان، بەڵام وڵامی چوار ڕۆژ دواتری خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانان، لەسەر داوای حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کە بە دروشمی "من کەرامەتی نەتەوەییم دەپارێزم و لە ماڵ نایێمە دەرەوە" داوا لە خەڵک کرابوو مانگرتن بەڕێوە بەرن؛ مانگرتنێکی سەرکەوتوو بەڕێوە چوو کە هەتا ئەوکات لە مێژووی کۆماری ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە یەکڕیزی و یەکدەستیدا بێوێنە بوو.

ڕاستە حیزبی دێموکرات لە ڕووی نیزامییەوە توانای وڵامدانەوەی ئەو هێرشەی نەبوو و زەبرێکی کاریگەریشی لێکەوت، بەڵام لە ڕووی سیاسی و جەماوەرییەوە نیشان درا کام لا دەتوانێ خاوەنی پێگە بێ و خەڵک بەرەو لای خۆی ڕاکێشێت. کاردانەوەکان بەو هێرشە درندانەیە بەتەنیا ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نەگرتەوە، بەڵکوو هەم لە باشووری کوردستان و هەمیش لە وڵاتانی ئورووپایی شەپۆلێک لە هاوسۆزیی بەرینی بۆ حیزب بەدواوە بوو و ئیدانە و ڕسواییەکی پتر لە پێشووتر بۆ کۆماری ئیسلامی.

کۆماری ئیسلامی لە درێژەی هەوڵە بێئاکامەکانیدا چەند جاری تریش هێرشی مووشەکیی کردەوە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هێرشی مووشەکیی و درۆنیی ئەم ڕێژیمە لە ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی و ڕاست مانگێک دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب، بەرچاوترینیان بوو. ئامانجی ئەم هێرشانانە هەم ئەوە بوو حیزب لە تێکۆشانی خۆی ڕابگرێ و هەمیش ئیرادەی خەڵکی کوردستان بە هێرشکردنە سەر حیزبی ڕێبەر و پێشەنگیان تێکبشکێنێ، هەروەها سەروەریی خاکی باشووری کوردستانیش ژێرپێ بنێ؛ بەڵام لەو پێوەندییەشدا دەرکەوت کە وەک هەمیشە خراپیان لێک داوەتەوە و ئەم دەستوەشاندن و پەلاماردانانە هێندەی دیکە حیزبی دێموکراتی لەلای خەڵکی کوردستان خۆشەویستتر کرد و لەم مەیدانەشدا ئەوەی تووشی شکست و ریسوایی بوو، کۆماری ئیسلامی سپای پاسداران بوو.
یاد و ناوی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هەموو شەهیدانی کوردستان بەرز و بەڕێز بێت و ئامانجەکانیان بێتە دی.

**١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe

# پەرەسەندنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان




**بێهزاد قادری**

لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە لە تەمەنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمە بەسەر ئێران و داگیرکاریی ئەم ڕێژیمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەردەوام و بە شێوازی جۆراوجۆر، مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ئەم ڕێژیمەوە پێشێل کراوە. هەرچەند باس لەوە دەکرێت کە دەسەڵات دوو باڵە (بناژۆخواز و ڕیفۆرمخواز)، بەڵام بەگشتی جەوهەرییەتی ئەم دەسەڵاتە هەر یەک شتە و ئەوەی باوەڕی وایە لەنێوان ئەم دوو باڵەدا جیاوازییەک هەیە، بەتەواوەتی لە هەڵەدایە.

بۆ نموونە لە ئێستادا "مەسعوود پزیشکیان" وەک سەرۆککۆماری ئەم ڕێژیمە دانراوە (بۆیە دەڵێم دانراوە، چونکە شتێک بە ناو هەڵبژاردن لە ئێران بوونی نییە و هەمووی شانۆی دەسەڵاتە) و ڕیفۆرمخوازەکان پشتیوانییان لێ کرد و پزیشکیان بۆ خۆیشی هەوڵی دا کە خۆی وەک ڕیفۆرمخواز پیشان بدات، بەڵام بەپێچەوانەی بانگەشەکانیان، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران نەتەنیا کەمی نەکردووە، بگرە زۆرتریش بووە کە لە درێژەی بابەتەکەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین.

زیاتر لە مانگێکە مەسعوود پزیشکیان کراوە بە سەرۆککۆماری ڕێژیم و بۆ خۆیشی هەر لە سەرەتاوە وتی کە: "هەندێک

کەس پێیان وایە من دەبێ کارێک بکەم، من ناتوانم کارێک بکەم... من بەڵێنییەکی تایبەتم نەداوە..."، ئەمە بۆ خۆی سەلمێنەری ئەوەیە کە سەرۆککۆمار لە ڕاستیدا بێ دەسەڵاتە و ناوەندی سەرەکیی بڕیاردان لە ئێران "بەیتی ڕەهبەری"یە. هەروەها سەلمێنەری ئەوەیە کە بە چوون و هاتنی سەرۆککۆمارەکان (چ بناژۆخواز و چ ڕیفۆرمخواز)، هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕدرێت.

## لەسێدارەدانی لانیکەم ٩٤ بەندکراو لە ئێران لە ماوەی یەک مانگدا

بە پێی ڕاپۆرتێک کە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی "هەنگاو" بڵاوی کردووەتەوە، لە ماوەی مانگی ڕابردووی زایینیدا (ئاگۆست)، لانیکەم سزای سێدارەی ٩٤ بەندکراو لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران جێبەجێ کراوە. هەروەها ئەو ئامارە بە بەراورد لەگەڵ مانگی "جولای" کە ٥٥ بەندکراو لەسێدارە درابوون، ٣٩ حاڵەت، واتە ٧١ لەسەد زیادی کردووە (واتە بە پێچوانەی بانگەشەی ڕیفۆرمخوازەکان، لەسێدارەدان زیادی کردووە). هەروەها ٢١ لەسەدی بەندکراوانی لەسێدارەدراو لەو مانگەدا هاووڵاتییانی کورد بوون.

لە ماوەی مانگی ئاگۆستدا، لانیکەم ٢٨ هاووڵاتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ٨ کەسیان لوڕن، لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لە بەندیخانەکانی ئێران لەسێدارە دراون کە یەکێکیان "ڕەزا ڕەسایی"، بەندکراوی سیاسیی کوردی یارسان بوو کە لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا دەستبەسەر کرابوو و ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژ لە بەندیخانەی دیزڵاوای ڕێژیم لە کرماشان لەسێدارە درا.

## کوژران و برینداربوونی ١٥ کۆڵبەر لە ماوەی یەک مانگدا

هەر بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی "هەنگاو"، لە ماوەی مانگی ئاگۆستی ٢٠٢٤دا، لانیکەم ١٥ کۆڵبەر لە سنوورە دەستکردەکانی کوردستان کوژراون یان بریندار کراون کە ٨٦،٥ لەسەدی سەرجەم ئەو حاڵەتانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بوونەتە قوربانی.

بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، ٤ کۆڵبەر کوژراون و ١١ کۆڵبەریش بریندار کراون. "ئەسعەد ئەفرەنجە" خەڵکی مەریوان، "ناسر عوسمانی" خەڵکی ڕەبەت، "عەلی ڕەسووڵی" خەڵکی مەهاباد و "ئەسعەد ئەسپەندار" خەڵکی سەردەشت ئەو چوار کۆڵبەرەن کە لە ماوەی مانگی ڕابردووی زایینیدا بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران یان بەربوونەوە لە چیاکان گیانیان لەدەست داوە. هەروەها زیاترین ژمارەی کۆڵبەرانی قوربانی بە ١٣ حاڵەتەوە لە سنوورەکانی پارێزگای سنە تۆمار کراون.



سەرچاوە
Serchawe

پێویستە ئاماژەش بەوە بکەم کە کۆڵبەری نە کارێکی ئاساییە و نە لە بنەڕەتدا کاری مرۆڤە، بەڵکوو بەرهەمی داگیرکاریی دەسەڵاتی تارانە لە کوردستان.

## گوشار بۆ سەر مامۆستایانی ئایینیی کورد

ئێمە هەمیشە شاهیدی گوشاری ناوەندە ئیتلاعاتی و نیزامییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر خەڵکی کوردستان، خەباتکارانی مەدەنی و ژینگەیی و هەروەها مامۆستایانی ئایینیی نیشتمانپەروەر بووین. بۆ نموونە لەم دواییانەدا مامۆستا "سابیر خودامورادی"، پێشنوێژی گەڕەکی قەوەخی شاری سەقز، لەلایەن دادگای تایبەت بە مامۆستایانی ئایینیی هەمەدان، ١٥ مانگ بەندکرانی بەسەردا سەپێندراوە.

هەروەها ڕۆژی یەکشەممە ٤ی خەرمانان، مامۆستا "عەلی بەهرامی"، بەرنوێژی گوندی "نێ" سەر بە شاری مەریوان لە سنووری باشماخی شاری مەریوان لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کرا و دوای نزیکەی ٧ کاتژمێر لێپرسینەوە ئازاد کرا، بەڵام مۆبایلەکەی ناوبراویان لێ زەوت کرد.

## گوشار بۆ سەر خەباتکارانی مەدەنی و ژینگەییی کورد

هەروا کە ئاماژەم پێ دا گوشارەکان بۆ سەر خەڵک و بەتایبەتی خەباتکارانی مەدەنی و ژینگەیی نەتەنیا کەم نەبووەتەوە، بگرە زۆرتریش بووە. بۆ نموونە هەر لە ئێستادا چارەنووسی هەشت خەباتکاری ژینگەییی خەڵکی "گیەلان" ناڕوونە و سپای تیرۆریستی پاسداران دەیەوێت دۆسیەی ساختەیان بۆ دروست بکات.

ئەو هەشت کەسە بە ناوەکانی "ماریا خانی، موحسین ئیسفەندیاری، ئارەش ئولفەتی، جەهانگیر ئازادی، لوتفوڵڵا پەرویز، حەمیدڕەزا ڕەحیمیان، سەلمان پەرهان و محەممەد پەرویز" لە خەباتکارانی مەدەنی و ژینگەپارێزیی خەڵکی گیەلانن کە کۆتاییەکانی مانگی گەلاوێژ لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای تیرۆریستی پاسدارانەوە دەستبەسەر کران.

## کۆتایی

پێشێلکراییە مافی مرۆیییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان لەم یەک مانگەدا، تەنیا لەم چەند خاڵەدا بەرتەسک


ناکرێتەوە. بۆ نموونە هەر لە ماوەی ئەم یەک مانگەدا بە دەیان هاووڵاتیی کورد دەستبەسەر کراون، سزای بەندکران و قامچییان بەسەردا سەپێندراوە و بۆ دەیان هاووڵاتیی دیکەش دۆسیەی ساختە دروست کراوە. هەروەها بە دەیان هاووڵاتیی کوردیش ئێستا لە بەندیخانەکانی ڕێژیم بۆ دانپێدانانی زۆرەملێ لەژێر ئەشکەنجەدان. دەبێ باشیش بزانین کە ئەم ڕێژیمە هەتا لە دەسەڵاتدا بێت، ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبێت.

**١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# بڕوانە باخێکە پڕ داری شەهید




**بڕوانە باخێکە پڕ داری شەهید (شەهید مەلا سمایل کوردنژاد)**

**برایم چووکەڵی**

لەو کوردستانە پان و بەرینەدا زۆر بنەماڵەی فیداکار بەرچاو دەکەون کە لە هەموو تەمەنیاندا ساتێک خۆشییان نەدی، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتداری بە سەر وڵاتەکەماندا، چونکی نەتەوەتەکەمان لە ڕۆژی یەکەمەوە بە ناخۆشی و دوور لە خۆشییەکانی ژیان فرچکی گرتوە و زۆردارانی دەسەڵاتدار هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمەوە نەیانهێشتوە سەرکوتیان کردوە. بەڵام کورد زۆر ئازایانە بەربەرەکانی لەگەڵ ملهوڕان و زۆرداران کردوە. مەلا سمایل کوردنژاد یەکێک لەو قارەمانانەیە کە بەردەوام دژی زۆرداری وەستاوەتەوە و لە مێژووی خۆڕاگری و خەباتی کورد بۆ مافەکانیدا مێژوویەژی پڕ شانازیی بۆ خۆی تۆمار کردوە.

تازە دەرەبەگایەتی بارگەوبنەی پێچابۆوە کە لە ئاوایی "زمێ" لە ناوچەی شنۆ سمایل چاوی بە دنیا هەڵێنا. پاشان بە ڕەوڕەوەی دار بەڵالووکەکانی شنۆی دڵسۆز پێی هەڵگرت و ڕەوانەی قوتابخانە کرا. لە هەلومەرجەی ئەوکاتدا توانی تا



سەرچاوە
Serchawe

پۆلی ٦ی سەرەتایی بخوێنێ و پاشان ڕەوانەی قوتابخانەی ئایینی کرا. بارودۆخی ژیان وای کرد مەلا سمایل کوردنژاد ڕوو لە کاری وەرزێری بکا. بەڵام وەک بەژان لەدایک بوو، بە ژانیش گەورە بوو، بەڵام ئەو زوڵم و زۆرداریی لە کەس قەبووڵ نەدەکرد. بۆیە ژاندارمەکان بەربینگیان پێ گرتن و بە ناچاری وێڕای بنەماڵەکەی ڕوویان لە کوردستانی باشوور کرد.

مەلا سمایل و بنەماڵەکەی دوای نسکۆی شۆڕشی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٣٥٤ گەڕانەوە گوندی زمێ و سێ ساڵ دواتر و لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەدژی ڕێژیمی گەندەڵ و بێزراوی پاشایەتی بوو، ئەویش وێڕای خۆپێشاندەران بێزاریی خۆی لە ڕێژیمی حەمەڕەزا شای پەهلەوی دەربڕی. دوای ئەوەش کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و هێزە سیاسییەکان تێکۆشانی ئاشکرای خۆیان دەست پێ کرد، مەلا سمایل بە گوێرەی ناسیاوییەک کە لەسەر حیزبی دێموکڕات هەیبوو، وەک کوڕە کوردێکی بەهەست و نیشتمانپەروەر ئەو حیزبەی وەک وەدیهێنەری ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانی پەسەند کرد و، هاتە ڕیزی ئەندامانی  حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە.

ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی بە بیستنی هەواڵی شەهیدبوونی براکەی (محەممەدی عەلی پیرێژنێ)، سمایل چەکی پڕ لە شانازیی برا شەهیدەکەی لە شان کرد و وەک پێشمەرگەیەکی بەوەج ڕێگای محەممەدی برای گرتە بەر. ئەو زۆر زوو بوو بە خۆشەویستی هەڤاڵەکانی لە هێزی شەهید سمکۆی ئەوکات و، قایم وەک قەڵایەکی پۆڵایین لە سەنگەری خەبات و تێکۆشاندا دژی داگیرکەرانی کوردستان خەباتی کرد. ئەو لە ماوەیەکی کورتدا توانی پلەکانی نیزامی یەک لە دوای یەک ببڕێ و سەرەتا وەک سەرپەل و دواتر سەردەستە دیاری کرا و پاشان فەرماندەریی لکی محەممەد عەلی پیرێژنێ پێ سپێردرا.

مەلا سمایل دوای کۆنگرەی ٤ی حیزب و دابڕانی تاقمی ٧ کەسی وازی لە پێشمەرگایەتیی حیزب هێنا و لە شاری شنۆ گیرسایەوە، بەڵام هەستی نەتەوایەتی وای لێ کرد نەتوانێ دەست لەسەر دەست دابنێ و پاش ماوەیەکی کورت پێوەندیی تەشکیلاتیی لەگەڵ حیزب گرێ دایەوە. مەلا سمایل لە نێو شاری شنۆ هەرچی حیزب پێی دەسپارد ئازایانە بەڕێوەی دەبرد. تازە ٣ مانگ بوو شاری شنۆ لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە داگیر کرابوو کە ئەو لە زستانی ساڵی ١٣٦٠ هاتەوە دەرێ و، لە هێزی ئاگری چەکی قارەمانانی ئەو مەڵبەندەی لە حیزبی دێموکراتدا کردەوە شان.

مەلا سمایل زۆر زوو توانی جارێکی دیکە ئازایەتیی خۆی نیشان داتەوە و ڕوحێکی تازە لەو ناوچەیە بە هاوسەنگەرانی ببەخشی. بۆیە بە هۆی ژیریی سیاسی و ئازایەتیی پێشمەرگانە و لەخۆبووردوویی وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. ئەو لەو بەرپرسایەتییەدا زۆر زەبری قورس و بەژانی لە هێزی کۆماری ئیسلامی دا و، بوو بە فەرماندەیەک کە ئێستاش



سەرچاوە
Serchawe

داستانەکانی پشتاوپشت بۆ یەکتری دەگێڕنەوە.

مەلا سمایل قارەمانیک بوو وەک محەممەدی برای، هیچ هێزیکی دوژمن خۆی لە بەر نەدەگرت، ناوچەی شنۆ و نەغەدەی لە دوژمن کردبووە گوڕستان، بە تایبەتی لە شەڕەکانی ناوچەی نەغدە، قەڵاتان و نێو شاری شنۆ ئازایەتیی ئەو بوو بە وێردی سەر زمانان. مەلا سمایل زۆر شەڕی قارەمانانەی دیکە فەرماندەیی کرد لە دزە و برازان، لە دۆبرە و کەلوڕ کە وەک لاپەڕەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی خەباتی پێشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندەدا دەدرەوشێنەوە. ئەو قارەمانە نەبەزەی کورد گەلاڵەدارێژێکی کارامەی نیزامی، ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتوو، فەرماندەیەکی بەوەج و لێوەشاوەی ناوچەی ورمێ بوو. دەستوبردی، کۆڵنەدان و ورەی بەرزی بە تەواوی مەلا سمایلی کردبووە خۆشەویستی خەڵک و هاوسەنگەرانی. ناوبراو ببووە فەرماندەیەکی ئازا و بوێر، بە جەرگ کە خۆی تەنیا هێزێک و لە هێزدا ورە دەخش و لە شەڕدا یەک پارچە ئاگر و قارەمان بوو.

ڕۆژی ٢ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٣ مەلا سمایل لەگەڵ ٥ هاوسەنگەری دیکەی سەر بە کۆمیتەی شارستانی ورمێ لە شوێنێک بە ناوی دەشتەکان دەمێننەوە، بەڵام سیخوڕ پێیان دەزانن و لە لایەن هێزیکی زۆری ڕێژیمەوە پەلامار دەدرێن. ئەوان وەک هەمیشە کە لە سەنگەری خۆڕاگریدا بار هاتبوون، بەرپەرچی دوژمنیان داوە و ئامادە نەبوون سەر بۆ نەیار نەوی بکەن. ئەوان تا دوا فیشەک و دڵۆپی خوێن شەڕ و خۆراگرییان کرد، بەڵام بە داخەوە پاش ٥ سەعات بەربەرەکانی و خوڵقاندنی حەماسەیەکی بێوێنە، هەم هەموویان شەهید بوون.

**ناو و یادیان هەمیشە زیندوو.**

**١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٤**

# کۆنگرەی دێموکراتەکانی ئەمریکا و دێموکراسیی دێموکراتەکان



ئەلبورز ڕووییندتەن

یەکێک لە هەڵبژاردنە گرینگەکانی دونیا، هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئەمریکایە، چونکە کاریگەریی ئەمریکا لە ئاستی جیاوازدا بە سەر سیاسەتی هەموو دونیا وای کردوە هەندێک جار خەڵکی وڵاتانی دیکە زیاتر لە خەڵکی نێوخۆی ئەمریکاش تامەزرۆی چۆنیەتی و یەکلابوونەوەی ئاکامی ئەو هەڵبژاردنانە بن.

هەڵبژاردن تاکە پێداویستیی دێموکراسی نییە، بەڵکوو یەکێک لە دەیان پێشمەرج و پێداویستی و لە چوارچێوەی ڕێسا و یاسای دیاریکراوی دێموکراتیکدا وەک قوناغی گرینگی دێموکراسیەکان دەبیندرێ. ئەوەی ئەمڕۆ بە نیسبەت دێموکراسی و وڵاتانی دێموکراتیک جێگای سەرنجە زیاتر لەو هەڵبژاردنە و یاسا و ڕێسایەش هەبوونی کولتووری دێموکراتیک و بیرکردنەوەی دێموکراتیکی تاک و ڕێکخراوەکانە کە ئاستی دێموکراسییەکان دەباتە سەر.

بە نیسبەت ئەو بابەتە لەوانەیە ئەمریکا شوێنێکی تایبەتی بۆ دابنرێت و وەک لانکەی دێموکراسی بناسرێت و سەرەتای ئەو کولتوورەش بە دابەشکردنی دەسەڵات بە سەر دامەزراوە و ناوەندی جیاوازی نێو کۆمەڵگە و تەنانەت لەنێو

ڕێکخراوەییشدایە. هەر ئەوەی کە نابێ سەرۆککۆمار لە دوو جار زیاتر خۆی بپاڵێوێ یەکێک لەو کولتوورانەیە کە بۆتە ڕێسا. ئۆباما سەرۆککۆماری پێشووی ئەمریکا لەسەر ئەوەی کە دەتوانێ زۆر بە ئاسانی بۆ جاری سێیەم ببێ بە سەرۆککۆمار، بەڵام ئەو کارە ناکات؛ سەرسوڕمانی خۆی بۆ ئەو سەرۆک کۆمارانەی چەند دەیە لەو پۆستەدان دەربڕیبوو.

دوای هاتنە سەر کاری ترامپ و کەسایەتیی جێگای مشتومڕی لە ئاستی جوراوجۆردا وەک کۆسپێکی نێو ڕەوتی دێموکراسی لەنێو وڵاتدا دەبیندرا، تەنانەت هێرشی لایەنگرانی بۆ سەر کۆنگرێس تابلۆیەکی نامۆی بە نیسبەت ئەمریکا نیشان دا، لەکاتێکدا لە دوایین دیبەیتی لە گەڵ بایدن، کاندیدی ئەوکاتی دێموکراتەکان توانیبووی سەرکەوتنێکی باش بە دەست بێنێ بە هۆی پیریی بایدن، ترسی ئەوەی جارێکی دیکە ترامپ ببێ بە سەرۆککۆماری ئەمریکا لەنێو دڵی دێموکراتەکاندا پەنگی خواردبۆوە و، تەنانەت بە دوای ڕێگە چارەدا دەگەڕان.

لەدۆخێکی وەهای پڕ لە نائومێدی بۆ دێموکراتەکاندا، بایدن وەک کاندید کشایەوە و هەروەها پشتیوانی لە کامێلا هەریسی جێگری کرد. کشانەوەی بایدن بۆ ئەمریکای خاوەن دێموکراسیش جێگای پێزانینێکی گەورە بوو کە دەیهەوێ دەستهەڵگری بەرژەوەندییەکانی بێ لە پێناو حیزبەکەی دێموکراتەکان و هەروەها وڵات لە گشتییەتی خۆیدا. بەڵام ئەوەی زیاتر هیوای بە دێموکراتەکان دا ئەو کۆنگرەی متمانەبەخشین بە کامێلا هەریس وەک نەریت و ڕێسای حیزبی دێموکرات لە شیکاگۆ بوو.

لەو کۆنگرە بەشکۆیەدا وێڕای متمانەبەخشین بە کامێلا هەریس چەندین وتاری سەرنجڕاکێش پێشکەش کران کە ڕەنگ و بۆنی دێموکراسیەتی لێ دەهات و بانگەشەیەکی گەورەش بۆ ئەو کولتوورە دێموکراتیکە بوو. چونکە بەشی هەرە زۆری ئەوانەی وتاریان پێشکەش کرد یا پێشتر سەرۆککۆمار بوون، یا کاندیدی سەرۆککۆماری بوون بەڵام سەرنەکەوتبوون، یا لە کێبەڕکێ لەگەڵ هەریس و جێگرەکەیدا بوون، یا وەک کاندیدی دێموکراتەکان لە داهاتوو سەیر دەکرێن. ئەوان هەر هەموویان بە وەلانانی ویست و داخوازیی تاکەکەسی و تەنانەت خەونەکانیان بۆ داهاتوو و ڕق و قینی ڕابردوویان بۆ پشتیوانی و کاندیدی ئەمجارە کە بە دڵی هەندێکیش نەبوو و ئەگەر ببێ بە سەرۆککۆمار ئەبێ بە یەکەمین سەرۆک کۆماری ژن لە ئەمریکا بە شێوازێکی کاریگەر دەربڕی. بەو شێوەیە دێموکراسیی ئەمریکا و دێموکراتەکان و لەویش گرینگتر کولتووری دێموکراسی پێشانی دونیا درا و بەوە دەرکەوت کە دێموکراسی نێوخۆی یەکێک لە فاکتەرەکانی بەهێزی ئەمریکا لە دەرەوەیە.

شک لەوەدا نییە کە سیاسەتی دێموکراتەکان بە نیسبەت زۆر دیاردەی جیهانی و بە تایبەتی ئێران جێگای ڕەخنەی کۆماریخوازەکان و زۆر لایەنی دیکەش بووە و تەنانەت لە قسەکانی هەریس لەو کۆنگرەیەداش هاتبوو کە ئیتر ڕێگە نادەن

ئێران بەو شێوەیە بەردەوام بێ، بەڵام ئەوەی جێگای باسی ئەو بابەتەیە تێڕوانینێکی نێوخۆیی بوو بە نیسبەت هەڵبژاردن و دێموکراسی لە نێوخۆی ئەمریکادا. واتە دەرکەوتنی ڕاستییەک کە دەیسەلمێنێ ئەوە کولتوری دێموکراتیک و بیرکردنەوەی دێموکراتیکە کە لانی کەم بە ئەندازەی یاسا و ڕێسای دێموکراتیک بە پێداویستیی هەبوونی دێموکراسییەکی سەرکەوتوو دادەنرێ کە بەردەوام بە سەر کۆسپەکانی سەر ڕێگادا باز بدات و بەرەوپێش هەنگاو هەڵگرێ.

۱۷ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# خەونی سەرۆککۆمار و تراویلکەی ئیمام جومعە



**دارسمە**

دوای ئەوەی ئیمام جومعەی تەورێز و سەرۆککۆماری پێشووی ئێران بە هۆی تەم و مژی داسەپاوی سەر ئاسۆی ئێران بە یەکەوە شەربەتی شەهادەتیان مەیل فەرموو، هەمووەمان هەستمان بە ئاستی هاوبەشیی سەرۆککۆمار و ئیمام جومعە کرد. بە خووڵقانی ئەم دۆخە بە هەموو عەقڵ و تێگەیشتنی خۆمانەوە پێمان وابوو سەرۆککۆمار و ئیمامجومعە وەک دوو کەسان بە مافی یەکسانەوە ڕوویان کردووەتە دونیای هەرمان و وەک یەک و بە جۆرێکی تەواو یەکسان لە سوودەکانی جەننەت بەشدار دەبن، شەرابەنتەهوور دەنووشن و دەگەڵ حۆریاندا چاوشارکێ دەکەن.

ئێمەی ماڵوێران بەردەوام بەم جۆرەین خەونی خۆشمان لێ پووچەڵ دەبنەوە و ڕووداوی ڕاستەقینە و بەرچاو وامان لێدەکەن هەموو خەون و ختوورەمان ببنە تراویلکە.

هەر سەبارەت بە سەرۆککۆمار و ئیمام جومعە، هێشتا کفنی سەرۆککۆماری پێشوو و ئیمام جومعەی پێشووی تەورێز و یارانیان دوای بەربوونەوەی باڵەفڕی گۆڕین زەرد نەبووە، ئێستا کێشەیەکی گەورە کەوتووەتە نێوان سەرۆککۆمارێکی دیکە و

ئیمام جومعەیەکی دیکە.

چیرۆکی سەرۆککۆماری نوێ دەگەڵ یەکێک لەم ئیمام جومعانەوە لێرەوە سەری هەڵدا، ئیمام جومعەی شاری بابول لە باکووری ئێران لە وتاری هەینیی چەند ڕۆژی ڕابردوویدا ئاوێکی ساردی پێمان داکرد و پێشانی داین ئیمام جومعە زۆر لە سەرۆککۆمار و شتی وا گەورەترە.

مەلا "موجتەبا ڕوحانیڕاد" خوتبەخوێنی نوێژی هەینیی بابول لەسەر ڕووداوێکی زۆر سادە لە وتاری ئەم هەفتەیەدا سەرۆککۆماری نوێی کردە ماست و لە پێش سەگانی ڕۆکرد. پەیوەندیی نێوان ئیمام جومعەی زیندوو و سەرۆکۆماری زیندوو لە گەڵ پەیوەندیی ئیمام جومعە و سەرۆککۆماری مردوو زۆر جیاوازە.

ئەم ئیمام جومعەیە خۆی دەستنیشانکراوی ڕێبەرە و بە هیچ لەونێک ئامادە نییە سەر بۆ ئەو سەرۆککۆمارە نەوی بکات کە لە ڕواڵەتدا لە لایەن عەوامەوە هەڵبژێردراوە. پەیامی سەرەکیی ئەم ئیمام جومعەیە ئەمەیە پێمان بسەلمێنیت سەرۆککۆمار هەڵبژێردراوی عەوامە و لەچاو ئیمام جومعەی دەستنیشانکراوی ڕێبەر وەک قاچکی وشکبووی تەرەپیاز لەبەرانبەر کۆتەرەی ئەستووری داربەڕوویە .

کێشەی نێوان ئیمام جومعەی بابول و مەسعوود پزیشکیان کاتێک سەری هەڵدا کە پزیشکیان گوتی لیژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی کوشتنی هاووڵاتییەک پێکهێناوە کە بەدەست هێزی ئینتزامی لەژێر ئەشکەنجەدا مردوە. لێرەدا خراپتێگەیشتنێک لە نێوان ئەم سەرۆککۆمار و ئیمام جومعەیەدا ڕووی داوە. سەرۆککۆماریش وەک ئیمامجومعە لە بنەڕەتدا دژی ئەشکەنجە نییە، بەڵام خۆی بە نوێنەری ڕێفۆمخوازان ناساندوە و وەک هەموو ریفۆرمخوازێک پێیوایە دەبێت کار بە کارزان بسپێردرێت و ئەمەش پێشانی دەدات سەرۆککۆمار بە توندی لایەنگری شایستەسالارییە. هێزی ئینتزامییش لە باکووری ئێران پێی لەسەر چەمکی شایستەسالاری داناوە و بێ ئەوەی ئیزن بدات ئەشکەنجەگەرانی شایستە و لێهاتوو کەسێک بە ناوی محەممەد مووسەوی ئەشکەنجە بکەن، خۆیان ئەشکەنجەیان داوە و هەر لەبەر ئەوەی لە کاری ئەشکەنجەکردندا بە ڕێژەی پێویست شارەزا نەبوونە، بە زەبری لێدان کۆچی دواییان بەم کابرایە کردوە .

سەرۆککۆماریش بە سەرێک ناحەق نییە، ئەی ئەوە نییە سەرۆکی کابینەیە و وزیری نێوخۆش ئەندامی کابینە و بەرپرسی هێزی ئینتزامیشە؟ بەم جۆرە سەری گوریسەکە دەگاتەوە سەرۆککۆمار و یاسا ئیزنی پێ دەدات قسەیەک بکات، بەڵام لە بنەڕەتڕا چونکە هێزی ئینتزامیش بە هێز دەژمێردرێت و و ڕێبەریش سەرۆکی هەموو هێزی چەکدارە، لێرەدا ڕێبەر لە

دەستەڵاتداریتیدا پشکی شێر و سەرۆککۆماریش پشکی ڕێویی بەر دەکەوێت. بەمجۆرە کاتێک ئیمام جومعە دەستنیشانکراوی شێر بێت، ڕێوی تەنیا دەتوانێت عەوامان بە پاساوان بخافڵێنێت.

سەرۆککۆماری قوربەسەر لە کاتێکدا ئەویش وەک ئیمام جومعە دەستنیشانکراوی ڕێبەرە، ناچارە لە بەر هێندێک هۆ وای پێشان بدات هەڵبژێردراوەی خەڵکە. ئیمام جومعەش بە جۆرێکی دیکە خەڵک پێناسە دەکات و ئەو خەڵک بە عوام دەزانێت و دیارە عەقڵی عەوامیش ئەگەر خەواسی عاقڵ ڕێبەریی نەکەن تووڕێکی تەڕ ناهێنێت.

سەرۆککۆماری ماڵوێرانیش ئەگەر ناچار نەبووایە و ڕووداوی کوژرانی کابرای گۆڕین ئەوا دەنگی نەدابایەوە، باسی لێژنە و مێژنە و شتی وای نەدەکرد. ئەی ئەوە نییە هەر باسی ئەو هاووڵاتییە ناکات هێزی ئینتزامی لە باشووری تاران بە پێنج شەش کەسان بە زبری شەپ و پێلەقە دەیخەنە سندووقی پشتەوەی ماشێن؟

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر هێزی ئینتزامی نەبێت، کێ دەتوانیت ئەم هەمووکۆڵبەرە بکووژێت؟ کۆڵبەران بە دوو هۆی سەرەکییەوە کوژرانیان زەرەرێکی وای لێناکەوێتەوە و پێویستیشە. یەکەمیان کۆڵبەر سەر بە لەشکری زۆر و زبەندی عەوامانە و دووهەمیش کۆڵبەران دەبنە هۆی شێواندنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. کۆڵبەرێک بتوانێت لەم سنوورانە پارە پەیدا بکات و بە پارەکەی منداڵی بخاتە بەر خوێندن و منداڵەکەش دوای تەواوکردنی خوێندن و خوێندەوار بوون و بیرکردنەوەی قووڵ دیسان کاری دەست نەکەوێت و وەک باوکی بە بەڵگەنامەی بەرزی خوێندنەوە بچێتەوە کۆڵبەری و ئەویش منداڵانی خۆی دووبارە بنێتەوە بەر خوێندن، ئەوە لە ئاکامدا عەوام دەم دەکاروباری خەواس وەردەدەن و هەڵاوهەنگەمەیەک دەخووڵقێت سەگ خاوەنی خۆی بۆ نەدۆزرێتەوە.

١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# نوێنەرانی کوردی مەجلیس و خۆدزینەوەیان لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیان



**عومەر باڵەکی**

هۆکاری دروستبوونی پارلمان یا مەجلیس لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتیدا مێژوویەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدەی بەر لە ئێستا، و لەو کاتەوە مەجلیس یا پارلمان پێکهاتووە؛ هەتا سەردەمی ئێستا کە بەپێی نیازی کۆمەڵگەکان ئاڵوگۆر بە سەر پێکهاتە و شێوەی هەڵبژاردن و ئەرکەکانیدا هاتووە. لە سەردەمانێکدا پێکهێنانی مەجلیس ڕەنگە هەر بۆ پرس و ڕاوێژی پاشا یا ئیمپراتور لە کاروباری ڕۆژانەی وڵاتدا بوو بێ کە ئەندامەکانی ئەو مەجلیسە لەنێو چین و توێژی تایبەت لە لایەن پاشا یا ئیمپراتورەوە دەستنیشان دەکران و تەنیا لە بەرانبەر پاشادا وەڵامدەر دەبوون. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی شێوازی دەسەڵاتدارەتی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بە سەر دامودەزگای جۆراوجۆردا ئەرک و دەسەڵات و شێوەی دەستنیشان کردنی ئەندامانی مەجلیس ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە.

لە سەردەمی ئێستادا ئەندامانی مەجلیس لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و بەپێی پێوانەکانی سەردەم لە بەرانبەر خەڵکیشدا بەرپرسیارن. لە سەردەمی ئێستادا مەجلیس عینوانی ناوەندی قانووندانانی وڵاتی بەخۆیەوە گرتوە و لە هەمان کاتدا چاوەدێری بە سەر شێوازی جێبەجێکردنی ئەو قانوونە دەکا کە لە لایەن دەوڵەت وەک دامەزراوەی جێبەجێکار

بەرپرسایەتیی جێبەجێکردنی لەنێو کۆمەڵگەدا دەکەویتە سەر شان.

لە دوای کوژرانی گوماناویی ڕەئیسی، سەرکۆماری پێشووی ئێران و خۆ ئامادەکردنی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بۆ بەناو هەڵبژاردنێکی پێشوەختەی سەرکۆماری، کۆمەڵێک باسی جۆراوجۆر لەسەر ئەو هەڵبژاردنە و دروستکردنی کەشوهەوایەکی هیوابەخش لە لایەن لایەنگرانی حکوومەتەوە چ لە نێوخۆ وچ لە دەرەوە دروست بوو. لەگەڵ ئەوەدا کە ئۆپۆزیسیونی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران ئەو بەناو هەڵبژاردنەیان تەحریم کرد، بەڵام لەو نێوەدا بیجگە لە لایەنگرانی ڕێژیم کە بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقی دەنگدان بەو پرسەوە تەنگەتاو بوون، بەداخەوە هێندیک لە نوێنەرە کوردەکان لە مەجلیسی ئێران هەموو توانای خۆیان خستە گەر بۆ ئەوەی دەنگدەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەلکێشیە سەر سندووقەکان بکەن بۆ ئەوەی ناوی "مەسعود پزیشکیان" لە سندووقی دەنگدان بێننە دەر؛ بەو هیوایە لەو لمەدە کلاوێکیان بەرکەوێ. بەڵام دیتمان لە کۆتایی فیلمەکەی هەڵبژاردنی بەناو سەرکۆماریدا ئاکامەکە وا دەرنەچوو، بەڵکوو هەتا ڕادەیەک ئەو نوێنەرە کوردانەی هەوڵی زۆریان بۆ "پزیشکیان" دابوو بە قەرزداریش دەرچوون.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ باسی بکەین و، وەبیر نوێنەرە کوردەکانی مەجلیسی بخەینەوە ئەوەیە ئەوان ئەگەر خۆیان بە نوێنەری خەڵک دەزانن دەبێ لە بیریان بێ قسە و هەڵوێست و کردەوەکانیان لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بێ، نەک بەرژەوەندیی تاکی خۆیان. چونکە ئەو قۆناغە دەرنگ یا زوو کۆتایی پێدێ و مێژوو سەڵماندوویەتی نیزام و ڕێژیمە سیاسی و حوکمرانییەکان تەمەنیان بە سەر دەچی و ئەوەی دەمێنێتەوە نەتەوە وگەلە. بۆیە باشە ئەو ئەندامە کوردانەی مەجلیس بزانن و وەبیر خۆیان بێننەوە پێش ئەوەی ببنە ئەندامی مەجلیس، تاکی کۆمەڵگەی خۆیانن و لە هەر هەلومەرجێکدا بن هەر دەبێ بگەڕێنەوە بۆ نێو ئەوکۆمەڵگەیە. بۆیە لە هەموو کاتێکدا لەسەریانە بەرژەوندیی خاک و نەتەوەی خۆیان لە بیر بێ بۆ ئەوەی شەرمەزاری خەڵکی خۆیان نەبن، هەڵبەت ئەگەر خۆیان بە بەشێک لەو کۆمەڵگەیە بزانن و ئەو بابەتانەیان لەلا گرینگ و بەبایەخ بێت.

بە پێی هەموو ئامارەکان گەلی کورد لە ئێران چ لە بواری پانتایی خاکەوە و چ لە بواری حەشیمەتەوە دوای نەتەوەی فارس و تورک سێهەمین نەتەوەی پێکهێنەری ئێرانە و بە نزیک بە ٣٠ کەس نوێنەری لە مەجلیسی ئیسلامی ئێراندا هەیە. ئەگەر زۆریش بە ناخی مێژوودا نەچینەوە خواری، دۆست و دوژمن ئەو ڕاستییە باش دەزانن نزیک بە سەد ساڵە خەڵکی کوردستان لە هەموو باریکەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە دەچەوسێنەوە و لە بچووکترین مافی ئینسانی و سروشتیی خۆیان بێبەش کراوەن. ئەگەر پرۆسەی چەوسانەوەی خەڵکی کوردستان لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی حکوومەتی پاشایەتی و ئیسلامی لەو ماوەدا بە وردی تاوتوێ بکەین، دەبینین هەم لە بواری سیاسی و ئابووری، هەم لە بواری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی



سەرچاوە
Serchawe

دەسەڵاتدارانی تاران دەستیان لە هیچ غەدرێک دەرحەق بە خەڵک و ژینگەی کوردستان نەپاراستوە. هەر بۆیە لە ماوەی نزیک بە سەد ساڵی ڕابردوودا بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بە هەموو هەوراز و نشێوەکانی بۆ چرکەیەک لە خەبات ڕانەوەستاوە و ئەو بزوتنەوەیە بە خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرج درێژەی بە کار و تێکۆشانی خۆی داوە.

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ئەوەی سەلمێندراوە ئەوە بووە ئەو خەباتە هەتا سەرکەوتن درێژەی دەبێ. لێرەدایە پێویستە وەبیر نوێنەرە کوردەکانی مەجلیسی ئێران بێنینەوە ئەگەر بە هەر هۆکارێک نەیانتوانیوە هاوکاریی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن، دەبێ باش بزانن بێدەنگیی ئەوان لە بەرانبەر ڕوداوەکانی کوردستان واتە پەسندی سیاسەتەکانی ڕێژیمە دەرحەق بە خەڵک و خاکی کوردستان و بەو پێوانەیە، ئەوانیش دەبنە بەشیک لە جێبەجێکارانی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان. بەڵام ئەگەر ئەندامە کوردەکانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی بە تاکوکۆ لە بەرانبەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستیان هەبێ، ڕەنگە ئەو وێنەیە لە بەرچاوی خەڵکی کوردستان دروست نەبێ کە ئەوان نوێنەری دامودەزگای ڕێژیمن و نوێنەری خەڵک نین!

ڕۆژانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر ڕەحمەتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا بە دەیان ڕووداوی کارەساتباری مرۆیی و ژینگەیی ڕوو دەدەن، وەک: کوشتنی کۆڵبەران، سوتانی دارستانەکان، ڕاکێشانی ئاوی کوردستان بۆ شوێنەکانی دیکەی ئێران، دزین و بە تاڵانبردنی ئاسەواری مێژوویی، هەڵکشانی بیکاری و هەژاری لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، نەبوونی دوکتور و دەرمان و نەخۆشخانەی پێویست، درێژەدان و هەڵکشانی ئیعدامەکان، بە تاڵانبردنی سامانی گشتیی کوردستان، گرتن و زیندانیکردنی چالاکانی مەدەنی و بوارە کۆمەڵایەتییەکان و.....هتد کە بەپێی قانوونی پارلمانی بە دواداچوون و لێپرسینەوە لەوانە کاری ئەندامەکانی مەجلیسە.

لە قانوونی بنەرەتیی ئێراندا بە هەموو لەنگ و لۆرییەک ئەگەر بۆ نیشانیدانی ڕوخساری جوانی مەجلیسی ئێرانیش بێ، بەپێی ئەسڵەکانی ٧٦ و ٨٤ ئەو مافەی بە ئەندامانی مەجلیس داوە لە هەموو بابەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بکۆڵنەوە و بەدواداچوونیان بۆ بکەن. هەر بەپێی ئەسلی ٨٩ ئەندامانی مەجلیس بە کۆکردنەوەی تەنیا دە ئیمزا دەتوانن لەسەر بابەت ڕووداوە جۆراوجۆرەکان داوای لێپرسینەوەی لە هەیئەتی وەزیران یا هەر وەزیرێکی دەوڵەت بکەن. ئەگەر نوێنەرە کوردەکانی مەجلیس بتوانن لەنێو خۆیاندا کۆدەنگی دروست بکەن و لە ڕێگای قانوونەوە هەوڵ بدەن لەسەر پرسە نیشتیمانی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خەڵکی کوردستان جیا لە بۆچوونی سیاسی و باوەڕەکانیان هەوڵی لێپرسینەوە لە بەرپرسانی دەوڵەت بدەن. ئەوکات دەبینین بە جیگای دەست پاکردنەوە لەبەر دەرگای دەسەڵاتداران بۆ وەرگرتنی پۆست و وپلەی حکومەتی، ڕوانینی دەسەڵاتدارانی تاران هەم بۆ ئەو نوێنەرانە و هەم بۆ کۆمەڵێک پرسی نێوخۆی کوردستان بە

ئاقــارێکی دیـکە دا دەروا و ڕەنگبــێ بە قــازانجی بــزوتنەوەی مــافخوازانەی گەلــی کــورد و پێشــگرتن بە هەنــدێک ڕووداودا بشکێتەوە.

١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٤

## ئەوین مستەفازادە: بە دیکۆمێنتکردنی جینایەتەکانی ڕێژیم بەشێکە لە پرۆسەی داکۆکیکردن لە مافی کورد بە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی



**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**کورد بە درێژایی مێژوو هەموو شێوە مردنێکی ئەزموون کردوە کە کۆمەڵکوژی و جینۆسایدیش یەکێک لەو شێوە مردنانە بووە کە داگیرکەرانی کوردستان بۆ سەپاندنی هێژمون و دەسەڵاتی خۆیان لە کوردستان دەرحەق بە نەتەوەی کورد کردوویانە، کۆمەڵکوژییەکان و جینایەتەکان لە کوردستان زۆرن، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە لە دیمانەیەدا جێگای باسە و سرنجە باسێک لە سەر کۆمەڵکوژییەکەی قارنێیە کە لە ڕێکەوتی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨هەتاوی لەلایەن ڕێژیمی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامییە دژ بە خەڵکی بێ تاوان و مافخوازی کوردستان کرا. لەم بەشەدا داوامان لە زۆر بەڕێز خاتوو ئەوین مستەفا زادە، چالاکی مافی مرۆڤ و وتەبێژی ڕێکخراوی "کوردپا" کردوە تا لەم بارەوە زانیاری زیاترمان پێ بدا.**

**شەهرام سوبحانی:** خاتوو ئەوین هەروەک دەزانین کە ١١خەرمانان هاوکاتە لەگەڵ کۆمەڵکوژییەکەی قارنێ، پێم خۆشە

**لێرەڕا باسێکی پۆخت لەو کۆمەڵکوژییە بکەن؟**

**ئەوین مستەفازادە**: کۆمەڵکوژی گوندی قاڕنێ یەکێکە لە تاوانە هەر قێزەونەکانی دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران کە دوابەدوای فتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان ڕوویدا. دوای ئەوەی کە خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ فەرمانی جیهادی بۆ لە ناوبردنی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان دەرکرد، لە ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە بیانووی بوونی هێزی پێشمەرگە گەمارۆی گوندی "قاڕنێ" دەدرێت و لە ئەنجامی هێرشێکی نیزامی بە چەک و چەقۆ و تەنیا لە ماوەی سێ کاتژمێردا ٦٨ کەس لە خەڵکی مەدەنی(پیاو و ژن و منداڵ) دەکوژرێن و بەشێکیان سەر دەبڕدرێن، لەوانە مەلای مزگەوتی گوند (مەلا مەحموود مەستورزادە) کە بە قورئانەوە بەرەو پیری سەربازەکان دەچێ و داوایان لێدەکات دەست لە خەڵکی گوند بپارێزن و دڵنیایان دەکاتەوە کە گوندەکەیان خاڵییە لە پێشمەرگە، بەڵام سەربازەکان هەر لەوێ مەلا مەحموود دەکوژن و سەری دەبڕن. کۆمەڵکوژی گوندی قاڕنێ لەکاتی خۆیدا دەنگدانەوەیەکی زۆری لە کوردستان و ئێران لێکەوتەوە، بەڵام چونکە کوشتار و کۆمەڵکوژییەکە بەشێک بوو لە سیاسەت و فیتوای جیهادیی خومەینی، هیچ دەرئەنجامێکی ئەوتۆ لەو بەڵێن و قسانە بەدی نەکراوە، کەس لەسەری سزا نەدرا. بەڵکوو کۆمەڵکوژی و تاوانی زیاتریشی لە گوندەکانی دیکەی کوردستان، بەدواداهات. هەربۆیە پێویستە بۆ خوێندنەوە و گێڕانەوەیەکی بە دیکۆمێنت، ئاوڕ لە پێش زەمینە و سیاسەت و فیتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان و ئەو شەڕ و ناکۆکییەی نێوان تورک و کورد کە بەشێکی زۆری دەستی حکوومەتی تێدا بوو، بدرێتەوە. ٢٥ی خەزەڵوەری١٣٥٨ی هەتاوی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کرد کە کۆتایی لێکۆڵینەوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە گرووپی خۆجێی "جوانمردان" لە دامەزرێنەرانی ژاندارمری، ٤٥ کەسی بێتاوانی قاڕنێیان کوشتووە و دواتر بۆ بیابان گۆاستراونەتەوە بۆ ئەوەی نیشان بدرێت لە شەڕدا کوژراون. هەروەها لەو ڕۆژنامەدا باس لەوە کراوە، بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی بکەرەکانی ئەو کوشتارە ناسراون، بەڵام بە هۆی پشتیوانی ظهیرنژاد(فەرماندەی لەشکری ٦٤ ورمێ) لە گەندەڵەکانی ناوچە، ئەگەری دەستبەسەرکران و سزادانی ئەو کەسانە بوونی نییە". ڕۆژنامەی "کەیهان"یش باسی لە دروستبوونی لێژنەیەک پێکهاتوو لە نوێنەری سەرۆک وەزیر و پارێزگار و ئیمامی جومعەی نەغەدە کرد کە سەردانی گوندی قاڕنێیان کردوە بۆ ڕادەستکردنەوەی ڕاپۆرت بە سەرۆک وەزیران و پارێزگار. لەگەڵ هەموو ئەو دەنگدانەوانە و هەروەها کۆمەڵێک بەڵێنی بەرپرسانی ئەوکات بۆ سزادانی بکەرەکان، بەڵام تاکوو ئێستا هیچ کەس لەو پەیوەندییەدا سزا نەدراوە و بەرپرسانی پەیوەندییدار هۆکارەکانیان بۆ نەبوونی هەماهەنگی پێویست و ئاگادار نەبوونی دەوڵەتی کاتی ئەوە کات لەو جینایەتە گەڕاندەنەوە و دادخوازی بنەماڵەکان لە تاران و پارێزگای ورمێش بێ ئاکام مایەوە. تەنانەت بنەماڵەکان بۆ وەرگرتنی دیە و ناونووسی لە بونیادی شەهید خرانە ژێر گوشارەوە، بەڵام قەبووڵیان نەکرد.

**شەهرام سوبحانی:** ئایا هەتا ئێستا بزووتنەوەی سیاسی کورد توانیوە کۆمەڵکوژییەکەی قارنێ بکاتە کەسێکی بەهێز بۆ داکۆکی لەسەر مافی کورد و بە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دنیای دەرەوە کەڵکی لێ وەربگرێت؟

**نەوین مستەفازادە:** کارکردنی لەسەر کەیسی جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر کوردستان بەتایبەتی لە ئاستی نێودەوڵەتی ئەرکێکی قورسە و پێویستە بەپێی میکانیزمی ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەت کۆمیتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری بۆ بکرێت و هەموو فاکتەرە و لایەنەکانی بە دێکۆمێنت کردنی تاوانێک لەبەرچاو بگیرێت. سەبارەت بە کۆمەڵکوژی قارنێ، هەم کۆمەڵێک بەڵگە و بابەتی ڕۆژنامەی ئەوکات بوونیان هەیە و هەم بەشێوەیەکی پەرتەوازە کۆمەڵێک گێڕانەوە و نووسراوە لە زاری شایەتحاڵان بوونی هەیە کە بناغەیەکی باشن بۆ کارکردن لەسەر ئەو کەیسە بەپێی مکانیزمە نێودوڵەتییەکان. چونکە ئەوەی کە هەیە کۆماری ئیسلامی تاکوو ئێستا و بە تێپەڕینی زیاتر لە ٤٤ ساڵ بەرامبەر ئەو جینایەتە وەڵامدەر نەبووە و نایهەوێ کاری لەسەر بکات. بەڵام ئەوەی کە گرینگە پێداگری و بەدواداچوون لەسەر کەیسی تاوانەکان و بەڵگەمەندکرانیان بۆ داهاتوویە، چونکە هەرچەندە کات بەسەر تاوانەکان تێپەڕێت و شایەتحاڵان لە ژیان دانەمێنن، بە دێکۆمێنت کردنیان قورستر دەبێت. ئێمە دەبێ لە کەیسی تاوانەکانی حکوومەتێک بەرامبەر خەڵک و نەتەوەیەک ئەوەمان لەبیر بێت کە نابێت بڵێین چونکە ئێستا لە ئاستی نێودەوڵەتی دانی پێدانانرێت، کەوایە پێویست ناکات بە دێکۆمێنت و بەدواداچوونی بۆ بکەین؛ بەڵکوو هەر خودی پرۆسەی بەدواداچوون و بە دێکۆمێنتکردنی بەپێی میکانیزمە نێودەوڵەتییەکان بەشێکە لە پرۆسەی داکۆکیکردن لە مافی کورد بە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

**شەهرام سوبحانی:** ئێمە وەک نەتەوەی کورد چۆن دەتوانین ڕووداوە دڵتەزێنەکانی هاوچەشنی ٢٨ی گەلاوێژ و کۆمەڵکوژییەکەی قارنێ و قەڵاتان و ... هتد. بکەینە هەوێنی بەردەوامیمان دژی داگیرکەرانی کوردستان؟

**نەوین مستەفازادە:** بەداخەوە بۆ نەتەوە بێبەشکراوەکانی وەکوو کورد هەمیشە هەلەکان و ئاشنابوون بە زانستی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەیی بۆ کارکردن لەسەر تاوانەکان قورسترە و درەنگتر دەنگی دەبیسترێت؛ بەتایبەتی کاتێک حکوومەتێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی نە تەنیا سەرکوتت دەکا، بەڵکوو دان بە هیچ شتێک دانانێت و هەموو هەوڵێکیش دەدات کە دەنگت نەبیسرێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕێگاهایەک بوونی هەیە کە کورد دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە و باس لە تاوان و جینایەتەکان بەرامبەر خۆی بکات.

هەربۆیە پێویستە لە هەموو میکانیزم و ڕێگا نێودەوڵتییەکان کەڵک وەرگرین و لە هەر هەلومەرجێکی وەکوو ئێستا کە دێتە

پێش، باشترین کار بکەین بۆ بە ڕەسمی ناسینی مافەکانمان و ئەو سەرکوتەی لەلایەن حکوومەتەوە بەرامبەرمان دەکرێت. لە ئێستادا و دوای شۆڕشی "ژینا" وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئاوڕێکی جیددیان لە نەتەوە ژێردەستەکانی وەکوو کورد و بەلووچ داوەتەوە، تەنانەت "جاوید ڕەحمان" ڕێپۆرتی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بە کاروباری ئێران باسی لەوە کرد کە دەبێت جینایەتەکانی دەیەی ٦٠ کاری جیددیان لەسەر بکرێت. هەروەها "کۆمیتەی ڕاستی دۆز" دانی بەوە داناوە کە نەتەوەی کورد و بەلووچ لەسەر بنەمای مێژوویەک لە چەوسانەوە و سەرکوت، لەکاتی شۆڕشی ژینادا بەشێوەیەکی سەرەڕۆیانە سەرکوت کراون.

هەربۆیە دەبێ لەبیرمان بێت کە بەشێکی جیددی لە خەبات و بەردەوامی خەباتی کوردستان ئەوەیە کە پرسی ڕەوایی خەباتی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی بە ڕەسمی بناسرێت و دانی پێدابنێن. خودی ئەمەش زۆرێک لە دەرگاکان بە ڕووی کورد دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتی خەبات بۆ پرسی ڕەوایی کوردستان و مافەکانی کورد بەرەوپێش ببات.

**شەهرام سوبحانی:** بەڵگەمەندکردنی ئەو کارەساتانە لە کوردستان دەتوانێ چ ئەرکێک بخاتە سەرشانی وڵاتان و ڕێکخراوە مرۆڤییەکان؟

**نەوین مستەفازادە:** سەرەتا پێم باشە بۆ چوونە ناو ئەو بابەتە باس لە گرینگی بەڵگەمەندکردنی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لەماوەی شۆڕشی ژینا لەلایەن "کۆمیتەی ڕاستی دۆزی" ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەم. بەهۆی ئەوەی کە ئەو کۆمیتەیە بەپێی بڕیاری ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان دروست بووە و دەستی بەکار کردوە، کەوایە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتی بە ڕەسمی دەناسرێن و لە داهاتوودا بۆ بەڕێوەچوونی هەر جۆرە دادگایەکی عادڵانە دەتوانین بۆی بگێڕینەوە. لەهەمان کاتدا ئەو هەوڵانە دەبنە هۆی ئەوەی لەلایەن بەرپرسانی سیاسی وڵاتان پرسی کورد و نەتەوەکان و سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بەپێی میکانیزمی خۆیان ڕوون و ئاشکرا بێت و نەتوانن حاشای لێوە بکەن و کۆماری ئیسلامیش کە پارە و لابییەکی زۆری لە ئاستی نێودەوڵەتی خەرج دەکات، چەواشەکارییەکانی بۆ نەچێتە سەر. بەگشتی دەتوانم بڵێم بەڵگەمەندکردنی ئەو کارەساتانە لەلایەن ڕێژیمەوە بەسەر کوردستان دادێت، ئەگەر بەپێی ئۆسوول و مکانیزمە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام بدرێت، وەکوو پرەنسیپێکی نێودەوڵەتی شوێنی خۆی دەگرێت و ئەگەریش بە بەردەوامی کاری تێیدا بکرێت، وڵاتان و ڕێکخراوە مرۆڤییەکان والێدەکات لە ڕوانین و بەرنامە و سیاسەتەکانی خۆیاندا بیگونجێنن و کاری بۆ بکەن. هەروەها چونکە بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانە لانیکەم خۆیان وانیشان دەدەن پابەندی دێموکراسی و مافی مرۆڤن، بە پێویستی دەبینن کە ئەو پرەنسیپانە لە کردار و هەڵوێستەکانیان ڕەنگ بداتەوە، ئەمەش خۆی درەفەتی گرنگیدان بە پرسی کورد لە دەرەوەی وڵات و کرانەوەی دەرگاکانی کارکردنی زیاتر بۆ کورد لەو بوارەوە لێدەکەوێتەوە.

ئەوەی کە ئێمە کوردی وەکوو ئەسڵێک پێویستە لەبیرمان بێت، ئەوەیە کە بە ڕەسمی ناسینی پرسی کورد و کوردستان، بەو جۆرەی کە مەسەلەی ئێمە بۆتە بابەت و دەتوانین دەستی لەسەر دابنێین؛ خۆی بەشێکی زۆری ڕێگای خەباتی ئێمەی لە ئاستی نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤی پێواوە. هەربۆیە ئێمە دەبێ لەو بوارەدا دوور بڕوانین و ئەو مێژوو و کارەساتانەی بەرسەرماندا سەپاوە بە دیکۆمێنتی بکەین، تاکوو هەم ڕەوایی خەباتی خۆمان نیشان بدەین و هەمیش لە داهاتوودا کەس حاشا لە تاوانەکانی دژی کورد نەکات و لە سیاسەتەکانی حکوومەتی داهاتوو خەسارەکان قەرەبوو بکرێنەوە.

**شەهرام سوبحانی**: ماوەیەک لەمەوپێش "جاوید ڕەحمان" داوای لە کۆمەڵگەی جیهانی کرد کە لەهەمبەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێوشوێنی تایبەت بگرنەبەر، ئایا ئەم هەوڵانە دەتوانێ ئاکامێکی بۆ دۆزی سیاسی کورد بە دوادا بێ؟

**ئەوین مستەفازادە**: بەوە جۆرەی کە لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، ئێمە لەو بوارەدا ڕێگایەکی دووروودرێژمان لە پێشە و پێویستە لە هەموو هەلومەرج و دەرفەتەکانیش باشترین کەڵک وەرگرین بۆ بەڕەسمی ناسینی پرس و مافەکانی خۆمان و مەحکووم کردنی پێشێلکارییەکان. سەبارەت بە داواکاری جاوید ڕەحمان، بەهۆی ئەوەی کە لە پۆستێکی دانپێدانراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە و لەسەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە دەیەی٦٠یش ڕاپۆرتی پێشکەش کردوە و هەروەها باسی لە گرینگی لێکۆڵینەوە لە ئاستی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو جینایەتانە کردوە؛ کەوایە سەرەتایەکی باشە بۆ کارکردن لەسەر زۆرێک لەو بابەتانەی کاریان لەسەر نەکراوە. هەربۆیە پێویستە ڕیپۆرتی تازە لەسەر ڕاسپاردەی ڕیپۆرتی پێشوو ئەرکدار بکەین کە بە میکانیزمی نێودەوڵەتی کار لەسەر ئەو کارەساتانە بکرێت کە تا ئێستا کاری جیددی لەسەر نەکراوە. ئەوەی ئێمە کورد دەبێ لەبەرچاومان بێت ئەوەیە کە دەڵێن کۆماری ئیسلامی بە شێوازێکی سیستماتیک و بەرنامە بۆ داڕێژراو، و لە ڕەوەندێکی مێژوویی کوردی سەرکوت کردوە و نیشان بدەین ڕووبەڕووی هەڵاواردنی نیژادی-مەزهەبی بووینەتەوە. بۆیە گەڕانەوە بۆ مێژوو نە تەنیا کارەساتەکانمان بەڵگەمەند دەکات، بەڵکوو سیاسەتی سەرکوتی سیستماتیکی حکوومەت بەرامبەر کورد زیاتر دەردەخات و وا لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات ئاوڕێ جیددی لێ بدەنەوە. هەموو ئەو هەوڵانەش بۆ بە ڕەسمی ناسینی دۆزی سیاسی کورد و دانپێدانان بە مافی کوردی دەتوانێت لێ بکەوێتە.

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو ئەوین سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن

**ئەوین مستەفازادە**: سپاس بۆ بەڕێزتان ئێوەش ماندوو نەبن.

**١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لەبارەی گرتن و ڕادەستکردنی بێهزاد خوسرەوی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران




لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا بێهزاد خوسرەوی، خەڵکی سەقز، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نیشتەجێ لە شاری سلێمانی لەلایەن دەزگای ئاسایشی حکوومەتی هەرێم لەم شارە دوو جار بانگ کراوە و جاری دووهەم دوای چەند ڕۆژ بەندکردن و ڕاگرتن، ڕادەستی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە کراوە.

لە ڕاگەیەندراوی دەزگای ئاسایشی هەرێم لە شاری سلێمانی هۆکاری گرتن و ڕادەستکردنی بێهزاد خوسرەوی بە کۆماری ئیسلامیی بۆ ئەوە گەڕێندراوەتەوە کە ناوبراو مۆڵەتی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستانی نەبووە و هیچ پێوەندییەکی تەشکیلاتیی بە لایەنێکی سیاسییەوە نەبووە.

پێچەوانەی ئەوەی لەو ڕاگەیەندراوەی دەزگای ئاسایشدا هاتوە، بێهزاد خوسرەوی ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە لەگەڵ دایک و خوشکی لە هەرێمی کوردستان لە شاری سلێمانی دەژین و بەپێ هەموو بەڵگە بەردەستەکان، لە نشینگەی شاری سلێمانی ئیزنی مانەوە و نیشتەجێبوونیان وەرگرتووە و مانەوەیان لەو شارە یاسایی و بەپێی ڕێوشوێنەکانی حکوومەتی هەرێم بووە،

تەنانەت وەک پەناخوازی سیاسی لە کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران، نوێنەرایەتیی UN لە هەرێمی کوردستان ناوی تۆمار کردوە. هەروەها ماوەی ٧ ساڵە خۆی و بنەماڵەکەی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون و لە هەموو ئەو ماوەیەشدا لە چوارچێوەی یاسا و ڕێوشوێنەکانی حکوومەتی هەرێم لە سلێمانی ژیاوە و هیچ لادان و سەرپێچییەک لە ناوبراو ڕووی نەداوە کە لە مەحکەمە و دادگایەکدا لەسەری سەلمابێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەستکردنی بێهزاد خوسرەوی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم دەکا و ڕادەگەنێت کە دۆسیەی گرتنی بێهزاد دەبوا بەپێی یاسا لە دەزگای دادی هەرێمی کوردستاندا بڕیاری لەسەر درابا، نەک ناوبراو کە ئەندامی حیزبێکی سیاسیی دژبەری کۆماری ئیسلامی و پەناخوازی سیاسی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستانە، لەلایەن دەزگای ئاسایشی سلێمانییەوە ڕادەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرابا. بۆیە وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی لەو ڕووداوە داوای زانیاری و ڕوونکردنەوەی پتر لەلایەن ناوەندە پێوەندیدارەکان و هەروەها بەدواداچوونی یاسایی بۆ ئەو بابەتە دەکەین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی تەشکیلات

١٧ی خەرمانانی ١٤٠٣ (٧ - ٩ - ٢٠٢٤)



سەرچاوە
Serchawe

# دانەمرکاوە و دانامرکێتەوە!



**ئاسۆ مینبەری**

لە دووهەمین ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینا، شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییە خەڵکییەکانی سەرانسەری نزیک دەبینەوە. ئەو بزووتنەوەیە لە زۆر بوار و لایەنەوە جێگای سەرنجن و پێویستە بە شێوەیەکی جیددی و کۆمەڵناسانە خوێندنەوەیان بۆ بکرێ تاکوو وەکوو ئەزموونێکی دیار و کاریگەر لە مێژووی ٤٦ ساڵ بەرهەڵستکاری دژی دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامیدا، بایەخی ڕاستەقینەوەی خۆی پێ بدرێت. ئەم ناڕەزایەتییانە ئەگەرچی بە شەهیدبوونی ژینا ئەمینی و لە ڕواڵەتدا بۆ کاردانەوە بە ستەمی دەسەڵات دژی ئەویتری خۆی واتە نەتەوەی کورد و لەو نێوەشدا ژنی کورد دەستی پێ کرد، بەڵام، لە ڕاستیدا بۆ ماوەی چەندین ساڵ بوو بەستێنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی بۆ ئامادە کرابوو.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، بە هۆکاری جیاواز، ناڕەزایەتی ڕوویان دابوو و خەڵک هەر جارە و بە هۆکارێک ڕژابوونە سەر شەقامەکان و دژ بە دۆخی نالەباری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ... وەستابوونەوە بەڵام، لە بزووتنەوەی ژینادا، یەکەم؛ ئەزموونەکان لە ناڕەزایەتییەکانی پێشوو و دووهەم؛ ئاگاداربوون لە لەرزۆکبوونەوەی دەسەڵاتی ئاخوندی وای کرد شێوازی ناڕەزایەتییەکان جیاوازتر بێ.

لە دوای ناڕەزایەتییەکانی ٨٨ و هاتنەئارای بزووتنەوەی سەوز، لە بەفرانباری ٩٦ و پاشان خەزەڵوەری ٩٨ی هەتاویدا ناڕەزایەتییە خەڵکییەکان بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشتن؛ بەتایبەت لە کوردستان کە بە بەراورد لەگەڵ باقی شار و پارێزگاکانی دیکە لە بواری ئابوورییەوە گوشاری زیاتری لەسەر بوو، لەلایەن ڕێژیمەوە دڕندانەتر هێرشی کرایە سەر کە ئاکامەکەی برینداربوون و شەهیدبوونی سەدان کەس لە خەڵکی مافویست بوو. ئەم ناڕەزایەتییانە ئەگەرچی لەسەر پرسێکی ئابووری بوو، بەڵام ئەتوانین بڵێین بۆ یەکەم جار لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا، بەرەو ئاقارێک چوون کە تەواویەتی ڕێژیم و خودی خامنەیی وەک ڕێبەری ڕێژیمیان کردە ئامانج. ناڕەزایەتییەکانی ٩٨ بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئەزموونێک بوون بۆ داهاتوو تاکوو لە بڕگەیەکی زەمەنیی دیکەدا، بە جۆرێکی دیکە سەر هەڵ بدەنەوە و شۆڕشی ژینا دەکرێ وەک ئەم سەرهەڵدانە نوێیە چاوی لێ بکرێت.

لە خەرمانانی ١٤٠١دا و پاش شەهیدکرانی ژینا، جیا لە پرسی ئابووری، پرسی کۆمەڵایەتی و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگە لەژێر سێبەری دەسەڵاتی خامنەییدا، ئاڵۆزیی دۆخی وڵات لە باری سیاسییەوە، تووڕەییەکی سەرکوتکراوی ناڕەزایەتییەکانی پێشووتر و بەتایبەتیش ناڕەزایەتییەکانی ٩٨ بەدی دەکرا. کاتێک کە بریندارب‌ووی ناڕەزایەتییەکانی ٩٨، لەکاتێکدا کە چاوێکی لەدەست داوە دێتە مەیدان و لە شۆڕشی ژینادا، دیسانەوە لە بەرانبەر دەسەڵاتدا ڕادەوەستێ، بێگومان دەبێ خوێندنەوە بۆ تووڕەیی و هەستی تۆڵەکردنەوەکەی بکرێ.

لەم ئەزموونە جیاوازانەدا، ژنانیش پشکی خۆیان هەبوو، هەروا کە لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵانی ڕابردوودا ژنان هاتنە مەیدان و هاوشانی باقی چین و توێژەکان، دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی کۆمەڵگە، لە شۆڕشی ژیناشدا، بوێرانە مەیداندارێی پرسەکەیان کرد و لە زۆر بڕگەشدا خۆیان ڕێبەرایەتیی شۆڕشەکەیان کرد.

ئێستا کە دوو ساڵ بەسەر شۆڕشی ژینادا تێدەپەڕێ، وێڕای ئاوڕدانەوە کە هەموو لایەنەکانی ئەم شۆڕشە و خەسارناسیی لۆژیکیی ئەم شۆڕشە، دەبێ پێداگری لەسەر ڕۆڵ و پێگەی ژنان لەم شۆڕشەدا بکەینەوە. وەک باس کرا، بەستێنی ئەم شۆڕشە لەمێژ بوو کە ئامادە کرابوو و هەر بۆیە ئەگەر تەنیا بەشداریی ژنان بە تەنیا فاکتەری سەرهەڵدان و دەنگدانەوەی شۆڕشەکە بزانین، نەمانتوانیوە بە وردبینییەوە لێکدانەوەی بۆ بکەین، لە ڕاستیدا هەر خودی ناڕەزایەتییەکانی پێشوو و لەمەیداندابوونی چین و توێژە جیاجیاکان یەکێک لە گەورەترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا بوو، بەڵام بەم حاڵەشەوە، ناتوانین نکۆڵی لە ڕۆڵ و پێگەی ژنان لەم شۆڕشەدا بکەین.

زۆر جار باس لەوە کراوە کە یەکەمین ئەکتی ژنان لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز واتە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان و وتنەوەی



سەرچاوە
Serchawe

دروشمی ژن، ژیان، ئازادی وەکوو خاڵی دەسپێکی شۆڕشەکە ناسراوە؛ بێگومان ئەم ئەکتە پاشخانێکی مێژوویی هەبووە و پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی لە ٤٦ ساڵی ڕابروودا هەوڵی دا بە سەپاندنی ئیدئۆلۆژیی خۆی، کۆمەڵگەیەکی گوێڕایەڵ بەرهەم بێنێت و دەنگە جیاوازەکان کپ بکات، بەڵام هەر ئەم دەنگە کپکراوانە، لە بۆنە جیاوازەکاندا، ڕێگایەکیان بۆ دەربڕینەوەی خۆیان دۆزییەوە و لە شۆڕشی ژینادا ئەوە ژنان بوون کە دژی ٤٦ ساڵ ستەمی ڕەگەزی وەستانەوە و باسیان لە کەرامەتی مرۆیی خۆیان کرد.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا ڕێژیم زۆر هەوڵی داوە تاکوو لە ڕێگەی گەڵاڵە و پیلانی جۆراوجۆرەوە، کۆنترۆڵی کۆمەڵگە و بەتایبەت ژنان بکات و بە خەیاڵی خۆی شۆڕشەکە دامرکێنێتەوە، بەڵام بێگومان ئەم شۆڕشە دانەمرکاوە و دانامرکێتەوە. لە دوای شۆڕشی ژیناوە هەتا ئەمڕۆ، ئەوەی کە لەلایەن ڕێژیمەوە کراوە بە پێچەوانەی ئیدعای خۆیان، نەک هەوڵ بۆ چاکسازی بەڵکوو هەوڵ بۆ سەرکوتی زیاتر و جیاوازتر لە جاران بووە.

بەندکردنی نارازییانی شۆڕشی ژینا، سەپاندنی سزای بەندکران و لەسێدارەدان، گوشارەکان بۆ سەر بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشەکە و دەسبەسەرکردنیان، تێکدانی گڵکۆی شەهیدان و بەتایبەتیش گوشارەکان بۆ سەر دایک و خوشک و هاوسەری شەهیدان، لەو سەرکوتکارییانەن کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا لەلایەن ڕێژیمەوە روویان داوە.

ئێستا کە دوو ساڵ بەسەر ئەم شۆڕشەدا تێدەپەڕێت، دەبێ هەوڵ بدەین بە خەسارناسی و خوێندنەوەی نوێ، لایەنە جیاوازەکانی لێک بدەینەوە و لەم ڕاستایەشدا، بایەخێکی زیاتر بە پرسی ژنان و بەشداریی ژنان وەک گرینگترین فاکتەری دەسپێکی ئەم شۆڕشە بدەین.

شۆڕشی ژینا ئەگەرچی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی زۆر بوون بەڵام بە زۆر هۆکار ڕواڵەتێکی ژنانەی بەخۆوە گرت و هەر ئەمەش وای کرد کە پرسەکە لە دنیای دەرەوەشدا بایەخی زۆری پێ بدرێت، بۆیە خوێندنەوەی ئەم بەشە لە شۆڕشەکە، ئەرکی ڕووناکبیرانە تاکوو هەنگاوەکانی دواتر، سەرکەوتووتر بن.

١٨ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# ڕق و دوژمنایەتی نەبڕاوەی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە کوردستان




**ڕەزا دانشجوو**

لە سەروبەندی دووهەمین ساڵیادی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" سووکایەتی‌کردنی تیرۆریستێکی سپای پاسداران لە پێگەی بەناو مامۆستای زانکۆ کاردانەوەی جیاوازی کەسایەتییە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکان و خەڵکی ئاسایی لە میدیاکاندا بەدوای خۆیدا هێنا. هەر ئەو کاردانەوەیانەی کە لە کۆتاییدا بوونە هۆی لەسەرکارلابردنی ئەم بەناو مامۆستای زانکۆ لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمەوە .

ئەوەی کە ئەم لەسەرکارلابردنە چەندە واقعیە و چەندە لای کۆمەڵانی خەڵک گرنگە، دەبێ بێگومان بگوترێ: ئەزموونی چلوچەند ساڵەی حوکمڕانیی کارەساتباری کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە ئەم نمایشە کورتخایەن و ڕواڵەتییانە تەنیا بۆ وەڵامدانەوەی ڕای گشتین و لە زۆربەی کاتەکاندا کەسی خەتاکار کە هەمیشە ئەندام یا پێوەندیدار دامەزراوە ئەمنییەکانی ڕێژیمە دوای ماوەیەک لە شوێنێکی تر و ڕەنگە لە پوست و پێگەیەکی باشتردا درێژە بە کارو چالاکییەکانی دەدات. بەڵام بەڕاستی هۆکاری ئەم هەموو ڕق و دوژمنایەتییەی ڕێژیم و کاربەدەستانی لە کورد و کوردستان چییە کە کەسێکی بەناو مامۆستای زانکۆی ڕێژیم بە لێدوانێکی وا ناحەز کە بێگومان تەنها شایستەی خۆی و ئەربابەکەیەتی باسی کورد ئاکات؟

بە دڵنیاییەوە ئەو یەکەم کەس نییە هێندە ڕووهەڵماڵراونە هێرش دەکاتە سەر کورد و بە دڵنیاییەوە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا دواهەمین کەسیش نابێت. لە سەروبەندی دووهەمین ساڵیادی شۆڕشی ژینادا، چاوخشاندنێک بە مێژووی تەواو خۆڕاگری و خەباتی کوردستان لە دژی دیکتاتۆریەتی ولایەتی فەقیهـ دەتوانێت وەڵامێکی گونجاو بێت بۆ ئەم پرسیارە. لە ڕاستیدا وەک باس کرا شۆڕشی ژینا خاڵی وەرچەرخانی خەباتی ڕۆژهەڵات دژ بە نیزامی کۆماری ئیسلامی بوو و بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان و ڕیشەی ئەم دوژمنایەتییەی دەسەڵاتی ولایەتی فەقیهـ لەگەڵ کورد و کوردستان، مرۆڤ دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێبەندانی ١٣٥٧.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی و سەرکەوتنی شورشی گەلانی ئێران کورد هیوادار بوو لە چوارچێوەی هاوبەشییەکی ڕاستەقینە و دادپەروەرانەدا لەگەڵ گەلانی تری ئێران کۆتایی بە دەیان ساڵ لە هەڵاواردن و چەوساندنەوە بهێنێت. لەم کاتەدا ڕێبەرانی سیاسیی کورد چەندین جار ئاشتیییانە و بە پەیامی دۆستانە داوایان لە خومەینی کرد هەر بە پێی دروشمەکانی پێش سەرکەوتنی شۆڕش هەوڵی چەسپاندنی دادپەروەریی ڕاستەقینە و پاراستنی مافی نەتەوەکانی ئێران بدات. نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە ئەو هەوڵانە لە کاتێکدا درا کە سەرکردەکانی کورد زۆربەیان هیچ هەڵوێستێکی ئەرێنییان بەرانبەر خومەینی و حکومەتەکەی نەبووە، بەڵام هەڵوەرجی سەیر و سەمەرەی ساڵی ٥٧ و پشتیوانیی ڕەوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکان لە خومەینی وای کرد کە کورد خۆی لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگەدا هاوئاهەنگ بکات تا پێش بە تاقمێک بیری شۆڤێنی و تاقمێک گرووپی دیار کە ئامانجیان بەلاڕێدابردنی داخوازییەکانی کورد و پێناسەکردنی کورد وەک لایەنی دژی شۆڕش و جوداییخواز بوو بگرێت.

ڕەفتار و شێوەی هەڵسوکەوتی خومەینی بەرامبەر بە کێشەی کورد وای کرد کۆمەڵگەی کوردستان و سەرکردە سیاسییەکانی هەر زوو ئاگاداری نییەتی ناحەزان ببن و بزانن کە خومەینی و بریکارەکانی بەنیازی چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی سیاسی و ئاشتییانە نین. لە ڕۆڵی وێرانکەر و دوژمنایەتی و ڕق و کینەی سەیر و سەمەرەی هەندێک کەس و ڕەوتی سیاسی کە خۆیان دواتر بوون بە نەیارانی خومەینی لە پرسی کوردستاندا نابێ بە ئاسانی چاوپۆشی بکرێت. ڕەنگە، ئەگەر ڕێبەرایەتیی سیاسی کورد لەم سەردەمەدا پشتیوانی و هاودڵی و هاوئاهەنگی لانیکەم بەشێک لە گرووپەکانی تریان هەبوایە، دەسەڵاتی گەندەڵ و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی هەرگیز نەیدەتوانی بێتە سەر کار و بەم شێوەیە ڕەگ داکوتێ. دوای بایکۆتی مێژوویی کوردستان و "نا"ی چارەنووسسازی بۆ ڕیفراندۆمی گاڵتەجاڕی ڕژیم بۆ دیاریکردنی جۆری حکوومەت کە ئاکامەکەی لە ١٢ خاکەلێوەی ٥٨دا ڕاگەیەندرا، دوژمنایەتیی ڕێژیمی ولایەتی فەقیهـ لەگەڵ کوردستاندا چووە قۆناغێکی نوێ. ئەمجارە خومەینی و بریکارەکانی ڕاستەوخۆ هەڕەشەیان لە خەڵکی کوردستان دەکرد. مانگی گەلاوێژی ٥٨ی هەتاوی و دەرکردنی فەرمانی جیهاد لە دژی کوردستان لە لایەن خومەینییەوە دەتوانێ وەک سەرەتای ئاشکرابوونی

ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی و کورد دیاری بکرێت. سەرەتای چل و چەند ساڵ خەباتی ڕۆژهەڵات بۆ ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتەی کە باوەڕی بە هیچ کام لە چوارچێوە و پرەنسیپەکانی ئینسانی نەبووە و نییە.
ئەگەرچی ڕاگەیاندنی فەرمانی جیهاد لە لایەن خومەینیی دەججالەوە دژی کورد و هێرشی هەمەلایەنەی ڕێژیم بۆ کوردستان ڕووبەڕووی خۆڕاگری قارەمانانەی پێشمەرگەی کوردستان بۆوە و خەسارێکی قورسی بە کۆماری ئیسلامی گەیاند، بەڵام بەداخەوە بەدەر لە شەهید و برینداربوونی ژمارەیەک لە ڕۆڵە قارەمانەکانی کوردستان و لێکەوتە ناخۆشەکانی دواتری، بووە هۆی وێرانکاری و لەنێوبردنی بەئەنقەستی بەشێکی زۆر لە ژێرخانی کوردستان. لەم شەڕە نایەکسانە لە ڕووی دەستڕاگەیشتن بە چەک و ئامێری جەنگییەوە، کۆماری ئیسلامی چەندین جار هەموو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی پێشێل کرد و دەیان کوشتاری بەکۆمەڵ و تاوانی جەنگیی ئەنجام دا. دوای کۆچکردنی زۆرەملێ و بێگومان خۆدەستپێشخەریی حیزبە کوردییەکان بۆ دەرەوەی شارەکان بۆ پێشگرتن لە زیانی زیاتر بە شارەکانی کوردستان تا کاتی ڕاگرتنی شەڕی چەکداری دژ بە ڕێژیم، کۆماری ئیسلامی دەیان جار بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی نامرۆڤانە وەک دەسبەسەرکردن و زیندانیکردنی بنەماڵەی پێشمەرگە و کەسانی نەیاری، دەرکردن و لەسەرکارلابردنی کەسوکاریان و... هەوڵی دا تا ڕوح و گیانی بەرخۆدان لە کوردستان لە نێو بەرێت؛ ئەم پیلانە چەپەڵەی کە کۆماری ئیسلامی هیچ کات نەیتوانی تێیدا سەرکەوتوو بێت.

تەنانەت دوای ڕاگرتن و وەلانانی خەباتی چەکداری لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و جێگیربوونی بەشی ئاشکرایان لە هەرێمی کوردستان، کۆماری ئیسلامی بەردەوام بوو لە هێرشکردنە سەریان و نەک هەر ئاژاوەگێڕی دژی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ڕانەگرت، بەڵکوو جیا لە دەیان تیرۆری ئەندامانی سەرکردایەتی و ئاسایی و موشەکباران و تۆپبارانی شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵە و کەسوکاریان و کوشتنی دەیان کەسی بێتاوانی مەدەنی، گۆشەیەکی نوێی دوژمنایەتی و کینەی مێژوویی خۆی لە دژی کورد نیشان دا.

تیرۆرکردنی ترسنۆکانە و زەبوونانەی دوکتور قاسملوو و هاوەڵانی لە ڤییەن و دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە بەرلین و دەیان تیرۆری پلان بۆ دارێژراوی دیکە لە تورکیە و هەرێمی کوردستان نیشانی دا کە کۆماری ئیسلامی هەرگیز ئامادە نییە هەڵسوکەوتی خۆی بەرانبەر کورد بگۆڕێت.
ئاشکرایە کە خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ئەو هەموو ناعەدالەتی و ستەم و دڕندەیی دەسەڵاتی گەندەڵی کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگ نابن و هەموو دەرفەتێک بۆ نیشاندانی نارەزایەتیی خۆیان لە دژی دەسەڵات کەڵک وەردەگرن، ساڵانێک خۆڕاگری و ڕاوەستان دەرئەنجامی ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە، ڕەنگە شۆڕشی ژینا بە لوتکە و پێگەیشتنی فیکریی ئەو شێوازی بیرکردنەوەیە دابندرێت.

شۆڕشی ژینا وەڵامێکی ڕوون بوو بۆ ساڵانێک تێرۆر، ئێعدام و سەرکوتکردن لە کوردستان، تووڕەیی و ڕق و کینەی ساڵیان لە قورگداماویی کۆمەڵگەی کورد بەرامبەر بە هەڵاواردن و ئاسمیلەکردنی پلانداڕێژراوی ڕێژیمی وەلایەتی فەقیهـ دژی کوردستان، یاخیبوونێک لە دژی ئێکۆترۆریزم و سیاسەتی "زەویی سووتاو"ی کۆماری ئیسلامی دژ بە سروشت و سامانە سروشتییەکانی کوردستان. شۆڕشی ژینا بەیاننامەی بێزاری و مانیفستی ڕزگاریی خەڵکی کوردستان بوو دژی حکوومەتی داگیرکەری ئاخوندی و بریکارە تیرۆریستییەکانی، "نا"ی یەکلاکەرەوە بۆ تەواوی داخوازییە ناڕەواکانی کۆماری ئیسلامی. هەرچەند لە خاکەلێوەی ٥٨ هەتا شۆڕشی ژینا " نا" تاقانە وڵامی کوردستان بوو بۆ هەر داخوازییەکی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، بەڵام ئەوەی "نا"ی شۆڕشی ژینای لەوانی تر جیاواز کرد، پشتیوانیی گەلانی تری ئێران بوو لە سەرتاسەری ئەم جوغرافیایەدا. ئەو وشیارییەی کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە هەموو بەشەکانی ئێراندا بڵاو بووەتەوە، تەنانەت لە سنوورەکانی ئێرانیش تێپەڕیوە.

لە ڕاستیدا کوردستان لە ئەرکێکی مێژوویدا بوو بە پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری خەباتێکی پیرۆز بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی. ئەگەرچی ڕێژیم بە کوشتن و گرتنی هەزاران کەس توانی بۆ ماوەیەک بزووتنەوەکە بێدەنگ بکات، بەڵام بە گوتەی خودی دیکتاتۆری ڕێژیم، ئەو بێئابروویییەی یەخەی و بەرۆک ڕێژیمی گرتوە، هەرگیز قەرەبووی نابێتەوە. کوردستان وەک ڕۆڵە نەترس و بوێرەکەی چیرۆکەکەی "هانس کریستین ئەندەرسۆن" ڕووی شاراوە و ڕاستەقینە، ڕووت و بێئابڕووی دیکتاتۆری پیری نەک هەر بە تەواوی خەڵکی ئێران بەڵکوو بە جیهان ناساند. دوای دوو ساڵ لە دەسپێکی شۆڕشی ژینا، ئێستاش دەنگدانەوەی هاواری خەڵکی کوردستان وەها خەونی دیکتاتۆری ئاڵۆز و پەرێشان کردوە کە خۆی و بەکرێگیراوانی تەنانەت بیستنی ناوی کورد و کوردستان ئازاریان ئەدات.

ئێستا دەتوانن لە هۆکاری ئەو هەموو ڕق و کینە و دوژمنایەتییەی کۆماری ئیسلامی لە دژی کورد و کوردستان تێبگەن، لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم حکومەتە نامرۆڤانەیە، کوردستان لە پێشەنگی خەباتی دژ بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بووە و هەیە. ساڵانێکە تاکە هەواڵێک کە خەڵکی کوردستان دڵخۆش دەکات، مەرگی دیکتاتۆر و کۆتاییهاتنی ڕێژیمی وەلایەتی فەقیهە.

لە کۆتاییدا با لە زمانی ئاخوند "بەهەشتی" بەڵام ئەمجارە بە ناوی خەڵکی کوردستان و ڕوو لە کۆماری ئیسلامی بڵێین: لێمان تووڕە بن و لەم تووڕەییە بمرن، کوردستان نە قەت کڕنۆش دەبات نە قەت بەچۆک دادێت.

١٨ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# نارەزایەتیی جەماوەری، مێتودیک لە خەبات بۆ بەگژداچوونەوەی دیکتاتۆری



**ناسر ساڵحی ئەسڵ**

لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا نارەزایەتی جەماوەریی گەلانی ئێران لە شێوە و کات و ساتی جۆراوجۆردا دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک خسڵەتێکی گرینگی کۆڵنەدان و مافخوازی بە شێوازی هەمەڕەنگ درێژەی بووە. هەر ئەو نارەزایەتییانەش لە ماوەی ئەو سێ دەیەیەدا پێگە و جێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆماری ئیسلامیی لە ئاستی گەلانی ئێراندا بنکۆڵ کردوە. گرینگی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی سەر شەقامی گەلانی ئێران، دەتوانین لە دوو ڕەهەندە و بواردا پۆلێن بەندی بکەین:

**یەکەم: لە ڕەهەند و بوارەکانی بەرینبوون، ڕێژەی بەشداربووان و جۆری ویست و داخوازییەکان**

نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لەم ساڵانەی ئەم دواییانەدا بەتایبەتی لە بوار و ڕەهەندی بەرینییەوە هەموو جوغرافیای ئێرانی گرتووەتەوە. هەروەها لە ڕووی ڕێژەی بەشداربووان و جۆری فۆرمولەکردنی ویست و داخوازییە مافتەوەرەکان هەموو چین و توێژ و نەتەوە و ئیتنک و ئایینزاکانی گەلانی ئێرانی لە خۆ گرتووە و ئەم داخوازاییانە چ مووچەتەوەر، چ

مافتەوەر لە بازنەی مافە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا دەسووڕێتەوە.

### دووهەم: ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هۆکاری یاسایی، ئیدئولوژیکی و گەندەڵی پێکهاتەمەندی هەیە

لە ڕەهەند و بواری یاساییەوە چ لە یاسای بنەڕەتی یان یاسا مەدەنییەکاندا گەلانی ئێران لە مافە سیاسی و نەتەوەییەکان بێبەش کراون و پەراوێز خراون. هەروەها لە ڕەهەندی ئیدئولوژیکیشەوە چونکە زۆرینەی گەلانی ئێران پێڕەوی وەلایەتی فەقیهـ نین لە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بێبەری کراون و بە هۆی بیر و باوەڕ و ئایین و مەزهەبی جیاوازەوە جیا لە بێبەشی لە مافە ئەساسییەکانیان سەرکوتیش دەکرێن و پەراوێز دەخرێن. هەروەها لە ڕەهەند و بواری گەندەڵیی پێکهاتەمەندەوە، چونکە نزیک بە ٦٠ لە سەدی ئابووریی ئێران لەژێر دەست و کونترۆڵی بۆنگا و بنیات و دامەزراوەکانی بەیتی ڕێبەری و ناوەندە ئەمنیەتییەکاندان، گەلانی ئێران لە سوودمەندبوون لە ئابووری وڵات بێبەش کراون. لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا گەندەڵیی سیستماتیک بۆ کاربەدەستە باڵاکانی ڕێژیمی ئێران ڕێگەپێدراوە و ئەوەش ماکەی هەڵاواردن و بێبەشکردنی گەلانی ئێرانە لە سەروەت و سامانی نەتەوەییە.

یەکیک لەو بزووتنەوە ئێعترازییانە، بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی مووچەتەوەر "ئابووریتەوەر"ی کارمەندانی دامودەزگا دەوڵەتییەکانە کە بۆ گەیشتن بە ویست و ئامانجە پیشەییەکان، دەنگی ناڕەزایەتی هەڵدەبڕن. ئیستا بزووتنەوەی مووچەتەوەر، لە بەشێک لە شارەکانی ئێران و کوردستان لە لایەن پەرستاران و کادری دەرمانی نەخۆشخانەکان بەردەوامە. بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی پەرستاران و کادری دەرمانی نەخۆشخانەکان، لە هەمبەر کەمی مووچە، بیمە، پێداویستییەکانی شوێنی کار و .... بە شێوەی مانگرتن و هاتنە سەر شەقام بەردەوامە. بێگومان سووربوون و درێژەی بزووتنەوە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لە خەباتی ڕەوای بۆ دابینکردنی ویست و داخوازیی پیشەیی و موچەتەوەر لە لایەن پەرستاران، مامۆستایان، کرێکاران و ژنانی خەباتگێڕ بۆ مافەکانیان لە قازانج و بەرەژەوەندیی ویست و داخوازییە پیشەییەکاندایە. چونکە لە لایەک پێوەندی و یەکگرتوویی و یەکیەتیی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان بە گشتی لە ئاستی کوردستان و ئێراندا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێیەوە. واتا بزووتنەوە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، ئاستی یەکیەتی و یەکگرتوویی خۆیان لە ئاستی ئێران و کوردستاندا، زیاتر لە جاران لە سەر ڕادەی پێبەندبوون و پاراستنی مافە پیشەییەکان دادەمەزرێنن. هەروەها لە لایەکی دیکەوە پەرەسەندنی مێتودی خەباتی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بۆ مافە ڕەواکان، بۆتە هۆی ئەوە بزووتنەوە و ناڕەزایەتییەکان لە دەرفەت و هەلومەرجەکان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی جەماوەری کەڵکی پێویست وەرگرن و خۆیان لەگەڵ بزووتنەوە و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی دیکەی چین و توێژەکانی گەلانی ئێران ڕێک بخەن و ئاستی



سەرچاوە
Serchawe

ناڕەزایەتییەکان شکۆدارتر و بەرینتر بکەنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بۆ گەیشتن بە ئامانج و ویستە پیشەییەکان، دەبێ بزووتنەوە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، پاش خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران بەو ئاکامە گەیشتبن کە بە لێکگرێدانی خەبات و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران، دەتوانرێ هێز و وزەی خەباتی بزووتنەوە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لە بەرژەوەندیی ویستە ڕەواکانی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان هەم بەرینتر بکرێنەوە، هەم لەسەر مێتودی خەباتی مافتەوەری ڕەوای گەلانی ئێران شوێندانەرتر بێت.

لە سەردەمی بەجیهانیبوون و تەقینەوەی زانیاریدا ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتیی پێ لێژ بووە. هەروەها چونکە کەلێن و قەڵەشتی بەرین لە نێوان گەلانی ئێران و پێکهاتەی دەسەڵاتدا ساز بووە، ڕێژیم ناتوانی وەک جاران بە سەرکوت و توندوتیژی، بیر و ئەندێشەی مافویستی گەلانی ئێران کپ و سەرکوت بکات. لە سەردەمی ئێستادا بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی گەلانی ئیران لە قەوارە و شێوازی جۆراوجۆردا خۆی دەرخستوە. هەروەها لە ئێستادا مانگرتنەکان و هاتنە سەر شەقامی جەماوەریی گەلانی ئێران واتادارتر بوون و لە قۆناغی ئێستادا بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی گەلانی ئێران بەو ئاستە لە ئاگایی و وەشیاری گەیشتوون کە بە یەکیەتی و یەکگرتوویی ناڕەزایەتییەکان درێژە پێ بدەن.

بەڵام ئەوەی بۆ بزووتنەوە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان گرینگە، ناسینی دروستی هەلومەرج و دەرفەتەکان و هەڵسەنگاندنیان و لە پەنا ئەوەشدا دەستنیشانکردنی شێوەی خەباتی جەماوەریی گونجاو لەگەڵ ئەو هەلومەرجانەیە. هەروەها کەڵکوەرگرتن لە هێز و وزەی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەسایەتی و نوخبەکانی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ چوونە پێشی ڕەوتی خەباتی بزووتنەوە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، تا بە باشترین شێوە کەڵکی پێویست لە وزە و هێزی خەباتی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران وەرگرێت. لە تەنیشت ئەوانە پروپاگەندە لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا، هێزی بزوێنەری بزووتنەوە ناڕەزایەتییە سەرکەوتووەکان بێت. ئێستا کە پەرستارەکان و کادری دەرمانیی نەخۆشخانەکانی ئێران و کوردستان لە کەمیی مووچە نارازین و ڕەخنەیان لە پێڕاگەیشتن و دابیننەبوونی پێداویستییەکانی شوێنی کار هەیە، پرسی گرینگ ئەوەیە، چون دەکرێ ئەو ناڕەزایەتییانە بکرێتە ناڕەزایەتی گشتیی هەراو و بەربڵاوی هەموو چین و توێژەکان؟ یەکیک لەو ڕێگایانە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ناڕەزایەتییەکانە لە ڕاگەیەنە گشتییەکان، بەتایبەت لە سۆسیالمیدیای بینراودا کە گرنگیی یەکجار زۆری لە سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتیدا هەیە. بۆیە دەبێ بەشی زۆری چالاکی بزووتنەوەکانی ناڕەزایەتی بۆ بانگەشە و ڕاکێشانی پیشتگیریی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە تەرخان بکرێت، چونکی بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە

ئامانجی هەر بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی، چەندە یەکگرتوو و پشتیوان و هاودەنگی هەبێ، ئاکاموەرگرتنی زیاتر و خێراترە.

خاڵێکی بەهێز لە بزووتنەوە نارەزایەتییە جەماوەرییەکاندا ئەوەیە ئێستا ئێدی گەلانی ئێران لە هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێک لە پێکهاتە و سیاسەتەکان و یاساکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیوابڕاو بوون و ئەو باوەڕە گشتگیر بووە کە ناتوانن لە ڕێگەی ڕیفۆرمەوە کاریگەری لەسەر جۆری سیاسەت و بڕیارەکانی دەسەڵاتدا دابنێن. واتە خەڵک بەو ئاکامە گەیشتوون کە لە چوارچێوەی بنەما فیکرییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا هیچ ئاڵوگۆڕیک لە بەرژەوەندی گەلانی ئیران ڕوو نادات و ڕۆڵی گەلانی ئێران لەم سیستەمەدا تەنیا پەیڕەوکردن و گوێڕایەڵ بوونە. بۆیە دەبێ و پێویستە لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکاندا تاکەکان و گرووپەکان ئامادە بکرێن و کۆ بکرێنەوە و پەلکێش بکرێنە نێو بزووتنەوە نارەزایەتییەکانەوە بە مەبەستی تێپەڕین لەو ڕێژیمەوە. پێویستە هەستی هۆگری خەڵک لە مەڕ ئامانجەکاندا بجووڵێنرێت و هان بدرێن کە بەشداریی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی مافتەوەر بکەن.

بزووتنەوە نارەزایەتییەکان هاوکات دەبێ زیاتر پێکهاتە و بنەماکانی دەسەڵاتداریی و چوارچێوەی سیاسی _ یاسایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بکەنە ئامانجی نارەزایەتییەکان و خوازیاریی دابین بوونی مافەکانیان بن. هەروەها بزووتنەوە نارەزایەتییەکان دەبێ دژی گەندەڵیی پێکهاتەمەندی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەڵاواردنی چەند تویی لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەڵویستیان هەبێت. دەبێ هەوڵەکانی چالاکانی بزووتنەوەی نارەزایەتیی مووچەتەوەر و مافتەوەر، لە پرسی ناوچەیی و لۆکاڵی بکرێنە پرس و کێشەی سەرانسەری و هەموو جوغرافیای سیاسیی گەلانی ئێران بگرێتەوە.

ئەوەی لێرەدا جێی باس و تێڕامانە گرینگیدان بە ڕۆڵ و پێگەی بزووتنەوەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان و کاریگەری و شوێندانەری بۆ خەباتی جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. چوونکە بزووتنەوە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشێک لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران ڕوانگە و ڕەهەندێکی نەتەوەیشی هەیە. هەر بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزووتنەوەی مافە فەرهەنگی و مەدەنییەکان، داکۆکی لە ژینگە، مافی ژنان و مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکان هەموویان نیشاندەری تایبەتمەندی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانە کە ڕەنگرێژکراو بە سیما و هێمای نەتەوەیین.

هەر بۆیە بزووتنەوە جەماوەرییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پارسەنگی هێزی لە قازانج و بەرژەوەندی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێراندا گۆڕیوە. ئەوەش لە لایەک هاندەرێکە بۆ بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێران بۆ گەیشتن بە ویست و داخوازییە نەتەوەیی و سیاسییەکان و لە لایەکی دیکەوە بۆ ڕزگاری لە سەرەڕۆیی و گەیشتن بە

سیستمێکی دێموکراتیک کە لەودا پرەنسیپەکانی دێموکراسی و ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ئێرانی داهاتوودا پێڕو بکرێت.

خاڵێکی گرینگی دیکە ئەوەیە جەوهەر و میتۆدی خەباتی جەماوەری و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی ڕاگەیەنە گشتییەکان بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە توانیویەتی هەم بکەوێتە بەر ڕای گشتیی جیهان و نێوخۆی گەلانی ئێران و هەم شوێنکار لەسەر جووڵان و پشتگیریی زیاتر دابنێت. بۆیە ئەگەر جاران مەسەلەی خەباتی ڕەوای بزووتنەوە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بە پرسێکی نێوخۆیی و ئەویش ئەمنییەتی لە قەڵەم دەدرا و بە توندترین شێوە سەرکوتی دەکرا، ئێستا پرسی خەباتی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ، پرسێکی هەستیاری نێونەتەوەییە و وڵاتانی دێموکرات لە بەرامبەر سەرکوت و زەبروزەنگ و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و بزووتنەوە جەماوەرییەکانی گەلانی ئێران بێتەفاوت نین و پشتیوانی لە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی گەلانی ئێران دەکەن. هەر وەک چون لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و جەماوەریی ژینادا کە لە کوردستان سەری هەڵدا و گەشەی کرد و زۆر لە ناوچەکانی جوغرافیای ئێرانی گرتەوە و کوردستان بوو بە چاو وچرای گەلانی ئێران، هەم پشتیوانی نێوخۆیی و هەم پشتیوانی نێونەتەوەیی پەیدا کرد.

٢٠ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# مرۆڤناسیی سیاسەتی مەرگ (٥ - ١)



## خوێن لەبری نان: کار– مەرگ، جەستەی ناسەروەر و دۆخی هەڵاواردن لە ڕۆژهەڵات

د. ئەحمەد محەممەدپوور

و لە ئینگلیزییەوە: گەلاوێژ سۆفی

### ئاماژە:

خوێن لەبری نان: کار – مەرگ، جەستەی ناسەروەر و دۆخی هەڵاواردن لە ڕۆژهەڵات توێژینەوەیەکی د. ئەحمەد محەممەدپوورە پێوەندیدار بە پرسێکی سیاسی، ئابووری، نەتەوەیی ڕۆژەڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەروەک لە بەشی بەرایی توێژینەوەکەدا هاتووە، ئەم نووسینە بە پشتبەستن بە ئەدەبیاتی سەروەری و تووندوتیژی، بەدواداچوون بۆ پەیوەندی نێوان دۆخی ناسەقامگیریی و شوێنگیری و سیاسەتی مەرگ دەکات کە لە پراکتیکی کاری سنووربەزاندنی کورد، یان کۆڵبەریدا بەرجەستە بووە. توێژەر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەوڵەتی ئێران گوتاری سنووری ئەمنییەتی وەک چەکێک بۆ سەپاندنی دۆخی هەڵاواردنی هەمیشەیی بەسەر ڕۆژهەڵاتدا جێگیردەکات، کورد بە پێگەی مەمرە و مەژی

لەڕێگەی سەپاندنی پراکتیکی ناجێگیری کاری مەرگ مەحکوم دەکات. جگە لەوەش، ئەم لێکۆڵینەوەیە سنوور وەک ئەرشیفێک دەخاتە ڕوو کە تۆمارەکانی سیاسەتی مەرگی دەوڵەت تێیدا دانراون و دەپارێزرێن و ئاشکرادەکرێن لەژیانی کۆڵبەرەکاندا.

"کوردستان" "بەشە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەشدا بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە و لە کۆتاییدا هەموو توێژینەوەکە بەیەکەوە لە "کوردستان‌میدیا" دادەنرێت.

## بەرایی

کورد بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕۆژئاوا بە سەرباز/شەڕڤانی نایاب و شۆڕشگێڕی سیاسی ناسراوە. ئەوان ئەندامی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتن کە لەڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە بەسەر وڵاتانی ئێران، عێراق، سووریە و تورکیەدا دابەش بوون. زۆربەی کوردەکان لەنێو وێرانکاری و نائارامی سیاسیدا خەبات بۆ مانەوەی ئابووری دەکەن. ئەمە بەتایبەتی بۆ ئەو کوردانەی لەژێرسایەی دەوڵەتی ئیتنۆ-تیۆکراتی ئێراندا دەژین، ڕاستە. کوردەکان بەو بەشەی نیشتمانەکەیان (یان کوردستانی گەورە) کە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئێراندایە دەڵێن ڕۆژهەڵات، یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دەوڵەتی مۆدێرنی ئێران بۆ دەیان ساڵە ڕۆژهەڵات یان کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خستووەتە ژێر سیاسەتی دوژمنکارانەی دژە پەرەپێدانەوە، کە شێوە نەریتییەکانی بژێوی وەک کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و سەرچاوە سروشتییەکانیانی لەناو بردوە. کوردەکان بەچاوی خۆیان بینیویانە کە چۆن خاکەکەیان و سەرچاوەکانیان تاڵان دەکرێت و دەستگەیشتنیان بە سەرمایە و بزاوتی پەروەردەیی بە توندی سنووردار کراوە. جگە لەوە، کوردەکان لەژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی فارسی-شیعی ئێراندا لەڕووی کولتووری و ئابوورییەوە لە لایەن ڕژێمێکی داگیرکەری نێوخۆییەوە ژێردەستەکراون کە وردە وردە تواناکانیانی بۆ مانەوەیان لەڕووی ئابوورییەوە لاوازکردوە. لەم دۆخەدا، کوردانی ڕۆژهەڵات تەنها بژاردەی سنووردار دەبینن بۆ بەردەوامیدان بە ژیانیان. یەکێک لەو شێوازە باوانەش مانەوەیە لەڕێی کۆڵبەرییەوە، کە فۆرمێکی مەترسیداری کاری سنووربەزاندنە و بووەتە هۆی مردن و برینداربوونی نزیکەی ٢٠٠٠ کۆڵبەر لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە تەنها لە چەند ساڵی ڕابردوودا.

هەروەک دواتر ڕوون دەکرێتەوە، کە ژیان و مردن بەقووڵی پێکەوە ئاوێتە بوون بەجۆرێ هەموو نیشانەکانی نەکرۆپۆلەتیکی دەوڵەت لەسەر ژیان و خاکی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات هەڵگرتوە. ئەم دۆخە ئەوە دەردەخات کە چۆن دەوڵەتی ئێران نیشتمانی دایکی کوردی کردووەتە چەکێک دژ بە بوونی کۆمەڵایەتی کورد. با زیاتر ڕوونی بکەینەوە،

کەیسی کۆڵبەرە کوردەکان کە حکوومەت لە سنووری عێراق-ئێراندا دەیانکاتە ئامانج، هاوتایە لەگەڵ ئەدەبیاتی جوغرافیایەکی وەک مەکسیکدا. توێژینەوەکانی جەیسن دی لیۆن لە سنووری ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و مەکسیک، بۆ نموونە، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەڕێی سیاسەتی خۆپارێزی لە ڕێگەی ڕێگریکردنەوە، سنووری جوغرافیای سەختی بیابانی سۆنۆرانی وەک چەکێکی کوشندە دژی کۆچبەرانی نایاسایی بەکار دەهێنێت، بەمەبەست کۆچبەران ڕووبەڕووی مەترسی وشکبوونەوە و پلەی گەرمی بەرز و هێرشی ئاژەڵان و مەترسییەکانی دیکەی بیابان دەکاتەوە.

لە سنووری ڕۆژهەڵاتیشدا دەوڵەت لەگەڵ بەکارهێنانی هێزی بایۆدیسپلین، کەڵک لە سنووری شاخاوی و ڕێگای مەترسیدار و مەترسییە سرووشتییەکانی دیکە وەردەگرێت بۆ دروستکردنی جوغرافیای مەرگ و وەک دەستەواژەسازی دی لیۆن بۆ گۆڕینی بە گۆڕی کراوەی سنوور. ئەم نووسینە بەدوای تێگەیشتنێکی ئیتنۆگرافی و ئیمیکی سەبارەت بە ئەزموونی ژیانی کۆڵبەرە کوردەکاندا دەگەڕێت و دەپرسێت کە کێ و بۆچی دەچێتە نێو ئەم کارەوە. لەوەش گرنگتر، لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن جێبەجێکردنی جیاوازییە ئیتنۆ/ئایینی و زمانەوانییەکانی دەوڵەت بەشێوەیەکی کوشندە لەم کارە تاقەتپڕوکێنەدا دەردەکەوێت و خۆی حەشار دەدات.

لە زمانی کوردیدا، کۆڵبەر (کۆ: کۆڵبەران) ئاماژەیە بۆ کرێکارانی سنوور — چ پیر، گەنج، نێر یان مێ- کە کاڵا بە پشت هەڵدەگرن و لە سنووری نێوان ئێران و عێراق یان تورکیە دەپەڕنەوە. باری کۆڵبەرەکان لەوانەیە ئامێری نێوماڵ، جگەرە، تایە، یان پێداویستی خۆراک لەخۆ بگرێت، کە بە کرێیەکی نزیکەی ٤٠ هەزار تمەن بۆ هەر کیلۆگرامێک، واتە بەنزیکەیی یەک دۆلار. کێشی بارەکە بەگوێرەی تەمەن و توانای جەستەیی و ڕەگەزی کۆڵبەر دەگۆڕێت و لە ٢٥ بۆ ١٠٠ کیلۆگرام دەبێت. ئەم کاڵایانە لەلایەن دەڵاڵە نێوخۆییەکان یان بازرگانانی غەیرە کوردەوە خاوەندارێتی دەکرێن کە لە نزیکەوە لەلایەن دامەزراوە سەربازیی و ئەمنییەکانەوە بەتایبەت سوپای پاسدارانی ئیسلامی پاڵپشتی دەکرێن یان سوودمەند دەبن.

لەم ساڵانەی دواییدا، بەتایبەتی پاش ساڵی ٢٠٠٩، ژمارەی ئەو کوردانەی کە ناچارکراون بە کۆڵبەری بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیک ردووە. سەرەڕای ئەو ڕاپۆرتانەی کە باس لەوە دەکەن نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ کورد خەریکی ئەم کارەن، حکومەت ڕەتی دەکاتەوە ئەو کارە بە یاسایی بکات، زۆرجار بە قاچاخچێتی ناوی بردوە بۆ پاساودان بەو توندوتیژییە بێسنوورەی لە سنوورە ئەمنییەکانی ڕۆژهەڵات لە دژیان ئەنجام دەدرێت. سەرەڕا بە نایاسایی هەژمارکردنی، دەوڵەت کۆڵبەری بۆ قازانجی ئابووری خۆی دەقۆزێتەوە. ئەمە بەڕوونی لە ڕاپۆرتەکەی ساڵی ٢٠٢١ی حکومەتدا ئاماژەی پێ کراوە و بەشێوەیەکی ئایرۆنی بە وێنەی کۆڵبەرەکان ڕازێنراوەتەوە کە بارەکانیان ڕادەکێشن، ستایشی بەشی بازرگانی ئەمساڵیان دەکەن کە ٢٤ ملیۆن

دۆلارە.

کۆڵبەرەکان بەزۆری بە گرووپی دەیان بۆ سەدان کەسی گەشت دەکەن، بویرانە لە ڕێڕەوی چیا هەڵخەڵەتێنەرەکان دەپەڕنەوە کە لەوانەیە بکەونە بۆسەی مین یان هێزەکانی دەوڵەت. گەشتێکی ئاسایی دەکرێت لەهەر شوێنێک لە ١٢ کاتژمێر هەتا دوو ڕۆژ بخایەنێت. کۆڵبەری کە سەردەمانێک کارێکی کورتخایەن و کاری کەسانی بێبەهرە بوو، ئێستا بووەتە هێمای ژیانی کورد بەهۆی سیاسەتی دژە پەرەپێدانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە. دەرچووانی زانکۆ و کرێکارانی لێهاتوو، تەنانەت وەرزشوانانیش بەهۆی نەبوونی دەرفەتی ئابووری و ژێرخانی وەبەرهێنان ناچارن ئەم کارە بکەن. چیرۆکی باقر ئەم دۆخە ڕوونتر دەکاتەوە: من لە دکتۆرای بیرکاری بە پلەی ١٢ وەرگیرام، بەڵام گۆزینش (بەشی هەڵبژاردن) منیان ڕەت کردەوە. بە بڕوانامەی ماستەرەوە چوومە هەر ئۆفیسێک گوتیان پێویستیان بە من نییە، باوکم پیر بووە و دەبێت هاوکاریی بنەماڵەکەم بکەم. کۆڵبەرییش تاکە شتێک بوو دەمتوانی ئەنجامی بدەم.

ڕەنگە کۆڵبەرەکان داهاتێکی زۆریان دەست نەکەوێت، بەڵام ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە بۆ دابینکردنی بژێوی خێزانەکانیان. گەشتەکەیان بەگشتی کاتژمێر ٤ی بەیانی دەست پێ دەکات و بریتییە لە ڕۆیشتن بەناو کەندەڵانە مەترسیدارەکان و بەرگەگرتنی پلەی گەرمی تا ئاستی بەستن لە زستاندا و دیمەنی سامناکی سرووشت دەتوانێت ببێتە هۆی خلیسکان و کەوتنی کۆڵبەرەکان، لەئەنجامدا ڕووداوی دڵتەزێنی لێ بکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ناوچەی شاخاوی و بەفر تاکە تەحددای ئەوان نییە، بەڵکو ئەوان بەردەوام لەلایەن پاسەوانی سنووری دەوڵەتەوە دەکرێنە ئامانج کاتێک هەوڵ دەدەن سنوور ببڕن بۆ گەیاندنی کاڵاکانیان و لە ئەنجامدا زۆرێک لەو ڕێیەدا ژیانیان لەدەستدەدەن یان بریندار دەبن.

## مرۆڤناسیی سیاسەتی مەرگ

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە قۆناغی توێژینەوەیە سەبارەت بە سەروەری، توندوتیژی، و ئەدەبیاتی نوێ سەبارەت بە مەرگ لە فەزای کۆلۆنیالی نوێدا. بنەمای ئەم مشتومڕانە بەشێوەیەکی فراوان پشت بە دووبارە ڕێکخستنەوەی تێڕوانینی کارل شمیت بۆ سەروەری پاسا دەبەستێت، کە بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: ئەو لایەنەی بڕیار لەسەر دۆخی هەڵاواردن دەدات .. و بەگشتی سەروەری دروست دەکات و دڵنیایی دەدات... ئەو مافەی هەیە بڕیاری کۆتایی بدات. مرۆڤناسان چەمکی سەروەرییان وەک ئامرازێکی شیکاریی گوتار بەکارهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کولتووری ڕەسەنەکان و ئارەزووەکانیان بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا و ئەفریقا بەپشتبەستن بە ئەزموونی هاوبەشی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی و میراتی سیاسییان کە بۆ دەوڵەتە جێگرەوەکانیان بەجێماوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ گۆڕانی پێگەی

**لێکۆڵینەوە لە فۆرمە کلاسیکییەکانی سیستەمی سیاسی و پێکهاتەکانی دەسەڵات بۆ فۆرمە نوێیەکانی هەژموون.**

زانایانی کۆمەڵایەتی پاش پەرەسەندنی مشتومڕی چەمکی مۆدێرن بۆ سەروەری، لەوەش گرنگتر دووبارە داڕشتنەوەی ئەو تێگەیشتنە هاوچەرخەی فۆکۆ و ئاگامبین، نەک هەر دەستیان کرد بە بە بیردۆزەکردنی میراتی کەلەپووری کۆڵۆنیالیزمی نیشتەجێ، بەڵکوو لێکۆڵینەوەیان لەوە کردووە کە چۆن داگیرکەران خاکی دانیشتووانی ڕەسەنیان داگیرکردووە و ژینۆسایدێکی تەواویان ئەنجام داوە و بەکارهێنانی تواندنەوەی زۆرەملێ، کردارێک کە "وۆڵف" بە لۆژیکی لەناوبردن ناوی دەبات، هەروەها لێکۆڵینەوە لەو فۆرمە مۆدێرنانەی کۆڵۆنیالیزمیش دەکەن کە کۆمەڵگە کەمینە و پەراوێزخراوەکان لاواز و لەنێو دەبات.

زانایانی کۆمەڵایەتی کە کار لەسەر چەمکی سەروەری دەکەن، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆچوونەکانیان لەسەر سێ بابەت بنیات دەنێن: چەمکی فۆکۆ بۆ هێزی بایۆلۆژی، چەمکەکەی ئەگامبێن بۆ دۆخی هەڵاواردن، لە کۆتاییدا چەمکی مبێمبە بۆ نەکرۆپۆلەتیک، کە لە بنەڕەتدا دووبارە داڕشتنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە بۆ چەمکی هێزی بایۆلۆژی فۆکۆ لەچوارچێوەیەکی نارۆژئاواییدا. فۆکۆ (١٩٨٠) مشتومڕی هێزی بایۆلۆژی خۆی دەخاتە چوارچێوەیەکی مێژووییەوە، کە تێیدا بەدواداچوون بۆ نەسەبنامەیەکی کلاسیک یان هاوشێوەی دەسەڵات دەکات بۆ دەستبەسەرداگرتنی شتەکان، کات، جەستە و لە کۆتاییشدا خودی ژیان کە لە لایەن دەسەڵاتی پێش مۆدێرنەوە بۆ سەرهەڵدانی هێزی بایۆلۆژی لە دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا بەکاردەهێنرێت. لەکاتێکدا فۆرمی دەسەڵاتی پێش مۆدێرنە لە پاشا یان سوڵتاندا دەردەکەوت و ئەو تاکە کەس بوو کە مافی ئەوەی هەبوو ژیانی کەسێک ببات یان ڕێگە بدات بژی، شێوەی مۆدێرنی دەسەڵات نەک تەنها هەڕەشەی جێبەجێکردنی مەرگ دەکات، بەڵکوو مافی ئەوەی هەیە ژیان درێژ بکاتەوە یان تا ئاستی مردن. فۆکۆ هێزی بایۆلۆژی و هێزی دیسپلین وەک دوو فۆرمی پەیوەندیدار، بەڵام جیاواز لە دەسەڵات وەسف دەکات. لەکاتێکدا هێزی بایۆلۆژی وەک دەسەڵات بەسەر زیندە و ژیاندا پێناسە دەکات، دەسەڵاتی دیسپلین ئەو دەزگا و دامەزراوانە دەگرێتەوە کە لە ڕێیەوە دەسەڵاتی بایۆلۆژی پراکتیزە دەکات و کاری پێ دەکات. بەکارهێنانی سەروەری بریتییە لە بەکارهێنانی هێزی زیندوو لەڕێگەی دامەزراوە دیسپلینییەکانەوە لەسەر مردن و پێناسەکردنی ژیان وەک درێژبوونەوە و... دەرکەوتنی دەسەڵات. بەو مانایە، هێزی بایۆلۆژی نەک هەر حکومەتداری و خۆبەڕێوەبەری لەخۆدەگرێت، بەڵکو لە ئاستی گوتاریدا، شێوازی بەرهەمهێنانی زانیاری دەربارەی ئەوی دیکە دادەڕێژێت و ئاسایی دەکاتەوە.

ئەگامبێن بەدرێژەدان بە چەمکی هێزی بایۆلۆژی فۆکۆ دەڵێت کە دەسەڵاتی سەروەر لەڕێگەی دەرکردنی فەرمانە سیاسییەکانەوە خۆی بەدامەزراوەیی و دووپات دەکاتەوە تا بزانێت کێ مافی وەرگرتنی نازناوی مرۆڤ و مافی مرۆڤی هەیە.



سەرچاوە Serchawe

دەسەڵاتی سەروەر ئەم ئامانجە بەدی دەهێنێت لەڕێگەی دەرکردنی ئەو هەڵاواردنە (استثناء)ی کە یاسا تێیدا هەڵپەسێردراوە، مومارەسەیەکی ئارەزوومەندانەیە و مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ هۆمۆساکەر، مرۆڤێک کە لە یاسای کۆن و ڕۆمانیدا لە مافەکانی خۆی بێبەش بووە. بە بێبەشکردنی لە مافەکانی، هۆمۆساکەر لەژێر مەترسی کوشتنی بێ مەرجدایە لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت. بەم جۆرە، هۆمۆساکەر لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی کە بەتەواوی نکوڵی لێکردووە و تا ئەو ڕادەیەی لە هەر ساتێکدا ڕووبەڕووی هەڕەشەی کوشتنی بێ مەرج دەبێتەوە. دۆخی هەڵاواردن، بۆ گامبێن، تەنیا پۆلێنێکی سیاسی نییە، بەڵکو دۆخێکی فەلسەفیشە. ئاماژەی سەرەتایی ئەو سەبارەت بە دۆخی هەڵاواردن هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە بیرۆکەیەکی دیالێکتیییەوە هەیە کە هەڵاواردنە گشتییەکە ئاشکرا دەکات. ئەگامبێن ئاماژە بەوە دەکات کە هەڵاواردن جۆرێکە لە بێبەشکردن، کە لە ڕێگەی دابڕانێکی ڕەها لە یاسا ڕوو نادات، بەڵکو بەهاوبەشی لەگەڵیدا کاردەکات. من ئەم چەمکە بۆ توێژینەوە لە ژیانی کۆڵبەرەکان بەکاردەهێنم، هەر کۆڵبەرێک چەمکی هۆمۆساکەری ئاگامبێن دەهێنێتەوە یاد، چونکە حکومەت دەتوانێت کۆڵبەرێک بکوژێت یان بریندار بکات، دەسبەسەر و دەستگیری بکات، یان لەدەرەوەی یاسا بێسەروشوێنی بکات، بەڵام لەهەمانکاتدا بەپێی یاسا. لێرە زاراوەی دامودەزگای دەوڵەت لە باڵاترین دەسەڵاتی سەربازی/ئەمنییەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە نزمترین پلە، لەوانە سەربازێکی سادە کە دەتوانێت بە ئاسانی ژیانی کۆڵبەرەکان بپارێزێت یان لێیان بستێنێت. کۆڵبەرێک بە ڕەوانبێژییەوە ئەمەی ڕوون کردەوە:

ئەوان دەتوانن لەهەر کاتێک و لەهەر شوێنێک بمانکوژن، بەڵام کوشتنمان لەسەر سنوور و لەکاتی کۆڵبەریدا ئاسانترە، چونکە هەر پاساوێک کە پێویستیانە هەیانە. ئەوان دەتوانن وەک ئاژەڵێک تەقەت لێ بکەن لە ڕووناکی ڕۆژدا و گرنگی پێ نەدەن. نە زمان و نە ئایین و نە جلوبەرگی ئێمە وەک ئەوان نییە؛ هیچ کاممان لەوان ناچین، وەک ئەوەی خودایەکی جیاوازمان هەبێت. ئەگەر فارس یان تورک بیت، ئەوا دۆخەکە جیاوازە؛ ئەگەر شیعەش بی بەهەمان شێوە. لە چ عەجەمستانێک تاوانێکی لەوجۆرە ئەنجام دەدرێت، بکوژەکان ئەوەندە بە ئاسانی بتوانن خۆیان لە تاوانەکانیان ڕزگار ببن؟ مبێمبێ چەمکی هێزی بایۆلۆژی فۆکۆ و چەمکی ئاگامبێن بۆ دۆخی هەڵاواردن فراوان دەکات و دەڵێت کە دەسەڵاتی سەروەر مافی خۆی بۆ کوشتن و دروستکردنی جیهانی-مەرگ بەکار دەهێنێت کە تیایدا مرۆڤەکانی وەک مردوو دەژین. ئەو ڕەخنە لە فۆکۆ و ئاگامبێن دەگرێت کە یورۆسەنتەرن و شکستیان هێناوە لە تێگەیشتن لە جووڵەی ئاڵۆزی دەسەڵاتی سەروەری لە چوارچێوە نا ڕۆژئاواییەکاندا، کە تیایدا بایۆپۆلەتیکەکان بە زمان و ئایین و شوناس شێوەیان گرتوە. کاتێک ئەم ڕێبازە جێبەجێ دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزی و ئایینی و جێندەری، سەرنج و بایەخێکی زۆری ڕاکێشاوە لە چوارچێوە نا ڕۆژئاواییەکانی وەک ئەمەریکای لاتین و فەلەستین. لەڕوانگەی مبێمبێوە نیکرۆپۆلەتیک بەمانای ئەوە دێت بتوانێت بڕیار بدات کێ گرنگە و کێ گرنگ نییە، کام گرووپ دەتوانرێت



سەرچاوە
Serchawe

پشتگوێ بخرێن و کامیان نا. هەروەک لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە نیشان دراوە، کۆڵبەری تەنها فۆرمێکی ناجێگیری کار نییە، بەڵکو دەرکەوتەی گوتارێکی ڕەگەزی زمانەوانییە کە سیاسەتی شوناس لە ئێراندا پێناسە و زیندوو دەکاتەوە، سیاسەتێک کە گەل/دانیشتووان بەسەر دوو پۆلدا دابەش دەکات کە جەستەی سەروەر و سووژەی ناسەروەرن وەک کوردەکان، کە ژیانیان وەک بێبایەخ و نادیدە دەبینرێت. بەڵگەش بۆ ئەمە، چەختکردنەوەی بەردەوامی کۆڵبەرەکانە لەچاوپێکەوتنەکانمدا کە دەیانگوت ژیانی ئاژەڵێک لە ژیانی کوردەکان بەنرخترە لەچاوی ئەواندا.

مبێمبێ سیاسەتی مەرگ بە کردەی بایۆ-مەرگ-دیسپلینی و دامەزراوەکانی وەک سنوور، زیندان، شەڕ و شەڕی پۆلیسی، کە مەرگ بەرهەم دەهێنن یان بەڕێوەی دەبەن، دەبەستێتەوە. مبێمبێ مەبەستیەتی بە دانانی نیکرۆ **necro** لەشوێنی - bio - واتە سیاسەتی مەرگ - ئاماژە بەو فەزا سیاسییە هاوچەرخە بکات کە تێیدا پێکهاتە لاواز و کەمینەکانی- وەک کورد - خزێنراونەتە ناو دۆخێکی ناجێگیر و جیهانی مەرگی وەک کۆڵبەرییەوە. ئەم بارودۆخانە وەک تەکنۆلۆژیای لەناوبردن کاردەکەن کە کاریگەری جەستەیی دیار یان توندوتیژی - مەرگ یان زیاترە. مبێمبێ دەپرسێت چ شوێنێک بە ژیان و مردن و جەستەی مرۆڤ (بەتایبەت جەستەی بریندار یان کوژراو) دەدرێت؟ چۆن لە ڕێکخستنی دەسەڵاتدا تۆماردەکرێن؟ بەپێچەوانەی بایۆپاوەرەوە، نیکرۆپاوەر واتە چۆنیەتیی ملکەچبوونی ژیان لەژێر دەسەڵاتی مەرگدا، بەجۆرێ وا لە مرۆڤ دەکات وەک مردوو بژی. جیهانی مەرگ شێوەیەکی تایبەت و نوێی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە تێیدا بارودۆخ بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکیدا سەپێنراوە کە لەسەر پێگەی مەمرە و مەژی دایاندەنێت .ئەم گۆڕانکارییە بە ڕوونی نیشانەی یەکتربڕی ژیان و مردن و دەسەڵات و فەزایە لەسەردەمی مۆدێرنەدا. سیاسەتی مەرگ ئەوە نیشان دەدات کە چۆن دەوڵەتی ئێران مافی سەروەری خۆی بۆ کوشتنی کۆڵبەرەکان بەکاردەهێنێت - کە وەک دوژمن یان قاچاخچی یان هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەبینرێن- لەڕێگەی دارشتن و سەپاندنی تەکنۆلۆژیای ناسەقامگیرکەرەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەوڵەت چۆن کۆڵبەرەکان بچووک دەکاتەوە لەتۆزقاڵێک ژیاندا، ژیانێک کە دەتوانرێت بەبێ هیچ ئەنجام و دانپێدانانێک لەناوببرێت: وەک کۆڵبەرێک دەیگووت ئەوان دەتوانن لە ڕووناکی ڕۆژدا تەقەت لێبکەن و کەسیش بێزار نەکات . بەم شێوەیە سیاسەتی مەرگ ئەو دامەزراوە و سیاسەتە مەرگسازانە ئاشکرا دەکات کە کاریگەرییان لەسەر گەلی کورد لە ئێران و دەرەوەیدا هەیە.

هاوڕێ لەگەڵ مبێمبێ و ئاگامبین، من نیکرۆپۆلەتیکی کۆڵبەری بە کاری مەرگ پێناسە دەکەم کە سزای تاکەکەسی و بە کۆمەڵ بەسەر کورددا دەسپێنێت، ئەوەش نەک تەنها لە ڕێگەی دەسەڵاتی دیسپلینییەوە، وەک سەرکوتکردنی زمانەکەی و بێبەشکردنی لەڕووی ئابوورییەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی ئەو تەکنیکانەی کە ملکەچی جیهانی مەرگیان دەکات کە ئەویش ژیانی ناسەقامگیری کۆڵبەرییە. نیکرۆپۆلەتیکی کۆڵبەری گرنگە، وەک مبێمبێ دەڵێت، واتای مردن وەک واتای ژیان (لە



سەرچاوە
Serchawe

بایۆپۆلەتیکدا) لەڕێگەی توخمەکانی بەرجەستەبوونی جەستەوە دەردەکەوێت: جەستەی ئەو کەسەی کە دەکوژێت، ئەو کەسەی دەکرێتە ئامانج و دەکوژرێت، هەروەها ئەو شێوازەی تێیدا جێبەجێ دەکرێت. کەواتە، بایۆپۆلەتیک ئێستا لەگەڵ نیکرۆپۆلەتیک تێکەڵ بووە، واتە دەوڵەت ژیانی کەسانی دیکە دەپارێزێت بەپاساوی مردنی هەندێکی تر. حکوومەت لەڕێگەی سیاسەتی مەرگەوە سیستەمێکی پلەبەندی دامەزراندوە بە دروستکردن و ئاساییکردنەوەی پۆلێنی سیاسی وەک کۆڵبەری کور، کۆڵبەری کوردی ژن و جوداخوازانی کورد کە ئەو نۆرمانە دیاری دەکات کە گەرەنتی زاڵبوونی دەسەڵاتی مەرگ دەکەن. (درێژەی هەیە)

٢٠ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# لە مێژووی بێشکەی منالێمدا



سەلیم حەقیقی

لە مێژووی بێشکەی منالێمدا، یادەوەریی ئەو ڕۆژانەی زەویی نیشتمانم دەکردە مەیدان و لەنێو چرپیی هەڵپەرتاوی باخ شوولکێکی ناسک و تەڕم هەڵدەگرت، دەرۆیشتم سەرمەستانە وەک کەشتییەکەی نوح هەرچی ئاواتە هەڵمدەگرت و بەرەو بۆنی گولەباخی دەم کانی خەیاڵەکانم دەچووم. ...

لەو نێو بەرد و دار و گیا و زەمەند، بۆنی گڵ، تێکەڵاوی تیسوو و وێنجە و سێوەڕەی خوناوی، شەقم لە پەیتووکە دەدا و لەگەڵی هەڵدەفریم بەرەو ئاسمانی حەزە نادیارەکانم، دەستم بە چڵە دارێکی هەنار دەگرت و دەمم بە مەمکیەوە دەنا و ژەکی هەرماویم هەڵدەمژت، دڕدووکی خوێناوی دەبووە شەراب و سەرخۆشیی ڕێگا هەتا هەتەر کا ژیان و ژیان و ژیان... مەستانە مەستانە کەزیی زەردی گەردەنی زراڤی ئەسپم دەگرت و لەسەر پشتی تاسە دەئاژوتم. ...

شەوانە بارتەقای ئەستێرەکان پێدەکەنیم خەم دایدەگرتم، دەتاسام دەترسام، دەحەبەسام لەو هەمووە ئەفسانە و چیرۆکانەی دایکم، کاتێک سەنیرم دەستی دایکم دەبوو و غیرەت چاوی باوکم، شەپۆلی بیری منالی تیژ دەگەڕا و ئێستاش

بەوە زیندووم و هەناسە دەدەم، چ خێرا ئەو ڕۆژانە بوونە تراویلکە و لەیلان، دوور دەدرەوشێنەوە و لە نزیک نادیار دەبن، چەندە زوو منالێم نەما و ئاخی نیشتمان و خەمی خاک مێشکی داگرتم. چەندە زوو گوێ پڕپشکێنێ و هەلووکێن و گوێێن، هاژەی ڕووباری گادەر، سێبەری مزری دارە گێوژ چیمەن و کانی و تامی لێوی سووری شیلان، بوونە فیلم و حەقایەت لە تەنیایی مزلێکی دوور دەدوێ... . بزەی خۆشارۆکێی کادێن، بێستان و بۆنی هاروێ و کالەک، سەرجێخوون و ئاسمانی تاریک هەمووی بوونە هەسارە و خێرا فڕین بەرەو نادیار، لە غوربەت بوونە غەوارەی نامۆ، ئەو گوندەی مالێک بوو بۆنی نانی لێدەهات. ...

سەفەرە سەفەر، ژیانی پڕلە هەرا و خۆشی، بەرەو جێهێشتنی دنیای کەسکی منالی. قەلەم و کتێب و نیگار، مەقام و گۆرانی و کۆلەکە قەلاغی جێژوانگە و بێری و ڕەشمال و دوارۆژی سپی، بوونە بەراتی نیشتمان و ئەوانیش فیدای ژیان! لەنێو زەمەند و قۆپی و سوێسن و قاسپەی کەو، لەسەر مێرگی شین و سەوزی شل لەپەنا زیخی ئاوریشمی دەم کانی لێوم بە لێوی ئاو وەنا ئارەقەی تەوێلم سوور و سوێر ڕژایە شۆڕش، دڵ بە خەمی نیشتمان زێد و مال و سێبەری شۆڕەبی، لەسەر دوندی چیاکانی سەرکەش، تەمی قەندیل و بەستەلەکی کێلەشین و مەلی دالاهپەڕ، سنووری دڕۆۆۆۆۆ...

تەنیا من بووم و ئەم جیهانە، من بووم و چەک، من بووم و گۆچان، من بووم و ڕەخت و فیشەکدان، من بووم و بەرگی خاکی، من بووم و خولیای ئازادی، بوغزم دەکردە فیشەک ئالای چلکنی چەپەلم دەئەنگوت، بیرەوەریم ئەفسانەیە کەس بڕوا ناکا، شەوانە بە گژ تاریکیدا دەچووم سەنگەرم دەکردە لانک و تێیدا ڕادەژام، سەر لەسەر سینگی نیشتمان خەوێکی کەروێشکە دەیبردمەوە ڕۆژانی ژوان.

کە شۆڕش خوێنی چەکی مژتم و ئادیداس پشتمی خاراند و دێموکراسی بە گزی دەرچوو، تەنافی سێدارەم گرت و بەرم نەدا، هەتا مەلایەکی بۆگەنیوی کۆچەر لەتەک حاکمی شەرعی شۆڕش دایانپلۆسیم، نەک هەر غرور، ڕوح و دلیان کوشتم، بێزم لە مافی مرۆڤ دەبێتەوە کاتێک تەنیا قاپێلکەیەکم بەناوی ئینسان، خالی لە هەست و خەون. کونجی ژوورێکی تاریکیان پێ ڕەوا دەیتم، قیژەی قامچی و بۆنی گۆشتی برژاو خەیالمی دەبردە جێژنی قوربان و حەوشەی مزگەت! چ نۆستالۆژییایەکی قیزەون بوو هەلاوەسین و جۆلانەی دایکم، تووتن و پەڕی باوکم و پشتی سووتاوم، دارەبازی گۆرستان و برانکاردی ئەنجنیو. ...

قالبوونەوەی جەرگ و سووتانی هەناسە کز و لاواز جەستەیەکی داوەلی ڕەق و زەق، چاوە پڕ لە شادی و دلۆڤانییەکەی کردبووە ڕقیکی پیرۆز لە جەستەدا و بە مێشکیش ماندوو شەکەت هەتا گەرمێنی دوور بەردەرگای مەحکەمە تەق تەقیلەی



سەرچاوە
Serchawe

نیگای پارێزەرم ئاوات بوو مەخابن هەمووی هەر حەسرەت بوو، بە یادی ئەو ڕۆژانە دەژیام کە چرۆ دەبووە گوڵ و گوڵیش دەبووە بۆن و دواجار بەسەر بووکی خەیاڵما هەڵدەوری لەبەر پێم دەنگی ویشکی گەڵاکان پەڕی تەنکی پەپولەی هەڵدەوەراند و دڵی سیسم دەوەستا کە برایەک دەیفرۆشتم لەپێناو نان! کاتێک سەگ پەنای دام و نەوەڕی بە بەختی بابەردەڵەم، بۆنی کردم باوەشی وەفای بوو بە پەناگە هەتا فێر ببمەوە ژیان.

سەفەرە سەفەر، سەفەری ئەمجارەم ئەوەندە دوورە بەسواری هەسپە سووریش بە وێرغە بڕ ناکا دەوەستێ ئۆغرێک هیچ ڕووبارێکا نایگاتێ گەشتێکە ئەوەندە دوور تاراندووە ژیان ئەو بێشکەیەی دەیڕاژاند لاواندنەوەی بێ کەلک وەدەسرازەی توندی ئەوینم، سەفەرێک پڕ لە نەگەڕانەوە، دەگۆڕێنی هەموو ئاواتەکان و ئەو بیرەوەرییانەی دەمکردنە ڕەنگ و نیگاری حەسرەتم پێ دەهۆنییەوە، دەمکردە وشە و شەوی ئەنگوستەچاوم دەدرەوشاندەوە. نە شەماڵ و نە ئەستێرە و مانگ هیچکامیان نابنە ئەو کۆترەی پەیامی دڵبەر بدا، نە تۆزی بەردەرگا ئاوپرژێن دەکرێ و نە سپیدارەکان دەبینەدرێن و هێلانەی مەل، هەناسەم نایێ، دڵم گوشراوە، خەفەتێک بارتەقای ئاویلکەی ئاسکێکی هەڵدڕیو.

ڕۆژئاوا، ڕۆژئاوا گەڕەلاوژەیەکی درۆی هەڵبەستراو مەکانی تاراوەکان و مرۆڤ سڕ مەرگی ئەوین لەپێناو بەرژەوەندی بورجەکان، دەمرن مرۆڤ، ڕەش ڕەش دڵ سارد و بەستەڵەکی ئەوین نابێتەوە... سەرهەڵگرتنێک بە چاوی کوێر، بیری تەزیو بۆ وڵاتێکی ئەوپەڕ دوور، دوور لە خۆزگە و بریاکان، هەتا هەتەرکا چاو دوور لە هێلانە و چەمی خۆم.

جارێک بە سوتفە لە ڕایلکەیکی شێت وێنەی پۆڕێک شیلانم بەدی کرد، جێ هێلانەی ئەوینی دڵ، خامەی دەستم دەلەرزی کاتێک چوومە دنیای تەواری بەرزی خاڵ، ئەو ڕەشاییەی ئادگاری وێژە کە دڵمی سوکنیایی دەدا، چیرۆک، بەستە، مەقام، گۆرانی، کانی، ڕووبار، مناڵی، خۆشی ڕابردوو و هەموو ئەوین لەم وێنەیەدا بەدی کرد، خۆم کردە تیشکیک و چوومە ناو دەمارەکانی، سەرم خستە سەر پەلکە ڕیحانەی بۆنی ئاسمانی، بە لەرینەوەی بای وادە، چ سەمفۆنیاییەک بوو دەنگی هەناسەی. برووسکێک هزری تەنیم، خەوێک بوو پڕ لە مۆتەکەی ڕابردوو، هەستام وێنەکەم بینییەوە، هیوا خزی،

خوشا، هاتەوە، ئەو ڕۆژانەی پێی گەش دەبووم.

٢٢ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



(ڕوانین و هەڵوێستی دەسەڵات بەرانبەر بە کۆمەڵگەی مەدەنی)

سمایل شەرەفی

بە هاتنەسەرکاری ڕەزاشای پەهلەوی، پلانی سڕینەوەی سیستماتیکی پێناسی نەتەوەیی کورد لە ئێران وەک بەشێک لە پرۆژەی "دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی" دەستی پێ کرد. ڕەزاخان لە پێناو پێکهێنانی دەوڵەتی مودێڕن، یەکانگیر و ناوەندگەرا پەنای بردەبەر یەکدەستکردنی وڵات لە ژێرناوی "یەک نەتەوە، یەک زمان" و، بە ئیلهام وەرگرتن لە ناسیۆنالیزمی ڕەوتی دەوڵەت-نەتەوەکان و بەتایبەت هەڵوێستەکانی کەماڵ ئاتاتورک لە تورکیە، بە توندترین شێوە دەستی دایە سەرکوت و سڕینەوەی جیاوازییە ئەتنیکییەکانی دیکە لە ئێران.

دوای شۆڕشی ١٣٥٧ و کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی پاشایەتی، لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە توندوتیژییەکی بێڕەحمانە، سەرکوتی خوێناوی و حاشاکردن وڵامی درایەوە. کۆماری ئیسلامی بە گرتنە پێشی سیاسەتی سڕینەوە و حاشالێکردن لە شوناسی نەتەوەیی و زمان

و فەرهەنگ، بەگژ خەڵکی کوردستاندا هات و هەموو دەرفەت و مەجالێکی لێ قەدەغە کرد.

کەوابوو ڕوانین و هەڵوێستی دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێرانی بەرانبەر بە کورد ئەوەندەی پێوەندی بە ماهییەتی سیستەمی دەسەڵاتەوە هەیە، زۆر لەوە زیاتر زادەی شێوە ڕوانین و خوێندنەوەی نەتەوەی باڵادەست (فارس)ە کە هاوکات لەگەڵ ناسیۆنالیستبوونی، تێکەڵ بە ناخێکی ئیدئۆلۆژیی مەزهەبیشە. بە واتایەکی دیکە نیزام و سیستەمێکی فکری لە پشت ئەم ڕوانینەوە هەیە. لەم پێوەندییەدا ئەحمەد محەممەدپوور لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "ناسیونالیسم فارس – شیعی: از حلقه برلین تا مطالعات پارس" دەنووسێ:

"لە دیسکۆرس و گوتاری ناسیۆنالیزمی فارسگەرادا کات و شوێن و وێژمان بە شێوەی هاوئاهەنگ بۆ بەرهەمهێنانی شوناسێکی جیهانگیر و هەتاهەتایی و پیرۆز پێکەوە لە پێوەندیدان و تەواوکەری یەکترین. ڕەهەندی شیعە بوونی فارس وێڕای پەیدابوونی شۆڕشی ١٣٥٧ زیاتر خۆی دەرخستوە، بەڵام ئەم گوتارە لە تەواویەتی خۆیدا پێویستە وەک پاکێجێک کە لە ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت، ناخێکی ناسیۆنالیستی پێک هاتوە، سەیر بکرێ کە لەودا هاووڵاتی نۆرماڵ و ئەڤلانی نەتەنیا بە فارسی و شیعە لە دایک دەبێ، بەڵکوو ناوەندنشینە و خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ژێنگەیی و فیزیکییە. لە زەینی ناسیۆنالیستی فارسدا ئەوانی دیکە (نافارسەکان) هەمیشە ڕوخسارێکی قەبە و نەریتییان هەیە بە جلوبەرگی دێهاتییەوە کە بێبەری لە فەرهەنگی مودێرنن و بە سەروسیمایانەوە دیارە خاوەنی پێگەیەکی نزمتری کۆمەڵایەتین."

دەسەڵاتی ئێران پێکهاتەیەکە کە لەودا شوناسی فارس-شیعە وەک شوناسی باڵادەست و پاک و ستاندارد پێناسە کراوە، ئەو پێناسەیە وای کردوە کە پێکهاتەی ئێرانی لە پێناو قازانج گەیاندن بە شوناسی فارس-شیعە کار بکات، ئەم نیزامە فکرییە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە کۆی پێکهاتەی ئێرانی، بزووتنەوەی کوردستان بە دژی خۆی بزانێ و کاتێکیش کە بەدژی خۆی دادەنێ، بە شێوازی جۆراوجۆر سەرکوتی دەکات، بۆ وێنە بەرهەڵستکارانی کۆماری ئیسلامی بەپانەوە بە بزووتنەوەی کوردستان دەڵێن "قومگرا" (نەتەوەخواز) بەو مانایە کە کورد کەسانێکی ڕەگەزپەرستن. کە وایە ڕوانگەی ناوەندگەراکان بۆ بزوتنەوەی کوردستان وەکوو ڕوانگەی حکومەت وایە و هیچ جیاوازییەکی نییە.

لە سۆنگەی ئەم جۆرە ڕوانین و هەڵویستی دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێرانی بەرانبەر بە پێکهاتە نافارسەکان و بە تایبەت کورد کە تەوەری باسەکەی ئێمەیە، پرسی داگیرکاری و کلۆنیالیزم دێتە ئاراوە. "لە دیسکۆرسی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا داگیرکاریی نیزامی و ئەمنیەتیکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر جار وەکوو "فەتحی کوردستان" (داگیرکردن) ئاماژەی پێ دەکرێ. ئەم چەمکە مانایەکی بەهێزی ئایینی هەیە... "فەتحی کوردستان" بە ڕاگەیاندنی جیهادی خومەینی لە دژی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دەستی پێ کرد."

سیاسەت و ڕوانینی دەسەڵات لە تاران دژ بە کورد هەموو ڕەهەند و بەستێنێکی ژیانی ئەم نەتەوەی گرتۆتەوە. لە نیزامی پەروەردەوە بگرە کە خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی تێیدا ڕێگەپێنەدراوە و تەنانەت لە پەرتووکەکانی خوێندنی قوتابخانەکاندا کە هەموویان بە زمانی فارسین، شوناسی فارسی بە "شوناسی نەتەوەیی" دەناسێنن و پەرەی پێ دەدەن، تا دەگاتە هەموو ئاستەکانی دیکە. بەرتەسکردنەوە، سەرکوت و سڕینەوە بۆتە ئامانجی سەرەکیی سیاسەت و هەڵویستەکانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە کورد.

سەرەڕای سیاسەتی سەرکوت و سڕینەوەی ڕێژیمەکانی زاڵ بە کوردستاندا، کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام هەوڵی داوە لە ڕەهەندی جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌یەوە خۆی بناسێنێ و بسەلمێنێ و، لە پێناوی مانەوەی خۆیدا دژ بە سیاسەتی سڕینەوەی و حاشالێکردنی خەباتی کردەوە.

بەستێنی مەدەنی یەکێک لەو مەیدانانەیە کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان - وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا- لە قۆناغی جیاجیا و جیاوازدا چالاکی و تێکۆشانی تێدا بەڕێوە بردوە و چالاکانی ئەم بوارە بەپێی دەرفەت و ئیمکان بە دوور لە هەرچەشنە توندوتیژییەک کەڵکیان لێ وەرگرتوە. بەڵام لە بەرانبەردا دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێرانی وەک ڕوانینی هەمیشەیی خۆی بۆ پرسی کورد، بە چاوی ئەمنییەتییەوە لەم بەستێنەشی ڕوانیوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ئەم زیاتر لە چوار دەیە لە دەسەڵاتداریتی خۆیدا هەر جۆرە هەڵسوکەوت و چالاکییەکی چ سیاسی چ مەدەنی بە چاوی ئەمنییەتییەوە سەیر کردوە و پلانی وەک یەک و جۆراوجۆری بۆ سەرکوت و داپڵۆسینیان داڕشتوە. کەوابوو بە پێچەوانەی ئەوەی کە تاکی کورد چەند ڕوانگەی جیاوازی بەنیسبەت داگیرکەرەوە هەیە، داگیرکەر خۆی بەنیسبەت کوردەوە یەک ڕوانگەی گشتی و نەگۆڕی هەیە. ئەم تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی ئەوەی هەرچەشنە چالاکی و تێکۆشانێک لەلایەن خەباتکارانی مەدەنیی کوردەوە وەکوو گەورەترین مەترسی بۆ سەر گشتییەت و کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خۆی ببینێت. بۆیە بەبێ هیچ دوودڵییەک لە ڕێگەی جۆراوجۆر و بە کەرستەی جیاوازەوە هەموو هەوڵ و توانای خۆی بۆ پێشگرتن و خنکاندنی ئەو خەباتە دەدات و لەم پێناوەشدا هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی ناپارێزێت.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو هەوڵێکی بەکار هێناوە کە نەتەنیا پێش بە بەرێکخراوبوونی کۆمەڵگەی کوردستان بگرێ، بەڵکوو تا بۆی کرابێ و بکرێ هەوڵی نایەکگرتوویی و لێکترازانی کۆمەڵگەی داوە. بوونی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە کوردستان کە دەبێتە هۆی ڕێکخراوبوونی چالاکان و کۆمەڵگە، بۆ دەسەڵات قابیلی قبووڵ نییە، بۆیە سەرەتا پێش بە

دامەزرانیان دەگرێت و مۆڵەتنامەیان ناداتێ و ئەگەر بە هەر هۆیەک ڕێگەی دامەزران و کارکردنیان پێبدات دیسان هەوڵی چاودێری و نانەوەی دووبەرەکییان لەنێودا دەدات و گرفت بۆ چالاکان ساز دەکەن. ئازاد محەممەدیانی لەم بارەوە بەم شێوەیە باس لە ئەزموونەکانی خۆی دەکات:

"کۆماری ئیسلامی لەو ساڵانەی دواییدا کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە گەشەدا بوو، بەردەوام هەوڵی بەرتەسککردنەوەی داوە، بۆ وێنە ئەنجومەنە ئەدەبییەکانی ناوە هەڵوەشاندۆتەوە و مۆڵەتی یاسایی لێ سەندوونەتەوە، مۆڵەتێک کە زۆر بە سەختی وەردەگیرێن. مۆڵەتی یاسایی بە هیچ حیزبێکی سیاسی کوردی نەداوە و "بەرەی یەکگرتووی کورد" کە تەنیا ڕێکخراوەی سیاسیی هەنووکەی نێوخۆی کوردستانە، هەرگیز نەیتوانیوە مۆڵەتی یاسایی وەرگرێ. دەسەڵات لە پێشدا سەختگیری دەکا لە مۆڵەتدان بە چالاکیی ڕێکخراوە و دامەزراوە مەدەنیەکان،ئەگەریش مۆڵەتی پێدان دەیانخاتە ژێر چاودێرییەکی زۆرەوە و بەردەوام لێپرسینەوەیان لێدەکرێ و تەنانەت هەوڵ دەدا لە ڕێی سیخوڕەکانی خۆیەوە کە دەیانێرێتە نێو ئەم نەهادانە کۆنترۆڵیان بکات... ئێزن بە چالاکانی مەدەنی نادات کاری حکومەتی و ئیداریان هەبێ، بەردەوام دەیانترسێنێ و هەڕەشەیان لێدەکا و تووشی زیندانیان دەکا و ئەگەر لە جێیەک کار بکەن مەترسیی بێکارکردنیان لەسەرە، وەک "من" کە لە زانکۆ دوور خرامەوە و دواتر هەڕەشەیان لێکردم و ناچاریان کردم وڵات بەجێبهێڵم."

سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندگەرا بەرانبەر بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان هەمیشە تابعێک بووە لە بزووتنەوە گەورە نەتەوەییەکە. بە واتایەکی دیکە ناوەند لە سۆنگەی چۆنیەتیی زەربە لێدان لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بە جۆرێک هەڵسوکەوتی لە گەڵ وردە بزووتنەوەکان کردوە کە لێکیان داببڕێت و پێش بە یەکگرتوویی و پێوەندیی نێوان بەستێنە جۆراوجۆرەکان بگرێت و بۆ ماوەیەک ئەوان (بزووتنەوە مەدەنی و وردە بزووتنەوەکانی دیکە) بەرانبەر بە بزووتنەوە گشتی و گەورەکە ڕابگرێت.

ڕەهبەر مەحموودزادە کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوت و سیاسەتەی لە ئاسمیلاسیۆن پێ مەترسیدارترە لەم بارەوە پێی وایە، "ناوەند لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ بزووتنەوەی کوردستان هەمیشە هەوڵی داوە پێوەندیی ئۆرگانیکی نێوان یەکە چکۆڵەترەکان بپچرێنێ و وا بنوێنێ کە هەر کام لەم یەکانە شوناسێکی جیاواز لەوەی دیکەی هەیە و کۆی یەکەکان لەجیاتی پێوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیک، پێوەندییەکی دژبەرانە و دوژمنکارانەیان پێکەوە هەیە. ئەم سیاسەتە لە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن زۆر ئاڵۆزترە. لە ئاسیمیلاسیۆندا، سیاسەت، سیاسەتی ئینکار و حاشا لێ کردنە...لەم سیاسەتە تازەیەدا سەرەتا شوناسە چکۆلەترەکان بە سەربەخۆ و بە ڕەسمی دەناسرێن و لە بەرانبەر شوناسە گەورەترەکەدا ڕادەگیرێن، دواتر کە شوناسە گەورەکە بنبۆش بوو و زەمینەی ڕمان و فەوتانی ئامادە بوو، بە یەکجاری نەفی شوناسە

چکۆڵەکانیش دەکەن و لەناو شوناسێکدا کە خۆیان پێناسەیان بۆ کردووە، دەیانتوێیننەوە."

لە دوو سێ دەیەی ڕابردوودا لە لایەک بە هۆی خۆڕاگری و ئازایەتیی چالاکانی مەدەنی و لە لایەکی دیکەوە بە هۆکاری پەیدابوونی ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە خەڵک ڕاشکاوانە بۆچوون و هەڵوێست دەردەبڕن، پاشەکشێیەکی ڕێژەیی بە دەسەڵاتەوە دیارە. بەڵام فشار بۆ سەر چالاکانی مەدەنی لە بوارە جۆراوجۆرەکان و بە بیانووی جۆراوجۆر هەر وا لە جێی خۆیدایە.

لێرەدا وێڕای بە نموونەگرتنی بارودۆخی چالاکانی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا هەوڵ دەدرێ کە وێنایەکی گشتی لە سیاسەتی سەرکوتی هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، ڕادەی گیران و دەستبەسەرکران و ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ چالاکانی مەدەنی، بە دەستەوە بدرێ.

لە ماوەی ساڵی ١٣٩٥دا، ٤٩٤ کەس لە چالاکانی سیاسی، مەزهەبی، کرێکاری و مەدەنی و فەرهەنگی لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون کە ٨٣ کەسیان لە چالاکانی مەدەنی بوون (کوردپا - ڕاپۆرتی ساڵانە، ١٣٩٥).

لە ساڵی ١٣٩٦ی هەتاویدا دۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەوپەڕی خراپیدایە؛ لەو ساڵەدا ٣١٦٦ کەس ڕاستەوخۆ دەکەونە بەر پەلامار و سەرکوتکاریی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم و زیاتر لە ١٠٠ کوژراو و برینداریان تێدا دەبیندرێ. لە حاڵێکدا بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی "کوردپا" ئەم ئامارە لە ساڵانی پێشووتردا(٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٤ و ٩٥) بە ڕیز، بریتی بووە لە ١٠٢٦ کەس، ١٥٥٠کەس، ١٥٧٢ کەس، ١٣٥٥ کەس و ١٢٩٠ کەس.

بە درێژایی ساڵی ١٣٩٦، چالاکانی مەدەنی جیا لە گرتن و دەستبەسەرکران و ئازار و ئەشکەنجەدانیان، زۆرترین هەڕەشەیان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لێ کراوە، بنەماڵەکانیان تەهدید بە بێکارکردن و بێبەشکردن لە خوێندن، پێشگیری لە چوونە زانکۆ و زەوتکردنی دەرفەتەکانی دیکەی ژیان کراون. لە ئاکامی گوشاری هێزە ئەمنیەتییەکاندا هەر لەو ساڵەدا ١١ کەس لە چالاکانی مەدەنی ناچار بە بەجێهێشتنی وڵات کراون. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی "هەنگاو"، ژمارەی دەستبەسەرکراوان ٥٧١ کەس بووە کە ١٣٠ کەسیان لە چالاکانی مەدەنی بوون.

پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی بە دەستبەسەرکردنی ٣٣ کەس لە چالاکانی مەدەنی بە



سەرچاوە
Serchawe

هۆکاری بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز دەستی پێ کرد. لەو ساڵەدا ١٧٩٠ کەس ڕووبەڕووی سەرکوت و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بوونەتەوە (کوردپا - ڕاپۆرتی ساڵانە، ١٣٩٧)، کە ٢٦٧ کەسیان لە چالاکانی مەدەنی بوون (هەنگاو- ڕاپۆرتی ساڵانە، ٢٠١٨.)

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی کوردپا لە ماوەی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاویدا ٥٥ کەس لە کوردستان لە سێدارە دراون و ١٠ کەسی دیکەش حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندراوە. لە سێدارەدانی ڕامین حوسێن‌پەناهی، زانیار و لوقمان مرادی لە ١٧ خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی کە هاوکات بوو لەگەڵ مووشەکبارانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نزیک شاری کۆیەی باشووری کوردستان - کە ١٦ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە شەهید بوون و بە دەیان کەسی دیکە بریندار بوون - یەکێک لە بەرچاوترینی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و نیشانەی سەرکوتکاریی سیستماتیکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژ بە نەتەوەی کورد بوو.

لەم پێوەندییەدا تەیموور ئەلیاسی، نوێنەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران لە ژنێڤ لە کۆنگرەی سێ ڕۆژەی "ڕووبەڕووبوونە لەگەڵ ئێعدام" کە مانگی ڕەشەمەی هەمان ساڵ بەڕێوەچوو، ڕایگەیاند کە "ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرکوت وەک ئامرازێک بۆ بێدەنگ کردنی نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کورد کەڵک وەردەگرێ و ئاماری لەسێدارەدانی کوردەکان لە ئێران لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئەم وڵاتە زۆر لە سەرێیە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە حەشیمەتی هەشتا میلیۆنیی ئێران، ١٣٪ی کوردەکان پێکدێن.

گوشار بۆ سەر چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٣٩٨دا زۆرترین ئامارەکانی بۆ تەرخان کراوە و هاوکات لەگەڵ چوونە سەری ڕێژەی گرتن و دەستبەسەرکردن، حوکمە داسەپاوەکان قورس و گرانتر دەبن. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی "چاونیوز" تایبەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان، لە ساڵی ١٣٩٨دا ٨٥٤ کەس لە کوردستان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کراون کە نزیک بە ٢٠٠ کەسیان چالاکی مەدەنین. بەپێی ڕاپۆرتەکەی چاونیوز زۆربەی چالاکانی دەستبەسەرکراو تۆمەتی هاوکاریی حیزبە کوردییەکانیان دراوەتە پاڵ و بۆ ئازادکردنیان داوای بارمەتی زیاتر لە ٢٠٠ میلیۆن تمەنییان لێکراوە و کەم نین ئەو چالاکانەی کە هەر ئێستا لە بەندیخانەکان دا چاوەڕوانی بەسەرچوونی حوکمی چەند ساڵەیانن.

تۆمەتی بەستراوەیی چالاکانی مەدەنی بە حیزبەکان و لەقەڵەمدانی چالاکیی چالاکانی مەدەنی بە سیاسی و ئەمنییەتی، تا دێ پەرەدەستێنێ و ئەمە تەنیا بیانوویەکە کە ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بۆ زیاتر فشارخستنەسەر تێکۆشەرانی



سەرچاوە
Serchawe

مەدەنی و بەرتەسککردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی بەکاری دێنن. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە هەر سێ ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافی مرۆڤی کوردستان، ئاژانسی هەواڵدەریی کوردستان (کوردپا) و ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان (چاونیوز) لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵەکانی ١٣٩٩ و ١٤٠٠ ئامادەیان کردوە، وێڕای نیشاندانی گوشاری زیاتر بۆ سەر چالاکانی مەدەنی، ئاماژەی ڕوونیان لە سەر بردنە سەرەوەی تێچوو بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، تێدا بەدی دەکرێ. لە نێو ٨١ کەس لە چالانی مەدەنیی دەستبەسەرکراو لە ساڵی ١٣٩٩ دا، ٤٩ کەسیان تۆمەتی هاوکاری لە گەڵ حیزبە کوردییەکانیان خراوتە پاڵ و کەیسی ئەمنییەتییان بۆ ساز کراوە. (هەنگاو- ڕاپۆرتی ساڵانە، ٢٠٢٠ - کوردپا – ڕاپۆرتی ساڵانە، ١٣٩٩). بە پێی ڕاپۆرتی چاونیوز سێ کەس لە بەندکراوان کە تۆمەتی پێوەندی لە گەڵ حیزبەکانیان خراوەتە پاڵ، حوکمی لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێندراوە و ئەوانی دیکە هەرکام لە ٧ تا ٢٠ ساڵ بەندبوونیان بەسەردا سەپێندراوە (چاونیوز- ڕاپۆرتی ساڵانە، ١٣٩٩).

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی ٢٩٣ کەس لە کوردستان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کراون کە ٦٤ کەسیان لە چالاکانی ژینگەپارێز، فێرکار و فێرخوازی بواری نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردین کە زۆربەی هەرە زۆریان تۆمەتی ئەمنییەتی (پێوەندی لەگەڵ حیزبەکان و هەوڵدان بۆ تێکدانی تەناهی نیشتمانی)یان دراوەتە پاڵ و بەشێکیان لە بەندیخانەکاندا لە چاوەڕوانیی حوکم دان و بەشێکیان بە بارمتەی سەدان میلیۆن تمەنی بە شێوەی کاتی ئازاد کراون (چاونیوز – ڕاپۆرتی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ، ١٤٠٠).

بەپێی دوایین زانیارییەک کە لە ڕێگای پێوەندیی لە گەڵ بەرپرسانی هەر سێ سەرچاوەی ئاماژە پێکراو (هەنگاو، کوردپا و چاونیوز) دەستکەوت، لە ڕۆژانی سەرەتای ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی و لە پێوەندی لە گەڵ ڕێوڕەسمەکانی سەری ساڵ و نەورۆزدا زیاتر لە ٢٠ کەس لە چالاکانی مەدەنی بە تۆمەتی بانگەشە بۆ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز و بەکارهێنانی هێما نەتەوەییەکانی وەک ئاڵای کوردستان، لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کراون کە زۆربەیان خەڵکی شار و ناوچەکانی سەربە پارێزگای سنەن.

زۆربەی دەستبەسەرکراوانی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان بەبێ ئاگاداریی پێشوەخت و لە ناکاو پەلاماری شوێنی کار و ژیانیان دراوە و، وێڕای زەوتکردنی کەلوپەلی شەخسیی وەک کتێب و کامپیوتێر و موبایلەکانیان، بۆ شوێنی نادیار گواستراونەتەوە و بێڕێزییان پێ کراوە و ئەشکەنجە دراون. زۆرێک لە چالاکانی مەدەنی ئەگەر ڕاستەوخۆ لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە داوای بەجێهێشتنی وڵاتیان لێ نەکرابێ، ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای گوشار و هەڕەشە لە خۆیان و کەس و کاری بنەماڵەکانیان، ناچار بە بەجێهێشتنی زێد و نیشتمان کراون.

خەرمانانی ٢٧٢٤

ئەو ناوەند و دامەزراوە ئەمنییەتییانەی ڕۆڵیان لە دەستبەسەرکردن و ئازاردانی چالاکانی مەدەنیی کوردستاندا هەبووە و هەیە بریتین لە؛ هێزە ئەمنییەتیییەکانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات، ئیدارەی ئیتلاعاتی سەر بە سپای پاسداران، هێزە لیباس شەخسییەکان و هێزەکانی سەر بە ئەمنییەتی سایبێری.

٢٢ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

## پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزب بە بۆنەی دووهەمین ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینا




دوو ساڵ پێش ئێستا و لە ڕێکەوتی ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١دا کوشتنی ژینا ئەمینی کچە کوردێکی خەڵکی شاری سەقز لە لایەن گەشتی ئیرشادی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری تاران، بوو بە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی جەماوەری کە بە "بزووتنەوەی ژینا" ناوی دەرکرد. بزووتنەوەی ژینا کە لە کوردستان و بە درووشمی سەرەکیی "ژن، ژیان، ئازادی" چەخماغەکەی لێدرا، بە خێرایی زۆربەی شارەکانی ئێران و بەتایبەت ناوچە مافزەوتکراوەکانی وڵاتی گرتەوە و پەلی هاویشتە شەقام و گۆڕەپانە گشتییەکانی وڵاتانی دەرەوە و سەرنجی زۆرێک لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

بزووتنەوەی ژینا کە بەرهەمی خەباتی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان، تەقینەوەی ڕق و بێزاریی خەڵک لە ڕێژیم و لێکەوتەی پەنگخواردنەوەی ویست و داخوازییە وڵامنەدراوەکانی دەیان ساڵەی زۆرینەی گەلانی ئێران و ناکارامەیی دەسەڵات و لە هەمانکاتدا سەرکوتی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی بوو، ئاخێزگەکەی کوردستان بوو. بە واتایەکی دی؛ بزووتنەوەی ژینا لە کوردستانەوە سەریهەڵدا و بەو دروشمە سەرەکییەوە کە لە شەقامەکانی کوردستانەوە بەرز کرایەوە، پەلی هاویشتە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەر بە پشتیوانی لە کوردستانیش بوو کە لە سەرەتاکانی بزووتنەوەکەدا

خەڵکی شوێنەکانی دیکەی ئێران بەشدارییان تێدا کرد. ئەمە بۆ کوردستان و بزووتنەوە مافخوازانەکەی کە دەیان ساڵ بوو بە ڕوانینێکی ئەمنیەتییەوە سەیر دەکرا و بە دەیان بوختان و تۆمەتی نارەوای درابووە پاڵ، دەرفەتێکی زێڕینی سیاسی بوو.

ڕەفتار و هەڵوێستی لێبڕاوانەی خەڵکی کوردستان و پەیامەکانی ئەم بزووتنەوە لە شەقامەکانی کوردستان هێندە مودێڕن، مافخوازانە و شارستانی بوون کە خەڵکی شوێنەکانی دیکەی ئێران بە دووشمەکانی؛ "کوردستان، کوردستان پشتیوانیت لێ دەکەین" و "کوردستان، کوردستان چاو و چرای ئێران" بەشداریی بزووتنەوەکەیان کرد. ئەم لێکەوتە و کاردانەوانە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە بەرانبەر بە کوردستان و ویستە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی سیاسەتی دژیگەلیانەی ئەمنیەتیی گرتبووە بەر و بەدەیان ساڵ بوو کاری لەسەر خەوشدارکردنی کەسایەتیی کورد و پرسە سیاسییەکەی کردبوو، قابیلی قبووڵ نەبوو. بۆیە لە پیلانگێڕییەکی هەمەلایەنەی ژوورە ئەمنیەتییەکاندا بە کۆدڕەمزی "تجزیە طلبی" هاوکات لەگەڵ پڕوپاگاندایەکی بەربڵاوی تەبلیغاتی و وەکارخستنی ئەرتەشی سایبری بۆ هێرشکردنە سەر ماهییەتی بزووتنەوەکە و بەستنەوە و گرێدانی بە "دەستی دەرەکی"، ڕێگای بۆ سەرکوتی خوێناویی شۆڕشگێرانی سەر شەقامەکانی کوردستان و، هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزب و لایەنەکانی دیکەی کوردستان خۆش کرد. ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم سەرکوت و هێرشانە بەتایبەت پەلاماردانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، بەلارێدابردنی بیروڕای گشتیی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران، دیتنەوەی بیانوو بۆ سەرکوتی زیاتر، ترساندنی خەڵک و بەشێک لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە تەوەهوومی "هەڵوەشان و دابەشبوونی ئێران" بوو کە وەک باس کرا ڕێژیم بە کۆدڕەمزی "تجزیە طلبی" پلانی بۆ دارشتبوو.

خەڵکی ئێران یەکگرتووانە و بە بەشداریی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و پشتیوانیی ئێرانیانی دیاسپۆرا زیاتر لە سێ مانگ، سەرەڕای بەردەوامیی سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم کە بە سەدان شەهید، برینداربوونی هەزاران کەس و بەندکردنی دەیان هەزار کەس لە خۆپێشاندەرانی لێ کەوتەوە، لە بزووتنەوەی ژینادا بەردەوام لە شەقام و گۆڕەپانە جۆراوجۆرەکانی خەبات دژ بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامیدا بوون. لەگەڵ ئەوەشدا کە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بە کۆمەڵێک هۆکاری زاتی، دەرەکی و پێوەندیدار بە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی، واتە؛ گۆڕانکاریی بنەڕەتی و بنیاتنانەوەی ئێرانێکی نوێ نەگەیشت، بەڵام وەک لە خوێندنەوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هاتووە؛ "گەورەترین و بەهێزترین جووڵانەوەی نارەزایەتیی مەدەنی لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بوو کە چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە نێو ئێرانیانی دەرەوەی وڵاتدا لە لایەک یەکڕیزی و هۆمێدێکی زۆری لەنێو خەڵکدا پێکهێنا و کۆماری ئیسلامیی زۆر تەنگەتاو کرد و، لە لایەکی تریشەوە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاپەڕین و جووڵانەوەیە لە ئاستی کۆمەڵگەی

نێودەوڵەتی، کۆڕوکۆبوونەوە سیاسی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهانی بە دوای خۆیدا ڕاکێشا."

جێی خۆیەتی لە دوو ساڵەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا و لە پێناو ئەزموونێک بۆ داهاتووی بزووتنەوەکەدا بە ئاوڕدانەوەیەکی خەسارناسانە لەم ڕووداوە مێژووییەی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران دژ بە دیکتاتۆریی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامیی ئێران،

## لە چەند خاڵدا باس لە کەمایەسی و کەموکووڕییەکانی بزووتنەوەکە بکەین:

١- کۆمەڵگەکانی ئێران سەرەڕای زوڵم و زۆریی دەسەڵات وەک پێویست بەو ئاستە لە یەکانگیری و پێکەوەیی نەگەیشتوون کە هێز و وزەی جەماوەرییان دژ بە دیکتاتۆرییەت یەک بخەن و بۆ ئامانجێکی هاوبەش هەوڵ بدەن. لە بزووتنەوەی ژینادا زۆرێک لە چین و وتوێژەکان و شار و ناوچەکان هاتنە مەیدان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە نەیتوانی بگاتە ئەو زۆرینە جەماوەرییەی کە پاشەکشە بە ڕێژیم بکات. لەم پێوەندییەدا کۆمەڵێک هۆکاری زاتی و شاراوە هەن کە پێویستە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و بە وەجووڵە خستن و وریاکردنەوەیان لە فاز و فەزای گشتیی گەیشتن بە ژیانێکی ئەمرۆیی و مافخوازیدا ڕێک بخرێن.

٢- نەبوونی ئاڵترناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەیە کە بەداخەوە تا ئێستاش ئەم ڕێژیمەی لەسەر پێ ڕاگرتوە. لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەرەوەی وڵات، نەک وەک پێویست نەیتوانی ببێتە هۆکاری هیوابەخشین بە بزووتنەوەکە و هاندانی خەڵک بۆ یەکگرتوویی و مانەوەیان لە گۆڕەپانەکە، بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانە بوو بە خاڵی لاوازی بزووتنەوە! و بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە هۆکارگەلی؛ دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگە و خواستەکانی خەڵک و، لە هەمووی گرینگتر چەقین و مانەوە لە ڕوانین و گوتاری تەواویەتخوازی و حاشاکردن لە فرەیی و جۆراوجۆریی پێکهاتەی نەتەوەیی لە ئێران و ملنەدان بە ئەقڵییەتی دابەشکردنی دەسەڵات و پێداگری لەسەر ناوەندگەرایی، بەکردەوە پێچەوانەی واقعی سیاسیی لە وڵات و پەیامەکانی بزووتنەوەی ژینا هەنگاو دەنێ. دەربازنەبوونی ئۆپۆزیسیۆن لە وردە کێشەی دروون ڕێکخراوەیی و خولانەوە لەنێو کێشە و گوتارەکانی نامۆ بۆ نەسڵەکانی ئەمڕۆ، بۆتە هۆی بێمتمانەیی خەڵک بەم ڕەوت و لایەنانە. هەربۆیە پێدەچێ خەڵک لە داهاتوودا بە هۆی دۆخی نالەبار و بێهومێدبوون لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات، لە نێوخۆی وڵاتدا سەرنج بخەنە سەر پرسی ئالترناتیڤ و جێگرەوەی ڕێژیم.

٣- لەسەر ئاستی حیزب و لایەنەکانی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەیکە حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە هەردوو ڕووی

مەیداندار و گوتارییەوە، توانیویانە لە کۆمەڵگە و خەڵکی خۆیان نزیک و بەرۆژ بن، بەڵام لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا دەرکەوت کە بێکێشە و کۆموکوڕی نین. لە دەسپێکدا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کە دواتر بە هۆی کێشە و ناکۆکیی ڕەفتاری و گوتاریی ئەندامانیەوە کەوتە دۆخی هەڵپەساردنەوە، ڕۆڵی باش و کاریگەری لە بزووتنەوەی ژینادا گێڕا. بەڵام بەداخەوە بە هۆکاری کۆمەڵێک ڕوانینی دوور لە ڕاستی و هەنگاوی بەپەلەی تاکڕەوانە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتاوە بێئاکام بوون و زیانەکانی پێشبینی کرد و لەم بارەوە بە ڕوونی هەڵوێستی نواند، وەک پێویست نەکرا لەم دەرفەتەی کە بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان هاتبووە ئاراوە، بەتەواوی کەڵک وەربگیردرێ.

٤- خوێندنەوە و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەت دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی کە دەکرێ لە دوو قۆناغدا قسەی لەسەر بکرێ، وەک لە پێوەندییەکانیان لە دوو دەیەی ڕابردوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەسەر پرسی ناوکیڕا دەرکەوت و بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان چاوەڕوانکراو بوو، لەگەڵ ئەوەی لە نزیکەوە ڕووداوەکانی ئێران و بزووتنەوەی ژینایان چاودێری دەکرد، بەڵام لە دەلاقە و بژاردەی ڕێژیمچێنج و تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامییەوە لە پرسەکەیان نەدەڕوانی. فەتیس و بەرتەسکمانەوەی پشتیوانیی دەوڵەتانی ئورووپایی لە چوارچێوەی دانیشتنیان لەگەڵ چەند کەسایەتیی سلێبریتی کە بەشێکی پێوەندیی بە نەبوونی ئالترناتیڤی واقعیی و بەبەرنامە هەبوو، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە بزووتنەوەکە وەک پێویست پشتیوانیی لێ ناکرێ

وێڕای هەمووی ئەمانەی باس کران و زۆر هۆکاری دیکە، سەرکوتی بێبەزەییانەی هێزە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بۆ بزووتنەوەی ژینا پڕخەسار و تێچوو بوو؛ بە سەدان کەس لەسەر شەقامەکان شەهید کران، بە دەیان هەزار کەس بریندار و زیندانی کران، بۆ تۆڵەکردنەوە لە بەشداریی بەرچاوی قوتابیان، هەزاران قوتابی بەتایبەت کچان ژەهراوی کران کە تا ئێستاش ئەم سەرکوتکاریانە بە سەپاندنی حوکمی قورس و درێژخایەنی زیندان و تەنانەت ئێعدامکردنی دەسبەسەرکراوان بەردەوامە.

لە بزووتنەوەی ژینادا کە سیمای سیاسیی کوردستان و ئێرانی گۆڕی، دەوری بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا، بازاڕی و دوکانداران، پزیشکان، مامۆستایان، کەسایەتی و نوخبەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ژنان، لاوان، خوێندکاران بە قوتابییانەوە، مامۆستایانی ئایینیی دەروەست لە کوردستان و هەروەها دیاسپۆرای کورد لە دەرەوەی وڵات دیار و پڕبایەخ بوو کە حیزبی دێموکرات هەم بە چاوی بایەخەوە لێیان دەڕوانێ و هەم بە پێویستی دەزانێت لە داهاتوودا باشتر لە توانا و زەرفییەتەکانی خۆی بۆ پێشخستنی پرسی توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و ڕێکخستن و یەکخستنی وزەی خەباتگێڕییان

کەڵک وەربگرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوو ساڵەی بزووتنەوەی ژینادا بە مەبەستی بەرز و زیندووڕاگرتنی بزووتنەوەکە و پەیامە مافخوازە جەماوەرییەکانی، داوا لە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی دەکات بەهەر شێوەیەک بۆیان دەگونجێ لە ڕۆژانی تایبەت بەم یادەدا چالاک و مەیداندار بن. هەر لەم پێوەندییەدا و بە دیاریکراوی ڕادەگەیەنێ؛ با لە ڕێگای مانگرتنی گشتی لە سەرجەم شارەکانی کوردستان لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی خەرمانان، بۆ جارێکی دیکە وێڕای بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی شەهیدان و قوربانیانی بزووتنەوەی ژینا، پێداگری لەسەر پەیامەکانی بزووتنەوەکە بکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە داوا لە گەلانی ئێرانیش دەکەین لە پێناو یەکگرتوویی سەرانسەری دژ بەسیاسەتی سەرکوت و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەو دەرفەتەدا هاوهەڵویستی و پشتیوانی خۆیان بۆ زیندووڕاگرتنی پەیامەکانی بزووتنەوەی ژینا دەرببڕن.

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یادی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینادا وێڕای بەرزنرخاندنی ڕۆڵ و بەشداریی سەرجەم چین و توێژەکانی گەلانی ئێران و، ناردنی سڵاو بۆ قوربانیانی بزووتنەوەکە، پێداچوونەوە و سەرنجخستنەسەر کەماسییەکان و بەهێزکردنی خاڵە ئەرێنییەکان لە چوارچێوەی دیتنی وزە و پتانسیێلەکانی کۆمەڵگە و یەکانگیریی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات بە مەبەستی قۆستنەوەی دەرفەتەکان، بە گرینگ و پێویست دەزانێ. هەر لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکرات وێڕای ئامادەکردنی نەخشەڕێ و پلاتفۆرمی تایبەت بە وێناکردنی ئێرانی داهاتوو، ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخواز و دێموکراتەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ڕادەگەیەنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی

خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی

٢٢ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# عێراق وەک قووڵایی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی



**عەلی بداغی**

سەردانەکەی پزشکیان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان وەک یەکەم سەفەر و سەردانی سەرکۆماری نوێی ئێران بۆ عێراق پێویستە لە چوارچێوەی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی بۆ عێراق سەیر بکرێت.

لە ساڵی ٢٠٠٣ ی زایینی بەولاوە و بەدوای گۆڕینی نیزامی سیاسی لە عێراق نفووز و دەستێوەردانی ئێران لە عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی کردوە. ستراتیژیی ئێران لە عێراق لەسەر چەند تەوەری سەرەکی داڕێژراوە: یەکەم نەهێڵنی حکوومەتێک لە بەغدا لەسەر کار بێت کە سیاسەتی دژ و نەیارانەی لەگەڵ تاران هەبێت. دووهەم بە بەکارهێنانی گوشاری ئەو هێز و میلیشیا و لایەنە عێراقییانەی سپۆنسەری ماددییان دەکا و لە خۆی نیزیکن، کار لەسەر دەرکردنی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمان لە عێراقدا بکات. سێهەم خاڵیش بەربەست دروستکردنە بۆ کار و چالاکیی سیاسی حیزبە کوردییەکانی دژبەری ئێران کە بنکەی سەرکردایەتییان دەیان ساڵە لە هەرێمی کوردستان جێگیرە. لە تەنیشت ئەو سێ هۆکارە سەرەکییە بێگومان گرتنەدەستی بازاڕی ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ خوردکردنەوەی کاڵاکانی ئامانجێکی دیکەی کۆماری ئیسلامییە.



سەرچاوە
Serchawe

هاوتەریبی هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستێوەردانی زیاتر و گرتنەدەستی ناوەندەکانی بڕیار لە عێراق، ناڕەزایەتییەکان بەو سیاسەتە و هەژمۆنیخوازییەکانی ئێران لەو وڵاتە پەرەیان سەندووە کە دەتوانین ئاماژە بە خۆپێشاندانە بەرفراوانەکانی ساڵی ٢٠١٩ لە بەغدا و شارەکانی دیکەی ناوەند و خوارووی عێراق بکەین کە تەنانەت گەیشتە ئەوەی کۆنسولخانەکانی ئێران لە نەجەف و کەربەلا ئاگر بدرێن. بەڵام ئەمە نەبووە هۆی پاشەکشەی ئێران پاشەکشەی و وەک بینیمان لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ ئەوە ئێران بوو نەیهێشت حکوومەتی نوێ لەلایەن ڕەوتی سەدر و هاوپەیمانەکانی پێک بێت، لە کاتێکدا زۆرترین دەنگی هەڵبژاردنەکانیان هێنابۆوە، تەنیا لەبەر ئەوەی سیاسەت و ئایدیاکانی ئەم لایەنانە دژایەتیی لەگەڵ ئەجێندا و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ عێراق هەبوو. پێشتریش لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠دا لیستی لایەنگری ئێران بە ئەیاد عەلاوی دۆڕا، بەڵام لە ژێر گوشاری ئێراندا نوری ئەلمالیکی دیسان بۆوە سەرۆکوەزیر، لەبەر ئەوەی تاران ئەو و ئەوەی دەویست.

## پێوەندیدار بە پێوەندییەکانی ئێران و عێراق ئاماژە بە چەند خاڵ گرینگە:

**یەکەم**. عێراق شەریکە ئابوورییەکی گەورە بۆ ئێرانە و دوای چین و تورکیا سێهەم هاوبەشی بەهێزی ئابووریی ئەم وڵاتەیە کە لە ساڵی ڕابردوودا بایی ١٠ میلیارد دۆلاڕ کاڵای بە عێراق فرۆشتووە و ستراتیژییەکەی ئەوەیە ئەو ئاستە بگەیەنێتە ٢٠ میلیارد دۆلار لە ساڵێکدا.

**دووهەم**. بوونی مەزارە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق و زۆرایەتیی شیعە لە دوو وڵاتی ئێران و عێراق هۆکارێکی دیکەی لێکنیزیکیی ئەم دوو وڵاتەیە و ئەمە لە بەرژەوەندیی هەردوولا شکاوەتەوە. ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا لە سامانی گشتیی خەڵکی ئێران سەدان میلیۆن دۆلاری بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنانە تەرخان کردوە، ئەوە جیا لەوەی زۆر گرووپ و میلیشیای لەم وڵاتەدا هەن کە بە پارە و چەکوچۆڵ تەیاری کردوون و بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆی بەکاریان دێنێت.

**سێهەم**. بەستراوەیی عێراق بە ئێران بۆ سووتەمەنیی گازە. عێراق لەمێژ ساڵە بۆ دابینکردنی گاز و سووتەمەنیی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا پشتی بە ئێران بەستووە و تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا بایی دوو میلیارد دۆلار گازی لە ئێران هاوردە کردوە و لەسۆنگەی ئەوەشڕا کە ئەمریکا حکوومەتی عێراقی لە گەمارۆکانی سەر ئێران لە بەشی وزەدا مەعاف کردووە، ئەو میلیارد دۆلارانە ئاسان دەچنەوە بەردەستی تاران.

بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئێران لە دوو دەیەی ڕابردوودا، واتە لە عێراقی نوێی پاش حکوومەتی بەعسدا هۆکاری سەرەکیی

نائارامی و ناسەقامگیرییەکانی ئەم وڵاتە بووە، پێش هەموو شتێک لەڕێگەی پێکهێنانی گرووپ و میلیشیا و تەیارکردنیان بۆ ئەوەی شەڕی نیابەتیی بۆ بکەن. لەبیرمان نەچێ بەشی زۆری ئەم گرووپ و لایەنانە لە ڕواڵەتدا بۆ شەڕ دژی داعش دروست کران، بەڵام لە بنەڕەتدا بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و سەربازیی ئێران لە عێڕاقدا دامەزراون و ئەمە ستراتیژیی سەرەکیی ڕێژیمە کە لە یەمەن و سووریا و لوبنانیش دەیباتە پێشێ. نموونەی ئەمە لە هیچ کوێی دنیادا نییە وڵاتێک دەیان هەزار هێزی چەکداری سوپای فەرمیی وڵاتەکەی سەر بە دەوڵەت و وڵاتێکی دیکە بن و لەوێ بڕیار وەربگرن! ڕەهەندێکی دیکەی ناسەقامگیرکردنی عێڕاق و هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە دەستدرێژیی ئەم وڵاتە بۆ سەر سەروەریی خاکی عێڕاق و هەرێمی کوردستان کە نموونەکەی تۆپباران و مووشەک هاویشتن بۆ قووڵایی خاکی هەرێم و تەنانەت پێتەختی هەرێم بووە. وەک پێشتریش باس کرا لایەنێکی دیکەی دەستێوەردانی ئێران بۆ ناسەقامگیرکردن و ڕێگری لە ڕەگداکوتانی دێموکراسی لە عێڕاق کاریگەریدانان لەسەر هەڵبژاردنەکان بەتایبەت لە بەغدا بووە بۆ ئەوەی حکوومەت و دەسەڵاتی نیزیک لەخۆی بێتە سەر حوکم.

سەردانەکەی پزشکیان بۆ عێڕاق و هەرێم لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا جۆرێکی تری بردنەژێر پرسیاری سەروەریی سیاسیی ناوەندەکانی حوکم لەو وڵاتە بوو. سروشتییە ئێران و عێڕاق وەک دوو وڵات پێکەوە پێوەندیی سیاسی، دیپلۆماسی و ئابووریان هەبێت، بەڵام سەردانەکەی پزشکیان سەرەتا بەغدا، لەوێڕا بۆ هەولێر، دواتر سلێمانی و پاشان سەردانی نەجەف و لەوێڕا بۆ کەربەلا و پاشان بەسرە و چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ ئێرانییەکان لەم وڵاتە لەکوێی دیپلۆماسی و ئێتیکێتی دیپلۆماتیکدا جێ دەگرێ؟ ئەننەهوو بڵێی پزشکیان سەرکۆماری عێڕاقە و پارێزگاکانی خۆی بەسەر دەکاتەوە و ئەوەی پزشکیان و کۆماری ئیسلامی مەبەستیانە و کردیان لە دەرەوەی عورفی دیپلۆماتیکی نێوان دوو وڵاتی خاوەن سەرەوەریدا جێ دەگرێت. ئەوە ئەم خاڵەیە کە پێویستە ڕێبەرانی عێڕاق و هەرێمی کوردستان ببینن و گرینگیی پێ بدەن.

٢٣ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی دووهەمین ساڵوەگەڕێ دەسپێکی بزووتنەوەی ژینا، پەیامێکی بڵاو کردەوە.




### دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

بزووتنەوەی ژینا بە دروشمی"ژن، ژیـان، ئـازادی"، پـێ دەنێتە سێهەمین سـاڵی خـۆیەوە. ئەم بـزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە، لە لایەک درێژکراوەی خەباتی چڕ و بەردەوامی نەتەوەکانی ئێران بۆ گەیشتن بە ئازادی و ژیـانێکی دوور لە چەوسانەوەیە؛ لە لایەکی دیکەوە خاڵێکی وەرچەرخانی نوێیە لە مێژووی ئەم نەتەوەگەلە، لە دژی هەر جۆرە دەسەڵاتێکی ملهوڕ و خۆسەپێن. پڕئاشـکرایە کە پاشـخانی مێـژووی پرشـنگداری بـزووتنەوەی نەتەوەیـی کـورد لە ڕۆژهەڵات، بەسـتێنی ئەم شۆڕشـەی ڕەخساندووە. بزووتنەوەی ژینا، سەرەفەسڵێکی نـوێ لە مافویستی و نەتەوەخوازیی نەتەوە بندەستەکانی جوغرافیـای ئێرانە کە تێیدا پرسی نەتەوە، کەرامەتی مرۆڤ، مافی ژن و مافی ژیانێکی ئازاد، دەبنە چەقی داواکارییەکان.

خـاڵی جەوهەریی ئەم بزووتنەوەیە، لە لایەک پێشـەنگایەتی و ڕچەشکێنیی ژنـانی دلێری کوردستان و ئێران، لە لایەکی دیـکەوە، گەشـەی بیـری نەتەوەیـی و ئـازادیخوازییە کە پـاڵنەر و هەوێنـی بـزووتنەوەکەن. ئەمەش هـیچ گومـانێکی نەهێشتووەتەوە کە سەرباری کەندوکۆسپ و گرفتەکانی سەر ڕێ، بزووتنەوەی ژینا، ئاسۆی بەردەوامی و سـەرکەوتنی خەبـات لە پێناو ئازادیی وێنا کردووە و گەڕانەوەی بۆ نییە.

له یادی دووهەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەکە، سڵاوی ئەمەگ دەنێرم بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی سەربەستی و ژیانی ئازاد، بە تایبەتی شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا و بنەماڵەکانیان. سڵاوی وەفا دەنێرم بۆ سەرجەم کچان و کوڕانی بەهەست و جەماوەری شۆڕشگێری کوردستان و ئەو ڕەوت و پێکهاتە نەتەوەیی و ئازادیخوازانە (بە تایبەت بەلووچستان، لوڕستان و گیلەکەکان) کە ئاگایانە پشتی شۆڕشەکەیان گرت و گیانفیداییان لە خۆیان نواند و لەم ڕێگەیەدا، زیندان و ئەشکەنجە چۆکی پێ دانەدان.

**مستەفا هیجری**

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٤ی خەرمانانی ١٤٠٣**

**٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٤**

# حیزبی دێموکرات لە بەرانبەر تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا




پەیمان ئابجامە

لە ئێستادا هەرکات ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران دێت، هاوواتای تێرۆریزم و تێرۆریزمی دەوڵەتی لە زەینەکاندا شکڵ دەگرێت. بێگومان حیزبی دێموکرات قوربانیی سەرەکیی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بووە و زووتر لە هەر لایەنێکی سیاسییش ماهییەتی تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمەی ناسی. دوکتور قاسملوو کە خۆی بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا، لە باسێکدا لەسەر کۆماری ئیسلامی و پێناسەی خسلەتی تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمەدا، تێرۆریزم بە مانای هێرش بۆ سەر ژیانی مرۆڤ و ئازادیی خەڵکی بێتاوان پێناسە دەکات کە لە شەڕی نێوان تێرۆریست و دژبەرەکانیاندا بەشدار نین.

لە پێناسە گشتییەکەی تێرۆریزمدا دەتوانین ئەو تایبەتمەندییانە ببینین:

١- لەگەڵ شەڕەنگیزیی فیزیکی ئاوێتەیە بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵک

٢- چاوەڕواننەکراوە وکتوپڕ ڕوو دەدات

٣- بە ئامانج و پاڵنەری سیاسی ڕوو دەدات



سەرچاوە
Serchawe

تێرۆریزم لق و پۆپ و شێوازی جیاوازی لێ دەبێتەوە و ئەو تێرۆریزمەی ئێمە مەبەستمانە تێرۆریزمی دەوڵەتییە کە لەودا دەوڵەتە تێرۆریستییەکان بە پشتبەستن بە ئامرزی تێرۆر و حەزفی فیزیکی و سەرکوتکارانە ئامانجی خۆیان دەپێکن. ئەم کردەوە توندوتیژییە بۆ کوشتنی دژبەرانی سیاسی دوورە لە ڕەوشتی ئەخلاقی و ئینسانی ناتەبایی هەیە لەگەڵ هەموو یاسا و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان. تێرۆر و ئامانج لەو کردەوە قێزەونەش خوڵقاندنی ترسە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و نانەوەی ئاڵۆزی و گەشەی توندوتیژییە لە جیهاندا. حکوومەتە تۆتالیتارەکان لە لایەک لەڕێگەی هەموو ئامرازەکانەوە پەرە بە تێرۆریزم و کوشتنی نەیارانی سیاسیی خۆیان دەدەن و لە لایەکی دیکەوە پاکانە بۆ خۆیان دەکەن و لایەنی بەرانبەریان کە لە ڕەوتی خەباتێکی مافخوازانەدایە، بە کردەوەی تێرۆریستی تاوانبار دەکەن.

بۆ شیکردنەوەی جیاوازیی نێوان خەباتی ئازادیخوازی و تێرۆریزمی دەوڵەتی ئاماژەیەکی کورت بەم چەند خاڵە پێویستە: بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتی هیچ گرینگ نییە چەند خەڵکی بێتاوانی وڵاتەکەی خۆیان یاخود ئەو وڵاتەی کە تێرۆرەکەی تێدا ئەنجام دەدەن، تێدا دەچن، هەروەها بۆ تێرۆرکردنی دژبەرێکی سیاسی ئامادەن تێچوویەکی زۆری سیاسی و ماددی بدەن. بەڵام لایەنی ئازادیخواز لە خەباتەکەیدا گیان وماڵی ئەو خەڵکەی خەباتی بۆ دەکات زۆر بەلایەوە گرینگە و خەڵکی بێتاوان ناکاتە ئامانج . ئامانجی تێرۆریزم مانەوەی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و مرۆڤکوژییە بەڵام ئامانجی ڕەوتی ئازادیخواز وەدیهێنانی دێموکراسی و مافی مرۆڤە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە تێیدا بڕیاری تێرۆرەکان لەلایەن هەرە سەرووترین کاربەدەستانی ڕێژیمەوە دەدرێت، ئەگەرچی لانیکەم لەلایەن دادگایەکی سەربەخۆ و لە پەروەندەی تێرۆری مێکونووسدا مەحکووم کراوە، بەڵام هەتا ئێستاش لە پەرەپێدانی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی بەردەوامە. نموونەی هەرە بەرچاو دروستکردنی میلیشیا لە وڵاتانی ناوچە و پڕچەککردنیان و هەناردەکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ گرووپە تێرۆریستییەکان.

## حیزبی دێموکرات لە بەرەی دژە تێرۆردا

هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی خەبات و تێکۆشانی ئەو حیزبە لە ماوەی ٧٩ ساڵی ڕابردوودا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئاستەنگە زۆر و پێچ و گەوەکانی خەبات، هەروەها سەرکوتی خوێناوی و ئەو بەربەستە زۆرانەی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی بۆی دروست کردوە، نەبوونەتە هۆ کە لە ڕێڕەوی خەباتی ڕاستەقینەی خۆی لا بدات. ئەم حیزبە تێرۆری لێ کراوە، ڕێبەرانی شەهید کراوە، تێکۆشەرانی ئێعدام کراوە، ڕێگای خەباتی لێ هەڵەموت بووە، بەڵام قەت نەکەوتووە و بە بەردەوامی لە خەبات توانیویەتی ئاڵای مافخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شەکاوەیی ڕابگرێ.



سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٤

حیزبی دێموکرات مانەوەی خۆی لەوەدا دەبینێ حیزبێکی جەماوەرییە و جەماوەریبوونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئوسوولیبوون و بەڕۆژبوونی سیاسەت و ستراتیژییەکانی ئەو حیزبە و هەروەها بەربەرەکانیی بەردەوام لەگەڵ ڕێژیمە داگیرکەر و دژیگەلکییەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی. ڕەگ و ڕیشەی قووڵی ئەم حیزبە لەنێو خەڵک و کۆمەڵگەی کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی سەرەڕای تێرۆر و شەهیدکردنی دەیان ئەندامی ڕێبەری و ئەستاندنی گیانی هەزاران کادر و پێشمەرگە و توندترین سەرکوت هەتا ئاستی مووشەکباران، بەڵام هەم ئەم حیزبە بتوانێ وەک قەڵایەکی قایم ڕابوەستێ و هەم خەڵکەکەی لە هیچ قۆناغێکدا پشتیان تێ نەکردوە.

قۆناغی نوێی بەربەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حیزبی دێموکرات بە مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ دەستی پێکرد، ڕەوتێک کە دواتر لە ڕەزبەر و خەزەڵوەری ١٤٠١یشدا بە توندترین شێوەی خۆی نواندەوە. بەڵام هەم لە مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانان و هەم لە مانگرتنەکانی دوای مووشەکبارانی ساڵی ١٤٠١ خەڵکی کوردستان سەلماندیانەوە کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ مەودا لە نێوان حیزب و خەڵکدا دروست بکا و خەڵکی کوردستان لە هەموو کات و بارودۆخێکدا قەڵای لەگیراننەهاتووی حیزبەکەیانن.

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٤

## بزووتنەوەی ژینا، ئەزموونێکی بەردەوام لەپێناو سەرکەوتنی یەکجاریدا




**فەتاح ڕەسووڵی**

کوژرانی کچە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژینا ئەمینی بە دەستی هێزە داپڵۆسینەرەکانی گەشتی ئێرشادی ڕێژیمی ئێران لە تاران بە بیانوی ئەوەی یاسای ڕوپووشی ئیجباریی ڕەچاوت نەکردوە، هەست و سۆزی گەلی کوردی بریندار کرد و لە کاردانەوە بەم جینایەتەدا خەڵک لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەربڕینی نەفرەت و بیزاریی خۆیان ڕژانە سەر شەقامەکان. ئەوان بە چڕینی بەرزەدروشمی ژن، ژیان، ئازادی و هەروەها بەرزکردنەوەی دروشمی مردن و نەمان بۆ خامنەیی و ڕیژیمە گەندەڵ و سەرەڕۆیەکەی تەختی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمیان وەلەرزین خست.

ئاگری ئەم ڕاپەرینە شەو و ڕۆژ بێ پسانەوە بەردەوام بوو، و هەر دەهات و ڕێژەی پەیوستبوونی جەماوەریی زیاتری بە خۆیەوە دەگرت. زۆری نەخایاند بڵێسەی ئەم شۆڕشە بەشێکی بەرچاو لە شار و پارێزگاکانی دەرەوەی کوردستانیشی گرتەوە و ئەوانیش بۆ پشتیوانی لەم حەرەکەتە شۆڕشگێڕییە تێکەڵاوی بزووتنەوەکە بوون. لێرەدا بوو دروشمی "کردستان چشم و چراغ ایران" بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی ژینا لە کورستان بەرز کرایەوە و دروشمی مردن و نەمان بۆ ڕێژیمی کوماری دژیگەلی کەوتە سەر زاران و شەقامەکان بوون بە گۆڕەپانی دەربڕینی بیزاری و ناڕەزایەتی.



سەرچاوە Serchawe

ئەم بزووتنەوەیە کە ئاکامی کەڵەکەبووی دەیان ساڵ سەرکوتی مافە ڕەواکانی گەلانی ئێران بوو، نیزیک بە شەش مانگی خایاند و ڕێژیمی بەتەواوی نیگەران کرد و شڵەژاند. بڵێسەکانی ئەم بزووتنەوە پان و بەرینە جەماوەرییە تەنیا تووڕەیی و بێزاری لە کوشتنی ژینا نەبوو، بەڵکوو ڕق و بیزاریی پەنگخواردووی زیاتر لە چوار دەیە ستەم، هەڵاواردن، کوشتن، ئێعدام، زیندان، قەڵاچۆ، توقاندن و بێکەرامەتکردنی خەڵکی ئێران بەهۆی دەستەڵاتداریی ڕێژیمی دژی ئازادیی ویلایەتی فەقیهـ بوو. لە ماوەی سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشەدا چەقی ململانێیەکان و ناوند و قووڵایی بزووتنەوە کوردستان بوو، بەڵام هەر ئەمەش بوو بە بەستێنێک کە خەڵکی وەزاڵەهاتووی نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەی ئێران بەدەمیەوە بێن. ئەوەی گرینگ بوو لە سەرەتادا یەکڕیزی، یەک گوتاری و هاوهەڵوێستی دژی ڕێژیم بەبێ جیاوازیی مەزهەبی، زمان نەتەوە و جۆراوجۆرییەکانی دیکە بوو. لە بزووتنەوەی ژینادا دەرکەوت ئاستی وشیاریی سیاسیی خەڵکی ئێران گەیوەتە ئاستێک هەست بەوە بکەن چارەنوسیان بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە ئازادی لێک گرێ دراوە و نابێ چاوەڕوانی لایەنێک یا وڵاتێکی دەرەکی بن لەم دۆخە ڕزگاریان بکات و تەنیا دەبێ پەشت بە هێز و توانای خۆیان ببەستن.

ئەم بزوتنەوە نارەزایەتییە جەماوەرییە کە لە ماوەی دەستەڵاداریی ئەم ڕێژیمەدا کەموێنە بوو، زۆر بەتوندی لەلایەن ڕێژیمەوە سەرکوت کرا. بە سەدان کەس لە سەر شەقامەکان خەڵتانی خوێن کران، بە هەزاران بریندار و سەدان کەس کەمئەندام کران و دەیان هەزار کەس دەستبەسەر و خرانە چاڵەڕەشەکان، کە دواتر بە سەدان کەسیش بە ناچار پەڕیوەی هەندەران بوون. بەڵام سەرباری تێچووی قووڕسی ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی باش و سەرکەوتوو بوو بۆ گرێدانی یەکڕیزی و یەکگرتویی، هاوخەباتی و فراوانترکردن و گشتگیرکردن گۆڕەپانی نارەزایەتییەکی سەرانسەری بۆ کوتاییهێنان بە دەستەڵاتی شوومی ویلایەتی فەقیهـ لە داهاتودا.

ڕەنگبێ دیارترین دەسکەوتی ئەم شۆڕشە بۆ کورد گۆڕانی ڕوانگەی غەیرە کوردەکان بۆ پرسی کورد و شکستی پلان و پیلانەکانی ڕێژیم لە پێشاندانی سیستماتیکی ڕوخسارێکی شەڕەنگێز و جوداییخواز و داردەستی هێزی دەرەکی لە کورد بوو. بەڵام لەم بزووتنەوەیدا گەلانی ئێران بۆیان هێڵی سووریان بەسەر هەموو چەواشەکارییە مێدیاییەکانی ڕێژیم کێشا و دروشمەکانی پشتیوانی و هاودڵیی تێدا بەرز کرانەوە. ئەم شۆڕشە مەجالێک بوو بو ئاشتەوایی، ئاشنابوونی لۆژیکی و پتەوکردن و تەبایی و یەکڕیزی خەباتکارانی نەتەوەکانی ئێران دژی ڕێژیم.

بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارەش بەرجەستە دەبێ کە سەرەڕای هەموو ئەو تایبەتمەندییانە هوکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەم شۆڕشە چیی بوون؟

یەکەم شت بەدەنگەوەنەهاتنی زۆرینەی ڕەهای خەڵک بە تایبەت لە شارە گەورەکانی دەرەوەی کوردستان. ڕاستە کوردستان چەقی ئەم ڕاپەڕینە بوو، بەڵام بەتەنیا هەستان و خرۆشانی کوردستان و بەلوچستان بۆ گۆڕینی نیزامی سیاسیی ئێران بەس نییە و ئەمە هاتنە مەیدانی خەڵک لە هەموو ناوچەکانی ئێران ئەویش بە بەربڵاویی دەوێ. دووهەم، کاریگەریدانی هەر شۆڕشێک بەندە بەوەی چەندە لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵ تێیدا بەشدار بن، ئەم شۆڕشە ئەگەرچای هەنگاوێکی زۆر گرینگ بۆ پێشەوە بوو، بەڵام نەیتوانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە بەرفراوانی لە خۆیدا ڕێک بخات. بەتایبەت چینی مامناوەند و توێژی خۆڵەمێشی کە لە یەکلاکردنەوەی شۆڕش و گۆڕانکارییەکدا چارەنووسسازن.

سێهەم فاکتەر پشتیوانیی نێودەوڵەتی بوو، و ئەگەرچی ئەم شۆڕشە شەقامەکانی زۆر لە وڵاتان و ناوەندەکانی بڕیاریشی وروژاند، بەڵام بە زۆر هۆکار کە یەک لەوان نەبوونی ئاڵترناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامی بوو، کۆمەڵگەی جیهانی ڕیسکی پشتیوانیی بەربڵاو لە شۆڕشەکەی نەکرد.

چوارەم شت، دروستبوونی ناکۆکی لەنێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بوو. کۆماتری ئیسلامی کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا بە سەرکوت و کوشتار و ئێعدام و نانەوەی بەردەوامی دووبەرەکی نەیهێشتووە ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز لەدژی دروست بێت، کێشە و ناکۆکیی لایەنە دژبەرەکان ئەمجارەش فریای کەوت و توانی ئەمجارەش لە شەقامەکان بە زەبری سەرکوت پاشەکشە بە خەڵک بکات.

ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردوو پیشانی داوە کە ئەم شۆڕشە ئاگری بن خۆڵەمێشە و ڕێژیم نەیتوانیوە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە ناخی خۆیدا سەرکوت بکات. بەڵام بێگومان ئەم شۆڕشە کاتێک دەتوانێ دەسەڵاتی ڕێژیم ڕابماڵێ کە بتوانێ خاڵە لاوازەکانی پڕ بکاتەوە کە گرینگتر و پێشتر لە هەموویان دروستبوونی کۆدەنگییەکی بەهێزی حیزب و ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە سەر بەرنامەی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و ساغبوونەوە لەسەر نەخشەڕێی دروستکردنەوە و داڕشتنەوەی ئێرانی داهاتوویە.

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# کوردستان؛ قوتابخانەیە، پێشڕەو و پێشەنگە



**هەردی سەلیمی**

مانگرتن کردەیەکی ناڕەزایەتیدەربڕانەیە کە هەنگاوێک دەچێتە ئەولای ناڕەزایەتییەوە، خودی مانگرتنیش بەسەر چەند جۆری جیاوازدا دابەش دەبێت، کە مەبەستی ئەم وتارە ناساندنی جۆرەکانی مانگرتن نییە، بەڵام مانگرتنی جەماوەری-سیاسی یەکێک لە جۆرەکانی مانگرتنە، کە مەبەستی ئەم وتارەیە. مانگرتنی جەماوەری-سیاسی پێش لە هەر شتێک هەڵگری تایبەتمەندیی هێرشبەرانەیە، نەک بەرگریکارانە، کە ئەم خاڵە جەوهەرییە لە جۆرەکانی تری مانگرتنی جیا دەکاتەوە. ئیرادەتەوەرە و لە وشیاری و ئاگاییەوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەها یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوە لە مانگرتن ئەوەیە کە گلەیی لە کاربەدەست یا سەرمایەدارێک و خاوەنی کارگەیەک نییە، هەروەها لە بازنەیەکی بچووکی سێنفی و ئابووریشدا خۆی قەتیس ناکات و وەک لە ناوەکەیڕا دیارە، دەبێتە مانگرتنێکی جەماوەری و ویستەکانیشی بنەڕەتیترن؛ ئەم مانگرتنە بەتەواوی دژی دەسەڵاتی سیاسیی زاڵە و نووکەڕمبی هێرشەکەی بەرەو دەوڵەت و حاکمیەتە.

مانگرتنی جەماوەری - سیاسی بەپێچەوانەی جۆرەکانی تری مانگرتن تەنیا سەلبی نییە و لەگەڵ خۆیدا هەڵگری باری ئیجابیشە، بەو واتایە کە جگە لەوەی دەسەڵاتی حاکمیەت دەباتە ژێر پرسیار و بەجۆرێک ڕەدی دەکاتەوە، لە هەمان

کاتیشا لەو ڕێگەوە چارەنووسی سیاسیی خۆی بەدەستەوە دەگرێ چون خوازیاری چاککردن نییە بەڵکوو خوازیاری گۆڕانی بنەڕەتیی سیستمی سیاسییە و دەسەڵات لە ڕەوایی دەشواتەوە؛ هەر لەم ڕووەوەیە کە زانایانی بواری زانستی سیاسەت لەو باوەڕەدان مانگرتنی جەماوەری-سیاسی دەبێتە هۆی بردنەسەری ئاستی وشیاریی سیاسیی جەماوەر و بەدوای ئەوەشدا بردنەسەری ڕادەی توانایی ڕێکخستن و خەڵکڕاکێشان.

لە پێوەندی لەگەڵ مانگرتنی جەماوەری-سیاسیدا زۆر جار بابەتی ئەو دووانەیە دێتە پێش کە ئایا ئەم مانگرتنە "خۆڕسک"ـە یاخود پێوەندیی بە "حیزبایەتی" و "تەحەززوب"ـەوە هەیە؟ هەرکام لە لایەنگرانی ئەم دوو بیرۆکەیە ڕای تایبەت بە خۆیان هەیە لەم بارەوە و هەوڵ دەدەن ڕۆڵی بەشەکەی خۆیان بەرچاوتر کەن، بەڵام "ڕۆزا لۆکزامبۆرگ" ئەم دووانەسازییەی ڕەد کردەوە و لەگەڵ ڕوونکردنەوەی نەخشی بەرچاوی پاڵنەری خۆڕسکانە لەو باوەڕەدایە پێوەندییەکی دیالێکتیک لە نێوان ئەم دوو پاڵنەرەدایە و بە هیچ شێوەیەک نەتەنیا هەڵوەشێنەری یەکتر نین، بەڵکوو تەواوکەری یەکترن و هەردووک پێکەوە پێویستن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە چاوی داگیرکەر سەیری دەسەڵاتی ناوەندی دەکرێ، بابەتەکە جیاوازە و ناکرێ بەئاسانی خەڵک و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لێک جیا بکرێنەوە، بۆیە بەخۆشییەوە لە کوردستان ئەم دووانەیە نەک هەر لە پێوەندی لەگەڵ مانگرتنەکاندا بەڵکوو لە تەواوەتی خۆیدا بوونی نییە و یان لانیکەم دەنگێکی کپە و ناتوانێ پێش بەو یەکڕیزییە بگرێ کە لە جەریاندایە.

ئەمڕۆ ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی، دووەمینساڵوەگەڕی شەهیدکرانی "ژینا ئەمینی"ـیە و کوردستان دیسان لە ئاستی گشتیدا مانگرتنێکی جەماوەری-سیاسی-گشتیی بەڕێوە برد و ئەم قۆناغە سیاسییەشی بەسەرکەوتووییەوە بڕی و هەنگاوێکی تر لە سەرکەوتنی یەکجاری نزیکتر بووەوە. ئەم کردە سیاسییە گرنگە ئاوێتەیەکە لە پێکهاتەی ئەکتی سیاسیی خۆڕسکانە و حیزبییانە، کە نیشان لە یەکدەنگیی نێوماڵی کوردە لە هەموو ئاستی خۆیدا سەرەڕای بوونی جیاوازییەکانیش. بێگومان ئەم هەوڵانە بێبەرهەم نابن و کوردستان کە نیشانی داوە بەحەق پێشەنگی خەباتی جەماوەری و سیاسییە و لەم ڕووەوە ئەزموونێکی دەیان ساڵەی لە جانتادایە و شیاوترینە بۆ پێشەنگایەتی و سەرمەشقبوون، شێلگیرانە لە پێناو گەیشتن بە مافەکانی خۆیدا ڕێگە دەبڕێ، کە قوتابخانە و وانەیەکە بۆ نەتەوەکانی تری نێو ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش.

کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی تریش سەدان ماشین و بەکرێگیراو و چەکی نارد بۆ کوردستان، هەڵسووڕاوانی سیاسی و



سەرچاوە
Serchawe

مەدەنیی دەسبەسەر کرد، تەنانەت دەستی لە گرتنی بنەماڵەی سەهیدانیش نەپاراست، هەڕەشە و گوڕەشەی زۆری لە بازاڕیان و خەڵکی دیکەی کوردستان کرد و هەموو ڕێکارە سەرکوتە هەمیشەییەکانی خۆی گرتە بەر، بەڵام دیسان شکست و ڕسواییەکی دیکەی بۆ خۆی تۆمار کرد. کوردستان بە تێگەیشتن لە ڕاستیی کۆماری ئیسلامی کە تەنیا کارتی سەرکوتی هەیە، لەم قۆناغە لە خەبات لە ستراتێژیی خەباتێکی کەمتێچووتر کەلک وەردەگرێ کە بەرهەمی بەرچاوی هەبووە و بەحەق ژانەسەری سەرەکیی نێوخۆ بووە بۆ کۆماری ئیسلامی. وەک باس لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوە لە مانگرتن کرا، پێویستە بڵێین نابێ ئەم حەماسەتە و حەماسەتی تری لەم چەشنە بتایبەتێنین بە ناردنی پەیامێک بۆ تاران، کە ئەوە تەنیا یەک بەش لەم پرۆسە مەزنەیە و زیاتر دەبێ هەوڵ بدرێ ڕێکخستن و سازماندان بەهێزتر بکرێ و مانۆڕێک بدرێ کە هەموو نەتەوەکانی تریش ئێعتراف بە پێشەنگایەتی و پێشڕەویی نەتەوەی کورد بکەن.

بژیی کوردستان و بژیی کورد کەوا هیچ ڕۆژێکی تاڵ و شیرینی ئەم مێژووە پڕهەورازەی خۆی لەبیر ناکات و جێی خۆیەتی سپاسی هەموو خەڵکی بەهەڵوێستی کوردستان بکرێ بۆ تۆمارکردنی لاپەڕەیەکی جێی شانازیی تر.

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٤

## پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی سی و دووهەمین ساڵیادی تێرۆری دوکتور شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی




**هاونیشتمانیانی کوردستان!**

٢٦ی خەرمانانی ئەوساڵ ٣٢ ساڵ بەسەر تێرۆری دوکتور سادق شەڕەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات؛ فەتاح عەبدولی، نوێنەری حیزب لە ئورووپا؛ هومایون ئەردەلان، نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئاڵمان و نووری دێهکوردی، کەسایەتیی سیاسیی ئێرانی و دۆستی حیزبی دێموکرات بە دەستی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕێ. شەوی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی دوکتور سادق و هاوڕێیانی لە شاری بێرلینی پێتەختی ئاڵمان دوای بەشدارییان لە کۆنگرەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست لە لایەن دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و بە فەرمانی ڕێبەرانی تێرۆریستی تاران تێرۆر کران. ئەوان لە کاتێکدا درانە بەر دەستڕێژ، کە سەرقاڵی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە سەبارەت بە داهاتووی سیاسیی ئێران و تاوتوێکردنی ڕێگەکانی هاوئاهەنگیی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە پێناو وەدیهێنانی ئازادی و دێمۆکڕاسیی بۆ گەلانی ئێران بوون.

دوکتور سادق لە بارودۆخی دژواری دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا، ئەرکی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئێرانی گرتە ئەستۆ و توانی نەک وەک میراتگری ڕاستەقینەی دوکتور قاسملوو خەباتی شۆڕشگێڕانەی حیزبی دێموکرات بە لێوەشاوەیی و لێهاتوویی خۆی درێژە پێ بدات، بەڵکوو شوێنپەنجەی تایبەتیی خۆیشی بەسەر بەڕێوەبەریی حیزب و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو سەردەمدا بەجێ بێڵێ. دوکتور سادق حیزبی دێموکراتی لەو شڵەژانە سیاسی و ئیدئۆلۆژییە پاراست کە بە دوای ڕووخانی دیواری بێرلین و هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش تووشی بزووتنەوە ڕزگاریخواز و چەپەکان ببۆوە.

دوکتور سادق وەک یەکێک لە بەرجەستەترین کەسایەتییە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی خاوەن پێگەیەکی بەهێز بوو لەنێو چالاکانی سیاسیی ئۆپۆزسیۆنی سەراسەریی ئێران، بەشێوەیەک کە لەو ماوە کورتەی ئەرکی سکرتێریی حیزبی دیمۆکڕاتی لە ئەستۆ بوو؛ هەوڵێکی زۆری دا لەپێناو کۆکردنەوەی لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هەر ئەوەش یەکێک لەو هۆیانە بوو کە کۆماری ئیسلامی بڕیاری تێرۆرکردن و سڕینەوەی بدا.

دوکتور سادق لە هەلومەرجێکدا ئەرکی ڕێبەریی حیزبی کەوتە سەر شان، کە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ناوچەیی و جیهانی ڕوویان دا بوو و کاریگەرییان لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان، ناوچە و جیهان دانابوو. کۆتاییهاتنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێڕاق و ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتانەدا دۆخێکی نوێی هێنابووە ئاراوە کە بەردەوامیی تێکۆشانی پێشمەرگانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوڕووی پرسیاری جیددی کردبۆوە و ئەو نیگەرانییەی لای تێکۆشەرانی کورد دروست کردبوو کە بۆ جارێکی دیکە شۆڕشی کورد ببێتە قوربانیی سات و سەودای وڵاتانی ئێران و عێڕاق. لەو هەلومەرجەدا دوکتور سادق بە هاوکاریی ڕێبەریی حیزب ڕۆڵێکی گەورەی لە پتەوکردنی بنەما سیاسی و شۆڕشگێڕییەکانی حیزبی دێموکرات گێڕا و وره و ئیمانی حیزبی دێموکراتی بە بەردەوامیی خەبات لەپێناو داوا ڕەواکانی گەلەکەماندا بە بەرزی هێشتەوە.

دوکتور سادق لە وێژمانی سیاسیی خۆی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکاندا زۆر بە ڕاشکاوی پێداگریی لەسەر مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکردەوە و مەرجی حیزبی دێموکراتی بۆ چوونە نێو هەر هاوپەیمانەتییەک بە دانپێدانانی ڕەسمیی لایەنەکان بە مافە نەتەوەییەکان دەبەستەوە. دوکتور سادق لە پەنا گرنگیدان بە مەسەلەی نەتەوایەتی و خۆپاراستن لەو شەپۆلە بە تەوژمە سۆسیالیستییە جیهاننیشتمانییەی بەتایبەت لە دەیەی ٦٠ بەسەر کەشی سیاسیی کوردستاندا قورسایی دەکرد، بڕوامەندیی قووڵی خۆی و حیزبەکەی بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی نەدەشاردەوە.

**ئۆگران و وەفادارانی ڕێگای شەهیدانی کوردستان!**
**کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ!**

تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لەگەڵ ئەوەی زەبرێکی گەورە بوو لە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دیمۆکرات بەتایبەتی و خەباتی گەلانی ئێران بۆ ئازادی درا، لە هەمان کاتدا بوو بە هۆی ئەوەی بۆ یەکەم جار پەروەندەیەکی حوقووقی و قەزایی دژی کۆماری ئیسلامی بکرێتەوە و تێیدا بە بڕیارێکی ئازایانە و بێوێنە، دادگایەکی ئورووپایی بەرپرسانی هەرە پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی بە تاوانبار بناسێنێ. کۆماری ئیسلامی بەر لە تیرۆری دوکتور سادق، زۆر کەس لە چالاکانی سیاسی و ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی لە ولاتانی ئورووپاییدا تیرۆر کردبوو، لە کاتێکدا سەبارەت بە هیچکام لەو تاوانانەدا بەرەوڕووی بەرپرسیارەتی نەکرابۆوە. بۆیە حوکمی دادگای میکۆنووس و بە تاوانبار ناساندنی ڕێبەرانی ڕێژیم لە هەر دوو ڕەهەندی سیاسی و حوقووقییەوە گرینگ و جێگای تێڕامانە و بە دەسکەوتێکی گەورە بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و هەموو ئازادیخوازان دادەنرێت.

سەرەڕای دەسبەسەر کردن و سزادانی ژمارەیەک لە بکەران و پلاندارێژەرانی تیرۆری میکۆنووس، ئەو پەروەندەیە هەتا ئێستاش بە کراوەیی ماوەتەوە و بڕیاردەران و تاوانبارانی سەرەکیی ئەو تاوانە هەتا ئێستا سزای تاوانەکانیان وەرنەگرتوە. بە پێی حوکمی دادگا بڕیاری گرتن بۆ عەلی فەللاحیان، وەزیری ئیتلاعاتی ئەوکات دەرچووە و ناوبراو نەک هەر هەتا ئێستاش لە بەردەم دادگا ئامادە نەبووە، بەڵکوو بەرپرسیارەتیی جۆراوجۆری لەنێو ڕێژیمدا پێ دراوە. لە لایەکی دیکەوە دادگا، خامنەیی (ڕێبەری مەزهەبیی حکوومەت)، ڕەفسەنجانی (سەرکۆمار) و ویلایەتیی (وەزیری کاروباری دەرەوە) وەک بڕیاردەرانی سەرەکیی تیرۆری میکۆنووس ناساندوە و ئەوەش وایکردوە لەڕووی قەزاییەوە پەروەندەی ناوبراوان لە دادگادا بە کراوەیی بمێنێتەوە و دادگا ئەرکدارە بەوەی لە کات و ساتی گونجاودا تاوانباران بکێشێتە بەردەم دادگا بۆ ئەوەی چارەنووسی ئەو پەروەندەیە یەکلا بکاتەوە. لەو پێوەندییەدا هیواخوازین بە کاروتێکۆشانی هەمەلایەنە و لە هەلومەرجی ئێستای کۆماری ئیسلامیدا جارێکی دیکە هەوڵەکان بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی مێکونووس و بە ئاکامگەیاندنی یەکجارەکیی بخرێتەوە گەڕ.

### خەڵکی خەباتکاری ئێران و کوردستان!

بەهێزی و جیددیەتی حوکمی دادگای میکۆنووس، کۆماری ئیسلامیی ناچار کرد تا ڕادەیەکی بەرچاو بۆ ماوەی چەندین ساڵ خۆ لە تیرۆری جیابیران و چالاکانی سیاسی لە ولاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ولاتانی ئورووپا بپارێزێ. هاوکات پەروەندەی میکۆنووس و حوکمی دادگا لەڕووی نێودەوڵەتییەوە ئاسەواری جۆراوجۆری لێ کەوتەوە و کاریگەریی لەسەر ڕادەی مەشرووعیەتی ڕێژیم لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانا. بۆ یەکەم جار دادگایەکی بێلایەنی ئورووپایی ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی بە تاوانبار ناساند و ئەوەش ڕاستەوخۆ بە واتای بردنە ژێر پرسیاری مەشرووعیەتی کۆی سیستەمی سیاسیی ئێران بوو، بە شێوەیەک کە سەرجەم ولاتانی یەکیەتیی ئورووپا دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای میکۆنووس باڵوێزەکانی

خۆیان لە تاران کشاندەوە. ئەم بڕیارە بە سزادانی کۆی حاکمییەتی سیاسیی ئێران دادەنرێ و بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر پچڕانی پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمێکی نابەرپرس و سەرەڕۆ کە دەستدرێژی کردۆتە سەر بەها جێگیرەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک دەستدرێژی بۆ سەر ژیانی مرۆڤەکان لە دەرەوەی دادگا، دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی و پێشێلکردنی سەروەریی دەوڵەتی ئاڵمان.

لەگەڵ ئەوەی سات و سەودای سیاسی و بازرگانیی وڵاتانی ئورووپایی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و گرتنەبەری سیاسەتی گفتوگۆی ڕەخنەگرانە بووە هۆی ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا باڵوێزەکانیان بنێرنەوە تاران و پەیوەندییەکانیان ئاسایی بکەنەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئاسەواری ئەو سزایانە وەک پاشخانێکی تاریک لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا ماوەتەوە و لە وێستگەی جیاوازدا کاریگەری لەسەر هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر کۆماری ئیسلامی دادەنێ. جموجۆڵەکانی یەکیەتیی ئورووپا بۆ بە تێرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران، وەک بڕیاری پارلمانی ئورووپا بۆ خستنە نێو لیستی تێرۆری ئەو یەکیەتییە و لێدوان و هەڵوێستی کۆمەڵێک لە وڵاتانی ئورووپایی لەو بارەوە بەرهەمی لاسارییە نێودەوڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامی و یەک لەوان تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەو ڕێژیمەیە کە لە دادگای میکۆنووسدا بە ڕاشکاوی پێداگریی لەسەر کراوە.

کۆماری ئیسلامی بە تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بە تایبەت دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی نەک هەر نەیتوانی ئیرادە و بڕوای حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەبات لە پێناو وەدیهێنانی داوا ڕەواکانی لاواز بکا، بەڵکوو ئەوینداران قاسملوو و شەرەفکەندی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێداگرتر و بە هەنگاوی پتەوتر بەرەو ئامانجەکانیان ڕێگا دەبڕن. بزووتنەوەی جەماوەریی ژن، ژیان، ئازادی، نەورۆزی جامانەکان و دووجار بەدەنگەوەهاتنی خەڵکی کوردستان بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و سەرکۆماری لە دوو ساڵی ڕابردوودا ئاماژەی بەهێز و ڕاشکاوی لە وەفاداری بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرانی شەهیدی تێدا بەدی کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵیادی تێرۆری شەهیدانی میکۆنووس، بەتایبەت دوکتور سادق شەرەفکەندی، ڕێبەری شوێندانەری خەباتی نەتەوەیی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێداگری لەسەر بنەما نەگۆڕەکانی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد دەکاتەوە و هیوادارە زۆر نەخایەنێ کە سەرانی ڕێژیمی تاوانکار و مرۆڤ کوژی کۆماری ئیسلامی لە دادگایەکی عادڵانەی گەلانی ئێراندا بە سزای تاوانە بێ سنوورەکان بگەن.

لە ٣٢ ساڵەی تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانیدا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکیان و ڕێزدەگرین لە خەبات و باوەڕیان بە ئازادیی گەلی کورد و باقی گەلانی ئێران.



سەرچاوە
Serchawe

## ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی**

**٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## سپاسنامەی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی بەڕێوەچوونی مانگرتنی خەڵکی کوردستان



**خەڵکی تێکۆشەر و بەهەڵوێستی کوردستان!**

**ڕۆژی یەکشەممە، ٢٥ی خەرمانان ئێوەی خاوەن هەڵوێست بە بەڕێوەبردنی مانگرتن لە بەشێکی بەرچاو لە شارەکانی کوردستان جارێکی دیکە زیندووبوونی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیتان بە هەموو لایەک سەلماندوە و پێشانتان دا کوردستان قەڵایەکی لەگیراننەهاتوویە و بۆ گەیشتن بە مافەکانی کۆڵنەدەرانە لە خەباتی خۆی بەردەوام دەبێ. بەم بۆنەوە ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات پڕبەدڵ سپاسی خۆڕاگری و بەردەوامیتان لە گۆڕەپانەکەدا دەکا و ماندوونەبوونیتان پێ دەڵێ.**

**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!**

**بەڕێوەبردنی مانگرتنەکەتان لەم ڕۆژەدا لە حاڵێکدا بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەموو هێزی خۆیەوە و بەتەواوی کوردستانی میلیتاریزە کردبوو و هەموو هەوڵێکیان دا تاکوو پێش بە بەربڵاوبوون و پەرەئەستاندنی**

مانگرتنەکە بگرن. ناوەندە سیخوڕییەکانی ئیتلاعات و سپای پاسداران لە چەند حەوتوو لەوەپێشەوە بە دەسبەسەرکردنی چالاکانی مەدەنی و بنەماڵەی شەهیدان لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە شکست بە تێکۆشانی ئێوە لەم ڕۆژەدا بێنن، تەنانەت لەم ڕۆژەدا ڕێگایان بە بنەماڵەی ژینا ئەمینی نەدا لە ماڵی خۆیان بێنە دەرەوە و بچنە سەر گۆڕی کچە شەهیدەکەیان. بەڵام سەرەڕای هەموو توندوتیژی و گوشارێک دیسان ئیرادەی یەکگرتوانەی ئێوە خەڵکی کوردستان بەسەر هەموو زەبروزەنگێکی کۆماری ئیسلامیدا سەرکەوت.

لە دووهەمین ساڵڕۆژی بزووتنەوەی ژینادا هەڵوێستی ئازایانە و لە مەیداندابوونی ئێوە دەرخەری ئەو راستیە بوو، کە ئەم بزووتنەوەیە هەروا زیندوویە و تا سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر دیکتاتۆرانی زاڵ بەسەر کوردستان و ئێراندا درێژە بە خەباتی خۆی دەدا.

جارێکی دیکە سپاستان دەکەین و سڵاو دەنێرین بۆ ئیرادە و باوەڕی بەهێزتان.
سڵاو لە شەهیدانی سەر بەرزی نیشتمان و زیندانییانی سیاسی و بنەماڵە سەربەرزەکانیان.
سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان.

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢٦ی خەرمانانی ١٤٠٣

٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

# فرکانس مەرگ!



**پێژمان شەریعەتی**

ڕووژ سیشەمە ٢٧ نۆخشان یەکیک لە گەوراترین هەڵامتەیل سایبری لە دریژەی تاریخ کریادە سەر حزبوللای لوبنان، وە پەی ئامارەگان ١٢ نەفەر کوشیانە و ٤٠٠٠ لە ترۆریستەیل حزبوللا زامدار بینە، ئی عەمەلیاتە لە ڕێ جاسازی و هەک کردن پەیجرەیل پەیوەندی لەبەینێ تروریستەگان کریاس ک فرەیگ لە کارناسەیل نزامی باس لەوە کەن ک گەوراترین هەڵامت سایبرییە لە دریژەی دیرووک.

لەی ناوە موجتەبا ئەمانی، سەفیر ئێران لە لوبنانیش لە ڕێ پەیجرەگان زامادار بییە.

خاڵ سەرەکی لێرەسە ک ترۆریسم ڕێژیم جومهوری ئسلامی لە جەهان لەسەر یک فرکانسە! یا تونیم بویشیمن ک مەرەکەز ئەسڵی و خەت دان وە تروریسم لە جەهان وە تایبەت ڕووژهەڵات ناوڕاس، ڕێژیم ترۆریست جومهوری ئسلامییە.

یە یەکمجار نییە ک ڕێژیم جومهوری ئسلامی لە ڕێ هەڵامات سایبری ، زەربەی گەروا خوەیدن و لە ساڵ ٢٠١٠ لە ڕێ



سەرچاوە Serchawe

ڤیروسێ ئستاکس نت، وە هزاران سانتریفیوژ نیروگایەیل هەستەیی ئێران لە کار کەفتن و بایس بی ک بەرنامەیل ئەتومی ڕێژیم دو ساڵ بکەفێدە دویا و ٦٠هزار کامپیوتر لە بنکەیل ئەتومی ئێران ڤیروسیەو بوون.

هەر لەیوا چەندین کارناس و دانشمەند هەستەیی ئێران لە ڕێ موبایلەگانیان کوشریان.
نموونەگان ترەک جوور: هەڵامات سایبری ئەڕای سەر سیستم نەفتی لە ئێران لە ساڵ ١٣٩١.
هەک کریان سایت مەرکەز ئامار و زانیاری شەهروەندەیل ئێرانی لە ساڵ ١٣٩٥.
ئاگر گردن زەنجیرەیی پتروشیمییەیل ئیران هەر لە ساڵ ١٣٩٥.
دو تەقین لە نیروگای نەتەنز و ئاگر گردنێ پتروسیمی ماهشەهر و ئەهواز لە ساڵ ١٣٩٩.

هەک کریان دوربینەیل زندان ئێوین، هەک کردن بیلبوردەیل ناو سار تێران و نووسین شوعار وە دژ خامنەیی لەسەریان و چەندین عەمەلیات ترەک،

ئی هەڵاماتەیل سایبری، گەوراترینەگانن و فرە عەمەلیات ترەکیش کریاس ک هەر لە ڕێ سایبری و هەک کردن زانیارییەگان بییە، لە کوشتن دانشمەندەیل هەستەیی ئێران تا کوشتن ئسماعیل هەنیە لە تێران، کە بەش ئەسڵی ئوپراسیونەگان لە ڕێ سایبەری بینە.

نزیک وە پانزە ساڵە ک ڕێژیم ترۆریست جومهوری ئسلامی، کەفتیەسە ناو مەیدان شەڕ سایبری و هەڵماتەیل سایبری وە دژ ئسرائیل و ئامریکا داشتێە ک هیچ کامیان وەگەردێ خاڵەیلییگ ک زەربە خواردێە هاوسەنگ نین.

لە ئاخرین ئوپراسیون کە دویکە کریا و ئسرائیل جاری ترەک نیشان دا ک لە ڕووی تکنولوژی و زانیاری دەس بانییگ وە نسبەت ڕێژیم جومهوری ئسلامی درێد و لە یک عەمەلیات توینست ٤هزار نەفەر زامدار بکەید و دەیان کەس بکوشێد.

هەرچەند ئی کردەوە لە ڕووی عەمەلیاتی گەورا و کەم وێنە بی، لە ڕووی ڕەوانی، فرەتر کارییە لەسەر ڕێژیم ئێران و گرووپەیل ترۆریستی ک دامەرزانێە و پاڵپشتی وەلێان کەید و ترۆریستەگان ئیران فرەتر لە جاران هەست وە نائەمنی کەن. ئسرائیل وەی عەمەلیاتە، ئەمنیەت لە ناو سیستم ترۆریسم ڕێژیم هاوردە خوارترین حەد خوەی و پەیدا کردنێ ڕێ ترەک ئەڕای پەیوەندی لە ناو ئی سیستمە لە ناوچەگە و جەهان هەزینەی فرەیگ نەیدە بان دەس ڕێژیم.

له لای تریش یەکیگ له باسه ئەسڵییەگان، زامدار بوین موجتەبا ئەمانییە، ک سەفیر ئیرانه له لوبنان.

برەیگ له میدیاگان و کارناسەیل سیاسی و نزامی باس لەوە کەن ک چیو بوو یک سەفیر پەیجرییگ وە کار بارێ ک هاو فرکانسه وەگەردێ تاک و گرووپەیل تروریستی، ئەمانیگ ئی بابەته ئەڕای فرەییگ له ئیمە رووشنه ک ساختار ڕێژیم جومهوری ئسلامی لەسەر ئەساس ترور دانریاس و تروریسم ڕێژیم هەڕەشەیگە لەسەر ئەمنیەت جهانی و ناوچەگە و له ڕاسی هەر وە هاتن ئی ڕێژمە تا ئێرنگە، سەفیرەگان ڕێژیم له وڵاتەیل ترەک کار سەرەکیان دیپلوماسی نەیوە، بەڵکە مەعموریەتیان ترور و ترسانن و شێوانن نەزم و ئەمنیەته له دونیا.

له ڕاسی سفارەتخانەیل ڕێژیم له وڵاتەیل، پایگای ترۆریستی و عەمەلیاتی بینه و هەن و فرەیگ له کردەوە ترۆریستییەگانێ ڕێژیم جومهوری ئسلامی له ڕێ سەفیر و سفارەتەگان بییە.

ئی عەمەلیاته وە شێوازییگ بییە ک گشت وڵاتەیل و وە تایبەتی کارناسەیل شەڕ و تکنولوژی وە شێوەی هورد و شیکارانه پەیگیرن تا بزانن، ئوپراسیونەگە چیو و بەرنامە ئەڕای داڕشیاس و کام بەش له تکنولوژی سەهم فرەتری داشتێه له سەرکەفتن ئی عەمەڵیاتە.

له لای تریش تا ئێرنگە وەرپرسەیل ڕێژیم وە شێوەی جدی لەبارەی ئی عەمەلیاته باسییگ نیاشتنه و نیشان دەی تووش شوکیگ بینه و زەربەییگ خواردنه ک جاری نیەتینه سەر خوەیان.

میدیاگان ڕێژیم وە بەردەوامی هەوڵ دەن ئی ئوپراسیونە بویچگ بکەن و خەسارەگە کەم نیشان بییەن و توان جووریگ دژکردەوە نیشان بیەن ک ڕووداو موهمیگ نەیوە، ئی کارە له دوو بابەت سەرچاوە گرێد، یەکەم هەر له رووی میدیایی و شەڕ ڕەوانی، دوویەم ترس ڕێژیم له شەڕ ڕویەڕوو وەگەردێ ئسرائیلە.

وە گشتی دوای ئی ڕووداوەیلە، ئەوە ک وە خاسی دیارییە، ئسرائیل وە شێوەی کەلان ڕخنە کردیەسە ناو سیستم ڕێژیم جومهوری ئسلامی، و تا شوونیگ ڕەسیە ک باس لەوە کریەی جیا له ئورگانەیل ئەمنیەتی و نزامی، ڕخنە کریاسە ناو بەت ڕەهبەری و ساڵانە چەندین وەرپرس پایە بەرز له ناو ڕێژیم وە شێوەی شاراوە وە تاوان هاوکاری وەگەردێ ئسرائیل سزا دریەن.




سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٤

لە ئاخرەو ڕووشنە ک ڕێژیم جیا لەو پروپاگاندا و هەڕەشە و شەڕ ڕەوانی ک کەیدن وە نسبەت توانایی نزامی و سیاسی و ئەمنیەتی خوەی، تا ئیسکە لە تەمان مەیدانەگان شەڕ شکست خواردێە و هەر ڕووژ سوتونیگ لە ساختار ڕێژیم ڕمیەی و ئاخر ئی شەڕەیلە ڕمیان یەکجاری ڕێژیم تروریست جومهوری ئسلامییە.

٢٩ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# کوردستان وەک هەمیشە سەنگەری خەبات و کۆڵنەدان



**عەلی بداغی**

هەروەک لە سپاسنامەی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە مانگرتنی بەشێک لە شارەکانی کوردستان، بەتایبەت شاری سەقز، زێدەکەی ژینا ئەمینیدا هاتبوو، لە سێهەمین ساڵی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا ئەم جووڵانەوەیە لەپێ نەکەوتوە. بەردەوامیی گوشارەکان بۆ سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی، گرتنەکان، حوکمدانی قورس و سەپاندنی زیندانی درێژخایەن بەسەر بەندکراوانی سیاسی، گوشاری بەردەوام بۆ سەر بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوەکە لەگەڵ ئەوەی نیشانەکانی زێندێتیی بزووتنەوەکەن، هاوکات دەرخەری ترسی زۆری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و وەڕێکەوتنی شەپۆلێکی دیکەی بزووتنەوەکەن.

ئامانجی بزووتنەوەکە لە کوردستان و شوێنەکانی دیکەی ئێران هەم هاوبەش و هەم هەڵگری کۆمەڵێک خسڵەت و تایبەتمەندیی ناوچەیی تایبەت بە خۆیان بوون. ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە لە گشتییەتی خۆیدا دادخوازی بۆ کوشتنی بەئانقەستی ژینا و ناڕەزایەتی دەربڕین بە کوشتنە حکوومەتییەکانی دیکە لە ئێران بوو، ئەگەر خەبات بۆ فڕێدان و بردنە ژێر پرسیاری ئایدۆلۆژیکترین چەمکی ڕێژیم واتە حیجابی زۆرەملێ بوو، ئەگەر بۆ داواکردنی ماف و ئازادییە مەدەنییەکان و



سەرچاوە
Serchawe

هەوڵدان بۆ وەڵامدەرکردنی بەرپرسان و دامودەزگاکانی حکوومەت بوو، بەڵام پێوەندیدار بە کوردستان دەتوانین بڵێین لەگەڵ هەموو ئەو خاڵە هاوبەشانەدا نارەزایەتییەکان هەڵقوڵاوی ڕوحی کوردایەتی و لە پێناو بردنەپێشی پرسی کورد لە ئێران و ڕزگاریی نەتەوەیی بوو.

ئەگەر جۆری دروشم و داخوازییەکان لە کوردستان وەک ئاخێزگەی جووڵانەوەکە جیاوازتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بوو، ڕەفتار و شێوەی بەرەوڕووبوونەوەی ناوەندەکانی سەرکوت لە کوردستانیش لەگەڵ نارەزایەتییەکان فەرقی هەبوو. بزووتنەوەی ژینا بۆ زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران پەلی هاویشت و لە ڕەوتی سەرکوتکردنی خۆپێشاندەراندا ٢٢٤ کەس لە خۆپێشاندەران کوژران کە پشکی کوردستان بە تەنێ ١٤٢ کەس بوو، واتە زیاتر لە نیوەی هەموو قوربانییەکانی سەرکوت لە هەموو ئێراندا. ئەمە لە ئاماری گرتن و دەسبەسەرکردنەکان، حوکمدان و تەنانەت ئێعدامەکانیشدا هەر ڕاستە.

خاڵێکیتر کە کوردستان لە ناوچەکانی دیکە جیا دەکاتەوە خۆڕاگری و کۆڵنەدانی خەڵکەکەیەتی کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای هەموو گوشار و سەرکوتە خوێناوی و بێبەزەییەکان، بەڵام ئاڵای زیندوویەتی و بەردەوامیی بزووتنەوەی ژینایان بەرز ڕاگرتوە. بێگومان بێتوو بزووتنەوەی ژینا لە کوردستان و لە ئاستی سەرانسەریدا بەم شێوە توندوتیژە سەرکوت نەکرابا؛ بێتوو هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەتایبەت توێژی نێونجی و خۆڵەمێشی بەدەم بزووتنەوەکەوە هاتبان؛ بێتوو ئەم جووڵانەوە بێسەر، بەڵام خۆڕسک و بەهێزە باشتر و پێکهاتەمەندد ڕێبەری کرابا؛ بێتوو ناکۆکیی ئایدۆلۆژی و هەلپەرەستیی هەندێ لایەنی کوردی و غەیرە کوردی بەرەو ئاقارێکی دیکەی نەبردبا، بێتوو کۆمەڵگەی جیهانی هەڵوێستی ڕاشکاوەنەتری لە هەمبەر فشارهێنان بۆ سەر ڕێژیم و داکۆکی لە بزووتنەوەکە گرتبا؛ ڕەنگبێ هەر لەم دوو ساڵەدا ڕاپەڕینەکە بە ترۆپکی سەرکەوتن گەیشتبا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی ژینا زۆر دەسکەوتی لە دوو ساڵی ڕابردوودا دەستەبەر کرد، لە یەکەم هەنگاودا توانیی پشتیوانیی جەماوەری و سیاسیی بەربڵاو بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، هەم لە ئاستی نێوخۆدا، هەم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. لە بەناوکردنی شەقام لە پێتەختەکانی وڵاتانی ئوورووپاییەوە بگرە هەتا پەسندکرانی "مەهسا ئەکت" لە کۆنگرەی ئەمریکا؛ لە پێدانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بە داکۆکیکەرێکی بزووتنەوەی ژینا -خاتوو نێرگس محەممەدی"یەوە بگرە هەتا پێدانی خەڵاتی ساخارۆڤی یەکیەتیی ئوورووپا بە بزووتنەوەکە. بزووتنەوەی ژینا لە ئاستی نێوخۆییدا توانی هاوسەنگیی تێگەیشتن لە پرسی کورد لە بەرژەوەندیی جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ئێران بگۆڕێ و هەروەها سەرنج و هەستیاریی زیاتری کۆمەڵگەی جیهانی هەم بۆ لای پرسی کورد لە ئێران و هەم پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتە بەهۆی کۆماری ئیسلامی ڕابکێشێ.



سەرچاوە
Serchawe

خەرمانانی ٢٧٢٤

ئەم بزووتنەوەیە ئەگەرچی لە کورتخایەندا بە ئامانجەکانی نەگەیشت، بەڵام بواری بۆ دانوستان و لیکتێگەیشتن و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی وڵات و نێودەوڵەتیدا خۆش کرد کە بەرهەمەکانی لە داهاتوودا هەڵدەگیرێتەوە. گوشارە دیپلۆماتیکەکانی وڵاتان لەدژی ئێران، بەردەوامیی سزا و گەمارۆیەکان و سنووردارترکردنی مەیدانی ڕمبازێنی ڕێژیم لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان بەشێک لەو دەسکەوتانەن کە لە سایەی بەردەوامیی مانەوە و بەردەوامیی جووڵانەوەکە لە کوردستان و ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکانی بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەدیهاتوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای ئەوەی بنکە و بارەگاکانی مووشەکباران دەکران و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەکانی شەهید دەبوون، بەڵام بە بڵاوکردنەوەی چەندین جارەی بانگەوازی مانگرتن، بە ئەکتی سیاسیی جۆراوجۆر و ڕێکخستنی جەماوەری، بە کاری مێدیایی و دیپلۆماسی هەم بووە فاکتەری سەرەکیی زیندێتیی بزووتنەوەکە و هەم گۆڕانکاری لە پێوەندییە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆیی ئێران و بەرجەستەکردنی پرسی کورد لە وڵات و جیهانیشدا.

بزووتنەوەی ژینا لە کاتێکدا پێی ناوەتە سێهەمین ساڵی تەمەنی کە کوردستان هەر وەک هەمیشە سەنگەری خەبات و کۆڵنەدان لە ئێران دژی کۆماری ئیسلامییە.

٢٩ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: تیرۆرکردنی د. شەرفکەندی کردەوەیەکی وەحشیانەی ڕێژیمی ئێران بەرانبەر بە دێمۆکراسیی ئاڵمان بوو



(وتاری ڤیدیۆیی وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی ٣٢ ساڵەی تێرۆری مێکونووس کە لە شارەوانیی شارلوتێنبێرگی بێرلین بەڕێوە چوو*)

**بەرپرسە بەڕێزەکانی شارەوانیی شارلۆتێنبێرگ!**
**ئامادەبووانی بەڕێز!**

دانانی مۆنیۆمێنتی د. شەرەفکەندی بە هیممەتی ئێوە کارێکی گەورە و بەنرخ بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە دەروانێتە ئەم کارە. لە ئێستاشدا کە ٣٢ ساڵ بە سەر تیرۆرکرانی د. شەرفکەندی، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی لە ڕیستۆرانتی مێکۆنووسی بێرلین تێدەپەڕێت، دەمەوێت سەبارەت بە ئازایەتی و شێلگیریی دەزگای دادی ئاڵمان کە بەبێ ترس و لەبەرچاوگرتن و گوێدان بە گوشار و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەربەخۆیی خۆی پاراست، سپاس و پێزانی حیزبی دێموکرات و کورد لە ئێرانتان پێشکێش بکەم.

دەوڵەت و نیزامی دادوەریی ئاڵمان بە دەسبەسەرکردنی بەشێک لە تێرۆریستەکان و بە ئاکامگەیاندنی دادگای بێرلین بەرگریی لە بەها مرۆڤایەتی و بایەخە دێموکراتیکەکانی وڵاتی ئاڵمان کرد و ئەمە دەسکەوتێکی زۆر گرینگ بۆ دادپەروەری بوو کە دادگای بێرلین بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەکوو بڕیاردەرانی کردوە تیرۆریستییەکەی میکۆنووس ناساند. ئێوە بەو کارە بوێرانەیەتان جێگە و پێگەیەکی پڕ لە شانازیتان بۆ خۆتان تۆمار کرد و حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانی ئێران هەرگیز ئەمە لە بیر ناکەن و هەتاهەتایە ڕێز لەم بریارەتان دەگرن. بێگومان ئەگەر ٣ ساڵ پێش ڕوودانی تێرۆری میکۆنووس، حکوومەت و نیزامی دادوەریی وڵاتی ئۆتریش سەبارەت بە تێرۆری د. قاسملوو بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوشێوەی حکومەت و نیزامی دادوەریی وڵاتی ئاڵمان هەڵسوکەوتیان کردبا و بڕیاریان دابا، بە ئەگەری زۆرەوە کارەساتی تێرۆری میکۆنووس لە ١٩٩٢ ڕووی نەدابا.

## ئامادەبووانی بەڕێز!

کۆبوونەوەی ئەمرۆمان هاوکاتە لەگەڵ دووهەمساڵیادی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی کە بە درووشمی ژن، ژیان، ئازادی دەستی پێ کرد و بوو بە گەورەترین ئالەنگاری بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕەوایی ئەم ڕێژیمە سیاسییەی بەتەواوی بردە ژێر پرسیار. ئەم بزووتنەوەیە بە کوشتنی بەئانقەستی ژینا ئەمینی، کچە کوردێک لە تارانی پێتەختی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی پێ کرد. تاوانی ژینا تەنیا ئەوە بوو کە چەند تاڵ لە قژی سەری بەدیارەوە بوو، ئەوە بوو کە دوای کوژرانی ژینا خەڵکی کوردستان و دواتر خەڵکی بەشەکانی تری ئێرانیش بۆ مەحکوومکردنی ئەو تاوان و جینایەتە و هەروەها بۆ داواکردنی مافە زەوتکراوەکانیان ڕژانە سەر شەقامەکان و بەوە بزووتنەوەیەکی نارەزایەتیی بەرین وەڕێ کەوت کە نیزیک ٦ مانگی خایاند.

٣٢ ساڵ دوای ڕووداوی تێرۆریستیی میکۆنووس، نەتەوەی کورد لە ئێران لە پێناو پەرەپێدان بە خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا نرخ و تێچووییەکی زۆریان داوە. بە هەزاران کەس لە نەتەوەی ئێمە کوژراون و لە سێدارە دراون، بە سەدان کەسمان تێرۆر کراون و بە درۆن و مووشەک هێرش کراوەتە سەرمان، بەڵام حیزبەکەی د. شەرەفکەندی کە ئێوە بۆ ڕێزگرتن لەو کۆ بوونەتەوە، هەرگیز هێرشە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە کردەوەی تیرۆریستی بەرپەرچ نەداوەتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە حەفتاونۆ ساڵ بەسەر دامەزرانی تێدەپەڕێت، هەرگیز باوەڕی خۆی بە بنەما جیهانگیرەکانی مافی مرۆڤ لە دەست نەداوە و هەموو کات لە چوارچێوەی بەها و بایەخەکانی مافی مرۆڤ و لە پێناو وەدیهاتنی ئەو مافانە بۆ خەڵکی کوردستان و ئێران تێکۆشاوە و خەباتی کردوە.

بەشداربووانی هێژا!

ئامانجی ئێمە هەوڵدانە بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی لە ئێران و وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانی دێموکراتیدا. هەوڵ و تێکۆشانی د. شەرەفکەندییش هەر لە پێناو هێنانەسەرکاری حکوومەتێکی دێموکراتیک لە ئێران بوو کە لە بەرانبەر خەڵک و کۆمەڵگە و هەروەها ئەمنییەتی جیهانیدا هەست بە بەرپرسایەتی بکات. بەڵام تیرۆرکردنی د. شەرفکەندی لە بێرلین کردەوەیەکی وەحشیانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە دێمۆکراسیی ئاڵمان بوو.

دانانی مۆنۆمێنتی د. سادق شەرەفکەندی لە شارلۆتێنبێرگ ڕێزگرتنە لە بزووتنەوی نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێراندا و ئێمە سەبارەت بەو هەوڵە بەبایەخەتان سپاستان دەکەین.

زۆر سپاس.

***

* ڕۆژی ٢٣ی خەرمانان لە شارەوانیی شارلوتێنبۆرگی بەرلین سیمینارێک بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی مێکونووس لە ٣٢ ساڵەی شەهیدبوونیاندا بەڕێوە چوو.
لەم سیمینارەدا دێتلێف واگنێر، جێگری شارەوانیی هەرێمی شارلوتێنبۆرگ وتاری کردنەوەی کۆڕیادەکەی پێشکێش کرد و دواتر وتاری ڤیدیۆیی خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە زمانی ئینگلیزی پێکشێشی بەشداربووانی ڕێورەسمەکە کرا.
وتاری سوڵتان گولاوی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئاڵمان، ئۆلیویر ئێسکرۆفێنگێر، ئەندامی شارەوانیی شارلوتێنبۆرگ، کریستۆف مۆهلێن بێرگ، لە حیزبی چەپی ئاڵمان؛ مێحمێت تەنریوێردی، جێگری بەرپرسی ئەنجومەنی کورد لە ئاڵمان و خاتوو سەبا فەرزان، نوێنەری حیزبی لیبراڵ لە هەرێمی شارلۆتێنبۆرگ وتاریان پێشکێش کرد. هەروەها د.کەماڵ زیدوە بە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی دیفاع لەو نەتەوە و ئایینانەی لە ژێر هەڕەشەی لە نێوچووندان، لە باس و وتارێکدا جینایەت و سیاسەتە دژەمرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕیسوا کرد بەڕێز لە هەرێمی بێرلین پەیامێکی پشکێشی ئامادەبووان کرد.

٣٠ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ساڵی نوێی خوێندن و سیاسەتی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی



هەردی سەلیمی

لە بەرەبەری ساڵی نوێی خوێندنداین؛ ئەمساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێران ساڵی خوێندنی ١٤٠٣- ١٤٠٤ دەست پێدەکات و دەبێ قوتابییان و بنەماڵەکانیان خۆیان بۆ ساڵێکی دیکەی خوێندن ئامادە بکەن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە قەیرانە ئابووری و سیاسی و کولتوورییەکان وەک زۆربەی قەیرانەکانی تری کۆمەڵگەی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، نەتەنیا کۆتاییان پێنەهاتووە، بەڵکوو بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر زیاتریش بوون و هەر ئەمەش کاریگەریی قووڵ و ڕاستەوخۆی لەسەر بواری خوێندن داناوە.

قەیرانە کەڵەکەبووە ئابوورییەکان هەموو جومگەکانی ژیانی خەڵکی ئێرانی خستووەتە مەترسییەوە، هەر لە پێوەندی لەگەڵ خوێندندا بەپێی ئامارێک کە لەبەردەستدایە و لە ڕۆژنامەی "دنیای اقتصاد"ی ڕۆژی شەممە ٢٤ی خەرمانانندا هاتووە: "نرخی کتێبی خوێندنی سەرەتایی لەچاو ساڵی پێشوو ٥٠ لەسەد زیادی کردووە." ئەمە تەنیا بۆ کتێبە دەرسییەکانە و کەلوپەلی پێویستی تر ناگرێتەوە. هەر ئەم ڕۆژنامەیە باس لەوە دەکات کە ١١٠ هەزار کەس لە قوتابییان لەچاو ساڵی خوێندنی ڕابردوو کەمیان کردووە و ناوی خۆیان تۆمار نەکردووە.



سەرچاوە Serchawe

هەر بە پێی ئامارە حکومەتییەکانی ڕێژیم، ٢١٦ هەزار و ٢٤٣ منداڵ لە قۆناغی سەرەتایی خوێندن لە ساڵی خوێندنی ١٤٠٢- ١٤٠٣ دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە، کە ئامارێکی جێی نیگەرانییە. بەشێکی بەرچاو لە هۆکاری ئەم وازهێنان و ناوەنووسینانە بۆ بواری لاوازی ئابووری خەڵکی ئەو وڵاتە دەگەڕێتەوە، بەڵام جگە لەوەش دەتوانین ئاماژە بە هۆکارگەلێکی تر بکەین و نیشان بدەین ئەم دیاردەیە بەستێنی جۆراوجۆری لە پشتە.

لەم ساڵانەی ڕابردوودا مامۆستایان بەبەردەوامی نارەزایییان دەربڕیوە و تا ئێستاش دەنگیان نەبیستراوە، ئێمە دەزانین کەمیی مووچە و بردنە سەری تەمەنی خانەنشینی چەندە کاریگەریی خراپی لەسەر خوێندنی منداڵان دەبێ، ئەمە یەکێک لەو کێشانەیە کەوا سیستمی پەروەردە لە ئێراندا لەگەڵی بەرەوڕووە.

شوێنی خوێندن و بینای قوتابخانەکان بەتایبەت لەو ناوچانەی وا بەئەنقەست لە ڕووی ئابوورییەوە دوا خراون و چەندین جار کارەساتی وەک "شیناوێ"یان لێکەتووەتەوە، دیسان دەتوانێ هۆکارێکی تر بێ بۆ بێمەیلیی خوێندن و وازهێنان لە خوێندن، بەتایبەت لە ناوچە پەراوێزخراوەکان.

نەخوێندن بە زمانی دایکی بۆ منداڵانی سەر بە نەتەوە جیاوازەکان، یەکێکی تر و لە گرنگترین هۆکارەکانە بۆ ئەوەی منداڵان لە خوێندن دابڕێنێ، چون هەر بە پێی ئامارە فەرمییەکانی دەوڵەت ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن لە ناوچەی نەتەوە ستەملێکراوەکاندا بە بەراورد لەگەڵ ناوچە فارسنشینەکانی ئێران زۆر زیاترە.

نێوەرۆکی ئیدئۆلۆژی تەوەری کتێبە دەرسییەکانیش لەو هۆکارانەیە وا خوێندن لە سیستمی پەروەردەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ناشیرین دەکات و هیچ حەز و ئۆگرییەک بۆ قوتابی ناهێڵێتەوە. بەتایبەتتر گەر سەرنج بدەین کتێبەکان لەگەڵ ئەوەی لە خزمەت بیری نەتەوەییی نەتەوەی دەسەڵاتداردایە، لە ڕووی ئایینییشەوە بەتەواوی لە خزمەت بیری خوێندنەوەی دەسەڵاتە لە دین و ئایین، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە دنیای ئەمڕۆدا زیاتر هەوڵ دەدرێ خوێندن و سیستمی پەروەردە سێکۆلاریزەتر بکرێ. لەگەڵ ئەوەش نێوەرۆکی کتێبەکان گوزارشت لە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی دەکەن و ئاوڕێک لە ژنان وەک کەسایەتی و ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی نادەنەوە.

لەبیرمان بێ لە چەند ساڵێک لەمەوبەرەوە "خامنەیی"، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران ستارتی قۆناغی دووهەمی بەناو "شۆڕشی فەرهەنگی"ـی لێداوە و کۆمەڵێک دەستووری حکوومەتیی بە ناوەندە پێوەندیدارەکان ڕاگەیاندووە، کە کۆی ئەم سیاسەتە هەڵەیە وا چەند ساڵێکە لەسەری پێداگرە، کاردانەوەی زۆر خراپی هەبووە و کاریگەریی وێرانکەری لەسەر بواری

خوێندن داناوە و سیستمی پەروەردەی ئەو وڵاتەی هێندەی دیکە لەبەرچاو خستووە.

دەرکرانی مامۆستایانی خوێندەوار و دڵسۆز بەبیانووی جۆراوجۆری ئەمنیەتی، دەتوانێ زەبرێکی کوشندە بێ، کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وەشاندنی ئەم زەبرەشدا کەمکاریی نەکردووە. لەوەش کوشندەتر ئەوە بووە کە جێی ئەم مامۆستایانەی بە دەیان هەزار ئاخوند و تەڵەبە پڕ کردووەتە و یەکشەوە ئەوانی لە مینبەر و حەوزەوە هێناوەتە سەر کلاسی دەرس! بێئەوەی ئەزموونێکی زانستی و دەروونناسانەیان لە بواری وانەوتنەوەدا هەبێ.

هەرکام لەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری تریش کە لێرەدا باس نەکراون بەتەنیایی دەتوانن سیستمی پەروەردەی وڵاتێک لەکار بخەن، بەڵام کۆماری ئیسلامی هەموو ئەم کێشانەی تەنیا لە بواری پەروەردەدا لەسەریەک کەڵەکە کردووە، چون مەبەستیان دژایەتی لەگەڵ زانست و تێگەیشتنە. ئەمەش لە قەوارەی فکری چەقبەستوو و پەرتووکاوی ڕێبەرەکەیان واتە خومەینییەوە سەرچاوە دەگرێ کە زانستە مۆدێرن و ئەمڕۆییەکانی یان دەبەستەوە بە پیلانگێڕیی جیهانی یان بە هی ئاژەڵان.

**٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٤**

---

## چەخماخەی بزووتنەوەیەک، لە ئایچیی سەقزەوە هەتا ئەوپەڕی دنیا



**تاهیر قاسمی**

هەموو شتێک لەو ئێوارە گەرمەی ڕۆژی ٢٢ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی لە ئێزگەی میترۆی حەقانیی شاری تارانەوە دەستی پێ کرد. ئەوکاتەی مەئموورەکانی گەشتی ئیرشادی کۆماری ئیسلامی کچێکی کوردی غەریب لەو شارەیان دەستبەسەر کرد و لەتەک ئەو کچانەی بە تۆمەتی بەدحیجابی دەستبەسەر کرابوون، لە ماشێنە وەنەکەیان خزاندن. مەئموورەکان بێبەزەییانە بەرەوڕووی نارەزایەتیی کچە دەستبەسەرەکان دەبوونەوە. لەم نێوەشدا کچە کوردەکە وەک هەر کوردێکی بندەستی ڕێژیمی تاران، توندتر و بێبەزەییانەتر دەکەوتە بەر ئازار و ئەزیەتەوە. بە جۆرێک کە کاتێ لە هۆڵی "وەزرا" کۆیان کردنەوە، لاقی عەرزی نەدەگرت. بەو حاڵەش جەزرەبە و ئازاری ئەو و کچەکانی دیکە هەروا بەردەوام بوو. کچە دەستبەسەرکراوەکان چەند جار مەئموورەکانیان لە دۆخی نالەباری ئەو کچە غەریبە ئاگادار کردەوە، بەڵام گوێیان پێ نەدرا. تا سەرەنجام کچە کوردەکە کەوتە سەر عەرز و لە هۆش چوو. بە بێهۆشی بردیانە نەخۆشخانەی کەسرا لە نیزیک گرتنگەکە و لەوێ بوو کە خەڵک لەڕێی دوکتور و پەرەستارەکانی نەخۆشخانەوە لە شوناس و دۆخی نالەباری "مەهسا ئەمینی" ئاگادار کرانەوە.

بەرەبەرە زاندرا کە ئەو ناوی "ژینا" و خەڵکی شاری سەقزی کوردستانە و لە نەخۆشخانە بێهۆش و لە کۆمادایە. سەرەنجام

دوای دوو شەو مانەوە لە نەخۆشخانە، گیانی لەبەردا نەما و ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان هەواڵی مەرگی ژینا - مەهسا ئەمینی ڕاگەیەندرا. ئەم هەواڵە وەک بۆمب بە هەموو ئێران و جیهاندا تەقیەوە، بەڵام زیاتر لە هەموو شوێنێک کوردستانی تووڕە و لەسەر پێ ڕاگرت. لە تارانیش پەرستارەکان دژ بەو جینایەتە وەستانەوە و لەگەڵ ژمارەیەک لە یەکسانیخوازان و چالاکانی مافی مرۆڤ لە نەخۆشخانەی کەسرا کۆبوونەوەی نارەزایەتییان وەڕێ خست. ڤیدیۆی نارەزایەتییەکەیان لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە دنیادا بڵاو بووە. هێزە سەرکوتکەرەکان زۆر زوو دەستیان بە سەرکوتی نارازییان کرد و بڵاوەیان پێ کردن. بنەماڵەی ژینا کە دوای گەیشتنی هەواڵی گیران و کۆمای کچەکەیان خۆیان گەیاندبووە تاران، سەرەنجام ئێوارەی ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان توانیان تەرمی کچەکەیان وەربگرنەوە و بۆ ناشتن و تەسلیم بەخاککردنی، بەرەو زێدەکەی، کوردستان و شاری سەقز وەڕێ کەوتن. تەرمی ژینا ئێوارەی ئەو ڕۆژە بە فڕۆکە تا تەورێز هێندرا و لەوێوە جەختیان لە بنەماڵەکەی کرد کە بەپەلە بیبەنەوە بۆ سەقز و هەر بەو شەوە بینێژن. بۆ ئەو مەبەستەش وێڕای گوشار و هەڕەشە، دەست بە داوێنی زۆر لە بەرپرسانی حکوومەتی و کەسایەتییەکانی ناوچە بوون؛ بەڵام باوک و بنەماڵەی ژینا تەسلیمی ئەو داوایە نەبوون.

بەیانیی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان، لە کاتێکدا هەزاران کەس لە خەڵکی تێکۆشەری سەقز لە گۆڕستانی ئایچیی ئەو شارە کۆ ببوونەوە، تەرمی ژینا بە خوێندنەوەی سروودی "ئەیڕەقیب" بە خاکی کوردستان ئەسپێردرا و کێلەکەی بە خەتێکی خۆش و ، بە ڕستەی "ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز"، نیشان کرا. خەڵکی تووڕە و نارازی لە کۆڕی ناشتنی ژینا، تووڕەیی خۆیان بە دانی دروشمگەلی وەک "ژن ژیان ئازادی"، "داگیرکەری ئێرانی قاتڵی ژینامانی"، "هەتا کوردێک بمێنێ کوردستانیش ئەمێنێ" و "مەرگ بۆ جاش و مەرگ بۆ خۆفرۆش" تووڕەیی و بێزاریی خۆیان لە چوار دەیە جنایەت و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان دەربڕی. دواجاریش بە خوێندنەوەی سروودی "ئەی شەهیدان" ماڵاواییان لە ژینا کرد. بەڵام ئەو ماڵاواییە نەک کۆتایی بەڵکوو سەرەتایەک بوو بۆ ڕاپەڕین و سەرهەڵدانێکی جەماوەری کە لە مێژووی ئێران و لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا کەم وێنە بوو. سەرهەڵدانێک کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و سەرانسەری ئێرانی گرتەوە، زیاترین حەشیمەت لە سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و ئێران تێیدا بەشدار بوون و بۆ ماوەی شەش مانگ بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوام بوو.

خەڵکی نارازی دوای بڵاوەکردنیان لە ڕێوڕەسمی ناشتنی ژینا، بۆ ماڵەکانیان نەگەڕانەوە و لە شەقامەکانی شاردا درێژەیان بە نارەزایەتی و درووشمدانی خۆیان دا. خۆپێشاندان زۆر زوو لەگەڵ هێرش و دژکردەوەی توندی هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم بەرەورووو بوو. ژمارەیەکی زۆر لە خۆپێشاندەران و خەڵکی نارازی بریندار بوون، بەڵام ئەوە خەڵکی وەزاڵەهاتووی نەترساند و لەسەر بەرەنگاربوونەوە مکوڕتری کردن. خۆپێشاندان و نارەزایەتیی خەڵکی سەقز زۆر زوو لەلایەن خەڵکی

سنەوە بە درووشمی "سەقز بەتەنیا نییە، سنە پشتیوانیە" پشتیوانی کرا و سەدان کەس لە خەڵکی ئەو شارە بۆ مەحکوومکردنی جیناتەتی کۆماری ئیسلامی ڕژانە سەر شەقامەکان.

هاوکات لەگەڵ ئەو ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانانە، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی جینایەتی نوێی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی لە خەڵکی ناڕازی، مانگرتنی گشتیی لە کوردستان ڕاگەیاند. ڕۆژی ٢٧ی خەرمانان سەرجەم کوردستان شێلگیرانە بەدەم بانگەوازەکەوە هات و شەقامەکانی سەرانسەری شارەکانی کوردستان، تەنانەت ئەو شارانەش کە شاری پێکەوەژیانی کورد و نەتەوەکانی دیکەن، چۆڵ و بازاڕەکان بە تەواوی داخران. بەم جۆرە بازاڕ و کاسبکارانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە تەقلی بزووتنەوەی ژینا بوون. ئەوە دەنگدانەوەی زۆر بەرینی لە ئاستی ئێران و جیهاندا لێ کەوتەوە. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە خەڵکی کوردستان لە ماڵەکانیان هاتنە دەر و خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان بەرەبەرە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەر لە ئاودانانی ئیلامەوە و تا ماکۆی ورمێی گرتەوە. بەرچاوترینی ئەو ناڕەزایەتییانەش لە دیواندەرە و دێولان بوو. لاوانی ئەو شارانە بە تووڕەیی زۆرەوە ناڕەزایەتیی سەقز و سنەیان درێژە پێدا کە هێزەکانی ڕێژیم بە ئاگر و ئاسن وڵامی خەڵکی ئەو شارەیان دایەوە. یەکەمین شەهیدانی سەرهەڵدانی ژینا لەو ڕۆژەدا شەهید بوون.

خوێندکارانی زانستگای تاران کە لەلایەن خوێندکارە کوردەکانەوە پێشەنگایەتی دەکران، یەکەمین خۆپێشاندانیان بۆ پشتیوانی لەو ناڕەزایەتییانەی کوردستان وەڕێ خست و بۆ یەکەمین جاریش ئەوان بوون کە درووشمی "ژن ژیان ئازادی"یان لە زمان بەشداران و خۆپێشاندەرانی ڕێوڕەسمی ناشتنی ژینا بۆ تاران و بۆ سەر زمانی فارسی و بۆ سەرانسەری ئێران و جیهان گواستەوە. بەشێکی بەرچاو لە مامۆستایانی زانکۆ هەر لە سەرەتای ئەو ناڕەزایەتییانەوە لەگەڵ خوێندکارەکان بوون. بە دوای ئەوەدا خۆپێشاندان بە هەمان درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" شارە گەورەکانی وەک مەشهەد، تەورێز، ئیسفەهان، قەزوێن، کەرەج، ئەراک، نەوشەهر، قوم، خورماوا، ئەردەبێل، ڕەشت، هەمەدان و چەندان شاری دیکەشی گرتەوە و بەرەبەرە بۆ شار و ناوچە کەمتر ناسراوەکان بە تایبەت بۆ ئەو پارێزگایانەی هی نەتەوە بندەست و ستەملێکراوەکانە، گواسترایەوە. دیارترینی ئەو ناوچانە لە دەرەوەی کوردستان گێلان، سێمیرۆمی ئیسفەهان و ئیزەی خۆزستان بوو.

هاوتەریب لەگەڵ ئەو ناڕەزایەتییانە، خۆپێشاندانەکان بۆ مەحکوومکردنی ئەو جینایەتە و پشتیوانی لە خەڵکی نێوخۆ، دەرەوەی وڵاتیشی گرتەوە. ڕۆژی ٩ی ڕەزبەر لە سەد پایتەختی وڵاتانی دنیا خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیی بەرین وەڕێ خرا کە ترۆپکی ئەوانە ئاکسیۆنەکەی ڕۆژی ٣٠ی ڕەزبەر لە شاری بێرلین بوو کە دەیان هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد و دژ



سەرچاوە Serchawe

بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی درووشمیان دا. لەگەڵ ئەوەدا شەپۆلی نارەزایەتی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پتر باری نێونەتەوەیی و جیهانی بەو خۆپێشاندان و نارەزایەتیانە دا و بە هەموو دنیادا دەنگی دایەوە. بەجۆرێک کە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتێر هاشتەگی "مەهسا" وەک ناوە فارسی و فەرمییەکەی ژینا ڕێکۆردی جیهانی تۆمار کرد.

لە زۆربەی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکاندا ژنان بە برینی قژ، بە سووتاندنی لەچکەکانیان یان بە دانی درووشم لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرەنگاریدا بوون و دەیان ژن بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکەرەکان یان لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەی ئەواندا گیانیان لێ ئەستێندرا. مینوو مەجیدی لە کرماشان یەکەمین ژن بوو کە لە ئاستی کوردستان و لەو خۆپێشاندانانەدا گیانی بەخت کرد. خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان زۆربەی هەرە زۆری زانستگاکانی ئێرانیشی گرتەوە و زۆر بە بەرینی بۆ قوتابخانە و دەبیرستانەکانیش پەلی هاویشت. تەنیا لە مانگی خەرمانانیدا نیزیک بە سەد شاری ئێران تێکەڵ بەو نارەزایەتیانە بوون و بێجگە لە کوردستان، ١٧ کەس لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم گیانیان لێ ئەستێندرا. لەم نێوەدا کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە هەروا لە پێشەوەی خۆپێشاندانەکاندا بوو و بۆ بەرەوپێشچوونی شۆرش قوربانیی دەدا. شارەکانی سنە، مەهاباد، شنۆ، بۆکان، جوانڕۆ، سەردەشت، دێولان، دیواندەرە، سەقز، کرماشان، ئاودانان، مەریوان، ورمێ، بانە ئیلام، ئاودانان، گێلانی ڕۆژئاوا، قوروە، بیجاڕ، کامیاران، سەلاسی باوەجانی، تیکاب و قەسری شیرین یەک لە دوای یەک و بۆ پشتیوانی لە شارەکانی تر دەهاتنە سەر شەقام و درووشمی نەتەوەیی و دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان دەگوتەوە. بەجۆرێک کە لەو قۆناغەی سەرەتای بزووتنەوەکەدا ٢٥ خۆپێشاندەری کورد شەهید، نیزیک بە هەزار کەس بریندار و زیاتر لە دوو سەد کەسیش دەستبەسەر کران.

لەم نێوەدا ڕێژیم بۆ ئەوەی سەرنجەکان بەرەو دەرەوەی سنوور هەڵدێرێ و هاوکات خەڵکی ئێران لە مەترسیی خواستەکانی کورد بترسێنێ و یەکسان بە دابەشبوونی وڵاتی پیشان بدا، ڕۆژی ٦ی ڕەزبەر بنکە و بارەگای حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و بنەماڵەکانیانی لە باشووری کوردستانی دایە بەر ڕەهێڵەی هاژەک و درۆن. لە ئاکامی ئەو جینایەتەدا دەیان کەس لە ژن و منداڵ و پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم جینایەتە جارێکی دیکە مانگرتنی گشتیی ڕاگەیاند و خەڵکی کوردستانیش بە بەرینیی جاری پێشوو بە پیر بانگەوازەکەوە هاتن. بە دوای ئەوەدا و لە ڕۆژانی دواتردا خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان بەجۆشتر لە پێشوو درێژەیان کێشا.

درووشمەکانی خۆپێشاندان بەردەوام ڕادیکاڵتر دەبوون و زیاتر ڕوویان لە عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەکرد. بە جۆرێک کە درووشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر و مەرگ بۆ خامنەیی ئەوەندە گوترابوونەوە کە ببوون بە وێردی سەر زاری ورد و



سەرچاوە
Serchawe

درشتی خەڵکی ئێران. لە هەر جێگایەک وێنە و بنێری خامنەیی هەڵواسرابا، دەسووتێندرا و لە هەر کوێ کۆتەڵی قاسم سولەیمانی داندرابا، دەرووخێندرا. هاوکات لە هەموو شارەکان دیاردەی نووسینی درووشم لەسەر دیوارەکان بەشێوەیەکی بەرین پەرەی ئەستاندبوو. خەڵکی وەزاڵەهاتوو ڕۆژانە لەسەر شەقامەکان خۆپێشاندانیان دەکرد و شەوانە بنکە و بارەگاکانی ڕێژیمیان دەدایە بەر هێرش. لە کوردستان لە چەندین شاری وەک شنۆ، مەهاباد و بۆکان دەست بەسەر چەند ناوەندێکی دەسەڵاتدا گیرا. لە بەرانبەردا ڕێژیمیش لە زەبروزەنگ و کوشتاری خەڵک دەستی نەدەپاراست. دەزگا داپڵۆسێنەرەکان هێڵی ئینترنێتی خەڵکیان بە تەواوی خاو کردەوە. ئینستاگرام و زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بەست. بە باتووم لە گیانی خەڵک بەر بوون، بە تفەنگی ساچمە سەدان کەسیان بریندار کرد، بیناییان لە خەڵکێکی زۆر ئەستاند. لە کوردستان بۆ وێنە لە شارەکانی جوانڕۆ، سنە و مەهاباد بە چەکی گەرم و تەنانەت بە بیکەیسی و دۆشکە بەرەوڕووی خۆپێشاندەران بوونەوە. بە جۆرێک کە سەدان کەسیان بە تەقەی ڕاستەوخۆ کوشت و بریندار کرد.

لە ئێران مەلاکان وەک هێمایەکی دەسەڵات، لە هەر کوێ خۆیان دەرخستبا، لەلایەن خەڵکەوە دەکەوتنە بەر هێرش و کونەمشکیان لێ دەبوو بە قەیسەری؛ بەڵام مامۆستایانی ئایینی کوردستان بە ئامادەبوونیان لە ڕێوڕەسمی ناشتنی شەهیدەکان و تەنانەت بە بەشدارییان لە خۆپێشاندانەکاندا، زۆر زوو خۆیان لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان ڕێکخست و ڕیزی خۆیان لە مەلاکانی حکوومەتی ئێران جیا کردەوە. ئەوان هەم بە تاک و هەم بە کۆمەڵ ئەرکی نەتەوەیی خۆیان گرتە بەر و پشتیوانییان لە خەڵکی ڕاپەڕیو و داواکانیان ڕاگەیاند. هاوکات بڵێندگۆی مزگەوتەکان بوو بە مینبەرێک بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگی بزووتنەوە و گەیاندنی دەنگی نارەزایەتیی خەڵک.

هەر لەم دۆخەدا بوو کە جینایەتێکی دیکە ئەمجار لە بلووچستان هاتە ئاراوە. ڕۆژی هەینی ٨ی ڕەزبەر، لە پەراوێزی نوێژی هەینیدا، خەڵکی نارازیی بلووچ خۆپێشاندانێکیان بۆ بەردەم فەرمانداریی زاهیدان وەڕێ خست. بەڵام خۆپێشاندانی هێمنانەی بلووچەکان بۆ پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی کوردستان و ئێران و دژ بە دەستدرێژیی فەرماندەیەکی هێزی ئینتیزامیی ڕێژیم بۆ سەر کیژۆڵەیەکی بلووچ، لەگەڵ دژکردەوەی توندی چەکدارەکانی ڕێژیم بەرەوڕوو بۆوە. لە ئەنجامی تەقە و دەسرێژی ئەو هێزانەدا دەیان کەس لە خەڵکی بێتاوانی شاری زاهیدان کەوتنە بەر گوللەی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. لەنێو کوژراوەکاندا ژمارەیەک لە مێرمنداڵان و تازەلاوانیش دەبیندران و ئەو ڕۆژە بە هەینیی خوێناوی یان هەینیی ڕەشی زاهیدان لە مێژوودا تۆمار کرا. بلووچەکان دژ بەو جینایەت و کۆمەڵکوژییە هاتنە سەر شەقام و دەستیان دایە خۆپێشاندان. لەو کاتە بە دواوە، نارەزایەتییەکانی ڕۆژانی هەینیی زاهیدان بە ڕێبەریی مەولەوی عەبدولحەمید ئیمام جومعەی ئەو شارە تا ساڵێک دواتریش درێژەیان کێشا.



سەرچاوە
Serchawe

لە سەرەتای حەفتەی سێهەمی خۆپێشاندانەکاندا ناڕەزایەتییەکان بەشێوەیەکی بەرینتر تاران و شار و ناوچەکانی دیکەی ئێرانی گرتەوە. ناڕەزایەتییەکان بە تایبەت لە زانستگاکانەوە دەستیان پێ کرد کە لە مانگرتندا بوون. هەژدە ڕۆژ دوای مەرگی ژینا، عەلی خامنەیی دوای ونبوون و بێدەنگییەکی درێژخایەن، لەنێو هێزە چەکدارەکاندا دەرکەوت و دژ بە خۆپێشاندەران قسەی کرد و داوای تەمبێکردنیانی کرد کە ئەوە ناڕەزایەتییەکانی زیاتر کرد. ڕۆژی شەممە ١٦ی ڕەزبەر بەشێکی بەرچاو لە بازاڕیانی شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران تێکەڵ بە ناڕەزایەتییەکان بوون و دووکان و بازاڕیان داخست. ئەوەش لە ماوەی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، لە ئاستی سەراسەریدا هەنگاوێکی دەگمەن و کەموێنە بوو.

خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە شار و ناوچەیەک زیاتر و لە شار و ناوچەیەکی دیکە کەمتر بەڵام هەر وا بەردەوام و لە پەرەگرتندا بوو کە مەرگی ژینا چل ڕۆژی پڕ کردەوە. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بۆ ڕۆژی ٤ی خەزەڵوەر مانگرتنی گشتی ڕاگەیاند کە بە هەشتەمین مانگرتنی گشتی لەو ماوەیەدا هەژمار دەکرا و لەگەڵ پێشوازیی بەرینی خەڵک بەرەوڕوو بوو. لە سەقز لەکاتێکدا کە جۆرێک حکوومەتی نیزامی هاتبووە ئاراوە و ڕاگەیەندرابوو کە هەموو ڕێگاکانی بەرەو گۆڕستانی ئایچی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە گیراون، بە هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران بە بۆنەی چلەی مەرگی ژینا کۆ بوونەوە و درووشمی دژ بە ڕێژیم و یەکسانیی کۆمەڵگە و مافی کوردیان بەرز کردەوە. ئەوەش بە گەورەترین کۆبوونەوە و خۆپێشاندان لەو ماوەیەدا دادەنرا. ڕێژیم لەبەرانبەر ئەو حەشیمەتە بەرینەدا دۆش داما و بەکردەوە نەیتوانی بەرهەڵستی خەڵک بێ. ئەو کۆبوونەوەیە بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان و لەوە بە دوا بێجگە لە کۆبوونەوەی بەرینی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندان بۆ ناشتنی شەهیدەکان، چلەی شەهیدبوونیشیان بوو بە بۆنەیەکی دیکە بۆ جۆشدانەوەی هەرچی زیاتری ڕاپەڕین. هەر لە چلەی ژینادا خوێندکارانی زۆربەی زانستگاکانی ئێران کۆبوونەوەی بەرینی ناڕەزایەتییان پێک هێنا و کرێکارانی چەندان ناوچەی پیشەییش مانیان گرت.

ئێوارەی ڕۆژی چلەی ژینا خەڵکی شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و ئێران دیسان هاتنەوە سەر شەقام و خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان سەرلەنوێ جۆش درانەوە. هاوکات ڕێژیم بە توندی دەستی بە سەرکوتی خۆپێشاندەران کرد. بە جۆرێک کە لە چوار ڕۆژی داهاتوودا لە کوردستان ١٦ کەس شەهید و سەدان کەسیش بریندار بوون. قورسایی شەهید و بریندارەکان لە شارەکانی سنە، مەهاباد، قەسری شیرین. دێولان و بانە بوون. هەر لە درێژەی ئەو خۆپێشاندان و سەرکوتانەدا بوو کە ڕۆژی یەکشەممە ٨ی خەزەڵوەر تازە لاوێکی کەم تەمەن بەناوی کۆمار دەرئۆفتادە لە شاری پیرانشار شەهید بوو. لە کاتی ناشتنی تەرمی کۆماردا، حەسەن دەرئۆفتادە باوکی کۆمار بە دڵی بە خەم و بە چاوی بە گریانەوە، بەڵام وەک شانازییەکی بنەماڵەیی مەرگی کۆرپەکەی پێشکەش بە کوردستان کرد. ئەمەش وەرچەرخانێکی گرینگی لە سەرهەڵدانی ژینادا هێنایە ئاراوە و ئەمجار بنەماڵەکانی شەهیدانی ژینا لە هەموو شار و ناوچەکان بە شانازییەوە خاوەندارەتییان لە

مەرگی کۆرپەکانیان دەکرد. هاوکات خەڵک و بەشدارانیش بە درووشمی ""دایە مەگری بۆ ڕۆڵە - شەرت بێ بستێنین تۆڵە" پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەو بنەماڵانە ڕادەگەیاند.

ڕۆژی ١٦ی خەزەڵوەر بەبۆنەیساڵوەگەڕی ڕاپەڕینی خەزەڵوەری ١٣٩٨، چالاکان و لایەنە سیاسییەکان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ مانگرتنی گشتی و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان ڕاگەیاند. خەڵک لە شاری تاران و چەندین شاری دیکەی ئێران و کوردستان پێشوازییان لە بانگەوازەکە کرد. ئەوەش گوڕ و تینی تازەی بە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان دایەوە. ئەم هەنگاوە لە ڕۆژی ٣ی سەرماوەزیشدا بە بۆنەی تێپەڕبوونی سەد ڕۆژ بەسەر مەرگی ژینا و دەسپێکی خۆپێشاندانەکان دووپات کرایەوە. خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی بزووتنەوەی ژینا تا بەرەبەری نەورۆزی ١٤٠٢ی هەتاوی، بۆ ماوەی شەش مانگ بەجۆش و خرۆشەوە لە کوردستان و سەرانسەری ئێراندا بەردەوام بوو. لەو بزووتنەوەیەدا سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هەر لە ژنانەوە تا قوتابیان، خوێندکاران، بازاڕیان، مامۆستایانی زانکۆ، مامۆستایانی قوتابخانە، مامۆستایانی ئایینی، کرێکاران، وەرزشکاران، هونەرمەندان، بەندکراوان، نەتەوە و ئایینە جۆراوجۆرەکان بەشدارییان تێدا کرد و تێچوویان بۆ دا. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا سەرهەڵدان کاردانەوەی بەرینی لێ کەوتەوە و کۆماری ئیسلامی هیندەی دیکە تەریک کردەوە. لەوانە پشتیوانی کەسایەتی و لایەنە جۆراوجۆرە جیهانییەکان، ناونانی چەندین شەقام و گۆڕەپانی گرینگ لە شار و پایتەختەکانی جیهان بە ناوی ژینا، هەوڵەکان بۆ بەتیرۆریست ناساندنی سپای پاسداران لە پارلمانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، پەسندکرانی یاسای مەهسا لە کۆنگرەی ئەمریکا بۆ سزادانی زیاتری کۆماری ئیسلامی و پشتیوانیی لێبڕاوانەی پارلمانی ئورووپا لە بزووتنەوەی ژینا کە بەخشینی خەڵاتی ساخارۆڤ بە بنەماڵەی ژینای لێ کەوتەوە. دوایین کاردانەوەی ئەو بزووتنەوە سەراسەرییە لە خۆپێشاندانی میلیۆنیی ژنانی هیند لە مانگی گەلاوێژی ڕابردوودا بوو کە تێیدا درووشمی "ژن ژیان ئازادی"یان بە زمانی کوردی بەرز کردەوە.

سەرەڕای بەرینبوونەوەی بزووتنەوەی ژینا بە سەرانسەری ئێران و جیهانیشدا بەڵام دانیشتووانی کەلانشارەکان لەنێوخۆی ئێران بە شێوەی چاوەڕوانکراو و بە هەراوی بەشداریی ڕاستەوخۆیان لە بزووتنەوەکەدا نەکرد. ئەوەش یەک لە هۆکارەکانی سەر نەکەوتنی شۆڕش بوو. وێڕای ئەوە سەرکوتی زۆر و بێبەزەییانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لەلایەک و نەبوونی هێز و ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز بۆ ڕێبەریی خەڵک و وەک جێگرەوەی ڕێژیم، ئاسۆیەکی ڕوونیان لەو خۆپێشاندان و قوربانیدانانە پێشانی خەڵکی خۆپێشاندەر نەدا و بەرەبەرە ئەژنۆی خەڵکیان لە درێژەدان بە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان لەو شێوەیەی کە هەبوو شل کردەوە. لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ ئەوەدا کە خەڵکی خەباتکار بەردەوام بۆ پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی نێوخۆ کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانیان وەڕێ دەخست بەڵام نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتووی بەهێز، هەوڵی سەڵتەنەتخوازەکان بۆ دەستداگرتن بەسەر خۆپێشاندانەکان کە بەداخەوە هێندێک کەس و لایەنیشیان

کێشایە نێو پرۆژە و پیلانەکەی خۆیانەوە، شەقامیان زیاتر دڵسارد و ناهومێد کرد و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بوون بە بەشێک لە هێزی سەرکوت و هۆی دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی ژینا لەو شکڵ و شێوانەی کە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا بەردەوام بوو. بەڵام دامرکانەوەی خۆپێشاندانەکان کۆتایی بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی نەبوو. سەرەڕای ئەوەی بزووتنەوەکە بە هەمان نەفەسی ئەو شەش مانگە بەردەوام نەبوو، ترسێکی وەهای خستۆتە دڵی ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کە لە هەموو کەس و لایەنێک باشتر دەزانن کە کۆتایی نەهاتووە و ژیلەموی ژێر خۆڵەمێشە. بۆ ئەوەی پێش لە بڵێسە سەندنەوەی بگرن لەو کاتەوە بەردەوام لە دوو ئەهرۆمی سەرکوتی بە ئاشکرا و پاشەکشەی بە خشکەیی کەلک وەردەگرێ. لەلایەک بە گرتن و ئیعدامی تێکۆشەران گەرەکییەتی خەڵک بترسێنێ و لەلایەکی دیکە لە ئاستی هەرە بەرزدا یاری بە لابردن و هێنانی مۆرەکانی خۆی دەکا تا خەڵکیان پێ سەرقاڵ و سەرگەرم بکا. بەو حاڵەش کۆمەڵگە وەک ڕووبارێک بەردەوام خەریکە ڕێگای نوێ و شێوازی نوێ بۆ خەبات بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕێژیم و گەیشتن بەو ئامانجانە دەدۆزێتەوە کە لە درووشمی ژن ژیان ئازادیدا بەرجەستە کراون.


بەشداری بۆ هەرچی زیاتر بە نەتەوەییکردنی بۆنەکانی نەورۆز، بەشداریی بەرین لە پێشوازی یان بەڕێکردنی قارەمانانی بوارە جۆراوجۆرەکان، ملنەدانی ژنان بە حیجابی زۆرملێ، خۆڕاگری و بەگژداچوونەوەی تێکۆشەران بە تایبەت ژنانی تێکۆشەری نێو زیندانەکان، ڕۆڵی گرینگی بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوە لە زیندووڕاگرتنی یاد و ڕێبازی ڕۆڵە شەهیدەکانیان، خۆپێشاندان و نارەزایەتیی بەردەوامی مامۆستایانی قوتابخانە، کرێکاران، پەرستاران، خانەنشینان، مامۆستایانی ئایینی، هونەرمەندان، خوێندکاران و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە و کۆمەڵگەی مەدەنی بە گشتی و تێکۆشانی حیزبە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنی و مافی مرۆییەکان لە دەرەوەی وڵات بۆ گەیاندنی هەرچی زیاتری پەیام و خواستەکانی ئەو بزووتنەوەیە نیشانەکانی ئاشکرای لەسەرپێبوونی بزووتنەوەیەکن کە پێشنیوەرۆی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی لە گۆڕستانی ئایچیی سەقزەوە چەخماخەی لێ درا و تا ئەوپەڕی دنیای تەنیوەتەوە.

٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی و ئەو دەنگانەی نەبیسران!




**د. مەجید حەقی**

لە کاتی ناشتنی تەرمی ژینا لە ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١دا گڕکانێکی ناڕەزایەتی بە دروشمی "ژن، ژیان. ئازادی" دەستی پێ کرد کە بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تەنیەوە و پەلی بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش هاویشت. لە سۆنگەی ئەو بزووتنەوە بەربەرینەوە دەنگی مافی خوازی کوردستان لە تاران بیسرا، بەلووچستان ببوو بە هاوسەنگەر و ئازەربایجان هاوسۆزی کوردستان هەبوو. ترسی لاوان لە ئێران لە بەرانبەر پۆلیس، گەشتی ئیرشاد، بەسیج و هەموو دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم شکا و کۆماری ئیسلامی گەیشتبووە لێواری ڕووخان.

ئەوەی لە شۆڕشی ژینا دا ڕووی دا تەنیا کاردانەوە بە کوژرانی ژینا ئەمینی نەبوو، بەڵکوو شەپۆلێک بوو لە هەست و تووڕەیی لە سەرکوتی سیستماتیکی خەڵک کە دەیان ساڵ بوو لە دەست کۆماری ئیسلامی دەیانچێشت. سەرهەڵدانێک کە بە پێچەوانەی ڕاپەرینەکانی ڕابردوو دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، خۆجێی و لۆکال یان بە پاڵنەری قەیرانە ئابوورییەکان، یان تەنانەت وەک جووڵانەوەی سەوز بۆ شەڕی نێوان جیناحەکانی ڕێژیم نەبوو. بەڵکوو ڕاپەرینێک بوو بۆ گۆڕانی تانوپۆی دەسەڵات بۆ نەهێشتنی ستەم و چەوسانەوە. چ چەوسانەوەی نەتەوەیی بێت لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندی و



سەرچاوە
Serchawe

هزری داگیرکاری، چ چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ بێت یان سیستەمی باوکسالاری و پیاوسالاری. "ژن، ژیان، ئازادی" بە قەوڵی شێکسپێر ئاوردانەوەیەکی پڕتووڕەیی بوو لە هەموو ڕابردووی پڕ لە ستەم و چەوسانەوە.

بە شێوەیەکی گشتی هەست بە شتێکی کەمتر لە وشیاری دەبینـدرێت، بەڵام شۆڕشی ژینـا سەلماندی کە، بە بەرێـوەبەرییەکی هۆشمەندانە دەکرێ هەستەکان بە شێوەکی ئامانجدار ڕێک بخرێن. کاتێک هۆی هەستەکان کێشەیەکی چارەسەر نەکراو بێت. کێشەگەلێک کە دەبێتە بەربەستی ژیانی ئاسایی مرۆڤ، کاتێک ئێمە زیان دەبینین، کاتێک دەترسێین، کاتێک تووڕەین یان کاتێک شتێک وەک شێرپەنجە ڕۆح و جەستەی نەتەوەیەک لەنێو دەبات، بەرلەوەی کە "وشیار" بین؛ ئەو ئـازارانە بە گۆشت و خوێنی خۆمـان هەست دەکەیـن، ئەو هەسـتانە دەبـنە سەرچاوەی کردەوە. سـات بە سـەر سـات ئەو هەسـتانە لە سـەریەک کۆڵەکە دەبن و دەبنە بڵێسە و شکڵی هۆشیاری بەخۆی دەگرێت و بـۆ ئەوەی چارەسـەری کێشـەیەک بکـات و برینەکـان سـارێژ بکاتەوە.

شۆڕشی ژینا سنوورەکانی حیزبی و ڕێکخراوەیی تێپەڕاند و، بوو بە هۆی ئەوەی نەوەیەکی نوێ پـێ بنێتە گۆڕەپـانی خەبـات و جوغرافیای سیاسی- ڕێکخراوەیی کوردستانی گۆڕی، تەنانەت کاریگەری کردە سەر گۆڕانی هـزری سیاسی و ڕێکخراوەیی لە بزاڤی سیاسی کوردستاندا. شۆڕشی ژینا بووە لێگەر و ئالەنگاری لەهەمبەر هەموو نەریتە کۆنەکـانی کـۆمەڵایەتی، سیاسـی و ڕێکخراوەیی و پرسی "ڕێبەری ژنان" لە پەراوێزەوە بوو بە سەنتەری باسەکان.

دینامیکی بزاڤی ژینا وشیاری نەبوو بەڵکوو هەستی هـاوبەش بـوو. وشـیاری شـتێکە کە لەسەرەوە بـۆ خوارێ لە ڕووناکبیر و ئێلیتـی ڕۆشـنبیرەوە بـۆ نێـو کـۆمەڵگە دێت، بەڵام لە شۆڕشـی ژینـادا ئەمە بەپێچەوانە بـوو. ئەوە هەسـتی خەڵـک بـوو کە ڕوونـاکبیران و ئێلیتـی سیاسیی جووڵانـد و هەسـتی مرۆڤەکـان بـوو شکلی مـاددی بەخۆیەوە گـرت بـوو و شـەپۆڵی خوڵقانـد. هەستێک کە لە دڵی مرۆڤێکەوە بـۆ مرۆڤێکی دیکە، لە چاوێکەوە بـۆ چاوی دیکە و لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەی دیکە شەپۆڵی دەدا. کاتێک دایک و باوکان لەسەر گۆڕی ڕۆڵەکانیان سروودی شۆڕشگێرانەیان دەخوێنـدەوە، کاتێـک دایـک و بـاوکی شەهیدان بە جیاتی ڕەشپۆشی لە ناشتنی ئازیزانیان، دیلانی شانازییان دەگێڕا، ئەوە هەستەکان بوون ببوونە بڵێسەی ئاگری شۆڕشێک کە بوو بە هۆی دەسپێکی خۆوشیاری بۆ گۆڕانی بنەڕەتی.

شۆڕشی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) دەبێ لە ڕوانگەی سیاسەتی بەریەککەوتن سەیر بکرێت. بـۆ ئەم مەبەسـتە بە وتەی ئەنـدی مەریفیلد (Andy Merrifield) 1960 لە کتێبی سیاسەتی بەریەککەوتن (The Politics of the Encounter) ئەم شۆڕشە وەک دڵۆپەکانی هاوتەریبی باران وا بـوون. دڵۆپەکـانی بـاران لە هەورەکـانەوە بەشێوەی هاوتەریب دەجووڵێن،



سەرچاوە
Serchawe

تا کاتێک دلۆپێک، تەنیا و تەنیا بۆ جارێک لە هێڵە هاوتەریبەکان دەردەکەوێت ل گەڵ دلۆپەکەی دیکە بەریەک دەکەون و ئەم لە هێل دەرکەوتنەی تاقە دلۆپێک دەبێتە هۆی زنجیرەیەک لە بەریەک کەوتنەکان و ئەوم لەبەریەککەوتنانە دەبنە هۆی خوڵقاندنی شتێکی نوێ، ئەزمێکی نوێ کە بنەماکانی ئەو خەباتی بەکۆمەڵ و هاوبەشە. جووڵانەوەی ژینا بەریەککەوتنی دلۆپەکان لەنێو دلۆپە هاوتەریبەکان بوو.

جووڵانەوەی ژینا بوو بە هۆی سەرهەڵدانی دیمەنێکی نوێ لە سیاست و سیاسەت کردن. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەنگی گەلانی ئێرانی بیست. نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی کرد بە دامەزراندنی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی ڕاستییەکان لە مەڕ جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران. تەنانەت هیوا بە گۆڕانی بنەڕەتیی وەهای دروست کرد کە بەشێک لە حیزبەکان و چالاکانی سیاسی چ لە ئاستی حیزبە ناوەندگەراکانی ئێرانی و چ لە ئاست حیزبە کوردستانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ تووشی "کوێری خێرایی" بن و پەلە بکەن لە ڕکەبەری گەیشتن بە دەسەڵات. ئاکامی ئەوەش مەنشووری جۆرج تاون بوو، کە بوو بە سەرەتایەک بۆ لێکترازان و شەپۆلی هێزی نەرێنی لە نێو شۆڕشدا. شۆڕشێک کە دەیتوانی ببێتە هێزی گۆڕان و کوردستان لە پەراوێزەوە بکاتە سەنتەری ڕێبەریی بزاڤی دادپەروەرانە و مافخوازانەی گەلانی بندەستی ئێران بوو بە قوربانی دەسەڵاتخوازییەکی بەپەلە و جێنەکەوتوو. کوردستانی یەکپارچە بەرەبەرە بەرەو لێکترازان چوو.

دووساڵ دوای شۆڕشی ژینا و دوای ڕووداوی ١٣ی ئاڤریلی ٢٠٢٤، ئێستا جیهان لە هەموو کاتێک زیاتر نێوەرۆکی ڕێژیمی ئێران دەناسێت و بە بوێریەوە دەتوانم بڵێم کە هیچ کاتێک دەرفەتێکی وا گونجاو لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بۆ بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهاتووەتە پێش. بەڵام بەهۆی لێکترازانێک کە مخابن کۆتاییەکی بۆ نابیندرێت دەرفەتەکان هەموو ڕۆژێ لە دەست دەچن؛ و لەکاتێکدا کە دەبێ پانتایی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەی هۆشی دەستکرددا ببنە مەکۆی سەرەکی خەبات دژی داگیرکاری و لەپێناو بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەییەکان، ئەم پانتاییە بووتە مەکۆیەک بۆ یەکلا کردنەوەی کێشە ڕێکخراوەیی، تاکەکەسی و سیاسی ناوخۆیی ماڵی کورد.

دەرفەتێکی زێرین لە مەترسیی دۆڕاندایە، ئەگەر بێت و حیزبە سیاسیەکان دەنگی شۆڕش بەو شێوەیەی کە هەیە نەبیسن، یان هاواری نەوەی زێد (Z) و ئالفا (Alpha) بە گوێیان نەگات و نەتوانن ژنان، لاوان و نەوەی نوێ بکەنە ڕۆڵگێری سەرەکی بڕیارە سیاسیەکان و بەشداری سیاسیان و نەتوانن بە زمانی سەدەی هۆشی دەستکرد بدوێن.

٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ ڕۆژاوا تووشی ئالنگاریی نوێ دەبن



**واشینگتۆن پۆست - سوسانا جۆرج، کارێن دێیانگ، سوزان هایداموس**

**و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

بەگوێرەی بۆچوونی دیپلۆماتەکان گەمارۆیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە هۆی مامەڵەی هاژەکی لەگەڵ ڕووسیە وێناچێ هەوڵەکانی سەرۆککۆمار مەسعود پزشکیان بۆ دەربازکردنی ئێران لە تەریککەوتوویی پەک بخات.

دوای هاتنەسەرکاری لە مانگی جولای، ڕێبەرایەتیی سیاسیی نوێی ئێران سیگناڵی دەستپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ ڕۆژاوای هەڵ کردوە، کە ڕەنگبێ ببێتە هۆی باشترکردنەوەی پەیوەندییەکان و سووککرانی گەمارۆیەکانی سەر ئەو وڵاتە تەریک کەوتوە.

بۆ ئێران، گەرمکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژاوا لە هەموو کات دژوارترە. تاران بە قووڵیی لە کێشەی ئیسرائیل - لوبنان تێوەگلاوە. ڕێککەوتنە ناوکییەکە هێزی تێدا نەماوە. گەمارۆیەکان ئابوورییان ئیفلیج کردوە و ئەو حەوتوویە، وڵاتە

یەکگرتووەکان، ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە هاژکی بالیستیکی ناردوونە ڕووسیە و گەمارۆی نوێی دژی ئێران ڕاگەیاند.

لەگەڵ ئەوەشدا، دیپلۆماتەکانی هەرێمی و هەروەها کاربەدەستان دەڵێن، ڕووداوەکانی ئەو حەوتوویە وێناچی هەوڵەکانی سەرۆککۆمار مەسعوود پزشکیان بۆ دەربازکردنی وڵاتەکەی لە تەریک مانەوە دەرباز بکات کە بە گوتەی دیپلۆماتێکی عەرەب ئەوە وەکوو "تەنیا بژارەی" ئەو وڵاتەیە.

ئەو دیپلۆماتە، کە بەردەوام چاوی بە کاربەدەستانی ئێرانی دەکەوێ و بە مەرجی نەدرکاندنی ناوی بە هۆی هەستیاریی مەسەلەکەوە لەگەڵ ئێمە دوا، گوتی لەو دۆخەدا، کات بە قازانجی ئێران نییە.

کاتێک وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئانتۆنی بلینکن ڕۆژی سێشەممە گەمارۆ نوێیەکانی ڕاگەیاندن، ئەو ڕاستەوخۆ باسی هەوڵەکانی نزیکبوونەوەی سیاسیی ئێرانی کرد. ئەو گوتی، "سەرۆککۆمار و وەزیری کاروباری دەرەوەی نوێی ئێران پەیتا پەیتا گوتوویانە دەیانهەوێ دانوستانەکان لەگەڵ ئورووپا دەست پێ بکەنەوە و دەیانهەوێ گەمارۆکان سووک بکرێن. چالاکیی ناسەقامگیرکارانەی لەو چەشنە، تەواو بە پێچەوانەی ئەو لێدوانانەن".

گەمارۆیەکان وێدەچی لاوازتر لەوە بن کە چاوەڕوان دەکرا، کاتێک وڵاتانی ئورووپایی هۆشدارییان بە ئێران دا کە گواستنەوەی هاژەکی بالیستیکی بۆ ڕوسیە لە "هێڵی سوور"ی جەنگی ئوکراین نزیک دەبێتەوە. گەمارۆیەکان تا ڕادەیەکی زۆر گواستنەوەی ئاسمانیی مەدەنی دەگرنەوە کە چەند مانگی پێدەچی تا جێبەجێ بکرێن.

وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران گوتی تۆمەتی گواستنەوەی چەکوچۆڵ "پیلانی قیزەوەنی تەبلیغاتی و درۆیەکی زەقە".

بە گوتەی نیکۆل گراجەوسکی، هاوکاری دامەزراوەی کارنەگی، ڕێککەوتنی هاژەکی بالیستیکی کە وەزارەتی دارایی دەڵێ زۆر بەر لە دەستبەکار بوونی پزشکیان دانوستانی لەسەر کراوە، نموونەیەکی سیاسەتی ئێرانە کە دوو ڕێچکەی هەن.

گراجەوسکی، کە نووسەری کتێبی "ڕووسیە و ئێران: هاوپەیمان لە سەرکێشیدا، لە سووریەوە تا ئوکراین" گوتی، لە کاتێکدا ڕێبەریی مەدەنی ڕەنگبێ کار بۆ چاکسازیی و دیپلۆماسی بکات، دامودەستگاکانی سەربازیی و سیخوڕیی، زۆر جار سەربەخۆ لە ڕێبەریی سیاسی درێژە بە ئامانجە درێژخایەنەکانی خۆیان دەدەن .

چەند مانگ دوای دەستبەکار بوونی، پزشکیان لەگەڵ چەند قەیران لە نێوخۆ و دەرەوە بەرەوڕوو بووەتەوە. شەڕی غەززە نزیکەی ساڵێکە درێژەی هەیە و لەو ماوەیەدا ئیسرائیل نزیکەی هەموو ڕۆژێ لەگەڵ حیزبوڵڵا، بەهێزترین میلیشیای سەر بە ئێران، خەریکی تەقە و پێکدادانە. لە نێوخۆ، ئابووریی ئێران بەردەوام ڕێکۆردی نزمتربوونەوە تۆمار دەکات. بێزارییەکی بەربەرین لە تاکتیکە توندوتیژانەکەی هێزە ئەمنییەتییەکان پەنگ دەخواتەوە.

دوای کوشتنی ڕێبەری حەماس، ئیسماعیل هانیە، لە تاران لە مانگی جولای، ئێران بەڵێنی وەڵامێکی "یەکلاکەرەوە"ی داوە. ئەوە زیاتر لە مانگێک لەوەپێش بوو. کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەر ڕۆژێک کە تێدەپەڕێ ئەگەری ڕووداوێکی مەزن یان قووڵترکردنەوەی کێشەکە کەمتر دەبێ، ئەگەرچی کەرەستەی سەربازیی زیادی بە مەبەستی چاوترسێن کردن لە ناوچەکەدا دەمێنێتەوە.

دوای هەڵبژێرانی پزیشکیان، ئێران وای بە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن پیشان داوە کە گوایە دەیهەوێ وتوویژ بکات، بەڵام کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان چاوەڕوانی نیشانەکانی پشتگیریی لە لایەن ڕێبەری گەورەی ئێرانن، چونکە ناوبراو بڕیادەری کۆتاییە.

کاربەدەستێکی لوبنانی کە ڕۆژانە پەیوەندی لەگەڵ تاران هەیە، لەبەر هەستیاربوونی بابەتەکە بە مەرجی نەدرکانی نێوی ئامادەی لێدوان بوو گوتی، "بە پشتگیریی لە ڕوسیە، ئێران بەرگریی لە بەرژەوەندیی و مانەوەی خۆی دەکات." ئەو هەروەها گوتی گەمارۆیەکانی ئەو دواییانە دژی ئێران بەشێک لەو سیاسەتەن کە دەیهەوێ ئێران لەژێر "زەختی بەردەوامدا بهێڵێتەوە"، بەڵام لەو دواییانەدا ئەو هەڵوێستە وێدەچێ لاواز بووبێ.

ئەو گوتی، "ئەو گەمارۆیانە بوونە شمشێری دوو دەم" و ئەوەشی زیاد کرد کە ئەوانە بوونە هۆی ئیفلیجکردنی ئابووریی ئێران و توانایی ئێران بۆ نواندی دەسەڵاتی خۆی، بەڵام لە هەمان کاتدا بوونە هۆی پەیوەندیی بەهێزتر لەگەڵ وڵاتانی وەکوو ڕووسیە.

ئێران درێژەی بە گەشەپێدانی بەرنامە ناوکییەکەی داوە و پێشی بە پشکێنەرانی نێودەوڵەتی گرتوە. پسپۆڕانی پیتاندنی ئورانیۆم ڕێگایان پێ نەدراوە پشکنین بکەن و ئێران لە شیکردنەوەی هۆی بوونی ئاسەواری ئورانیۆم لە هێندێک دامەزراوەی ڕانەگەیەنراو ناسەرکەوتوو بووە. بەڵام لە کۆبوونەوەیەکی بەڕێوەبەریی لەو حەوتوویەدا لە ڤییەن، سەرۆکی ئاژانسی چاودێری ناوکی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕافائێل گرۆسی گوتی پزشکیان قبووڵی کردوە چاوی پێمان بکەوێ تا لەبارەی

باشترکردنی هاوکارییدا وتووێژ بکەین. گرۆسی لە لێدوانەکەیدا گوتی، "من ئێران هان دەدەم ڕێگا بۆ کۆبوونەوەیەکی ئەوتۆ لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا خۆش بکات تا بتوانین دیالۆگێکی بنیاتنەر کە ببێتە هۆی دەستکەوتی خێرا دەست پێ بکەین".

کاتێک هەواڵنێران پرسیاریان لێ کرد ئاخۆ ، "داهاتوویەکی نە زۆر دوور" بە مانای دوای هەڵبژاردنی وڵاتە یەکگرتووەکانە، گرۆسی وەڵامی دایەوە: "نا، بەو هیوایە پێش ئەو بێ".

بووژاندنەوەی ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥، پێشترییەتی بەڕێوەبەرایەتی بایدن بووە. پێشوەچوونەکان هێندە بەرچاو بوون کە لە ٢٠٢٢، دوو لایەن خەریکی پێداچوونەوە بە ڕەشنووسی "کۆتایی" و ئەگەری ڕێککەوتن بوون، بەڵام لەگەیشتن بە وەها ڕێککەوتنێک شکستیان هێنا. ڕێککەوتنەکە لە بەرانبەر سووککردنی گەمارۆیەکان بەرنامەی ناوکی ئێرانی سنووردار کردبوو، بەڵام کاتێک سەرۆککۆمار دۆناڵد ترامپ لە ٢٠١٨ ڕێککەوتنەکەی بەجێهێشت و گەمارۆی "ئەوپەڕی زەخت"ی سەپاندن، ڕێککەوتنەکە تێکڕما.

سەرۆککۆماری ئێران لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەڵێنی باشترکردنی ئابووری بە کۆتاییهێنان بە تەریککەوتوویی دا و لە کاتی دەستنیشانکردنی کابینەکەی، هەڵبژاردنی وەزیرەکان نیشاندەری جەختکردنی زۆرتر لەسەر دیپلۆماسی بوو. وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشوو محەممەد جەواد زەریف، کە دانوستانکاری ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥ بوو، وەکوو جێگری ستراتێژیکی سەرۆککۆمار دەستنیشان کرا و دیپلۆماتێکی کۆنەکار، عەبباس عەراقچی، ئەندامێکی دیکەی تیمی دانوستانکاری ناوکی، بوو بە وەزیری کاروباری دەرەوەی نوێی ئێران.

سینا عەزۆدی، پسپۆڕێکی پرسی ئێران و مامۆستای زانستگای جۆرج واشینگتۆن، لە بارەی کابینەی پزشکیاندا گوتی "ئەو هەموو خەڵکی شیاوی لە شوێنی خۆی داناون. پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەو لەلایەن عەلی خامنەییەوە قبووڵ دەکرێ".

عەزۆدی گوتی، لە مانگی ڕابردوودا پزشکیان هەوڵی خۆی داوە خامنەیی ڕازی بکات. ئەو گوتی، "ئەوە وەکوو لە ئامێز گرتنی ورچ دەچێ" کە بە کەڵکی پزشکیان دێ، بێتوو بکەوێتە ژێر هێرشی ئەو کۆنەپارێزانەی دژی دانوستانن.

مانگی ڕابردوو خامنەیی ڕاستەوخۆ قسەی بۆ کابینەی پزشکیان کرد. خامنەیی لە گرتە ڤیدیۆیەکدا کە لە تەلەفزیۆنی دەوڵەتیدا بڵاو بۆوە گوتی، "ئێمە نابێ هیواکانمان لەسەر دوژمن هەڵچنین. بۆ پلانەکانمان، ئێمە پێویستیمان بە

پەسەندکرانیان لە لایەن دوژمنەوە نییە. دانوستان لەگەڵ دوژمن لە هێندێک شوێن دژوازیی نییە. هیچ بەربەستێک بوونی نییە".

لێدوانەکان، ئەگەرچی ناڕوونن، وەها لێک درانەوە کە ڕەنگبێ ئەوە کردنەوەی دەرگا بەرەو دانوستان لەگەڵ ڕۆژاوا بێ. بەڵام لە هەمان وتاردا، خامنەیی هۆشدارییەکیشی دا: "متمانە بە دوژمن مەکەن." سوزان مالۆنی، بەڕێوەبەری بەرنامەی سیاسەتی دەرەوە لە ئینستیتۆی برووکینگز و پسپۆڕێکی پرسی ئێران گوتی، "ڕێبەری گەورەی ئێران هەمیشە ئاوسارێک لە دەوڵەتەکانی دەدا تا دۆخەکە تاقی بکاتەوە و بزانێ ئەوان دەتوانن چ دەستکەوتێکیان هەبێ.

بەڵام هێشتا ناڕوونە تەنانەت چ ڕێککەوتنێک مومکین دەبێ. ئەو گوتی، "ئەو پێکهاتەیەی ١٠ ساڵ لەوەپێش کارا بوو، ئێستا لە بنەڕەتدا بیریشی لێ ناکرێتەوە".

٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٤

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەزبەری ٢٧٢٤ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی

---





سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

